# ئەنفالستان

## ساڵنامەیەکی تایبەتە بە تاوانی ئەنفال‌وجینۆساید

## ژمارە - 7 –

**ئەم ژمارەیە بۆرێزگرتن لەبیست‌و دووهەمین ساڵیادی قوربانیانی گۆپتەپەو عەسکەر دەردەچیت .**

**خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر**

**عومەرمحمەد قادر**

Omerm2006@yahoo.com
Anfalistan@yahoo.com

07701520287 ئاسیا سیل

07501223421 کۆرەك تیلیکۆم

**ئەندامی شانازی: مامۆستا نەجیب گەرمیانی**

**دەستـــەی هاوکـــــاران**

**کەرکوك : مەلا ئیدریس**

**گۆپتەپە : هێمن عەبدوڵا**

**کەلار پشکۆ محمد رۆستەم- سمکۆ سابیر**

**دوزخورماتوو: کامەران شەهیدان**

**دیزاینی بەرگ : زانیار نەجم الدین**

**دیزاینی ناوەوە : هەورامان ئەنوەر**

**فۆتۆی بەرگ : ئەنفالستان**

**ئێوە لەهەموو کەس زیاتر دەمتان لەسەروەری یاسا دەکوتا ، بەڵام ئەفسوس ..کەستان لەواتاکەی تێنەگەیشتبوون..یان خۆتان لە ئەتککردنی یاسا گێل دەکرد ، ئەریٚ ئێستاش کە لەسۆنگەی پێشیلکاریەکانتانەوە یاسا بەرەو ناو قەفەزی دادگا قەتارەی پێبەستوون.. بەسەروەری یاسا قایلن..؟!**



# ئەو خەیاڵەی نەهاتەدی
# پرۆژەیەك كە پێویستە " تەیمور" یەكەم بەردی بناغەی لەبیابان دابنێ.

لەیەكێك لەژمارەكانی رۆژنامەی هاوڵاتیدا دەربارەی جوامێری بنەماڵەی ( ئال ئعێشم ) ی پارێزگای سەماوەم نوسیبوو كە دوای دەربازبوونی لە گۆڕێكی بەكۆمەڵی بیاباندا ( تەیمور عەبدوالله) یان پەنادابوو، هەر وەكو لە رۆژی2008/1/27 كە بەیاوەری هەمان ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لە ئەنجومەنی وەزیران بە شەفەیی پێشنیاری ئەوەم بۆ جیگری سەرۆكی ئەوسای حكومەنی هەریم كردو ئەویش پێی پەسەندبوو، كەوا وەكو دەستو دیاریەكی كورد، خەسەتەخانەیەك‌و خوێندنگایەك لەناو باخچەیەكدا لەو شوێنەی تەیموری لێ داڵدەدرا دروستبكرێت، تا ببێتە دەستودیاری گەلی كورد، بۆ ئەو بنەماڵە بەرێزەو هەردوو پرۆژەكەناو بنرێت تەیمور.

دوای بڵاوبوونەوەی نوسینەكەم زۆر كەس دەستخۆشیان لێكردم، بەڵام ئەفسوس..لە كۆی هەموودەستخۆشیەكان‌وقسەكردن لەبارەیەوە تێگەیشتم، كە مەبەستم نەپێكاوەو رونكردنەوەی زیاتری گەرەك.

ئەوەی مەبەستمە لەودەستودیاریە تەنها پاداشت دانەوەیەك نیە بەو بنەماڵەیە، بەڵكو مەبەستم بوو بلێم: ئێمە بەدروستكردنی باخچەیەك واتای ئاشتی‌و بەردەوامی ژیان ببەخشین‌و بەكردنەوەی قوتابخانەیەكیش، واتای زانست‌و زانیاری‌و نەخۆشخانەكەش بەهیوای ساخلەمی بۆیان.

چ گەورەییەكە بۆ كورد كاتێك لەبیابانەوە، ئێسك‌و پەنجەو نیۆكی هەڵەوەریوی ئەنفالكراوەكانمان بۆ دێتەوە، لەبەرانبەردا ئێمە زانستیان بۆ بنێرین، تا بەهەموو جیهان‌و عەرەب بلێن: سەرەڕای ئازاری ئەنفالیش بە رۆحمانەوە، هیوای ئایندەیەكی ساخەلەم‌و پێشكەوتن بۆ ئێوە دەخوازین.

پێموایە دروستكردنی ئەو پرۆژەیە دەبێتە هۆیەكی باشیش بۆناساندنی جینۆسایدكردنی گەلی كوردو دیاری هاوزمان‌و هاونیشتمانیانی "تەیمور" وەكو زیندوترین بەڵگەی تاوانی جینۆساید بۆ ئەو بنەماڵە بەرێزەی كەلەناو هەزاران مرۆڤی بەناهەق كوژراوی كورد "منداڵێك"ی بریندارمان بۆتیماردەكەن‌و پەنای دەدەن‌و ئەو ئامانەتیە بەنرخە لە هەلومەرجێكی ترسناك‌و ستەمكاری بەعسدا دەهێننەوە بۆ كوردستان‌و بەكەسوكاری دەسپێرنەوە.

پرۆژەیەكی وا ئەمەك‌و وەفادرای ئێمەیە بۆ ئەو بنەماڵەیە، هەقوایە وەكو رێزلێنانێك لەژیانی تەیمور خەمساردی، نەكەین‌و زوو بەو كارە هەستین‌و بڵێین ئەوە دیاری تەیموری ئەنفالكراوە بۆ ئێوەی عەرەب، لەهەمان كاتدا وەڵامێكیشە بۆ رەفتاری ئەو پیاوە كوردە دۆڕاوانەی لە كاتی ئەنفالدا بەكۆمەڵ سەدان منداڵی تەیمور ئاسایان تەسلیم بە بەعس دەكردو بەگەروی ئاشی ئەنفالیاندادەكردن‌و خۆشیان لەبەرامبەردا مەدالیای ئازایەتیان وەردەگرت. ئەگەر هەتا ئەمرۆش لە واتای شەرمەزاری تاوانی ئەنفال تێنەگەیشتوون ئیتر تێبگەن، ئەگەر لە گەڕانەوەی تەیمورو فەرەج‌و عوزیروئەوانی تردا شەرمیان نەكردبێ، ئەوا بەدروستكردنی ئەوپرۆژەیەو دەستودیاری تەیمور شەرم دایانبگرێت‌و ببێتە پەندێكی گەورە بۆ خیانەت‌و خراپەكاری. لەلایەكی تریشەوە ئەوانەی دەمارگیری نەتەوەییان هەیە بەراوردێك لەنێوان ئەم كوردە خۆفرۆشانەو

ئەو بنەماڵە عەرەبە بەرێزەدا بکەنو خۆیان ببنە دادوەری بەردەم ویژدانی خۆیان.
بێگومان لەسەرخستنی ئەو پرۆژەیەدا هەر تەیمور ئاسودە نابێت، بەڵکو عوزێرو فەرەجو واحیدو رەمەزان لەگەرمیانو ئەبابەکرو عبدالقهارو عەبدالکریم) لەهەولێرو بادینان) هەست بەبونی خۆیان دەکەنو دەزانن میللەتەکەیان رێز لەگەڕانەوەیان دەگرێت.
زۆر بەلامەوە گرنگە ئەوەش بزانین بەم کارە ئەرکێکی ئەخلاقی خۆمان بەجێدەهێنین، بەتایبەتی ئەوکاتەی هەموو تاکێکی کورد بەپێی توانای دارایی خۆی جا زۆر یان کەم " ئەنفالچیو تاوانبارانی بەعسی لێبەدەر" بەبرێك پارەی رەمزی بەشداری لەوپرۆژەیەدا بکات، بەمەبەستی ئەوەی پرۆژەکە ببێتە دیاری هەموو خەڵکی کوردستان.
من گومانم نیە بنیاتنانی پرۆژەکە لەو شوێنەی تەیموری لێ داڵدەدراوە، واتاو دەلالاتێکی گەورەی دەبێت بۆ دروستکردنی گیانی لێبوردەییو دۆستایەتی نێوان کوردو عەرەب، لەلایەکی تریشەوە هەوڵێکی پراکتیکیانەیە بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد.
ئەوسا ئەگەر بەرۆژ ڤوتابخانەکەو مەلبەندە تەندروستیەکە ببنە شوێنی زانستو زامنی تەندروستی هاوڵاتیانی سەماوەو دوعای خێر بۆ بنەماڵەی ال ئعیشم بنێرن، بەشەویش هەزاران هەزار مشتە چاوی هەڵڕژاوی کورد لەبیاباندا بە دەوری رۆحیانەتی ڤوربانیەکانو یادەوریەکانی منداڵیو نامۆیی تەیموردا لەبیابان دەخولێنەوەو دەدرەوشێنەوە، هەزاران چاوی ئەنفالکراو دەدرەوشێنەوە، وەکو گوڵەئەستێرە لەو بیابانە تاریکەدا ڕوەو ئاسمان دادەگیرسێنو درِ بەتاریکی دەدەن، بەکەشتیو مانگە دەستکردەکانی ئاسمان دەڵێن: ئێمە چاوی هەزاران هەزار مرۆڤی بەناهەق کوژراوین، رۆحی نەتەوەیەکی جینۆساید کراوین، ببورن کە بلێین: ئاستی پێشکەوتنتان هەرچەند بەرزبێت، بێدەنگیتان لەتاوانی ئەنفال ناسنامەی دڵرەقیتان پێدەبەخشێ، تکایە ئەگەر گەڕانەوە بۆ سەرزەوی پەیامی ئێمە بۆ نوێنەری وڵاتەپێشکەوتووەکانتان بەرنو لێیانبپرسن: ئەری کوردەکان لە زومرەی مرۆڤایەتیدا نەبوون ؟! مەگەر نازانن بێدەنگی لەوتاوانە بەهەزاران فرسەخ لە مرۆڤ بوونی خۆتان دورتاندەخاتەوە؟!!

سەرنوسەر

## ئەنفالستان مەکرە و بیخوێنەرەوە

# ئەنفال و بۆفێی هۆتێلەکان و شتی تریش

عومەرمحمەد

چی لەوە ئەستەمترە مرۆڤ شەق لەبەهای مرۆڤانەی خۆی هەڵداو بەگەدەی بیربکاتەوە ؟! گەمژەیی لەوە زیاتر دەبێ چی بێ تۆ کەسێك بەگیرفانی بەتاڵەوە بە سودمەند "مستفید" بزانی ؟.

ئەندامێتیم لەلیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی بەجینۆساید ناساندنی جیهان لەهەولێر، زۆر ڕاستی خۆیان بۆ خستمە سەرگازی پشت، گەلێك خۆ بەپاڵەوانزانم بەکلۆڵی بینی، زۆرخەڵکی مەردو نەفس بەرزیشم بەپەراوێز خراوی ناسی .

## مرۆڤی تەندروست:

جوانترین خەسڵەتی مرۆڤی مەردو تەندروست، ئەوەیە هەمیشە لەزەت لەئاسودەیی کەسانی تر دەکات، هەست دەکات لەکۆمەڵگەیەکی تەندروستدا ژیان جوانتروبەنرخترە، وەلی بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، مرۆڤی خۆپەرستو ناتەندروست، هەمیشە لەگێلێتیو غروری خۆیدا دەتلێتەوەو لەزەت لەشکاندنی خەڵك دەبینێ، کۆمەڵگە چەواشە دەکاو تۆووی دودڵیو نائومیدی بلاودەکاتەوە، خەڵکانێك چەواشە دەکات، کە گوێی بۆدەگرنو ئەوانەش دردۆنگ دەکات کە نایانەوێت بەگرگنی بژین، نەك هەرئەوەندە بەڵکو لەزەت لە شکاندنی خۆی دەبینێ، چما گێلێتی چیە؟ کەسانێك وا بزانن، بەشکاندنو ناشرینکردنی خەڵکانی دی، وێنەیەکی جوان بۆ خۆیان دادەتاشن، ئەمە بێهودەیە چونکە کەس بەناشرینکردنی وێنەی ئەوی دی جوانی بەدەست ناهێنێ، ئەوجۆرەکەسانە غافڵن لەو ڕاستیەی چەندە بەبەد کاریەوە خەریکبی، هێندە لە جوانیەکان دورەو ساتەکانی مەردایەتی دەدۆڕێنێ . لەمێژە وەڵامی ئەو پرسیارەم وەرگرتووەتەوە مرۆڤ، کەبەهای خۆی نەویست، چۆن داوای لێدەکرێت بەهای ئەوی تری بوێ..؟ یەکێك خەسڵەتە ئینسانیەکانی لاوازبێ..چۆن ئایندەی پێبنیات دەنرێتەوە ؟ نەخێر دواجار هەر مرۆڤە گرگنەکەیە شایانی لێبوردنە، کەسی ئازاو دامەزراو، گوناە ناکات تا پێویستی بەلێبوردن بێت.

## بازرگانەکانی ئەنفال:

بازرگانەکانی ئەنفال، ئەوانەی لەسەرمێزی بۆ فییەی هۆتێلەکان نەبێ ئەنفالیان بیرناکەوێتەوەو سەلیقەی قسەکردنیان نیە، تەنها قسەی موجهزو حازر بەدەستی ناو کتێبەکانیان لەهەگبەدایە، بێئەوەی لەنزیکەوە ژیانی مەینەتباری قوربانیانی ئەنفالو بریندارانی چەکی کیمیاوی بزانن و ئەم غەدرە میوانی ساتەوەختێکی بیرکردنەوەیان بێت، باش دەزانم ئەوان خۆشیان دەرهاویشتەی ئەو واقیعە تاڵەن کە ئەنفال خستویەتیەوە،ئەو خۆپەرستیەی ئەوانیش هەر بەرهەمی

ئەنفالە، چونکە تاوانی ئەنفال هەر گوند ڕوخاندن‌و کۆمەڵکوژی لێنەکەوتەوە، بەڵکو لەدوای خۆی دنیایەك كاریگەری ترسناكیشی بەجێهێشت، لەشکرێك مرۆڤی شکستخواردووی فرێدایە ناو کۆمەڵگەوە، ئەوکەسانەی ئەمڕۆ بە ئیزدواجییەتێکی ناشرینەوە دەیانبینین لەسەرمێزی هۆتیل‌و بارەکان بەدەم یەکتردا دەتریقێنەوەو لەپشتەوەش بۆسە بۆ یەکتر دەنێنەوەو دەیانەوێت ملی یەکتربشكێنن‌و گورزی دڵڕەقانە لەیەکتر بووە شێنن، بەرهەمی ئەو گەندەڵییەن کەدەسەڵاتی کوردی خستوویەتیەوەو ئەوجۆرەکەسانەی لەسەر ڕاهێناوەو پەروەردەی کردوون، ئەوانە دەیانەوێ كاركردن بۆ ئەنفالیش گەندەڵ بکەن‌و ئەو کەسانەش ناشرین بکەن کەبەڕاستی لەخزمەتی ناساندنی ئەوتاوانەدان‌و بەخەمێکی زۆرەوە سەرقاڵی دۆسێی ئەنفالن، لەکاتی بۆنەو کۆنگرەکان لەپێناوی خۆبردنە پێشەوەدا،ئامادەن هەموو بەهایەك بدۆڕێن، هەڵاواردن بەشێکە لەئەخلاقیات‌و بیرکردنەوەیان، کەچی بۆ داكۆکی لەقوربانیان لەریزی دوای دواوە خنەخنیانە..!؟ بێگومان دورەپەرێزی لەوجۆرە خەڵکانەو ئیدانەکردنی ڕەفتارو گفتاریان ئەگەرچی باجی دەوێ، بەڵام ئەرکی هەموو ئەوکەسانەیە کەدەیانەوێت بازرگانی بە ئەنفالەوە نەکەن، کە دەڵێم باجی دەوێت، مەبەستم ئەوەیە بلێم : هەر هیچ نەبێ دەکەویتە بەرتانەو تۆمەت‌و بوختانە کانیانەوە، دەکەویتە ناو بۆسەیەکەوە کە ملشکاندن‌و کەرامەتشکاندنی تیدایە.

ڕەنگە جوان نەبێ باس لەماندووبونی خۆم بکەم، بەڵام مافی خۆمە، قسەیەك لەهەندێك ناهەقی بکەم، کەدەرهەقم کراوەو تا هەنوکەش دەکرێت، ئەگەرچی کەسانێك هەر ئەوەندەیان لەباردابێ چاو لەو هەموو ماندووبونەی من بنوقێنن‌و بەویژدانی مردووەوە تۆمەتم بخەنە پاڵ، ڕەنگە فەرامۆشکردنیان باشترین وەڵام بێت، بەڵام کاتێك دەبینی بێدەنگی زمانێك نیە هەموو کەس لێی تێبگات ناچاری بەدەنگبێت، دەنا ئەو کەسانە ئەگەر هەموو تواناو سەلیقەی تێگەیشتنیان ئەوەندە بێت پێم بڵێن: " *ئەو کەهیچ کەسی ئەنفال نەکرابێ چ کاری بەئەنفال هەیە؟ بەخوا بەخۆڕایی خۆی مەشغوڵکردووە ؟ نا بابە ئەویش موستەفیدە، ئەرێ پێمنالَین بەچی دەژی ؟ پیاوی پارتیە، نەخێر نەتزانی پیاوی یەکێتی یە، ناپەکەکەیە، دەی جادەکەی تەختە)* هەموو ئەم قسە بێبناغەو ساردو سوکانە خاوەنیان هەیەو قسەی خۆیان دەناسنەوە، " کابرا گوتەنی کاکە فیکەی خۆم دەوناسمەوە " لەدوای هەموو ئەوانەشەوە هێشتا دڵیان ئاو نەخواتەوەو پلان گێڕی بگاتە ڕادەیەك، ئەوکاتەی ناوی چالاکوانەکانی بواری ئەنفالیان پۆلێن کردبوو، بۆ کۆنگرەکەی نەجەف وایان لە پیاوێکی دەسەڵاتدار گەیاندبوو بەوپەڕی حقدەوە خەتێك بەسەر ناوەکەمدا بهێنێ !! وەلی هەر بۆ من نا بەڵکو بۆ زۆرکەس ئاشکرایە ئەو کەسانە کوییان دێشێ، ئەوان دەزانن من " کاسبیەکەیانم هەرزانکردووە" چونکە تەندەرم بۆ ئەنفال لێنەداوەو کاری من بۆ ئەنفال (تیجاری ) نیە، بەڵکو خۆبەخشانەیەو وەکو ئەوانە بەرپرسێك ڕای نەسپاردووم ئەو ئەرکە بکێشم، ویژدانی خۆم نەبێ، گورگی سەرشاشەی تیفیەکانی دەسەڵات‌و کوڕی پشت

کیبۆردی کۆمپیوتەروئەنتەرنێتیش نیم . خۆم دەناسم‌و ئەوجۆرە کەسانەش باش دەناسم .

لەدوای کۆنگرەی بەجیهان ناساندنی جینۆساید – هەولێرەوە ئەگەرچی هەڵویستم ڕون‌و ئاشکرابوو، کەچی بوختان‌و قسەی بێبناغە، چاوچنۆکی‌و ئێرەیی‌و دڵپیسی ڕەفتار گەلێکن، هەتا ئێستا لەدژی بەندە لەگەڕدایە.

ناچارم لێرەوە ڕاستیەك باس بكەم كەبەنیاز نەبووم باسی بکەم، بەڵام ئەوانەی لیك بەدەمیاندا دێتە خوارێ‌و لەوەهمی ئەوەدان کە ئێمە پارەیەکی مفت‌و خەیاڵیمان لەو کۆنگرەیە وەرگرتووە، ناچاری باسکردنیان کردم خۆزگە ئەندامانی لیژنە بەقسەیان دەکردم‌و ئەوانەشیان دەهێنایە لیژنەی ئامادەکار، تەنها بۆ ئەوەی بەدەردی من بچونایەو لەرێگای هەولێر بەپارەی خۆیان هاتوچۆیان کردبایەو گەرمای تەموزیان وەبەرکەوتایە.. لەراستیدا هەتا عەیامێك خەرجی خواردن‌و ڕێگاشمان نەدرایەوە.. ئەوکەسانە باش دەزانن کە تاکەکەس بووم لەئەندامانی ئەو کۆنگرەیە لەسەرحسابی خۆم هاتووم‌و چووم، ئەندامانی ترئەگەر بەئیفادیش نەهاتبن، بۆ کۆبوونەوەکانی لیژنە، ئەوا بە ئۆتۆمبیلی وەزارەتێك یان بەرێوەبەرایەتیەك یان دەزگایەك هاتووچۆیان کردووە، ماڵیان ئاوابێ لەبەر گرانی بەنزین‌و هاتوچۆ کەئەوکاتە (بیکار بووم) بەتایبەتی لەگەڵ کاك سەردار عبداللەو کاك عارف قوربانی چەندجارێك چووم بۆ هەولێرو هاتوومەتەوە. لێرەوە سوپاس گوزاریانم، بەهەرحاڵ ئەمە حەقیقەتەکەیەو مژدەی منیشە بۆ ئەو کەسانەی بەچاوچنۆکیەوە تۆمەتمان دەخەنە پاڵ‌و پێیانوایە پارەیەکی مفتمان لەو کۆنگرەیە وەرگرتووە، ئیتر کامیان بروا ناکات بابە دەردی ئێرەیی خۆیەوە بتلێتەوە، هیوادارم کەس دڵپیسی‌و ئێرەیی زەفەری پێنەباو لەپەتای ئەو نەخۆشیانە بە دووربێ، چونکە مرۆڤ ئەگەر بشمرێ لەپێناوی خۆشەویستیدا بمرێ جوانترە، لەوەی پەتای خۆپەرستی‌و چاوچنۆکی بیکوژێ.

## کۆنگرەی نەجەف‌و دڵرەقی‌و هەڵاواردن:

گەمژەیی لەوە زیاتر دەبێت چی بێت، خۆت بەوەوە بابدەیت ئەو بانگکراوە بۆ کۆنگرەی نەجەف‌و یەکێکی تر بشتگوێ خراوە، ئاخر دەبێت چونە سەر ئێسك‌وپروسکی بێگوناهترین مەخلوق کە ئەنفالکراوەکانن، هەموو هەستەوەرە ئینسانیەکانت بۆ بگێڕێتەوەو لەهەربەدکاری‌و رەفتارێکی دلرەقانە دورت بخاتەوە، چونکە ئەمانە خەسڵەتی بەعس بوون، ئەوکەسانەی پلانیان گێرابوو لەهەڵاواردنم هەر ئەوکەسانەبوون کەداکۆکییەکی زۆرم لێکردبوون، بۆئەوەی بێنە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی هەولێرەوە ، چونکە هەندێکیان تەشەبوزیان بە وەزیری ئەوسای شەهیدانیش کردبوو، تەنانەت کەهەلویستی منیان بیستبووەوە هاتنە مالەوەو سوپاسیانکردم، بەڵام کە زانیان بێ سودە، بەداوەتێکیش کڕەیان دەکردو سەرئەنجام گەلێك مەمنونی حازری بوون، ئەمە لەکاتێکدابوو هەرەشەی ئەوەیان دەکرد ئەگەر ئەندامی لیژنەی باڵاولیژنەی ئامادەکارنەبن ئەوا لەگەرمیان کۆنگرەیەك لەهەمان کات‌و ساتدا دەگرن، ( بەڵام بێ بۆفێی هۆتێلەکان) . ئیتر لەکۆنگرەی نەجەفیش دەستی گەلێك کەسیان ماچکردبوو، لەوانە ئەو ئەندامانەی

ڕێگربـــوون بێنـــە کـــۆنگرەی هـــەولێر. " کۆنگرەیـەك بەدەست ماچکردن بێت سندانم لێدا " ئەگەر وەکومیوانیش بچم، مـن چ باکم بەوەیە کە بانگ نەکراوم بۆ کۆنگرەی نەجەف، هـەتا ئـەو کەسـانە فیشـکەی سمێڵیـان بێـت ؟ ئەمـــە چ ســوکایەتیەکە بــە خۆیـــانو بـــە ئــەنفالکراوەکانیش ؟ ســـەر بـــەرزم بـــەوەی بەتەلەفۆن کەسم هەراسان نـەکردووەو دەستی کەسیشم ماچ نەکردووە تا بیتاقەی داوەتم بـۆ مسۆگەر بکرێـت، چێژ لەچی دەبینن؟ لـەوەی لـەبیابانی نەجـەف بەسـەر ئێسـكو پروسـکی قوربانیانەوە لەکـەیفو سـەفادابوون..!؟ ڕەنگـە باشترین وەڵامی من تەنها ئەو بروانامەیە بێت کـە لـەو ڕۆژەدا لەشـێخ وەسـانان بەخشـیمە دەرچـــووانی خـــولێکی تـــری فێربـــوونی کۆمپیوتەر.

خۆ ئەگەر شەرمێك لێرەدا هەبێ، هەرگیز من ناگرێتـەوە بـەڵکو ئـەو کەسـانە دەگرێتـەوە کـە بۆنەیەکی ئاوا دەکەنە هۆکاری کـەیفو سـەفاو هەڵاواردنو خۆبادان بەسەر ئەوانی دییەوە؟. ئەوانەی بەوە کەیفخۆش بـوون مـن بانگهێشت نـــەکراوم بـــۆ کـــۆنگرەی نەجـــەف، هـــەر لەخۆشیدابن. ڕاسـتی مـن ئەوەنـدە گرنگـی بـە مردووەکـان نـادەم ، بـەڵکو خـەمی مـن خـەمی زیندووەکانــە کــاری مــن لــە شــێخ وەســانانو بالیســـانو سێوســـێنان، یـــان لەگۆپتەپـــەو عەسـکەرو گەرمیانــە، ســاڵنامەی ئەنفالسـتان ناسنامەی منە نەك، فڕوفیشاڵی ناو هۆتیلەکان. چما کەی قسەی پیاوی بودەڵەو گـرگن زەفـەری بەئەنفالستان هێناوە. هەتا بانگهێشت نەکردنی بـۆ کـۆنگرەی نەجـەف ببێتـە مەسـەلەیەك ؟ ژیانو سەلامەتی بریندارانی چەکی کیمیاوی " لەهەڵەبجەو شێخ وەسانان " گرنگترە یان کـۆنگرەو مـۆنگرە.؟ بۆیـە لـەناخی دڵمـەوە بەزەیم بەوکەسانەدا دێتەوە، ڕقم لەخۆیان نیە ڕقم لە ڕەفتاریانە. ئیدی کێ جرتم بۆلێدەداو پێکەنینی بەعقڵم دێت خودا هیدایـەتی بـدات، وەنـەبێ دواکەوتووانـە دژی کـۆنگرەو هۆتیـلو خۆشیەکان بم، نا منیش پێمخۆشە خواردنی بۆ فیـــەکانیان بنۆشـــم، بـــەڵام لەسەرحســـابی خـــەڵکێکی تروهـــەڵاواردنی ئـــەوی ترنـــا، بەتەنیشـــت ئـــازاری بریـنـــدارەکانی چـــەکی کیمیاوی هەڵەبجەو شێخ وەسانانو بالیسانەوە نا.



# چیرۆکێکی نەبیسراو لەگۆپتەپەی شەهیدانەوە ببیستن...!!

ئا: شۆخان عەبدولا- گۆپتەپە

شوان ئەحمد دانیشتوی گوندی گۆپتەپەیەو لە کیمیابارانەکەی گۆپتەپەدا تەمەنی (هەشت) ساڵان بووە.. لە ژێر سێبەری دار توویەکی حەوشەکەیان کە دوای چەند جار سووتان وکاو لکاری هێشتا جارێکیتر هیوای بە ژیان هەبوو، پێکەوە دانیشتبوین، بەدەم گێڕانەوەی یادەوەریە تاڵەکانەوە کەبەسەر خەڵکی بێ تاوانی ئەم گوندەدا هاتبوو، کە زیاترلە چەندینجار لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوای یەکانی عێراقەوە دەرهەقی کراوە، شوان زۆر بە حەزینییەوە بۆ چەندساتێك بە خەیاڵ منی جێهێشت بەڵام ، هەر زوو هستم کرد کە ڕوداوێکی زۆر خەمناك و هەست تەزێنی بیرکەوتۆتەوە چونکە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، کەلێم پرسی چیە هاوڕێ بۆ واپەشۆکاوی..؟ وتی چیت بۆ بگێڕمەوە ، چیرۆکێك هەتا ئێسا ناخم هەڵدەقرچێنیو لەدڵی خۆمدا هەڵم گرتوە، ئەم جارەش لەناخەوە هەژاندمی کە تائێسا مەیلم بەبووە، بۆهیچ کەسێکی بگێڕمەوە چونکە، بەردەوام ئازارم دەدا..هەربۆیە نەشم ویستوە کەس هاو شێوەی من ئەو تاڵاوە هەست تەزێنە ببیستێ.....!بەڵام کە داوام لێکرد بۆم بگێڕێتەوە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو کەوتە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی کەوەك خۆی دەڵێ لەوەتەی هاتومە دونیاوە و تاکۆتایی ژیانیشم بۆ هەمیشە لە یادو بیرم دەرناچێت:

بیرمە دەمەو ئێوارەی 3ی ئایاری ساڵی 1988 ڕۆژووانەکانی گۆپتەپە لەچاوەڕوانی شکاندنی بەربانگدابوون تا بە دەنگی مەلاو {ئللەواکبر}،بەربانگ بکەنەوە بۆئەوەی بەلە تەنانێکی ڕەق یان جەند دەنکە (قەسپێك)[1] بەڵام،مەخابن نەیانزانی گۆپتەپەش هەمان شێوەی هەڵەبجەکەم هەموویان بەبۆنی سێو دەخنکێندرێن ئاوای خەریك بووخۆر ماڵئاوایی لێبکاو دواتیشکەکانی بهاوێژێ وچۆلەکەو پاساریەکانیش بگەنە هێلانەکانیان بەڵام دەنگی فرۆکە هاتە بەرگوێم ئەوەی غەریب بوو کاتەکەی بوو، چونکە ئەوکاتانە کەمتر خەڵك پێشبینی فرۆکەی دەکرد، ئیتر زۆری نەبرد کە چەند تەیارەیەك گەیشتنەسەر ئاسمانی گۆپتەپە دیاربوو لەپێشەوە ئاراستەی بایان تاقی کردەوە ئینجا گەرانەوەو چەند بۆمبێکیان بەردایەوە، ئەوکات نەمان زانی ئەوە دیاری مەرگ هێنن ..بۆ پەپولەو گوڵ وماسی و چۆلەکەو مندڵ وپیرو گەنج !!بەڵام ئەوەی کەمن دەمەوێ بۆتی بگێڕمەوە بۆمبارانێکی ئاسایی نەبوو کە خەڵك پێی ڕاهاتبوون، بەڵکو ڕۆژی حەشربوو، پاش چەند خولەکێك دوای کەوتنەخوارەوەی بۆمبە نەگریسەکانی بەعس کە لەچەندشوێنێکی گۆپتەپە کەوتنەخوارەوە دانەیەك لەو خەلأتە مەرگهێنانە سەت مەترێك لەدووری دەرگای حەوشەکەمان ناڵەی کرد، ئیتر ژیان وێك هاتەوەو هەموو شتێك شێوا،تەنانەت دایك ئاگای لەکۆرپەیە نە باوك ئاگای لەجەرگی خۆیەتی خۆریش وردەوردە بۆدەم کەل شۆڕدەبووەوە. ئەم دێڕەی باوکم قەد لەیاد ناجێ وتی:{بابڕۆین کەس نەما ئێمەش ئەمرین} پورم گیانی ئەدا دایکم دەیگووت: قەت جێی ناهێڵم منیش ئەبێ لەگەڵ ئەودا

[1] هەندێك لە گوندنشینەکانی دەوروبری هەولیروناوچە جیاجیاکانی بە خورما دەڵێن بەتایبەتی ئەوکاتەی هێشتا وشکەو پێنەگەیووە .

بمرم نازانم بۆجی یەزدان بارانێکی دانەکردو ئەم خەلاَتی مەرگەی لێنەسەندینەوە..! دوای ئەوەی لەماڵ دەرچوین فەترەیەکی زۆر کەم ڕۆیشتین باوکم وتی: سەیرە چاوم نابینێ دەستیم گرت وەهروا دوو دەقیەیەك ئەم جارەیان وتی ناتوانم برۆم دانیشت قاچەکانی ئەرزیان نەدەگرت، زۆرمان هەوڵدا بێ سوودبوو من وبرا بچوکەکەم ونەنکم ئیتر نەمان توانی بەجێیبهێڵین بەگریان دەورمان لێدا دونیا تاریك بوو، لەبەر هاواری مرۆڤەکان و ناڵەناڵی ئاژەڵ و جوکەجوك ومەڵ وباڵندەکان کەس ئاگای بەکەسەوە نەمابوو، هەتا ئێستا جوکەجوکی باڵندەکان وەکو دوعاوپارانەوە دێتەبەر گوێم، لەناکاو دووتارمایی دەرکەوتن کەگەیشتنەلامان پرسییان ئەوەچیە..؟ منیش وتم باوکم کوێر بووە ناشتوانی بڕوا جانتایەکیان پێ بوو زانیم دکتورە زۆر بەقوربان وبەسەدەقەی بوین هەتا دەرزیەك لەباوکم بدات کە زانی زۆر حاڵی خراپە دەرزی لێدا، باوکم پاش ماوەیەك بەرچاوەکانی باشتربوون و روناك بوونەوە زمانیشی کرایەوەو کەوتە قسەکردن بەدکتۆرەکەی گوت: ئەمە برامە لەگەڵمدا بەمیوانی هاتوە بۆلام تەنها ئەو دەرزیەشم پێمابوو بۆ ئێوەم بەکار هێناوە هەرچیم پێ بووە لەخەڵکم داوە ئەو دەرزیەم بۆبراکەم هەڵگرتبوو کە براکەی چاوی بەمن و براکەم ونەنکم کەوت وتی لەبەرخاتری ئەودوو مندالە زوور گوناحن بزانە عیلاجێکی بوناکەی ئێستاش دەستەونزا لەپەروەرینی تاقانە دوعایان بۆ دەکەم کەلەو ساتەناخۆشەدا بەفریامان هاتن پاش ئەوەی بەجێیان هێشتین زۆری پێنەچوو پیاوێك بەدەم هاوەرەوەبەرەو ڕوومان دەهاتو دەگریاو بەهەردوودەست ئەیدا بەسەری خۆیدا دیاربوو ئەویش ئازیزێکی لەدەستدابوو..کەلێی چوومەپێشەوە تەماشام کرد هەر ئەو کەسە فریاد رەس و مرۆڤ دۆستەبوو، کە پێش چەند خولەکێك گیانی باوکمی لەمردن ڕزگارکرد، کەچی وادەبینم ئێستا ئەو شیوەن بۆ مەرگی برامیوانەکەی دەکا..بەراستی چرکە ساتێکی قورس وناخۆش بوو، منیش وتم باوکە ئەمە ئەوکەسەیە کە دەرزیەکەی براکەی خۆی لێدای ئەوەتا براکەی گیانی پاکی سپارد زۆر زۆرحاڵی پەرێشان بوو، تفەنگێکی پێبوو باوکم تفەنگەکەی لێوەرگرت لەترسی ئەوەی نەکا خۆی بکوژێ پاشان ئەویشمان بە بریندارى لەگەڵ خۆمان برد، باوکم وتی: ئێمەش لە 12کەس تەنها 4کەسمان دیارە ئەو شەوە پێکەوە بووین بوبەیانیەکەی لێمان جیابووەوە، هەرچەندە منیش باوکم لەوکارەساتەدا لەناوچوو بەلاَم، لەیەزان داواکارم روحی سەرجەم شەهیدانی کیمیابارانی کوردستان بەبەزەیی خۆی شاد بکاو ئەوکەسانەی کە بەسەر ئەنفال وکیمیابارانەوە بازرگانی دەکەن هەرهیچ نەبێت، لەدوای ئەم چیرۆکەوە شەرم بیانگرێت و ئیتر هەڵوێستەیەك بکەن،لەسەر گیان لەدەستدانی باوکی من و ئەو کەسەی دەرزی لەبراکەی خۆی نەدا لەبەرخاتری باوکی باوکی من،هیچ نەبێت کەمێك ویژدانیان بجوڵێنێت......!!؟



# ئەو دکتۆرەی پێویستە لە گۆپتەپە پەیکەرێکی بۆ دروستبکرێت .. بەڵام..!!

ئا . هێمن عەبدوڵا

زۆرن ئەو مرۆڤانەی کە ژیانی خۆیان بۆ خزمەت کردنی نشتیمانو مرۆڤاییەتی تەرخانکردوە کە دەبوو زیاتر لەوەی هەیە رێزیان لێبگیرایە، لە کۆمەڵگەدا پێگەی تایبەتیان هەبوایە، زۆر بەداخەوە بۆ ئەوەی لە کوردستان ئەوەی داوای مردن بۆ کەسە ماندوخاوەن شەهامەتە کان ودڵسۆزەکان دەکرێ ئەوەندەیان بۆ بکرایە کاتێك لە ژیاندابوون بەسیان بوو ئیمە ریزگرتن لەمردوەکان، رێزی مرۆڤە زیندوەکانمان فەرامۆش کردوە..!!، لە کاتێکدا شەهیدان لە پێناوی شکۆی زیندوە کاندا گیانیان بەخشیوە.

لێرە دەمەوێ ئەوەبڵێم خۆشگوزەرانی زیندوەکان گیانی مردوەکان ئاسودە دەکات ,خالید مام نادر ئاغجلەری ناسراو بە د.خالید یەکێکە لەومرۆڤە بەئەمەك و دڵسۆزانەی کە ژیانی خۆی بۆ خەڵکی کیمیا لێدراوەکانی ناوچەی قەڵاسێوکە بەگشتی و هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەربەتایبەتی تەرخان کردبوو، بەسەرمان کردەوەو لەدیدارێکی تایبەتدا بۆ ئەم ژمارەیەی گۆڤاری (ئەنفالستان) قسەی بۆکردین:



سەرەتا ووتی: بەداخەوە لەبەر ئەوەی نەهامەتی زۆرم دیوەو تەمەنێکی زۆریشم بەرێکردوە زۆرێك لەرووداوە کانم لەیادنەماوە .بۆیە بەپێویستمان زانی وەك ستافی گۆڤاری ئەنفالستان بۆرێزلێنان لەگەورەی وپیرۆزی ئەوکارەی بۆبەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی پێشکەشی کردوە ئەمساڵ گۆشەیەك بۆگەورەی ئەومرۆڤە لەگۆڤارەکە تەرخان بکەین ،بۆئەو کاروخزمەتانەی پێشکەشی کردوون.دکتۆر سەرەتا باسی ئەوەیکرد دەنکوباس بلاّو بووکە دەیان وت رژیمی بەعس کیمیای لەگۆپتەپەداوەو زۆرێك لەخەڵکەکەی کوشتووە و ئەوەی تریش کە رزگاریان بووە هەندێکیان بەرەو کۆیە چون وهەندێکیتریان بۆتەکیەو چەمچەماڵ هاتوون بۆ شەوی دواتر کە دەکاتە 1988/5/4زۆرێك لە خەڵك دەهاتن بۆلام کە دەیان زانی دکتۆرم و پێشتریش عیادەم هەبووە، زۆرێك لەو ماڵانەی کەخەڵکی کیمیالێدراوی تێدابوو دەیان وت :دکتۆر گیان

فریامان بکەوە خەڵکیکی زۆر لەگۆپتەپەوە هاتوون زۆر حاڵیان پەرێشانە، ماڵێك و دووماڵ نەبوو دەچوومە هەر شوێنێك (10) تا (12) کەسی لێ بوو هەندێکیان چاویان نەدە بیناو هەندێکیان تەنگە نەفەس بوون، منیش بە ئاشکرا نەمدەتوانی چارەسەر بۆ هەموویان بکەم بە زۆری شەو سەردانی ماڵەکانم دەکرد چونکە ئەگەر ڕژێم بەم کارەی بزانیایە ئەوا بێ سێ ودوو پەتی سێ دارەیان بۆ دەکردم بەدیاری..! بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو مەترسییەی سەرژیانیشم من بیرم لەوە دەکردەوە کەخودا بۆ ئەم ڕۆژەی دروست کردووم تا هاوکاری ئەوخەڵکە لێقەوماوبێ دەرەتانە بکەم. دکتۆر باسی لەوەش کرد کە ئەو دەرزی و دەرمانەی بە کاری دەهێنا بۆ بریندارەکان لەکەرکوکەوە دەی هێناو زوربەشی بەقەرز بوون لەگەڵ ئەوەی کە دەرمانەکانی بەشێوەیەکی ئاشکراو بێ ترس بۆ نە دەگەیشت، یا دەی کردنە ناو خواردن و جلوبەرگەوە خۆ ئەگەر پیاوانی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ بیان زانیبایە هاوکاری لێقەوماوانی کیمیاباران دەکا دورنییە ئێستا دکتۆریش وەك هەموو ئەو کەسانەی کە ئەنفالکران‌و بەعسیی و بیابانەکانی عەرعەرو نوگرەسەلمان نەبی کەس نەیزانی چۆن کۆمەڵکوژکران.

ئەوەی زۆر مەبستمە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کەدکتۆر هەموو ئەو هاوکاریانەی کردونی بێبەرامبەربوون، بێئەوەی بپرسێ ئەو کەسە کێ یەوخزمی فلاٌن‌وخەڵکی کوێیە.!!

لە کۆتا یدا ( دکتۆرخالید) ئاماژەی بەوەش کرد کە لەم ولاٌتەدا کاری باش هەرکیز پاداشتی نییە ئێستاش کەئەم قسانە دەگێڕمەوە بۆ پاداشت و ناوبانگ نیە، ئەم کارەشم بۆ ئەوە نەکردوە کە رۆژێك لەرۆژان باسی بکەم، تەنها لەبەرخاتری گەورەیی پەروەردگارو ویژدانی خۆم هاوکاری ئەو خەڵکەم کردوە ،بۆ پاداشتە کەشی تەنها لە خودای گەورە چاوەڕوانم نەك کەسێکی تر..!! بەڵام وەکو دۆکۆمێتیش حەقە نەفەوتێ‌و بۆ مێژوو لەشوێنێکی وەك ئەم گۆڤارە چاپبکرێ‌و پارێزراوبێ. باشترینەکانی مرۆڤ ئەوکەسانەن کە روحییەتێکی ئینسانی ونەتەوەییان هەبێ و بێ تەماح بێت.



# گوندی عەسکەری کیمیابارانکراو یادی شەهیدانی هەڵەبجە لە 3/16 دا بەرز ڕادەگرێت

لەرۆژی 3/16 خەڵکی گوندی عەسکەر وەك هەموو ناوچە کیمیابارانکراوەکانی تری کوردستان بەشداری ئەو خۆپیشاندانەیانکرد کە ناوچەکیمیابارانکراوەکانی کوردستان بۆ بەردەمی قونسولی ئەلمانیا بەرێیانخست، لەو بارەیەوە ئەنجومەنی گوندەکە کاك جەلیل سەعید ووتی: خۆمان بە ئاسودە دەزانین کە رۆژی 16.3 لەیادی بەرزراگرتنی یادی شەهیدانی کیمیابارانکردنی شاری هەلەبجە بەشداریمانکرد لەو خۆپیشاندانە گرنگەی بۆ بەردەم قونوسلخانەی ئەلمانیا بەرێخراو نوێنەرمان کاك (کاك بەختیار مستەفا) لەگەڵ نوینەری باقی ناوچە کیمیابارانکراوەکان چووە ژورەوە بۆ لای قونسلی ئەلمانیا، بەهیواین ئەم جۆرە چالاکیانە بەردەوام بن، چونکە ئەورۆژە بەهەموو لایەکمان پەیامێکی باشماندایە، جیهانو دەولەتی ئەلمانیا. نوینەری گوندی عەسکەر لەوچالاکیەدا بەختیار مستەفا ووتی: ئامانج لەو خۆپیشاندانە ئەوە بوو پەیامی ئاشتی بدەینە جیهانو لەوانەش دەولەتی ئەلمانیا کە زۆرترین مەوادی کیمیاوی بەعیراق فرۆشتووەو بەهۆیەوە خزمو کەسوکارەکانمان




شەهید بوون، وتی : ئەمرۆ ئێمە هاتووین بە ئەلمانیا بلێن ئێوە هاوکاری رژێمێکی دکتاتۆرتان کردووەو پێویستە بە فەرمی داوای لێبوردنمان لێبکات.. هەرلەوبارەیەوە کاك جەلیل حەسەن وتی: فەرقی نیە هەلەبجەو بالیسانو گۆپتەپەو عەسکەر هەمووومان هەر بریندارین، هەورازجەلیل کەیەکێك بوو لە نوێنەرەکانی گوندی عەسکەر ووتی: ئێمەی خەڵکی عەسکەر خۆشحاڵین کە بەشداری لەم خۆپیشاندانە دەکەین ئەمە بۆیەکەمینجارە کۆدەنگیەك لەناوچە کیمیابارانکراوەکانەوە بەو شێوەیە رێکخراودەبینین.

بەهیواین لە هەموو یادەکاندا چ بالیسان بێت یان هی گوپتەپەوعەسکەریان هی سێوسێنان ئەم هەماهەنگیو کۆدەنگیە بەهێزتر بێت.

# گوندی کلێسە، لەنێوان پێشکەشکردنی قوربانیدان‌و خزمەتگوزاریدا

ئامادەکردنی: باوکی لاس

گوندی کلێسە کەوتووەتە سێکوچکەی هەرسێ پارێزگکانی هەولێر سلێمانی کەرکوك لەودیو چیای کەڵکەسماق بەرانبەر قەزای دوکان، لەدەشتی کۆیەدایە بەتەنیشت گوندی بۆگدو بەرانبەر گوندی بۆڵقامیش کەئەوانیش هەریەکەیان زیاتر لە50 کەسیان ئەنفالکراوە، ئەم گوندانە سەربەناحیێی ئاشتی قەزای کۆیەن،گوندی کلێسە بەر لەپەلامارەکانی ئەنفال نزیکەی 130 ماڵ بووە، بەڵام لەپەلامارەکانی ئەنفالی چوادا جگەلەوەی زەرەرێکی گیانی زۆری بەرکەوت، سەروەت‌و مالیشیان بەتاڵانبراو خانووەکانیان لەگەڵ زەوی تەختکران، لەدوای راپەڕینیش گوندنشینان وردەوردە چونەوە گوندەکانیان‌و بەشێوەیەکی هاکەزایی‌و دورلە هەر رێوشوێنێکی ئەندازیاری



خانویان لێدروستکردەوە، ئێستا تەنها 40 مالێکیان لەسەر هەمان بناغەی کەلاوە کۆنەکانی گوند لە گوێی زێ دروستکردووەتەوە، ئەگەرچی گوندی کلێسە



لەبارێکی خراپی هەژاریدا دەژی‌و خانووەکانیان بە قوروبەرد پێکەوەناوەتەوەو بەشێوازێکی نائەندازەیی‌و ناقۆڵا حەوشەوبانی خۆیان پێکەوەناوەتەوە، بەڵام بەوحاڵەشەوە خەڵکەکەی تەباو جێگەی متمانەی یەکترن، بەلای کەمەوە توانیویانە لەدوری کیلۆمەترێك لەگوندەکەیان بەدەست پێشخەری خوێندەوارێکی گوندەکەیان " حاکم صالح کلێسەیی" مۆنۆمێنتێکی شایستە بۆ ئەنفالکراوەکانیان، لەسەر زەویەکانی گۆڕی ئەسحابان لەدەروازەی گوندەکەدا دروست بکەن.

گوزەرانی گوند نشینان، بەشێوەیەکی گشتی موچەخۆری حزبو حکومەتن، بە زۆری گەنجەکانیان پێشمەرگەو پۆلیسن، پیرەمێردوپیرە ژنەکان موچەی

ئەنفالكراوەكانیان وەردەگرن، بەپێی یاسای ماف‌و ئیمتیازی ژمارە 9ی ساڵی 2007ی وەزارەتی شەهیدان‌و ئەنفالكراوان بۆ هەر یەك تا 3 كەسی ئەنفالكراو لە خانەوادەیەكدا تەنها 300000 سێسەد هەزارو بۆ هە4 ئەنفالكراوێكیش بەرەو ژوور 600000 شەش سەد هەزار دینار خەرج دەكرێت. بەلاّم ئەم موچەیە دەشێت ناوی هاوكاریەكی مەمرەو مەژی لێ بندرێت، چونكە ناتوانێ دەردی هەموو خانەوادەكان چارەسەر بكات.. منداڵان لەگوندی كلیسە بەرۆژ بەناوكۆڵانەكان‌و بە قەراخی زیدا بلاّودەبنەوەو لەهەژاریدا خەریكی گەمەی منداڵانەی خۆیانن.

## قوربانەكانی گوندی كلێسە :

گوندی كلێسە 135 كەسیان ئەنفالكراوەو كەسێكیشیان بەچەكی كیمیاوی گیانی لەدەستداوە، ئەو 135 كەسەی كەئەنفالكراون هەتا ئێستا هیچ سەروسۆراخێكیان نیە، لەومۆنۆمێنتەدا وێنەی هەموو قوربانیانی



ئەنفال‌وكیمیابارانی گوندی كلێسەو گوندەكانی دەوروبەری بەشێوەیەكی رێك‌وپێك دانراون .

## باری خزمەت گوزاری :

ئەو گوندە كە قوربانیەكی گیانی زۆری داوە، كەچی حكومەتی هەرێم هیچ بایەخێكی ئەوتۆی پێنەداوە، لەروی خزمەت گوزارییەوە تەنها قوتابخانەی سەرەتایی‌و مزگەوت‌و خەستەخانەیەكی هاكەزاییان بۆ دروستكراوە، بەلاّم هەریەكە لە قوتابخانەو خەستەخانە كە كەموری زۆریان هەیە، قوتابخانەكەیان ئاوی نیە، تازە رێكخراوی وادی ئەڵمانی‌و ناوەندی چاك لەزێیەكەوە بەماتۆر ئاویان بۆراكێشاوە، قوتابخانەكەیان هێشتا كارەبای بۆڕانەكێشراوەو تاكە گلۆپێكی تیدا نیە..! ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەم گوندەو تاكە خانویەكی ناو باخ‌و سەرگردەبەرزەكانی بەرپرسان، یان لەنێوان گوندەكانی سەرەك عەشیرەتەكان بكەین، دەزانین شتێك نیە لەم وڵاتەدا ناوی مافی هاوڵاتی‌و ماف‌و ئیمتیازی قوربانی بێت. دەنا گوندێكی وەكو كلێسە ئەگەر تەنها وەكو رێزگرتن لە قوربانیەكانیشیان بوایە دەبوایە ئێستا خانوەكانیان لەهی بەرپرسەكان جوانتربوایە، دەبوایە خزمەتگوزاری‌و هاوكاریەكانیان شایانی هاوڵاتی بون‌و لەئاستی قوربانی دانیاندا بوایە. وەلی ئەفسوس ئەمێستا پێچەوانەكەی دەبینین، ماڵی جەلاد چەندین قات لەماڵی قوربانی رازاوەترەو هەراوهەلاّی ئازادی‌و دیموكراسیش خەریكە كەڕمان دەكات.

# زەنگێك لەگوللەی ( R.B.G )ەوە بۆ وەزیری پەروەردە.

لەیەکەمین سەردانمدا بۆ گوندی کلێسەی ئەنفالکراو، ئەوەی بینیم هەر مەرگەسات بوو، تەنها شتێك مایەی دلخۆشیو ئومید بێت روح سوکی میواندۆستی خەڵکەکەی لەلایەكو دروستکردنی مۆنۆمێنتێك بۆ یادەوەری ئەنفالکراوەکانیان لەلایەکی ترەوە دەنا کلێسە نەك هەر فەرامۆش کراوە بگرە بەئاستەم بەتەنیشت مەرگەوە دەژی.



گەوندی لەمبەری زێوە لەدەشتی کۆیە کەوتووەتە رۆژهەڵاتی گوندی گۆپتەپەو عەسکەری کیمیابارانکراو کلێسەش وەکو ئەو جوتە گوندە لەپەلامارەکانی ئەنفالی چوار گورزێکی کەمەرشکێنی لێداوە، 135 کەسی ئەنفالو یەك کەسیشیان شەهیدی کیمیابارانە، من لێرەوە لەسەر کەموکوریەکانی گوندی کلێسەو ژیانی خەڵکەکەی هیچی تر ناڵێم. بەڵکو ئەوەی لەسەری دەوەستم هەژاری قوتابخانەی گوندەکەیە.

زەنگێك لەم گوندەوە

ئەم زەنگەم جارێکی تر لە رۆژنامەی هاوڵاتیەوە لێداوە، ئەمجارەشیان هەر بۆ وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. لێرەوە پرسیارێك ئاراستەی وەزیری پەروەردە دەکەم دەڵێم : قوتابخانەی گوندێك کە 136 کەسیان ئەنفالکراوەو ئێستا بەهەژاری بنیاتنراوەتەوە، رەوایە تاقەیەك گلۆپی تێدانەبێ..؟! ئەو رۆژەی چومە سەردانیان یەك دڵۆپ ئاولە قوتابخانەکەدا نەبوو، کارگوزارێك لەزێیەکەوە بەسەتڵو تەنەکە ئاوی بۆ ناومەکتەبەکە دەهێنا بۆ ئەوەی دارختەکانی پێ ئاوبدات تا وشك نەبن. قوتابخانەکە لەزۆر پێداویستی بێبەشە لە تەختەرەشێکەوە تابەزەنگی پشودان دەگات، وێنەکانی ناو ئەم راپۆرتە گەلێك مانادارن، ئەوەتا مامۆستاکان لەپاشماوەی تەقەمەنیو بەتایبەتیش لەقەپاغی گوللەی ئاربیجی زەنگیان دروستکردووە بۆکاتی پشودانی قوتابیەکانیان، من تەنها ئەوەندە لە ئێوەی وەزیرو بەرێوەبەری پەروەردە دەپرسم



لەکاتی هەر زەنگ لێدانێکدا بەدەنگی قەپاغی گوللە ئاربیجیەك دەبێ ئەو قوتابیانە شعوریان چی بێت..؟ ئەرێ وەزارەتی پەروەردە نەتوانێ گلۆپێك بۆ قوتابخانەیەك دابین بکات، کارەبای زەنگێکی دابین بکات، چۆن دەتوانێ بەرپرسیارێتی پەروەردەیەکی تەندروست بێنێتە مەیدان، چۆن کۆمەڵگەیەکی جینۆسایدکراو بنیات دەنێتەوە. ؟!

## بریندارێکی چەکی کیمیایی گوندی عەسکەر:

# منیش فایلم هەیە



رۆژی 14ی ئازاری 2010 لە سەردانێکمدا بۆ گوندی عەسکەری ئەنفالکراو کیمیابارانکراو ئەوەی سەرنجی راکێشم هەڵویستی بریندارێکی چەکی کیمیاوی ئەو گوندەبوو، حاجی ئەنوەر عەسکەری پیاوێکی بریندراری چەکی کیمیاویەو کاریگەری ئەو چەکە 90٪ بەسەرجەستەیەوە. پاشئەوەی لەگەڵ گەنجەکانی گوندی گۆپتەپە گەیشتینە گوندی عەسکەرو لە دوکانەکەی مامۆستا رەسوڵ پشویەکماندا، خەڵکی گوند بەسەربەرزیەوە باسیان لەخەباتو بەتەنگەوە هاتنی خۆیانکرد لەرۆژە سەختەکاندا، لە پالیشیدانیگەرانیونەهامەتیەکانیشیاننەشاردەو گەلێك گلەییو گازندەیان لە خەمساردیو هەلوێستی بێوەفایانەی بەرپرسانی ئەمرۆ کرد.

لەودانیشتنەدا لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو کە چەند مێردمنداڵێکی خەڵکی گوند بەدیارمانەوە دانیشتبوونو بێئومیدبوون لەو بەتەنگەوە نەهاتنەی حکومەت، بەتایبەتیش کە باسی مەینەتیەکانی خۆیانو کەمتەرخەمی حکومەتیان بۆگێرامەوە لەنیو قسەکانیاندا ئەنجومەنێکی گوند بەناوی جەلیل ووتی: ئەوە حاجی ئەنوەر بۆخۆی لەسەرحسابی خۆی پرسخانەیەك بۆ گوندی عەسکەر دروست دەکات.. ئیتر کە زانیم ئەو پیاوە لەناوگوندەو سەرپەرشتی پرۆژەکەی دەکات چوومەلای و کەمێك پێکەوە دواین.

### چرکەیەک لەگوماندا

لەدیدارێکی سەرپێیدا کە لەسەر پرۆژەکەی بۆ گوندی عەسکەر چاوم پێی کەوت، حاجی ئەنوەرعەسکەری کە ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانیە بەرویەکی خۆشەوە وتی: منیش فایلم هەیە .. من بەم قسەیە راچڵەکیم وام زانی دەیەوێت بەم پرۆژەیە خۆی پاکبکاتەوە. بەلآم کەباسی نەخۆشخانەکانی کرد هاتمەوە سەرخۆم و گوێم لێگرت کە دریژەی بەقسەکانیداو ووتی: لەنەخۆشخانەکانی بەغداو هۆڵنداو هەروەها لەنەخۆشخانەی هیوای شاری سلێمانیش فایلم هەیە، کە دەیسەلێنن کاریگەری چەکی کیمیاوی بەسەرجەستەمەوەیە، ئیتر تەواو هاتمەوە سەرخۆو بەخۆشەویستیەوە گویم لێی گرت حاجی ووتی: بە پێی راپۆرتە پزیشکیەکان ئەو چەکە نەعلەتیە کاریگەری لەسەر جەستەو سیەکانم لە 90٪ ە.

### ئەو پرۆژانەی حکومەت نەیتوانی دروستی بکات خۆی شانی دایەبەر.

هەتا ئێستا تاکە پرۆژەیەك لەو گوندە مزگەوتێكو خەستەخانەیەكو قوتابخانەیەکە ئەویش بەکۆلێك کەموکوڕییەوە، رێکخراوی وادی ئەلمانیو ناوەندی چاکیش تەنها توانیویانە یاریگای گەنجەکانیان بۆ تەخت بکەنو ئەمسالیش هەرلەسەر داوای ناوەندی هەڵەبجە- چاك ساحەی یاریی گەنجەکان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە دەستێکی پێداهێنراوەتەوە، لەوە بترازێ ئەو گوندە تا ئەوپەری ژیان پەراویزکەوتووە بەلآم ئەم پیاوە بریندارەی چەکی کیمیاوی ورەو رەفتارێکی بەرزی هەیەو قوڵی لەبنیاتنانەوەی

گوندەکەی هەڵماڵیوە، ئەوەی لەو گوندە ئەنفالکراوەدا دەیبینی جێگا دەستی حاجی ئەنوەرە نەك جێگە دەستی حزبو حکومەت.. ئاخر گوندی عەسکەر بە گوندی شەهیدانی سەرکردە بەناوبانگە، چەندین سەرکردە لەم گوندەدا هەڵکەوتوونو شەهید بوون، لەوانە شەهید عەلی عەسکەریو شەهید بێستونو شەهید غەریب سەعید.. کۆی شەهیدەکانی ئەو گوندە 60 شەهیدی سەنگەرە، هەروەها 186 ئەنفالکراوو 20 شەهیدی کیمیابارانکراویشیان هەیە، لەناو ئەو کەسانەی ئەنفالکراون چەندین مندالو ژنی تێدایە، زۆربەی ئەو پیاوکورەگەنجانەی بەرپەلاماری ئەنفال کەوتوون، لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی ناوچەکەبوون، کەچی ئەوەش حالّو ژیانی کەسوکاریانە.. ئاخر مرۆڤێك ئەگەر ویژدانی زیندووبێتو سەردانی گوندی عەسکەربکات دەکەوێتە بەردەم دورێیانێکی قورسەوە یا ئەوەتا بۆیەکجار دەستبەرداری هەموو بەهایەکی ئینسانی دەبی یان ئەوەتا لەدژی ئەم ناعەدالەتیانە بێدەنگ نابی ئەو حکومەتەی بەرهەمی خوینی ئەو خەڵکە قوربانیدەرەیەو هەمیشە خۆی بەشەهیدەکانەوە هەڵدەکێشێ، تەنانەت لەگوندەی عەسکەر سەرەرای ئەو هەموو شەهیدە ( تازیەخانە) شوینی پرسەخانەیەکی پێرەوانەبینیون. وێرای ئەو هەموو قوربانیدانو خەباتو تێکۆشانەی خەڵکەکەی قوتابخانەیەکی شایستەی بەمافی ئەو قوتابیە چاوگەشانەو منداڵانی ئەو گوندە نەزانیوە.. !! بۆیە هەقی خۆمانە جارێکی ترئەوە دوبارە بکەینەوەو بلێین، ئەوەی رێز لە زیندووەکان نەگرێت درۆیەکی گەورە بەدەم شەهیدانەوە دەکات.

هەتا ئێستا جێدەستی حاجی ئەنەوەری بریندارى چەکی کیمیاوی سەد بەرابەرلەجێدەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دیارترو بەرچاوترە، ئەو کە توانیوێتی لەسەرئەرکی خۆی تەعمیرێکی تەواوی قوتابخانەکەو سیاجێکی شایستە بۆ گۆرستانەکە بکاتو 1000 نەمامی تێدا بنێژێو بوری قەترەی بۆراکێشێو دوبیری ئاویان بۆ هەڵکەنێ، کەچی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچی دیارنیە، جادەکەی هەرئەو قیرەیە کە لەسەرەتای هەشتاکانەوە رژێمی عێراق دروستی کردووە. بێجگە لەخەستەخانەیەك بەکۆمەلێك کەموکورِییەوە هیچ شتێکی تر نیە مایەی شانازی حکومەت بێ، ئەوا حاجی ئەنوەردیواری تازیەخانەیەکیشی بەرزکردووەتەوەو لەتەواو بووندایە..

## ئەوانەی رۆیشتن چییان برد ؟

حاجی ئەنوەر بەوقسەیەی ئەوەندەی تر پەیامە ئینسانیەکەی خۆی گەیاند، کە وتی: ئەوانەی رۆیشتنو ئەنفالکرانو شەهیدبوون هیچیان لەگەلّ خۆیاندا نەبرد.. منیش هەرچیم هەیە دەیبەخشم بەشی خۆم نەبێ، وەسێتیشم کردووە کەوا کە مردم کەس خێرم بۆنەکات.. چونکە من تالەژیاندابم چاکە دەکەمو نەفرەت لەخراپەوخراپەکاری دەکەم.
ماوەتەوە بلێم: ئەوە ژیانی کەسوکاری ئەنفالو



کیمیاباران، ئەوە حالّی گوندی عەسکەر، ئەوەش باخو ڤیەللای بەرپرسان، کە زاریشهەڵدێنن، دەلێن رۆژنامەنوسان نابەرپرسیارانە هەلسوکەوت دەکەنو رێز لەم ئازادیە ناگرن.. جا ئازادیەك بۆکەمینەیەك بەهەشتو بۆ خەلکی عەسکەرو گۆپتەپەو ناوچە ئەنفالکراوەکانو کیمیابارانکراوەکان دۆزەخ بێت دەبێ چ درۆیەکی گەورە بێت ..؟ دەبێت چ ئازادیەك بێت.

ئەنوەر ئەحمەد

# ئەگەر ئەوە حاڵی من بێ کوا کەسوکاری شەهیدان تاجی سەرن..؟



لەدایکبووی ساڵی 1977ی گوندی عەسکەری کیمیابارانکراوە.

لەپەلاماری ئەنفالی چواردا دوو ڕۆژ دوای تاوانی پەلامارە کیمیاویەکەی هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەر، کەرۆژی سێی ئایاری ساڵی 1988 ئەنجامدرا، هێرشی پیادەی جەیش‌و جاشیش بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سوپا سالار نزارعەبدالکەریم خەزرەجی ئەو پیاوە توندرەفتارەی سەرکردایەتی سیاسی کورد داکۆکیان لێکرد، گەیشتە ناوچەکەو تەواوی خەڵکە شپرزەکەی ناوچەی قەڵاسێوکەش کەکۆمەڵکوژییەکەی گوندی گۆپتەپەو عەسکەر زەندەقی بردبوون،بە شپرزەیی کەوتنە بەردەستی جەیش‌وجاشەوەو هەرلەو گوندەدا 186 کەس ئەنفالکران، کەلەناویاندا دایکی ئەوەر بەناوی (مەلیحە نەجم) و دوبراو خوشکێکی بەناوەکانی (داراو بەشدارو شیلان ) گیران‌و هەتا ئێستا بێسەرو شوێنن، ئەو کاتە ئەنوەر تەمەنی 11 ساڵان بوو، ئیتر مەینەتیەکانی ژیانی ئەم کوڕە زیاتر تاویان سەندو پەژارەکانیشی بەگورتر دەستیان پێکرد، ئەویش وەك هەر لێقەوماوێکی تری لەئەنفال بەجیماو دەبوایە سەرپەنایەك بیگرێتەخۆ، بۆیە نەکی بەناوی عائیشە ئەمین ئامێزی بۆکردووەتەوەو هەرلەگەڵ ئەودا دەژیا.

باوکی ئەنوەر کە بەئەحمەد بڕنەو ناسرابوو هەرلەسەرەتای هەشتاکانەوە لە تیپی 21 ی کەرکوك پێشمەرگە بووەو هەمیشە خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی بەعس تەرخانکردووە،لەدوای ئەوەی بێئومید دەبێت لەسۆراخی خێزانە ئەنفالکراوەکەی جارێکی تر هاوسەرگیری دەکاتەوەو خێزانی پێکەوە ناوەتەوەو لەو هاوسەرەشی دومنداڵی تریان دەبێت بەناوەکانی (جیگرو لانە) بەڵام مەرگ دەرفەتی نەدا جیگرولانە لەئامیزیدا گەورەبن لەرۆژی 18ی ئابی ساڵی 1994 لەشەری ناوخۆدا کوژرا. بۆیە ئەوانیش وەکو خوشك‌و براکانی تریان بوونە قوربانی شەڕێکی تر، شەڕێك کەدەبوایە کورد لەدوای ئەنفالەوە شەرمی لێبکاتو هەرگیز پیادەی نەکاتەوەوجارێکی تر ڕێگەنەداتەوە منداڵانی کورد بێ باوك بن لەسۆنگەی شەرە نەگریسەکانی ناوخۆوە.

ئـــەنوەر ئێســـــتاش لەگونــــدی عەســــکەر بەمەینەتیـەکی زۆرەوە دەژی خێزانـی پێکـەوە نــاوەو کورێــکو دوکچـی هەیــەو دوان لــە منداڵــەکانی لەقوتابخانــەن ،ئــەم پیــاوە هــەر بەتەنها خەمی دایکو بـراو خوشکەکانی نیە، بــەڵکو خــەمی بــەخێوکردنی منداڵەکانیشــی هەیــە، چــونکە بۆخــۆی نەخۆشــی رەبــۆی درێژخایەن تەنگی پـێ هەڵچنیووەو بەهۆیـەوە حاڵی پەرێشانەو نـاتوانێ کـارێکی ئـەوتۆ بکـا، هەمیشـــــە پـــــەمپێکی تەنگـــــە نەفەســـــی لەگیرفاندایـــــەو وەکـــــو خـــــۆی دەڵێـــــت: لەهەفتەیەکدا دوو (بـەخاخ)م پێویسـتە، بۆیـە نانو ئاوم لێببرێت نابێ ئەو پەمپە بەخاخانەم لێببرێــت، لــەوەتای تەمــەنی چــووەتە ســەروی بیســـــتو چوارســـــاڵ حـــــەمێکی تریشـــــی بۆدروستبووە، خەمی ئـەوەی هـیچ موچـەیەکی شەهیدانە نایگرێتەوە نە هی خوشکو دایکیو برائــەنفالکراوەکانیو نــەهی باوکیشــی کــە شــەهیدی ســەنگەرە نایگرێتــەوە، وەکـو خـۆی دەڵێت: کوا ئەوە ڕەوایە نەلەهی بەشی دایکمو خوشـــکەکەمو براکــانم نەلــەهی باوکیشــم کەبەشەهیدی سـەنگەر لـەوەزارەتی شـەهیدانو ئــەنفالکراوان تۆمــارکراون، جــا کــەمن هــیچ نەیگرتمــەوە ئــیتر بۆچــی دەڵــێن کەســوکاری شەهیدان تاجی سەرن..؟!

ئەنوەر دەڵێت : من هەقی خوێنی شەهیدەکانم نــاوێ ژیــانم دەوێ، مەبەســـتم ئەوەیەکـــە نەخۆشــمو توانــای کاسبیوکارکردنم نیــە..؟ ئـەنوەر ئێسـتا وێنەیـەکی مرۆڤـە دڵشکاوەکانی گوندی عەسکەرە، ئەگەرچی خەڵکی ئەو گوندە شەهیدێکی زۆریان بەخشیوەتە ئەم وڵاتـە 60 شەهیدی سەنگەرو 20ی کیمیابارانیـان هەیـەو 186 کەسیشــیان ئــەنفالکراوە، ئەمــە ویــرای ئـەوەی خـەڵکی ئـەو گونـدە هێشـتا دەسـتیان لەچەك بەرنەداوەو زۆریان لـەریزەکانی سـوپاو پێشــمەرگەدان. کەچــی ئــەوەش حاڵیانــە..؟ بەراسـتی کـێ دەیـەوێ وێنەیـەکی راسـتەقینەی مەینـەتیو قوربـانی دانـی ئـەم گەلـە ببینـێ بابچــێت ســـەردانێکی ئـــەم گونـــدە بکـــات چونکەعەسـکەری کیمیابـارانکراوو ئـەنفالکراو وێنەیــەکی بچــوککراوەی هــەموو کوردســـتانە لەمەینەتی، تەنها جیاوازی ئەوەیە لەکوردستان چـەندین سـەرۆك جـاش هـەبوون، بـەلاّم لـەو

## تکایە ئەنفالستان مەکڕە

بــەداخێکی زۆرەوە ســەرەرای ئــەوەی ئــەم ساڵنامەیە بەمۆرێکی زەق لەسەر بەرگەکـەی نوسراوە بۆ فرۆشتن نیە..! کەچـی زانیومانـە لـە چـەند کتێبخانەیـەك بەتایبـەتی لـەم شوێنانە ( شارۆچکەی چەمچەماڵ بەتەنیشت مەملەکــەتی ئەنفالکراوەکانــەوە، هــەروەها لەسەرشـــــەقامی مەولـــــەوی شـــــاری سلێمانیولەکتێبخانەیەکی شاری هەولێر ئـەم ســاڵنامەیە لەلایــەن کتێــب فرۆشــەکانو هەندێك خاوەن کتێبخانەوە دەفرۆشن.

بــەهیوایـن ئــەو بەرێزانــە لێــرە بــەدواوە دەستبەرداری ئەوکارەبن، چونکە ئەنفالســتان بۆفرۆشـــتن نیـــەو هـــەموو ستافەکەشـــی بەنەخشەسازیشەوە خۆبەخشانە کـاری تێـدا دەکەنو کـەس لەبەرانبـەر نوسینو هـەواڵو تەنانــەت تایپکردنیشــیدا هــیچ پارەیــەك وەرناگرن، ئاما نجیشـمان ئەوەیـە بازرگـانی کردن بەگیانی قوربانیەکانو دۆسیێ ئـەنفال شەرمەزاربکەین .

گونـــدە تەنانـــەت جاشـــێکی سوکەلەشـــی تیداهەڵنەکـــەوت کەچـــی ئـــەوەش پاداشـــتی دەسەڵاتی کوردیو ئەوەش حاڵی مرۆڤەکانی گونـــــــــدی عەســـــــــکەرە ..!

گۆران عبداللە:

# ئاسۆی ئێمە کارکردنە بۆ لەباربردنی ئەو زەمینەیەی کە جینۆساید بەرهەمدێنێ



ڕێکخراوی پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید بۆچی ؟

- ئامانجتان لە دامەزراندنی ؟ لەکاتێکدا ڕێکخراوی تر زۆرن ئایا هیچ خیلافێک هەبوو تا ببێتە کۆسپ لەبەردەم کارکردنتان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی تردا ؟
- ئایا فەترەیەکی زەمەنی هەیە کە تیایدا بە ئامانجەکەتان بگەن ؟ مەسەلەن ئێوە گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بەکۆتایی بزانن‌و ڕێکخراوەکەتان هەڵبوەشێنەوە...؟
- پاش ئەوەی دادگا تاوانی ئەنفال‌و هەلەبجەی بە جینۆساید ناساند چی ترماوە لە پێناویدا تێبکۆشن..؟
- من وای بۆدەچم ئەوکەس‌و ڕێکخراوانەی لەم بوارەدا کاردەکان دەبێ پەیامی ئاشتیان پێبی‌و دوربن لەدەمارگیری‌و بەکردەوە ئاشتی خوازین‌و مامەلەیان لەگەڵ نەیارەکانیشدا دیموکراتیانە بێت ئێوە چی دەلێن؟

وەڵامی پرسیاری یەکەم:

لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیاو هوتافاتی سیاسی ئێمـە کەســانێکی کــوردین وخــەڵکی کوردســتانین، بەشـێکین لەخۆشـی وناخۆشـیەکانی. دووری و نزیکی لەو چوار چێوە جوگرافیەوە شتێك لـەو مەسئولیەتە ناگۆڕێ کەدەبێ هەریـەك لەئێمـە هــەڵگری بـــین. کارەســـات ڕویـــداوە ، دەکـــرێ ڕوبداتـەوە. بۆیـە پەیوەنـدیمان دروسـتکرد بـۆ ناسـاندنی برینـەکانمان بۆپــەردە هەڵدانــەوە لەســەر هۆکــاری بریــندارکردنمان، بــۆ ئــەوەی دەنگـی ئازادیخوازەکـانی ئـەم وڵاتـەبخەینـە پـاڵ دەنگمـان بـۆ وەســەر پێخســتنی عەدالــەت، بــۆ ڕوونەدانــەوەی کارەســات. بــۆ ئــەوەی ببینــە بەشـێك لەوهەوڵانــەی کـە تراژیدیــەکانمان لــە کارەســاتێکی پــەراوێز خــراوەوە بگەیەنینــە ناوەنـــــــدە سیاســـــــیە بریـــــــاردەرە نێودەوڵەتیــەکان.پەیوەنــدیمان دروســتکرد بــۆ ئەوەی تەنها سەیرکەر نەبین لە ئاراستەکردنی ئــەو تراژیدیایــەو هۆکارەکـانی. پێمـان گـرنگ بووە ئەو دەنگانەلـە ڕێکخراوێکدا کۆبکرێنـەوە کەچـــــەمکەکانی لێبـــــوردەیی و ئاشـــــتی لەکۆمەڵگەدا بە بنەما وەردەگرێ بۆ کارەکانی.

## وەڵامی پرسیاری دووەم :

مەرجی کارکردن لەهەر ڕێکخراوێکدا بۆ تاك تەنها ئەو خاڵانە نین کە وەك بەرنامە لە چەند لاپەرەیەکدا دەخرێنە ڕوو. میکانیزمی کارکردن و پەیوەندییەکانی ناو ڕێکخراوو جۆری زمانی بەکار هێنراویش دەورێکی کاریگەر دەگێرن بۆ دۆزینەوەی خود بۆ کارکردن لە ناو هەر ڕێکخراوێکدا.

درووست بوونی پەیوەندی مەرجدار نەبووە بە بوونی خیلافەوە لەگەڵ ڕێکخراوە دژی جینۆسایدیەکانی تر، ئەوەندەی گەڕان بووە بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەك لە ڕووی ڕوحییەوە ئارام بەخشبێت بۆ بردنە پێشەوەی کارەکان.

ئێمە وەك پەیوەندی لەو جێگایەی کەکار دەکەین، هەوڵی سڕینەوەی هیچ ڕێکخراوێکی ترمان نەداوە کەهەڵگری هەمان کەیسن بۆ کارکردن. بەپێچەوانەوە کار ئاسانیمان بۆ یان کردووەو هەوڵی کاری هاوبەشمان داوە. بە بڕوای ئێمە زەمەنی یەك حیزب و یەك ڕێکخراوەو یەك ئۆرگان و ..هتد بەسەر چووە. مەوداو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی ئینسان بۆ ژیان و کێشەکان و چارەسەرەکان فراوانتر بۆتەوە. بۆیە ئاساییەلەناو ئێمەشدا کەسانێك بچنە دەرەوەو ئەو هەستەیان هەبێت کە دەتوانن لەدەرەوەی ئێمە کاری باشتر ئەنجام بدەن.

## وەڵامی پرسیاری سێیەم:

لە بەرنامەی پەیوەندیدا هیچ بڕگەیەکی لەوجۆرە نەهاتووە کە کۆتایی کارێك یان زەمەنێك دیاریکرابێت بۆ کۆتایی و هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوەکە.

ئاسۆی کارکردن لەپەیوەندیدا " ڕێکخراوەکەمان" تا ئەو جێگایەی کەسانێك هەبن و بەڕێوەی بەرن، لە بەدەستهێنانی چەند داخوازییەك بەولاوەترە. ئاسۆی ئێمە کارکردنە بۆ لە باربردنی ئەو زەمینەیەی کە جینۆساید بەبەردێنێ. کارکردن لەو بوارەدا بۆ خۆی مەیدانێکی هەمەجۆرەی فراوانە. کورتی و درێژی زەمەنەکەی پێش هەموو شتێك پەیوەستە بەوەوە کە کوردستان لە ڕوی سیاسیەوە چارەنووسی بەکوێدەگات. هەروەها کۆمەڵگەی کوردی پاش ئەو تراژیدیانەی بەسەریدا هاتووە چۆن لە خۆی و بەسەرهاتەکانی دەڕوانێ؟ نەتەوەو ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی تری کوردستان، چ جێگایەك لە بیرو دیدگای کورددا دەگرن؟ چ پێناسەیەك سەبارەت بە ئاشتی و ڕوحی لێبوردەیی و چەمکی هاولاتیبوون لە ڕوحیدا تەجسید دەبێت؟ لەکاتێکدا هەموو ئەو پرسانە بەدڵی ئێمە لە کوردستاندا مەیسەر ببێت، هێشتا ئەو بەرپرسیارێتیە مرۆڤ دۆستانەیە لە بەرانبەر مرۆڤەکانی تر لە گۆشە جیاجیاکانی جیهاندا لەسەر شانی من و تۆ دەمێنێتەوە.

## وەڵامی پرسیاری چوارەم:

بە ڕەسمی ناسینی هەڵبجەو ئەنفال وەك جینۆساید لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکان و پەرلەمان و حکومەتی عێراقیەوە بڕیارێکی گرنگ و بەرچاوە سەبارەت بە کردەی جینۆسایدکردنی کورد. بەڵام کارەکان لێرەدا نابێ تەواو ببێ ، دەبێ داوا لە حکومەتی عێراقی وەکوو جێگرەوەی حکومەتی ڕوخاو بکرێت کە بە فەرمی داوای لێبوردن بکات لە کوردو قەرەبووی هەموو ئەو زیانانە بکاتەوە کە کورد بەهۆی ئەو کردەوە جینۆ سایدیەوە توشی هات. لەسەرێکی تریشەوە لەخۆمان بپرسین ئایا حکومەتی عێراقی چ هەنگاوێکی بەرەسمی ناوە سەبارەت بە ڕوونەدانەوەی جینۆساید، یان ئەو فاکتەرانەی جینۆسایدی خوڵقاند لە عێراقدا. هیچ توێژینەوەیەکی زانستیانەی بۆ کراوە لە ژێر ڕۆشنایی یاسا نێو دەوڵەتیەکاندا؟ ئەگەر نەکراوە دەبێ بکرێت ،

کردنەکەشی نابێ تەنها لەچوار چێوەی کەسانێکی دیاریکراوو هۆڵێکی داخراودا بەرێوە بچێت .دەبێ هەوڵبدرێ لە ئاستێکی فراوانی جەماوەریدا لەکوردستان وسەرتاسەری عێراقدا بەرێوە بچێت و خەڵك هۆشیار بکرێتەوە لەو بارەوە.

هەوڵدان بۆ سەپاندنی وانە سەبارەت بە ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراتی بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە قۆناغەکانی خوێندندا لە بەر ڕۆشنایی ڕاگەیەندراوی یۆنسکۆ سەبارەت بە پەروەردە لەپێناوی ئاشتی و مافی مرۆڤ و دیموکراتیەتدا.

سەبارەت بە دونیای دەرەوەش ئێمە کاری زۆر گرنگ دەکەوێتە سەر شانمان. بەو پێیەی پێگەی کورد لە ناوچەکەدا لە ئاستی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان زۆر لاوازە، بۆیە گرنگە پشتیوانیو دۆستایەتی دونیای دەرەوە بۆ خۆمان و کێشەکانمان پەیدا بکرێت و لە نەتەوەیەکی پەراوێزخراوەوە ببینە نەتەوەیەکی ئاکتیف و کاریگەر.

ئەو هەنگاوانەی کەلە وڵاتەکانی هۆڵەندو سویدوکەنەداو وڵاتەکانی تر نراوە بۆ بە جینۆساید ناساندنی کارەساتەکانمان زیاتر بکرێن و لەکارەکانیشمان هەمیشە وەکوو نەتەوەیەکی ئاشتی خواز بناسرێین.

## وەڵامی پرسیاری پێنجەم:

منیش لەگەڵ رای بەرێزتانم سەبارەت بەوەی کە دەبێ هەڵسوراوانی ئەو بوارە ئاشتیخوازبن. بەڵام کێشەکە لەوێدایە کە هەریەك لە ئێمە چ تێروانینو تێگەیشتنێکمان هەیە بۆ ئاشتی، وە ئەوپێوەرانە چین بۆ دەرکەوتنی نیەتی ئاشتیخوازانەمان؟ ئاشتی لەگەڵ کێ و لەپێناوی چی؟ لەکاتێکدا چەمکی ئاشتی بەدەستی هێزە جیهانی ومەحەلێکانەوە خەریکە لەرووحی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوەو ئاشتی تەنها لە سۆنگەی بەرژەوەندێکانیانەوە مانا پەیدا دەکات.

چەمکەکانی ئاشتی ، دیموکراتی، لێبوردەیی نەك هەر لە دونیای سیاسەتی کوردیدا بەڵکوو لە زۆرێك لە شوێنەکانی ئەم گۆی زەویەدا وەك هەر وشەیەکی تری ئاسایی ناو برگەکان دەنووسرێنەوە، بێهیچ تێرامان و هەڵوێستە کردنێك. هەریەك لەم چەمکانە بەشێوەیەك لە ناوەرۆکی خۆی خاڵی کراونەتەوە ، کە کۆنەپەرسترین پارت و لایەن بێ هیچ سڵەمینەوەیەك لە بەرنامەو خیتاباتی رۆژانەیان لەپەنای دەیان وشەو ڕستەی خوێناویدا بەکاری دێنن . ئەم چەمکانە، ئاشتی، دیموکراتی و لێبوردەیی دەبێ جارێکی تر لە دونیای ئێمەدا پێناسە بکرێنەوەو لەسەر پێی خۆیان دابنرێنەوە.کلیلی پراکتیسە کردنیان بدرێتەوە دەستی خەڵکو پاکبکرێنەوە لەبەرژەوەندیە تەسکەکانی دەسەڵات و سەرکردەکان .

ئاشتیخوازیمان لەم بوارە ، دورکەوتنەوەمان لە شەروو توندو تیژی ، دڵنیا کردنەوەی نەتەوەو ئاینە جیاوازەکانی تری کوردستانە لەپێکەوە ژیانێکی ئاشتیانەدا. دەرکەوتنمان وەکوو نەتەوەیەکی ئاشتیخوازو مرۆڤ دۆست دەبێتە هۆی راکێشانی هێزە ئازادیخوازەکانی جیهان بۆ پاڵپشتیکردنمان.

ڕێبوار أحمد...

## موستەشارەکان لە عەلی حەسەن مەجیدو صدام تاوانبارترن

ڕێبوار ئەحمەد, کە ێستا خانەنشینە, بەگوزەرانێکی خراپەوە دەژی، لەسەروەختی ئەنفالدا تەمەنی 10ساڵان بووە، خەڵکی گوندی حسین إسلامی سەربەناوچەی قەرە حەسەن بوون لەپەلاماری ئەنفالی سێدا هەموو خێزانەکەیان



لەلایەن جاشەکانەوە دەرپەڕێندراون‌و دەستگیریان کردون‌و تەسلیم بە سوپاکراون‌و وەکو زۆربەی خەلکی گەرمیان ئەنفال بوون، ڕێبوار جەخت لەوەدەکاتەوە کە باڕق ئەوانی لەجاشەکان وەرگرتووەو ئەنفالی کردوون، سەرەتا بردوویانن بۆ کەمپی کۆکردنەوەی تۆپزاو، دواتر بۆ سەربازگەکانی یایچی‌و دبس.

ڕۆژی 13/ 4 لەمەراسیمی بەخاکسپاردنەوەی تەرمی منداڵە ئەنفالکراوەکاندا لەبانی مەقان، پاش ئەوەی کەمێك لێمان وردبووەوە، بەپێی خۆی لێمانهاتە پێشەوەو ووتی: ئێوە ڕاگەیاندنن هەرکەوەڵامیمان بەبەڵێ دایەوە، وتی: دەی کەوایە فەرموون وەرن بامن قسەتان بۆبکەم، من باوکم‌و هەموو کەسوکارم ئەنفالە، دەردی ئەنفال والەدڵی مندایە، من زۆرنارازیم لەم وەزعە دەمەوێت قسەتان بۆ بکەم بەڵام توخوا قسەکانم پێمەبڕن .

ڕێبوار زۆر بەحەماسەوە لێمان هاتە پێشەوە بەڵام بەداخەوە من لەکامیرایەکی دەستی واوەتر هیچم پێنەبوو دیداری لەگەڵدا سازبکەم‌و هەرچی لەدڵیدا بۆم هەڵڕێژێ، من باش دەزانم کەسوکاری ئەنفالکراوەکان زۆریان لەدڵدایەو کەس نیە گوێیان لێبگرێت، ڕێبوار ئاواتە خوازە موستەشارەکان دادگایی بکرێن‌و ئەوەی تاوانبارە سزا خۆی وەربگرێت.

ڕێبوار تەمەنی 10 ساڵان بووە کە لەتۆپزاوا باوکیان لێ جیاکردووەتەوەو بەپێشچاوی خۆیەوە چاوی باوکیان بەستووەو بردوویانە، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە لە تۆپزاوا سێ گۆڕی بەکۆمەڵ هەیە، لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا جارێکی تر جەختی لەسەر ئەو بروایەی خۆی کردەوەو وتی: کە باوکم‌و ئەوانیان برد هەرلەو دیو قاعەکانەوە دەنگی شۆفڵ دەهات کە ئیشی دەکرد، ئەرێ ئەگەر بۆ گۆڕ هەڵکەندن نەبووە، ئیشی چیە بەو شەوە .

نەنکی بەناوی ( ڕەحمە حسن حیدر)و هەموو خێزانەکەیان براونەتە نوگرەسەلمان‌و ئەنفالکراون، بەڵام خۆیان لەدبس‌و قاعەکانی یایچی ماونەتەوە ریبوار دەلێت: بەزیندومانەوەی خۆمان لە چاوی ئامرێکی شیعە دەناسین بەناوی محمد نازانم پلەی سەربازی چی بوو، بەڵام ئەو 18 قاعەیەی ئێەی تێدابووین‌و ئەو بەرپرسی بوو، ئەو ڕزگاری کردین، ئەو دەیگوت هەتا لەتوانامدابێت ناهێڵم بتان بەن، ڕەنگە ئەو زانیبێتی کە بۆکوشتن‌و کۆمەڵکوژی دەبرێین بۆیە ڕێگەی نەداو مایبنەوە هەتا لێبوردنەگشتیەکە.

ڕێبوار وەك وەفایەك بۆ ئەو ئەفسەرە دەڵێت خۆزگە سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی کۆمار بەقسەیان دەکردم‌و ئەو ئەفسەرەیان دەدۆزییەوەو بانگهێشتیان دەکرد بۆکوردستان‌و ڕێزیان لێدەنا، هەرچەندە من ئەو کاتە منداڵ بووم بەڵام باش بیرم دێت، وادەزانم ئێستایە کە دەچووەدەرەوە بەسەیارە بەرازیلیەکەی صندوقەکەی پردەکرد لە صمون‌و تەماتەو بۆی دەهێناین‌و بەپێی توانا بەسەرماندا دابەشی دەکرد.. ئەوە عەرەبی شیعە بوو ناوی محمد بەرازیلیەکی سپی پێبوو، من هەرئەوەندەی لەبارەوە دەزانم بەڵام بۆمێژوو ئەو پیاوە عەرەبە شیعەیە فریای ئیمە کەوت ئەگینا تێدادەچووین..

ڕێبوار ئامادەیی خۆی دەربری پێکەوە بچینەوە هەمان ئەو قاعانەی لێی دەستبەسەرکراون‌و ئەو شوێنەی باوکیان لێ جیاکردووەتەوە، ئەو زۆر

بەحەسرەتەوە باسی نامەردی جاشەکانی دەکردو دەیگوت ئامادەم ناوی یەکبەیەکیان بلێم و شایەتیان لەسەربدەم .

# لەزمانی بەڵگەنامەکانەوە...

عەدالەت عومەر صالح



پاش چوار سال لە تێپەر بوونی رێکەوتێنامەی 11 ئازاری ساڵی 1970 لەبەر چەندین هۆکار بە تایبەتی مادەکانی (8 و 14 ) ی رێکەوتنەکە سەبارەت بەناوچە جێ ناکۆکەکان و پابەند نەبوونی رژیمی عێراق بەچارەسەر کردنی کیشەی ئەوناوچانە بەتایبەتی کەرکوك بووە هۆی تێکدانی بارودۆخی لە نیوان پارتی دیموکراتی کوردستان بە رێبەرایەتی مەلا مەستەفا بارزانی و هێزەکانی عێراقو دواتریش لەپاش راگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی کە لە 11 ئازاری 1974 کە جگەلەوەی هەرباسی داخوازی کوردان لەمەر ناوچەجێ ناکۆکەکان بەتایبەتی کەرکوکی تیدا نەبوو بەڵکو ناکۆکیش لەسەر 7 خاڵی سەرەکی هەبووە، کەبووە هۆی رازی نەبوون و رەتکردنەوەی لەلایەن ژەنراڵ مستەفا بارزانی بەیاساکە نەچوونی بۆ ناو "بەرەی نیشتمانی" کەلەگەڵ رژیم رێکەوتەبوون، دیسان لە نیسانی 1974 شەرنیوان هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی رژیمی بەعس هەلگیرساورژیم بەبەکارهینانی جۆرەها چەکی پێشکەوتوو قورس زۆربەی خاکی کوردستانی داگیرکرد و بە هەموو هێز و توانای خۆی هەڵیکوتایە سەر کوردستان و ئەنجامدانی تاوانی جۆراجۆر هەر لەگرتن و کوشت و بڕی خەڵکی سڤیلی ناوچەکە و لێدانیان بە تۆپ و تەیارە،لەوانەش چۆمان و پەردەی گەلالەو قەسری ودیلمان وخۆدی گەلاڵەش، هەروەها لە 24\4\74 گلێپەی ئاگری لەشاری قەلادزێ هەلگیرساندو بە بۆمب هێرشی کردە سەری .

لەچەندین جێگاوە بەتایبەتی قۆتابخانەکانو زانکووبینای شارەوانیو ئۆفیسی قایمقامودوکان وبازاروخانوبەرەی هاوولاتیان کە بەسەدان کەس بوون بە قو ربانی دواتریش راودوونان، لەناو بردنوکۆمەلکوژی وکۆچی زۆرەملی و بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی عەشیرەتی بارزانییەکان لێکەوتەوە کە لەم رێگا سەخت دژوارەدا خەڵکێکی زۆر لەسەرماو برسیەتی ئازاری زۆریان چێشت هێندێکیش گیانیان لەدەستدا، رژیم بۆ لە ناوبردنی یەکجارەکی کوردان کەوتە پیلانو نەخشەیەکی ترکە ماوەیەکی زۆر بوو هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرێبەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی لەم هەرەشەیە ئاگادار کردەبووە ئەویش ئەوە بوو کە لەمانگی کانوونی یەکەمی 1974 عێراق پێشنیارێکی پێشکەشی ئێران کرد ئەویش ئەگەر یارمەتی

هێزەکانی کورد نەدات ئامادەیە چاو لە مافەکانی شەتۆلعەرەب بپۆشێ، شای ئێران رازی بوو تاکو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی سنور لەگەڵ عێراقدا یەکلابکاتەوە، پیلانی سەدام حوسین سەری گرت ،هێزەکانی عێراق تادۆڵی چۆمان هاتنەپێشەوە وحاجی عۆمەران کەوتە بەر هەرەشەیەکی تەواو ،بەپێی رێکەوتنێکی عێراق لەگەڵ ئێران لە 13 ئادار تاکو 1 نیسان شەرراگیرا تاکو هێزەکانی مەلامەستەفا بارزانی مۆلەتی کشانەوەیان بۆناوئێرانەوە هەبێت، هیزەکان بەهۆی تێکشکانیان لە 23 ئادار 1975 بریاریان دا واز لە شەر کردن بێنێن ئەمەش بۆ هۆی نارەزایەتی ژمارەیەك کە لەگەڵ بەردەوامی شەرو درێژەدان بە خەبات دابوون ،لەم میانەدا 100سەد هەزار چەکدار لەگەڵ خێزانەکانیان لە سنور پەرینەوە ئەمە جگەلەوەی پێشتر 100 سەد هەزار خێزانی دیکە هەر سەرەتای هەڵگیرسانی شەروپێکدادان لەناوچەکانیان بەرەو ئێران ملی رێگەیان گرتە بەر. لە6ی ئایاری1975رێکەوتننامەی شومی جەزائیر هاتەئیمزا کردن، رێکەوتننامەی جەزائیر لە کۆنفرانسی ئۆپێك لە جزائیر نیوان محمد رەزای پەهلەوی شای ئێرانو سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی عیراق لەژێر چاودێری جەزائیر بەئامادەبوونی هۆاری بۆمدین سەرۆکی جەزائیر ئیمزا کرا، کەبە یەکجاری بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول خیانەت کردنی ئاشکرای ئەمریکا و شای ئێران کەبە ووتەی خۆدی ژنرال مستەفا بارزانی یەکێك لەگەورەترین بێ هیواییەکانی ژیانی ئەوکاتەی بووە کەسیاسەتی ئەمریکا لەلایەن کیسینجر وەزیری کاروباری دەرەوە گۆڕاوەو بۆتە هۆی سەرکوتی خویناوی راپەرینەکەی لە دژی دەوڵەتی عێراق ئەوتا لە کتێبی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەنهێنیەکانی ئەمریکادا هاتووە "وەزیری دەروە کیسینجردەڵێت" ناهێڵێت نیگەرانی مافی مرۆڤ بەسەر سیاسەتی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا زاڵ بێت" لێرەدا ئەو بیر لە خەڵکی کورد دەکاتەوە کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەك بۆ سەربەخۆیی خەباتیان کردوە کە سەرەتا ئەنجامێکی باشی بۆ وینا دەکرا،بەڵام دواتر لە ئاکامی رێکەوتنێکی دیپلۆماتیکی خێرا لە پشت پەردەوە خنکێندرا وبە هەزاران کورد لە کوردستانی عێراق لە بەر چاویان تووشی پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ بوونەوە، ،هەروەها سەبارەت بە رۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکاندا تیدا هاتووە"تراژیدیای ئەم خیانەتە لەگەڵ بێ دەنگی نەتەوەیەکگرتوەکان تێکەل بووە، لە کاتیکدا کە نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر بە باڵای یاسر عەرفات دا دەیخوێند، بە ساردی لەگەڵ نوینەرە کوردکان هەڵسوکەوتی کرد و بە توندی نوینەرە کوردەکانی رەت کردەوە لە بەر ئەوەی نوینەری بزووتنەویەکی بێ دەوڵەت بوون، ئەمە دووڕووییە"، رژیم هەر بەوە نەوەستا و بە بڕوبیانووی دروست کردنی پشتینەی ئەمنی لە ناوچە سنورییەکانی ئیران وتورکیا لە پرۆسەیەکی سەربازی هەستا بە سوتاندن ویران و خاپۆر کردنی خانووبەر و رز و باغ و وشککردنی کانیاوەکان لە 500 گوندی ئەم ناوچانە کە تا ساڵی 1987 گەیشتە 1400 گوند هەروەها نیشتەجێ کردنی خەڵکی ئەو ناوچانە لە ئۆردوگا زۆرەمللیەکان ناردنی بەشێکیان بە تایبەتی بارزانییەکان بۆ ناوەراست و خوارووی عێراق ،جگە لە گرتن و لە سیدرەدانی ئەو کەسانەی

لەناوەوە پەیوەندیان بەشۆڕشەوە مابوو نەیانتوانی بوو لەبەرداخستنی سنورەکان لە لایەن شای ئیران لە 1ی نیسانەوە دەربازببن لە ئاکامدا شاحوکمی مەرگی ئەوکوردانەی واژۆ کرد کە لەو دیوی سنورەکان مابوونەوە، ئەوەتا لە بەڵگەنامەیەك کە لە سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەشی یاسایی بۆ سەرۆکایەتی دادگای تایبەت ( المحکمە خاصە) کەرکوك بەژمارە 197 لەرێکەوتی 1975\1\7 دەرچووە کە لە نووسراوەکەدا هاتووە "بابەت/ حوکمی لە سیدارەدان " ئاماژە بەنووسراوەتان ژمارە 533\74\295 لە 1974\12\18 . هاوپێچ لەگەڵ نووسرامانداندا دانەیەك لەمەرسومی کۆماری ژمارە 12 ی ساڵی 1975 تان بۆ رەوانە دەکەین سەبارەت بە حکومی لە سیدارەدانی تاوانباران محەمەد خدر مستەفا،عەبدولرحمان حەمەد حوسین ،حوسین ئەحمەد حەمەد ،کە بۆیان دەرچووە لەسەر دۆسیەیە ژمارە 259\74 بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ئەوەی پێویستە بکرێت هەروەها فایلی ئەم دۆسیەی سەروەتان بۆ رەوانە دەکەینەوە، نووسراوەکەش لە لایەن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار یەحیا یاسین ئیمزا کراوە.

لە فایلی هاۆپێچی ئەم نووسراوە باس لە هۆکاری گرتنی ئەو کەسانەی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە دەدات و دەڵێت"کە لە یەکێك لە شەرەکان لە کەرتی زمناکۆ چەك بە دەست لە کاتی بەرگریەکی توندا گیراوەن و لە پاش دادگای کردنیان بە مادەی 157 بە دەلالەتی مادەی 192ی یاسای سزاکانی عێراقی ومادەی 29 ف1 و ف3 یاسای چەك ژمارە 151 لە ساڵی 1969 بە دیاری کردنی سزاکانیان تۆمەتبارکراوەن" لە هەمان کاتدا هەر لە فایلەکەدا باسی تۆمەتبارانی هەڵاتووو دەکات کە بە هەمان مادەی 157 تاوانبار کراوەن و داوای دانەخستنی دۆسیەکە دەکرێت تاکو دەسگیرکردنیان و بە سزاگەیاندنیان لە بەشێکی تریدا هاتووە "هەموو ئەو تۆمەتبارانەی کە ناویان لە دۆسیەکەدا هاتووە تۆمەتبارە گیراوەکان و هەڵاتووەکان سەر بە هێزی کاوەن و لە یاخیبووەکانن کە لە دژی حکومەت چەکیان هەڵگرتووە لە بەرامبەری راوەستاوەن ئەوانە هەموویان لە خۆفروشەکان و بەکرێگیراوەکانی دەستی بێگانن .

هەر لە نووسراوی لێکۆڵینەوەکە و بریارەی حوکمەکەیاندا هاتووە" لەرێکەوتی 16ی کانوونی یەکەم 1974 دادگای تایبەتی کەرکوك بەپێی بریاری ژمارە 396 ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە 1974\4\11 بەسترا و بەناوی گەل ئەم بریارانەی خوارەوەی دەرکرد:

گواستنەوەی لێژنەی لێکۆڵینەوە بۆ دادگای تایبەتی کەرکوك بە نوسراوی ژمارە 1257 لە 3یکانونی یەکەمی 1974 لە سەر دۆسیەیەی ژمارە 295\74 تایبەت بە تاوانبارە گیراوەکان: 1.محەمەد خدر مستەفا، 2.عەبدولرحمان حەمەد حوسین، 3. حوسین ئەحمەد حەمەد هەروەها ئەو تاوانبارە هەڵاتووەکان ،1. حسو میرخان ، 2.صالح عزیز بارزانی، 3.سەیدو بارزانی ، 4.خەسرۆ کاوانی، 5.حەسەن ابوبکر، 6. مام وسو دزەیی، 7. مەلا حاجی ، 8. نوری کە ناوی باوکی دیار نیە( بە پێی زانیارییەکانی من کە لە برادەرانی ئەوکاتەی هێزی کاوە دەستم کەتووە مەبەست "نوری ژاژوکی")ە ، 9.شوکت عزالدین (هەر بە

پێی زانیارییەکانم مەبەست "شەهید شوکت شیخ یزدین")ە،، 10.کمال کە ناوی باوکی دیار نیە، 11. عەلی مام تەها، عوسمان عەلی ، 12.خەلیل بارزانی ، 13.حسن قادر، 14.صالح رەشاش، 15.عەلی شەعبان ، 16 . عەلی بارزانی ،17. ملاعمر ، 18. عوسمان باپیر، 19.بایز عەزیز ، 20.رسول اسماعیل، 21.رسول حەمەد، 22.مەحمود حەمەد ،داواکراوەن لەلایەن دادگاکەمان بە پێی مادەی 157 یاسای سزاکانی عێراقی تاکو دەسگیر کردنیان وەرگرتنی ئیجرائاتی پێویست لە بەرامبەریان دۆسیەکە بە کراوەی دەمێنێتەوە.

دواتر لە 18ی کانونی یەکەمی 1974 دادگای تایبەتی کەرکوک لە نوسراوێکی نهێنی و تایبەت کە بۆ لێژنەی باڵای کاروباری باکوور بە ژمارە 4\537 نێردراوە باس لە جێبەجێ کردنی بریاری لە سێدارەدانی تاوانباران دەکات کە دەستبەسەر کرابوون و تۆمەتیان خستەبوو پاڵیان ، بەڵام لە نووسراوەکە ئاماژە بە چەند ناوێکی تریش کراوە کە تیدا هاتووە" نووسراوکانمان نهێنی و تایبەت بە ژمارەکانی 533،525،517 لە 15 و 18ی کانونی یەکەم ،تکایە ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدارەکان بکەنەوە بە جێبەجێ کردنی حوکمی لە سێدارەدان بەسەر ئەو کەسانەی ناویان لە خوارەوەدا هاتووە کە بە پێی دۆسیەکانی ژمارە 74\275، 74\295، 74\299 و لە جێگای دیاری کراو لە بەرامبەر ناوەکانیان ،هەروەها لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی ئەنجامیان دابوو لەم ناوچانە بۆ ئەوەی ببێتە دەرسێك بۆ ئەوانەی تر کە هەرکەسیك بیەوێت لە یاساکان دەربچێت ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایش و استقرار ئەمە چارەنووسیەتی، هەروەها بۆ ئاگاداریتان حوکومەتی شورش دەستی هەموو ئەو کەسانەی بیانەوێت بارودۆخی وولات بشێوێنن و یاری بە چارەنووسمان بکەن و هەوڵی لە ناو بردنی گۆرینی بەعس و رێرەوەی بدەن لەبنەوە هەڵدەکەنێت لەگەڵ رێزماندا..."ناوەکانی لە سێدارەدراوان بەم شێوەی خوارەیە:



1. جمال قادر کەریم بە دۆسیەی ژمارە 74\275، 2. محەمەد خدر مستەفا، 3.عەبدولرحمان حەمەد حوسین، 4.حوسین ئەحمەد حەمەد هەر سێکیان بە دۆسیەی ژمارە 74\295 ،5.ئەحمەد مولود ئەحمەدبە دۆسیەی ژمارە 74\299، کە چوار کەس یەکەم لە بەرامبەرناویان نووسراوە جیکای جێبەجێ کردنی لە سێدارەدانیان سلیمانی وکەسی پێنجەمیش نووسراوە التون کۆپری.





بە پێی زانیارییەکان هەموو ئەوکەسانەی ناویان بە تۆمەتباری هەڵاتوو هاتوو ە لە پاش رێکەوتنە شومەکەی نێوان رژێمی بەعس و شای خیانتکاری ئێرانو بێ دەنگی ئەمریکای

بەرژەوەندی خوازلەگەڵ خێزانەکانیان ملیان بە کۆچێکی زۆرە مللێدا بەروئێران کۆچی نەخوازراویان کرد، ئەگەر هاتباو ئەم رێگەیەیان هەڵنەبژاردبا ئەوە چارنوسیان وەکو ئەوانەی تر دەبوو بەرەو پەتی سیدارە دەرۆیشتن.

# کێ خەڵاتی ڕێزلێنان دەداتە ژنانی پاش ئەنفال

محمد عبد الله (مامە خەمە)



دیارە گەلی کوردیش وەك هەموو گەلانی دنیا لەهەموو قۆناغەکانی ژیاندا بۆ ڕزگاری وسەربە خۆی هەوڵیداوەو خەباتی کردوە بەلام لەبەدبەختی ئەم گەلەستەم دیدەیە و مافخوراوە بەدرێژایی مێژووی پڕخەبات‌وسەروەری هەمیشە لەململانی سەختدا بووە،بەرامبەربەنەیاران‌و دوژمنەکانی دەنا نەخاکی کەسی داگیر کردوە و نە زوڵم و ستەمی لەکەس کردوە و نە زۆردار و زاڵمیش بووە، هەرکاتێکیش داوای مافی ڕەوای خۆی کردبێ هەموو دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکان لەهەر کوێ بێت بە ئاگرو ئاسن وەڵامی داخوازیەکانیان داوەتەوە، بۆیە گەلی کوردیش لەبەرامبەر بەوهەموو ستەمە بەناچاری پەنای بردۆتە بەر شۆرش وخەباتی چەکداری دەست پێ کردوە لەپێناو مانەوەو بەرگری لەخۆی کردووە ئەمەش لەگەڵ پەیماننامەی جاری گەردوونی ناتەباو ناکۆك نیە .

بەدرێژایی مێژووی خەباتی گەلەکەمان و شۆرشەیەك لەدوای یەکەکانی کەپڕە لەسەروەری و فیداکاری و قوربانی دان ژنانی کوردیش بێبەش نەبوون‌و هەمیشە شانبەشانی پیاوان خەباتی سیاسیان کردوە چ لەشاخ بێت یان لە ناوشاردا.

لەهەلگیرسانی شۆرشی نوێی گەلەکەماندا بەرابەرایەتی (ی.ن.ك) کە شۆرشێك لەهەناوی جەماوەرەوە هەڵقولا بوو ژنانی بە ئەمەکو شۆرشگێر زیاترلە شۆرشەکانی پێشوو بەشداری شۆرشی نوێ خوازی گە لەکەمانیان کرد چی وەك ئەوەی پێشمەرگە بوونە شان بەشانی پیاوەکانیان، یان هاوکارو یارمەتی دەری شۆرش بوونە چی لە دەرەوە و ناوەوەی ناو شار وەیان لەلادێکان لانکەی حەوانەوەی پێشمەرگە بوونە لەماڵکانی خۆیاندا کەهەم چێشتخانەو هەم شوێنی خەوتن‌و خۆشۆردنیان بوونە سەرەڕای هەموو ئەو شەڕ وپێکادان و تۆپبارانەی کە ڕۆژانە لە دێکاندا دەکرا .

بەلام لەهەمووی سەخت تر قۆناغی دوای کارەساتی ئەنفالە من لێرەدا ئیشارە بە خەڵکی سنووری ناوچەی داوێ ئەدەم کە بەشی شێری بەر کەوتووە لە قوربانیدان و فیداکاری و کاولکاری بەتایبەتی لەتاوانی ئەنفالدا .

ئەوەی لەئەنفال ڕوویدا بڕوام وایە نەبە زمان و نە بەنووسین ناتوانرێ بەقەد پێویست گوزارشتی لێبکرێت، بۆیە من تەنها لەسەر لایەنێکی ئەنفال قسەدەکەم ئەویش ئەوەیە کە

بەشێك لەو ژنانەی كەلە ئەنفال بەجیماون‌و بوونە قوربانی، جا بەهەرشێوەیەك ڕزگاریان بووبێ توشی چەرمەسەری‌و مەینەتی زۆرهاتوون، چونكە ئەوانە نەیان دەزانی ڕوولەكوێ بكەن هیچ كەس ئامادە نەبوو بیان گرێتە خۆی، تەنانەت هەبوو ماڵی باوك و براو خزمو دۆستەكانیان دەستیان دەنا بەرویانەوەو لەماڵ دەریان ئەكردن، وێنگە ئەمە گەورەترین نەهامەتی بووبێ زۆریان لەو ژنانە بەدەم گریانەوە ئاواتە خوازبوون ئەوانیش وەك كەسوكارەكانیان ئەنفال بوونایەو ئەم رۆژگارە ڕەش‌وتاڵەیان نەدیبایە، هەندێك لەم ژنانە پاش چەند مانگێك سەرباری ئەو هەموومەینەتی‌و دەردی سەریە ڕژێم لە ساڵی 1989 بڕیارێكی ستەمكارانەی تری لەدژی ئەوانە دەركرد، كە گواستنەوەیانبوو بۆ ئۆروگا زۆرە ملیكان لەوانەش ( بنە صلاوە , دارەتوو , كەوركۆسك , جدیدە , سمود , شۆڕش, چەند ئوردوگایەكی تر ) ئەوانەی كە دەگوازرانەوە بۆ ئەو شوێنانە زۆربەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بوون، ئەوەی ژیانی ئەو ژنانەی زیاتر سەخت و دژوار كردبوو ئەوەبوو هەریەكە وخاوەنی چەندین منداڵی ساوا بوون كەباوكیان یان لەسەنگەردا شەهید ببوو یان ئەنفالكرابوون‌و هیچ كەسێكیان نەبوو كارێكیان بۆ بكات و بژێوی ژیانیان دابین بكات، تەنها خواو خۆیان نەبێت بۆیە هەموو ئەركە قورسەكە كەوتبووە سەر شانی ژنانی بەشمەینەت و ئەوەندەی تر ژیانیان سەختر بوو ئەو ژنەقارەمانانە كەنەیاندەزانی تامی خۆشی و ژیان چیە، لەوەدا توانیان سەركەوتن بەدەستبهێننەوەو بەرپەرچی ستەمكاریەكانی بەعس بدەنەوە ئەوەبوو كە كۆڵیان نەداو ئامادە بوون ڕۆژ تا ئێوارە هەموو كارێكی سەخت‌و تاقەت پڕوكێن بكەن لەپێناو مانەوە و بژێوی منداڵەكانیاندا لە گەڵ ژیانی سەخت‌و رۆژگاری دلڕەق دەستەویەخە بوون‌و شەڕیان دەكردومەرگیان بەچۆكدا دەهێناو بەعس‌و ئەنفالچیان شەرمەزار دەكرد .

وەنەبێ ئەوانەشیان بەهەر هۆیەكەوە بووبێ كە گەڕانەوە بۆ ناوئۆردوگاو شارەكان كە ئەوسا لە ژێر چپۆكی دەسەڵاتی ڕژێمدا بوون، بەزیبن‌و چۆكیاندادا بێ نەخێر ئەوانیش هەر لەململانێ‌و شەری بەردەوامدا بوو، ئەوانە ڕۆژ تا ئێوارە ئەچوون بۆ گوڵەوەچنی لەناو ئەو پەرێزانەی گەنمیان لێ دەدورایەوەو گەنمەكەیان بۆمنداڵەكانیان دەكرد بەنان، یان دەچوون بۆ كرێكاری لەشارەكانی حەویجە و ریازو دێكانی ئەو سنوورە، ئەویش بەپارەیەكی زۆر كەمو ماندو بونێكی زۆر، بەڵی ئەمە ژیانی ئەو ژنە قارەمانانە بوو ئاوا درێژیان بەو ژیانە سەختەدا، كە بەعس‌و لۆجیكی ئەنفال‌و ستەمكاری ئەنفالچی بۆی پێكهێنابوون. بەڵام سەر بەرزانە ڕوو سورانە توانیان منداڵە كانیان پێ بگەیەنن و پەروەردەیەكی باشیان بكەن و ئێستا زۆرێك لەو منداڵانە دامەزراون وخزمەتی حكومەتەكەی خۆیان دەكەن .

بۆیە جارێكی تر ئەڵێم بەڕاستی ئەم خەباتەی ژنانی دوای ئەنفال كردیان ڕەنگە زۆر سەخترو دژوارتر بێت لەخەباتی شاخ . هەقی خۆیەتی ئەمڕۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوەی هەیەتی و لەتوانای دایە خزمەتیان بكات‌و لەبری ئەو هەموو وەفدەی لەسەر ئەنفال لەكوردستانەوە دەڕواو لە ئەمریكاو ئەوروپاوە بانگهێشت دەكرێن، هەرجارەو لەبۆنەیەكدا پاداشت‌و مەدالیای ڕێزلێنان بدات بەو ژنانەی كەئەنفالیش نەیتوانی بیانبەزینێ‌و سەری بەرزیان شۆریان بكات،ئەوانەی ئەمڕۆ كورد پێیان سەربەرزە، بەتایبەتی ئەو ژنانەی كە لە

یەك كاتدا هەم باوك بوون و هەم دایك بوون بۆمنداڵەكانیان، ئەوانە هەقە بكرێنە ڕەمزی مقاومەتو دایكانی ئازاو سومبلی هەموو ژنانی هەمیشە گەلەكەمان بۆ مێژو شانازیان پێوە بكات، وەكو چۆن من هەمیشە شانازییان پێوە دەكەم .

# كە بەهاردێت ئیتر پرسەمە

**كازم جەباری- گەرمیان**



"ئەوكاتەی ماڵمان لەگوندی بانگۆلی ناوچەی جەباری بوو لە نێوان چاش و بەعسیەكاندا ڕاپێچكراین بۆ چەمچەماڵ پاشان بۆ دوبزو تۆپزاو"ئەمەقسەی نەبات بوو كە خۆیی و مێردەكەی بونە نێچیری ژەنەڕاڵە دۆڕاوەكانی بەعسیەكان وەك دووكەس لە و سەدوو هەشتاو دووهەزار كوردەی كە سەدامیەكان ناویان لێنان بوو ئەنفال، ئەو ئەنفالەی كە پرۆژەی سڕینەوەی نەتەوەیەك بوو لە ئەندێشەی بەعسیەكاندا ، لەلایەن عەلی حەسەن مەجید سەرپەرشتی دەكراو بە هەشت قۆناغ لە سەر خاكی كوردستان دەرحەق بە هاوڵاتیانی سڤیلی كورد جێبەجێكرا، گەرچی نەبات هەشت مانگ زیندانكرا لە گەڵ چەند منداڵێكیدا دەردو ئازاری چەشت لە نێو ژورە ساردو زیندانە ترسناكەكانی بەعس، بەبێ نان وبەبێ پێداویستە سەرەتاییەكانی ژیان وەك خۆی دەڵێت " لەزیندانندا ڕەزالەتی زۆرمان چەشت شتی ئەوتۆمان دی هەتاڵەدونیادا بمێنم لەبیرم ناچێتەوە " نەبات ئەو ژنەی كەبە حەسرەتەوە باسی كارەستەبەدناوەكەی ئەنفالی بۆكریدن چیرۆكی ژیانێگی پڕلە مەرگەساتی بۆ گێڕاینەوە لە ژێر پێڵویی چاوەكانی دا فرمێسك قەتیسمابوو بۆ قەتاربەستن بەگۆنایدا ماتڵ بوو ، دەزانن كاتێك ئەوان باس لە چیرۆكە پڕلە مەرگەساتەكانی ناوزیندان دەكەن خۆت پێناگیرێت و لەگەڵ ئەواندا دەست دەكەیت بەگریان و هۆن هۆن فرمێسك بە چاوەكانتدا دێتەخوارەوە ، وەك ئەو چیرۆكەی كەزامێكی بە سۆیە لە هەناوی نەبات و دەیان ژنە ڕشپۆشی وەكی نەبات ئەو بە گریانەوە باسی دوو منداڵەكەی كرد كەلە زیندان مردن و دەڵێت" ئەو كاتەی لەزیندان بووم لەو چەند منداڵەی كەلەگەڵم بوون دووانیان زۆرنەخۆشبوون كەیەكێكیان ناوی شەهریار و ئەوی تریان ناوی دیار بوو ، یەكێكیان مرد لەگەڵ یەك دوو ژن كەلەزیندان لەگەڵمدا بوون ڕۆیشتین بینێژین هەتا لەسەر قەبرەكەی گەڕامەوە بۆ قاوشی زیندانەكە، كاتێك سەیرم كرد ئەوی تریشیان لە گیانەڵادایە " بەدی چیرۆكی مردنی شەهریار خەفەت بارترە لە گیانی نەبات لە

هەموو چیرۆکەکانی تر کەلەناوزینداندا ئەزمونی کردبوو و بینی بووی و چونکە ووێنەیەکی وەهای لا بەجێ هێشتووە کە هەمیشە لە بەر چاویدایە و دەڵێت "زۆرم لا ناخۆشبوو کە بینیم منداڵەکەی تریشم لەگیانەلآدایە، ئەو کچەم کەدامنابوەلایەوە پێ ی ووتم دایە براکەم زۆرهیلاکە و خەریکە گیانی دەردەچێت داوایی خەیار دەکات ، منیش ووتم ڕۆڵەگیان لەم زیندانە خەیارمان لەکوێ بوو " ئەمە ئەو چیرۆکەیە کە خەیاڵی چەندین فیلم و فیلمی دیکۆمێنتارییە، ئەگەر کەسێك هەبێت لەم کوردستاندا پێ ی هەڵسێت وێنەیەکە مەینەتیەکانمان بە جیهان دەناسێنێت!!. نەبات بەچاوی پڕفرمێسکەوە بەردەوام بوو ووتی" کە کوڕەکەم ئاوڕی دایەوە (جوتێك نەعل)ی سەوزی بینی کە باوکی بۆی کڕیبوو و دەستی بۆ درێژکرد منیش ووتم کچەم داوای ئەو نەعلە سەوزانەدەکات کاتێك کچەکەم بۆی هێنا نایەدەمی وایزانی خەیارە هەرلەدەمیابوو دەی مژی هەتا گیانی دەرچوو" ئەم ڕووداوە کاریگەری تەواوی بەسەر ژیانی نەباتی ڕەش پۆشەوە بە جێ هێشتووە بۆیە بووەتە وویردی سەرزاری و لە هەموو ساڵیادێکی کارەساتی ئەنفلدا دەی گێڕێتەوە بۆ ئەو کەناڵانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەن ، نەبات بەو پێ یەیی یادەوەریەکی تاڵی لەگەڵ خەیاردا هەیە وەك خۆی ئاماژەی پێ دەکات " هەرلەو ڕوداووە وە هەتا ئێستا خەیارم نەخواردوەو خەیار لەماڵی من حەرامە".

یەکێك لەو دیاردەیەیی کە لە زیندانیەکانی ڕژێمی بەعسدا دەبینرا بوونی زیندانی بچوك و پڕ لە زیندان بوو، لەقسەکانی نێرگز کەبەهەرمێ خەڵکی بانگی دەکەن وادیاربوو کەشێکی قەرەباڵغ باڵی بەسەر زینداندا کێشابوو ئەو یەکێکی ترە لەوژنانەی کەباسی ئەوەی دەکرد "ئەو زیندانەی ئێمەی تێدابوو لە تۆبزاوا بیست و پێنج هەزار کوردی بەش مەینەتی تێدابووکەخۆی لە ژن و منداڵ و پیرو ئیختیار دادەبینیەوە" ژنێك کە کاری مامانی کردبێت لە زینداندا چیرۆکی سەیری لایەبۆیە هەرمێ ژنێکی ترە لەو ژنانەی کە چیرۆکی سەیری لایە بەتایبەت بۆ ئەوکە بەجورئەت بوو لە زیندان سەرەڕای مەینەتیەکانی ژیانی خۆیی هاوکاری خەڵکی دەوروبەری دەکرد و ئەوەی ڕادەگەیاند " لەزیندان مامانیم بۆزاتر لە 40 ژنی کورد کردووە " ئەگەرچی لەدایك بوونی منداڵ پێویستی بە نەخۆشخانەوە و ڕێ وشوێنی تەندروستی گونجاو چاودێری پزیشك هەیە، بەلآم لە زیندانەکانی تۆبزاوا وەك نێرگزی مامان باسی لەدایك بوونی منداڵ و بڕینی ناوکی منداڵە تازە لە دایك بووەکەی دەکرد کەشەکە بە شێوەیەکی گوزەری کردووەئەو دەڵێت "لە سەرەتادا فۆتەیەکم پێ بوو تاڵێك لە دەزوی فۆتەکەم دەهێناوبوو بەردێکم دادەنا و ناوکی منداڵەکەم لە سەر بەردەکە دادەناو پاشان بەردێکی ترم دەهێناو دەمدا بە سەر بەشە زیادەکەی ناوك منداڵکەدا و ناوکیم دەبڕی" ئەو ژنە زیندانیە ئەوەشی لە یادە کە حەرەسی زیندانەکە بە زەیی پێیاندا دەهاتەوە و دەیوت"حەرەسی زیندانەکان کاتێك ئێمەیان بەم شێوەیە لە زیندان دەبینی بەزەیان پێماندا دەهاتەوە و دەچون تیرە و دەزوویان بۆ دەهێناین تاکارەکەمان ئاسان تر بە ئەنجام بگەیەنین" بە گوێرەی ووتەکانی ژنە ڕەش پۆشەکە حەرەسی زیندانەکانی تۆپزاوا جێشەعبی بوونەوجەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەکە" حەرەسەکانی زیندانەکەمان زۆرێکیان خەڵکی حاویجە بوون و لەوانەیە بە زۆر جێشەعبیان پێکرابێتن" .

پاش بەسەر بردنی هەشت مانگ ئازار چەشتن، لە زیندانە ترسناکەکەی تۆبزاوا ، دوای ئەوەی نەبات کوڕ و کچێکی لە زیندان لە برساندا مردن بەبێ مێردەکەی ، بڕیاری لێبوردن یارمەتی دەری بوو تا ئازاد بکرێت ، بەلآم

چیرۆکە لەبیرنەکراوەکانی زیندان ئێستا هاوڕێ ی نەباتە و هەموو بەهارێك لە 4/14دا میوانداری دەکات وەك خۆی دەڵێت " کەبەهاردێت ئیترمن تەعزێمە ، بەهار هەمیشە ڕوحم ئازاردەدات ،4/14 زیاد لە ڕۆژانی تر دەمگرێنێ هەتا ئێستاش بۆ سەیران و شایی دووپێم نەجوە"

# یادی ئەنفال و سەرنجێك

شێرزاد داودی



هەموو ساڵێك لەکوردستان بەگشتی و دەڤەری گەرمیان بەتایبەتی یادی تاوانی ئەنفالی بەدناو دەکرێتەوە،لەویادەدا جارێکی ترخەم ڕوخساری دایك و باوکی ئەنفالکراوەکان دادەپۆشێت، هەرئەو ڕۆژە شاربەسیمایەکی خەماوی یەوە پێشوازی دەکات. پەلامارەکانی ئەنفال لەتاوانەهەرە گەورەوکەم وێنەکانی سەدەی بیستەمە، کە بەتاوانی ڤڕکردن ولەناوبردن ئەژمار دەکرێت.

ئەنفال لەبنەرەتەوە بۆ لەناوبردنی میللەتێکی بێ تاوان بوو. لەم بابەتەدا نامەوێت چۆنیەتی کارەساتەکەو ئاسەوارەکانی بخەمە ڕوو دەمەوێت باس لەدیوێك بکەم کەزۆر بەکەمی قسەی لە سەردەکرێت وەك ئاماژەم پێدا 1988/4/14 ڕۆژی مەرگە ساتێکە کەدەبوایە جیهانی بهێنایەتە هەژان...!

لە زۆریاد دا هەست بەوە کراوە کە لەنێو دەزگایەکی گرنگی وەك پەروەردە وخوێندنی باڵادا ڕێزلەو ڕۆژە خەمناکە ناگیرێت، تائێستاش بە شێوەیەکی گشتی لەیادی ئەنفالدا لەهیچ ساڵێکدا ڕێگە بەخوێندکارێك نەدراوە بەجلی ڕەشەوە بچێتە نێو ڤوتابخانەکانەوە یان هەندێك جارلە زانکۆکاندا لەو ساتە وەختە گریان و شیوەنەدا ئاهەنگی دەرچوون گێڕدراوە، ئەمە لەمەکاتێکدا بەپرسی و مامۆستایانی بەڕێز باش دەزانن 14 / 4 یادی مەرگی هاوشارییەکانییەتی کەچی لەلایەکی تریشەوە شینی بوون بەمەنهەجی خوێندنی کارەساتی ئەنفال دەکەین ، بەڵام وا 22 ساڵە ئەو تاوانە ئەنجامدراوەو هێشتا نەتوانراوە وەك پێویست ئەو یادە بە گوزارشتێکی تەواوە بەڕێبخرێت هەر بۆ ئەو مەبەستە و لەیادی تراژیدیای شاڵاوەکانی ئەنفالدا لەشارێك لە شارەکانی کوردستان ئاهەنگە سەیرانێك ڕێکدەخرێت و بۆ ئەو مەبەستەیش دەچنە دەرەوەی شارهەموو ئەمانەیش لەبەرچاوی ئەو بەرپرسانەوە تێدەپەڕن کە لە 14 / 4 دا فرمێسکی تیمساحی بۆ 182 هەزار گوڵە نێرگز دەڕێژن..؟! بەڵێنی وەفا دووپات دەکەنەوەو دوادەکەن کەئەم مەرگەساتە لەیاد نەکەین، کەچی هێندە نابات کەهەموو ئەوقسانەی خۆی لەبیردەچیتەوەو بەدەیانجار چوونەپرسگەکەی کەسوکاری ئەنفال نێوچاوانی نابینن، خۆزگە

وێنەکەی 14 / 4 ی پێشاندەدەیتەوە، بێگومان دەڵێ ئەو قسانە بۆئەوکاتەبوو.

من دەمەوێت لەپەیوەند بەم ساڵیادەو هەستی کەسێکتان بۆ باس بکەم، کە هەروا یەك دوو ساڵ لەمەوپێش رویداووە ( لەدەڤەری گەرمەسێردا لەنێو جەرگەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا گەنجێك کەکەسیشی ئەنفالنەکراوە هەست بەو کارەساتە شوومەدەکات بۆیە لەو رۆژەدا (4/14) جلی رەش دەپۆشێتو هەر بەجلی رەشیشەوە دەچێت بۆ قوتابخانە، بەلام بەداخەوە مامۆستایەکی بەخوێن ساردییەوە رەوانەی ماڵەوەی دەکاتەوەو بێ سێ و دوو پێی دەڵێت: دەبێت خۆت بگۆریت ئینجا بێییتەوە بۆ قوتابخانە گەرنا بەو شێوەیە ئەمرۆ رێگەت نادەم بخوێنیت..! سەیر لەوەدایە مامۆستا ئەم رەفتارە بەبیانووی یاسا و رێسای پەروەدەوە دەنوێنێ، بەلام بۆ تەنها رۆژێك یاسا هیچی لێ کەم نابێتەوە لەکاتێکدا ئەو رۆژە یادی پێشیلکاری مافی مرۆڤو سەرەوەری یاساو ملهوری‌و بەدرەفتاری بەعسیزم‌و ریزگرتنە لە مەرگی 182 هەزار مرۆڤی بێتاوان کەچی مامۆستایەك لەبری ئەوەی هاو سۆزی لەگەڵ هاونیشتمانیەکانی‌و قوتابیەکانی بنوێنێ دڵی گەنجێکی 15 ساڵ دەشکێنێت کەهەستی بەو تاوانە گەورەیەکردووەو بەرگی ماتەمی پۆشیوە.

رەنگە زۆریش ناهەقی وەها مامۆستایەك نەبێت، چونکە جگە لەو رۆژە 14 / 4 ئیتر ئەنفال مەسەلەیەکی لەیادکراوەو زیاتر لە بابەتێکی وون بوو دەچێت وەك ئەوەی بابەتێکی زیندوو بێت، رەنگە ئەوەندەیش باسکردنی ببێتە مایەی سەریەشە بۆ بەرپرسە بەرێزەکانمان، گەر خوێندنەوە بۆ مەرگەساتی ئەنفال لەوچەشنە بابەتە نامۆیانەبن کەوایە هیچ نەکراوە لەکاتێکدا لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵەوە لەعێراقدا تاوانی کۆمەڵکوژی بەجینۆساید ناساند، بەلام کەشۆردەبێتە خوارەوە دەبینی بەرێوەبەری قوتابخانەیەك یان مامۆستایەك رێگە بەخوێندکار نادات لەو رۆژە جلی رەش بپۆشێت، ئەمە ئەو پەری هەست نەکردنە بەرامبەر ئەو گۆرستانەی شارەکە کەپارساڵ بەبەرچاوی دنیاوە لە نێوان هەزاران هات وهاواری کەسو کاری ئەنفالکراوەکان وخەڵکی بەشەرەڤ شاروشارۆچکەکان بەخاك سپێردران، هەر هیچ نەبێت دیمەنەکانی ئەو رۆژە پێماندەڵێت ئەنفال بووەتە شووناسێکی نەتەوەیی کەدەکرێت هەموو مان لەو رۆژەدا یادەوەرییەکانی ئەنفال بمان گرێنێت نەك بەها بۆ قورسایی ئەو مەرگەساتە دانەنرێت،لەگەڵ تەواوی رێزم بۆ مامۆستایانی بەرێز کەئەرکێکی ئەخلاقی و پەروەدەیان لەئەستۆدایە بەهەموو ماناکانیانەوە، ئاشکراشە مەبەستم هیچ مامۆستایەکی بەرێز بەشەخصی نییە،لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە لەو جۆرە مامۆستایانە کەمبن و بەپەنجەی دەست بژمێردرێن ، هیوادارم لە 14 / 4 ئەمساڵدا هەموو مان وانەیەك لەو کارەساتەوە فێربین بۆ ئەوەی چی تر رێگە نەدەین کەسانێك یاری بە رۆحی شەهیدەکانمانەوە بکەن، بەڵکو هەوڵبدەین ئەوانیش بە راستییەکان ئاشنابکەین کەبەراستی پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەکی تاڵە لەمێژووی گەلەکەماندا کەتاهەتایە لەیادناچێتەوە،باهەمووان رۆژی ئەنفال بکەینەجیهانی وەك تەواوی

کارەساتەکانی تر تا هەنووکەیش بەرزو پیرۆز ڕادەگیرێت .

# ئەنفال ئازارێکی هەمیشە نوێ

## هێمن کامیل



سالأنە کەمانگی ڕەمەزان دێت وەك گەنجێك کەپابەندی ئاینییم هەیە وەکو زۆرێکیش لەموسڵمانانی ولأتەکەم بە ڕۆژو ئەبم، بەلأم یەك لەو شتانەی زۆر نیگەرانم ئەکات، بە تایبەتی لەم شەش ساڵەی کۆتایدا کە هەموو ڕۆژێکی ڕەمەزان زۆر ئازارم ئەدات ئەویش ئەوەیە بەدرێژایی ڕۆژەکانی ڕەمەزان ئەنفالکراوەکانم بۆ یەك چرکەش بیرناچێتەوە. جیاواز لەیانزە مانگەکەی دیکە هەمیشە لەبیروخەیاڵمدان لەوانەشە ئێستا خوێنەر ئەو پرسیارە بکات ئایا ڕەمەزانو ئەنفال چی پەیوەندیەکیان بەیەکەوە هەیە؟ ئایا ئەبێت لە بەرئەوە بێت کە هەردوو قۆناغی سێ و چواری ئەو پرۆسەیە لەم مانگەدا ئەنجام دراوە ؟ نەخێر بەڵکو ئەوەی وا دەکات لەمانگی ڕەمەزاندا زیاتر لە مانگەکانی تر ئەنفالکراوەکانم بیربخاتەوە ئەوچاوپێکەوتنانەی برای نوسەرو ڕۆژنامەنوس کاك عارف قوربانیە کە لەگەڵ ڕزگار بوەکانی ئەنفالدا کردویێتی. چونکە ئەوان لەچاوپێکەوتنەکانیاندا باسی ئەوە دەکەن کاتێك براون بۆناوچەی زیندە چاڵکردن وگوللەبارانکردن بۆ ئەوەی زۆر لاواز وبێ ووزە بن تاوەکو لەکاتی گوللەباران کردنو زیندەبەچاڵکردنیاندا بەهیچ شێوەیەك توانای خۆ ڕزگار کردنو کاردانەوە یان هەر هەوڵێکی لەم جۆرە یان نەبێت، بەرلەچەندین کاتژمێرو بەدرێژی ڕێگاش کەچەندین کاتژمێر بوە هیچ خواردنو خواردنەوەیەکیان پێنەدراوە.بۆیە تینوێتی زۆر ماندوی کردون بەجۆرێك شەکەتی لەبەر بڕیون. بۆیە لەگەڵ هەموو تونوێتی و برسیەتیەکدا لەڕەمەزاندا لەهەموو چرکەیەکدا ئەوانم بیردەکەوێتەوەو ئەو دیمەنانەم دێتەوە بەرچاو کەچۆن تونوێتی زۆری بۆ هێناونو لەگەرمای هاوینی باشوری عێراقدا ئەبێت تینوێتی چی ئازارێکی سەختی بەر لەزیندە بەچاڵکردن بوبێت بۆیان.

بەر لەوەی ئەو چاوپێکەوتنانە بخوێنمەوە لەڕەمەزاندا تەنها هەژارانم بیر دەکەوتەوە کەمنداڵ بوم زۆرجار مامۆستای ئاینی لەوتارەکانیدا وەك یەکێك لەباشیەکانی ڕەمەزان باسی هەژارانی بۆ دەکردین. بەلأم شەش ساڵە ئەو بیرکردنەوەیەم گۆڕاوە بۆ بیر کردنەوە لەئەنفالکراوەکان چونکە تەنها لە ڕەمەزاندا مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر ئاوناخواتەوەو زیاترو زۆرتر لە هەموو شتێك تینوی دەبێت وحەزی لەئاو خواردنەوەیەو هیچ شتێکیش ئەوەندەی تینوێتی بێ

وزەومانـدوی ناكـات و شـەكەتی لەبـەرنابڕێت.
هـە روەك وتـراوە تینـوێتی هەنـدێكجار وا لەمرۆڤی ڕۆژووان دەكات كە لە دەست وپێی دەخـات و بـەجۆرێك هەنـدێكجار لـەمانگی ڕەمەزانـدا بەتایبـەت ڕەمـەزانی ئـەم سـاڵانە ئاوات و خۆزگەی مرۆڤ ئەوە ئەبێت كە قومێك ئاوبخواتـەوە. بـەڵام دەزانـین ئـەنجامی ئـەم تینوێتیە چەند كاتژمێرێكەوئیتر كۆتایی دێت و ئازاد ئەبین لەخواردن و خواردنەوەدا .
بـەڵام ئـەبێت ئـەم حاڵەتـە بۆ ئـەنفالكراوەكان چـەند جیـاواز بوبێـت كـە نـەیانزانیوە تاكـەی بەتینوێتی دەمێننەوە لەوەش مەرگە سات تر مـرۆڤ دوای مانـدوبونێكی زۆر بـەهۆی تینوێتیـەوە، ئینجا ببرێتـە بیابـانێكی وشـك و دور لە ئاوەدانیو بەزیندویی بخرێتە ژێرگڵەوە یـان گوللـەباران بكرێـتو لەوانەشـە گیانیشیان دەرنەچوبێت شۆفڵ دایپۆشیبێتن،ئەبێت مـرۆڤ لەو كاتەدا هەستی چۆن بێت و چی وتبێت و چی بەخەیاڵیدا هاتبێت. كەئەگەر ئـەو چـەند كەسە رزگاربوەی ئەنفالمان نەبوایەو كاك عارف قوربـانیش هەسـتەكانی ئـەوانی لـە چـاوپێكەوتنەكاندا بـۆ تۆمارنەكردینایە.ئـەوا دەبو چاوەڕوانی ئەو دونیامـان بكردایـە تـاوەكو بمانزانیبایە ئەنفالكراوەكان بـە چـی شـێوەیەك لـەناوبراون و ئـەوەی ئێسـتا دەیـزانین بەشاراوەیی دەمایەوە.

بۆیە لەكۆتایدا ئـەڵێم سالانە ئەگـەرمانگی ڕەمەزان چەند مەغزایەكی هەبێت بـەڵام بـۆ مـن خـەمو ئازارێكـە هـەرگیز تـەواو نابێـت ولـەبیرم ناچـێتەوە.بەمەش ئـەنفال بـوە بـە ئازارێكی هەمیشە نوێ ودانەبڕاو لەژیانم.

# ئەنفال تاوانێكی دەوڵەتی عێراق

بەرلـەهاتنی بەعسـیەكان بـۆ سـەر كورسـی دەسـەلات حكومەتـەكانی پێشـوتری عێـراق هـەرتاوانێكیان دژبەنەتـەوەی كـورد ئەنجامدابێت ئـەوا بـە تـاوانی دەوڵـەتی عێـراق یـان سـوپای عێـراق ناودەبرێـت. بـەڵام دوای ئەوەی بەعسیەكان دێنە سەر كورسی دەسـەلات و ئـەوەی دەسـەلاتەكانی دیكـە نـەیانتوانی جێبـەجێی بكـەن وئـەنجامی بـدەن، ئـەوا بـەعس وەك پـارتی فـەرمانڕەوای دەوڵـەتی عێـراق خـراپتر لـەوانی پێشـو دژی داواكردنـی مافەكانی كورد وەستایەوە ،هەرچی ئـەزمونی دەسـەلاتە تۆتالیتارەكـانی جیهـان هەیـە لـە كردەوەكانی خۆیـدا دژ بـە كـورد بەرجەسـتەی كرد سەرباری ئەزمونی خۆی.

لـە مـاوەی سـی وپێـنج سـاڵەی حكومكردنیـدا سـەرجەم دامـو دەزگاكـانی دەوڵـەتی خسـتە خزمەتی مەرامەكانی خۆیەوەو تەنانەت سودی زۆری لـە بەرهـەمانی تەكنـەلۆژیا وەرگـرت لـە پێنـاوی بـاش جێبـەجێكردنی پرۆسـەی لـە ناوبردنی نەتەوەكەمان.
لێرەوە دەمەوێت بڵێم ئێمـە هەڵەیـەكی گـەورە دەكـەین كاتێـك بـاس لـە تاوانـەكانی دەوڵـەتی عێراق دەكـەین لـە سی وپێـنج سـاڵی ڕابـردودا زۆر شەرمنانە ئەو تاوانانە تـەنها دەدەینـە پـاڵ حیزبـی بـەعس یـان بـە واتایـەكی دیكە تـەنها

ناوی حیزبی بەعس دەهێنین و خۆمان لە بەکارهێنانی دەستەواژەی دەوڵەتی عێراق دەپارێزین. ڕاستە لە عێراقدا تەنها یەك حیزبو ئایدۆلۆژیاو تەنانەت چەند کەسێك ولەناو ئەو کەسانەشدا یەك کەس حکومی عێراقیان کردوە.
بەلآم زۆر گرنگە ئێمەی کورد ئەوە بزانین هیچ تاوانێك نیە بە تایبەتی پرۆسەی ئەنفال کە زۆرێ لە دامو دەزگا ڕەسمیەکانی دەوڵەتی عێراق بەشداریان تێدا نەکردبێت .
لە ئەنفالدا وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆو شارەوانی و پلانداناو وکشتوکاڵ وپەروەردەو چەندین دامودەزگای دیکەی دەوڵەتی عێراق بەشداری ڕاستەوخۆیان لە تاوانەکەدا کردوهەموو ئەمانەش دەزگای فەرمی دەوڵەتن.
ئیتر چی پێویست بەوە دەکات کاتێك باسی ئەنفال وهەڵەبجەو بارزانیەکان و فەیلێکان و بە عەرەبکردن و راگواستن دەکەین وەکو تاوانی دەولەتی عێراق ناویان ناهێنین .
چونکە بە خۆ لادان لە بەکارهێنانی دەستەواژەی حیزبی بەعس لە بری دەوڵەتی عێراق بێ ئەوەی پێی بزانین ئێمە دەوڵەتی عێراق لە زۆر بەرپرسیارێتی رزگار دەکەین ، چونکە پەیوەستکردنی تاوانەکان تەنها بە حیزبی بەعسەوە و دواتر بە کەسێکەوە کە سەدامە بوە، هۆی ئەوەی کە ئێستا زۆر جار گوێمان لە سەرکردەکانی عێراقو تەنانەت بەرپرسە کوردەکانیش دەبێت ودەڵێن ئەو تاوانە بەعس کردویەتی و پێویست ناکات دەوڵەتی نوێی عێراق داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد بکات. لە کاتێکدا نەتەوەو گەلە جینۆسایدکراوەکانی جیهان بەم شێوەیە مامەڵە لە گەڵ قوربانیەکانی خۆیان دژومنەکانیان ناکەن تەنها حیزبی فەرمانڕەوا بەرپرسیار ناکەن کە لە کاتی ئەو تاوانەدا دەسەڵاتداربوە بەڵکو هەموو ئەو حکومەتانەی دواتر هاتونو بونەتە میراتگری ئەو دەسەلآتەی پێشوی خۆیان بە جۆرێك لە جۆرەکان ئیلتزاماتی یاسایی وئەخلاقی لە بەرانبەر جینۆسایدکراوەکان کەوتۆتە سەرشان.
بۆنمونە بۆ یەکجاریش گوێمان لە جولەکە نەبوە کە باسی هۆلۆکۆست دەکەن تەنها ناوی نازیەکان بهێنن بەڵکو دەڵێن دەوڵەتی ئەڵمانیا یان عەرەبەکانی لیبیا کاتێك باسی ئەو کارەساتانە دەکەن لە لایەن سوپای ئیتالیاوە لە دژیان ئەنجامدراوە تەنها پەیوەستی ناکەن بە فاشیەکانەوە.
سادەیی و ساویلکەیی کورد لەم ڕووەو جێگەی نیگەرانیە چونکە هەموو شتێکی سەردەمی عێراقی بەعس کە ناودەهێنرێت دەڵێین دەوڵەتی عێراق بەلآم کاتێك دێینە سەر جینۆسایدکردنی کورد دەڵێن حیزبی بەعس.بۆ نمونە دەڵێین لە ساڵی هەشتەکان عێراق و فلآن دەوڵەت یاری تۆپی پێیان ئەنجامدا یان دەڵێن شەڕی هەشت ساڵای عێراق و ئێران یان دەڵێن کاتێك عێراق کوێتی داگیرکرد. چەندین نمونەی تر کە رۆژانە بە گوزارشتی دەوڵەتی عێراق باس لە ڕوداوەکانی سەردەمی حیزبی بەعس دەکەین.
بۆیە لەکۆتایدا پێشنیاز ئەکەم کاتێك باس لە کارەساتو تاوانەکانی سەردەمی عێراقی بەعس دەکەین لە بری ئەوەی حیزبی بەعس بە کاربهێنبن بڵێین دەوڵەتی عێراق، بۆ نمونە با لە یادی کارەساتی هەڵەبجەدا بڵێین فرۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی عێراق کیمیابارانی شاری هەڵەبجەیان کرد وکاتێکیش باسی ئەنفال

دەکەین بڵێین ئەنفال ئەو تاوانە یە کە دەوڵەتی
عێراق دژبە نەتەوەکەمان ئەنجامیدا.

# دیویێك لەكارەساتی ئەرمەنیەكان

## نهێنیەكی شەست ساڵە لە توركیا بنەماڵەیەك ڕیشەكێش دەكات

**( چرپەی نێوان نەنك و كچەزایەك, چیرۆكی هەزارەها ئەرمەنی پێچەوانە دەكاتەوە تاگەورەبوونیان بەهەڵە خۆیان بە تورك زانیوە )**

نوسینی: دان بلڤیسكی (*)
وەرگێڕانی : سەعید عارف
saidaraf@hotmail.com



هەنوكە( فەتحیە چەتین) ڕۆژی تێكشكانی شوناسی خۆی لە بیرە . كچێكی گەنج ئەو كاتە یاسای دەخوێند كاتێك نەنكی هێنایە تەنیشتیەوە و نهێنی شەست ساڵ لەوە پێشی بۆ دركاند ، پێی گوت ئەو ، واتە نەنكی ، بە ئەرمەنی و كریستیانی لە دایك بووە بەدەستی ئەفسەرێكی توركی دەربازبووە لەیەكێك لە كۆڕەوە مەرگبارەكاندا . ساڵی 1915 لە نێوان دەستی دایكی دا فرێنراوە ولەسەردابی توركی وئیسلامیانە گۆشیان كردووە . نەنكەكە بە كچەزاكەی دەڵێت ناوە ئەسڵەكەی (هەرانۆس) بووە ، دایك وباوكی ڕاستەقینەی دەربازبوون بۆ( نیۆرك) . ( فەتحیە) زانیویەتی (هەرانۆس) یەكیكە لەو هە زاران منداڵە ئەرمەنی فرێندراوەی تر كاتێك لە لایەن خێزانە توركیە كانە وە بەرخۆنراون لە كاتی كارەساتە مێژوویەكانی نێوا ن ساڵانی 1915 بۆ1918دا. ( ئەرمەنی ورۆژئاواییەكان سورن لەسەر ئەوەی ڕەشەكوژیەك بووە بە لەناوبردنی (1،5) ملیۆن و نیویێك ئەرمەنی بەدەستی عوسمانیەكان . توركەكان نكولی لە ڕەشەكوژی دەكەن و ژمارەكەی كەمتر دەكەنەوە ). هەندێك جار ئەو دە ربازبوانە ناودەبرێن بە ((بەرماوەكانی شمشێر)) .

( فەتحیە) ئیستا تەمەنی شەست ساڵانە ، دەڵێت : (( ماوەیەكی دوور توشی بە خورپە

کەوتن هات بووم ، لە کتوپڕێکدا دنیام لە بەر چاوان شێوا بوو. بەوەی تا بە گەورە بوم خۆم بە تورکێکی موسوڵمان دەزانی ، نەك ئەرمەنی . کتێبە مێژووییەکان هیچ ئاماژە و نوما کردنێکیان تیا نیە بۆ کوشتارگەی گەلێك لە یاداوەری کۆمەڵگەی تورکیا دا. وەکو ئەو حاڵەی نەنکم ، کەسانێکی زۆر شوناسی خۆیان ناشتووە ــ بە زەندەقچونەکانی ژیانیانەوە ــ لە ناخی خۆیاندا )).

هەنوکە لەوێدا (فەتحیە) لە ئەندامە دەرکەوتووەکانی جالیەی ئەرمەنی ــ تورکیە، سەرجەمی ژمارەی سەرانی 50000پەنجا هەزار کەسن ، سەرباری ئەوەی یەکێکە لە دەرکەوتوترین پارێزەرە کانی بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سەرئاستی وولات دا .( فەتحیە) بڕوای وایە کاتی ئەوە هاتوە( ئەرمێنیا ) و( تورکیا) بەرەنگاری تارماییەکانی ڕابوردو ببنەوە . بەڵکو ئەگەر بتوانن زاڵ ببن بەسەر یەکێك لە درێژ ترین و قوڵترین دوژمنایەتیەکانی سەر ئاستی دونیا .

لە سەر ئاستی کەسێتی ، (فەتحیە ) بەکردەوە لەگەڵ خودی دووپارچە بوی خۆی بەرەورو بۆتەوە ، بەوەی لە ئەستەمبوڵەوە ڕێی گرت بەکۆڵێەوە بۆدوکانی سەوزەفرۆشی شەقامی ژمارە 10ی نیوۆرك ، ئەو شوێنەی خزمە ئەرمەنیەکانی ژیانی خۆیان تیا بنیات نایەوە پاش دەرباز بونیان لە تورکیا .

(شایانی باسە زوربەی ئەرمەنیە بەجێماوەکانی ئێستای تورکیا ئەوانەن باوباپیرانیان دانیشتوی هەرێمە کانی ڕۆژئاوان و ئەوانەی تری ڕۆهەڵاتی ئەو وولاتە زوربەیان توشی کوشت و بڕهاتن ).

لە مانگی (تشرینی یەکەم) ئۆکتۆبری ڕابوردودا یەکەم هەنگاو لە ڕێی شتنەوەی ڕقی ساڵەهایەکدا هاتە پێشەوە لە ناو یاریگایەکی تۆپی پێی شاری( بۆرسا )دا، لە باکوری ڕۆژئاوای وولات ، کاتێك ( سێزەر سەرکەسیان ) وەکو یەکەم سەرۆکی ئەرمێنیا هات بەسەردانێك بۆ تورکیا بۆ ئامادەبوون لە یاریەکی تۆپی پێی نێوان هەڵبژاردەی هەردوو وڵاتەکە . لە نێوان دواگەشتی دیبلۆماسی تۆپی پێ دا، لە یاریگەکەدا سەرۆکی تورکیا (عەبدوڵا گویل) گەیشتە لای (سەرکەسیان) ، هەروەك چۆن هەر لەو ساڵەدا چو بۆ بۆ ئەرمێنیا بۆ ئامادەبونی یاریەکی تۆپی پێی نێوانیان . لە ( بۆرسا) گویل بە هاوتا ئەرمەنیەکەی ووت بوو : (( ئێمە لێرەدا مێژوویەك نانوسینەوە ، بەڵکو مێژوویەك دروست دەکەین)).

لە لایەکی ترەوە دیاسپۆرا ی گەورەی ئەرمەنی ، ئەوانەی دە خەمڵێنرێن بە زیاتر لە حەوت ملیۆن لە وولاتە یەکگرتوەکان و فەرەنساو شوێنەکانی تر لە دڵە ڕاوکەیەکدان بەوەی ئەم نێوان گەرم بونەوەیە ببێت بە بیانویەك بۆ لەبیرچونەوەی ئەوەی لە ڕابوردودا ڕویداوە بۆ پاش گوێ خستنی لە تورکیا دا، بەوجۆرەی تەنها بەناوەێنانی دەستەواژەی ((ڕەشەکوژی ئەرمەن)) دەکەونە بە ر زەبری دادگا. ئەو هۆکارانەی تری هەڕەشە دەکات لە نزیك بونەوەی نێوانی ئەم دوو وولاتە کێشەیەکی بنخانیە لە نێوان ئەرمێنیا و ئازربایجانی دراوسێی دا ، لە سەر جیاکردنەوەی لۆچیکی ئەرمەنی لە ئازربایجان ، ئەویش یەکێکە لە هاوپەیمانە قورسەکانی تورکیا .

لە سەر ڕێکەوتنی پێشنیهاد کراوی نێوان تورکیا و ئەرمێنیا ، ئەوەی پەرلەمانی تورکی و ئەرمەنی هێشتا دانی پیا نەناوە ، دەنگدانەوەی گەورەو فراوانی دەبێت ، بۆ یارمەتی کۆتایی هاتنی گۆشەگیری ئابوری سەپێنراو بەسەر ئەرمێنیاداو ، لەگەڵ پتەو بونی هەلی تێکەڵی هاوتایی تورکیا بە ئەوروپای یەکگرتو .

(فەتحیە) بڕوای وایە یەکێك لە دورئەنداز ترین مەودای دەنگدانەوەکانی یارمەتی سەرکەوتن دەدات بەسەر تۆمەت گۆڕینەوە بە یەکتری . ئەو ئاماژە دەکات ئەرمەنەکان بە ئەنقەست بەرهەڵستی باری ئازاربەخشی لە یادبردنەوەی کۆلێکتیفی وکۆمەڵگەیی تورکی دەکەن ، ئەوان (تورکەکان) دانی پیا دەنێن ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خوێناوی بووە ، ئەرمەنیە لەناو چووەکان قوربانی ئەو گێژاوی ئاژاوە یە بون.

لەو بارەیەوە ، فەتحیە دەڵێت : ((زوربەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی تورکی هیچ بیرۆکەیەکیان دەربارەی ڕوداوەکانی ساڵی 1915 نیە ، لە کتێبە مێژووییەکانیاندا ئەرمەنەکان وێنا کراون بە دڕندە و خوێنخۆرو ناحەز . تورکیا لە سەریەتی بەرە نگاری ڕابوردوی ببێتەوە ، بەڵام پێش ئەوەی ئەم بەرەنگاریە هەموار ببێت ، پێویستە خەڵکەکە هوشیار بن بەرەنگاری کێ دەبنەوە . لەبەرئەوە ، پێویستە سنورە ڕیگرەکانی نیوانمان بڕوخێنین ، بۆ دەسپێکی دیالۆگ )) .

فەتحیە دەیگوت ، نەنکی بە دوای دایکی دا پەروەردەی کردووە ، سنورە هەڵبەستراوەکانی ناودڵە موسوڵمانە تورکیە کەی بۆهەتا هەتایە لاچوە کاتێك نەنکی ڕابوردووە ئەرمەنیەکەی بۆ دە رخستووە.

نومای بۆ ئەوەکردووە (هەرانۆس) لە ساڵی 1915دا منداڵێکی تاقە بووە کاتێك سەربازە تورکەکان گەیشتونەتە گوندە تورکیەکەیان (مادن) زوربەی ئەرمەنی نشین بووە ، بەجۆرێك پیاوەکانیان خڕ کردۆتەوە ژن و منداڵیان لێ جیا کردونەتەوە و حەشاریان داون لە چواردیواری کە نیسەیەکی شورە بڵنددا ، (هەرانۆس) باسی بۆکردوە کاتێك ژنەکان بە سەرشانی یەکدا هەڵزناون و سەیریان کردووە وا پیاوەکانیان سەردەبڕن و لاشەکانیان فڕێ ئەدەنە ئاوی دیجلەوە ، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ ئاوەکەی بەڕەنگی سور لەوتاوە.

دوای ئەوە لە ماوەی کۆڕەوە زۆرەملێکاندا، (هەرانۆس ) گوتویەتی نەنکی خۆی دیوە بە ئەنقەست دوو منداڵ لە وەچەکانی خۆی لە ئاوەکەدا نقوم کردووە پێش ئەوەی خۆی فڕی بداتە ئاوەکە وە و دیار نەمێنێت . ( ئیسگوای) ، دایکی هەرانوس لە و کۆڕەوەی بە گەیشتنە حەڵەبی سوریا کۆتایی هاتووە ، بەرگەی ژیان ومانەوەی گرتووە ، ڕۆیشتووە تا گەیشتووە بە (هۆیانیس)ی مێردی ، کە لە ساڵی 1913وە لە گوندەکەیانەوە بەرەو( نیۆرك) ڕۆیشت بوون ، لە وێ دوکانی سەوزە فرۆشی لێ دانابوو ، لەوێ ژن و مێردەکە خێزانێکی نوێیان پێکەوەناوە .

فەتحیە دە یگوت : (( نەنکم بە لەرزەوە چیرۆکی خۆی دەگێڕایەوە. هەمیشە وبەردەوام دوبارەی دەکردەوە : ئەو ڕۆژانە بڕواو نەگەڕێتەوە )). لەو دەمانەدا (فەتحیە) لە تەوژمە چەپڕەویە کاندا خوێندکارێکی یاخی

و بزێو بوو . دەیهێنێتەوە بیری چۆن ئەو کاتە بەرەنگار بونەوەی پێناسەی ئەرمەنێتی ، هەر وەکو ئێستا یاساغ بوو . دەیگوت : (( ئەو کەسانەی لە گفتو گۆکانیان دا بەدەنگی بڵند باسی زۆرداری و چۆنیەتی چاك کردنی جیهانیان دەکرد ، نەیان دەوێرا و بەچرپە دەدوان کاتێك باس دەگۆڕا بۆ کێشەی ئەرمەنیەکان . ئەودۆخەیان زۆر بەتوندی بریندداری ئەکردم )) .

فەتحیە دەیگوت ، لەهەشتاکاندا بەهۆی بەرهەڵستکاری بەرامبەر بە سیستمی سەربازی تورکی سێ ساڵ توشی زیندانی بووە ، شوناسی ئەرمەنی بوونە نوێ یە کەی ئیلهام بەخشی بووە بۆ بوونی بەپارێزەر لە بواری مافەکانی مرۆڤ دا. لە ساڵی2006دا ، کاتێك دادگایی ( هەرانت دنیك) ی ، سەرنوسەری ڕۆژنامەی ((ئاگوس)) تورکی ــ ئەرمەنی کراوە ، بە تۆمەتی سوکایەتی بەتورك کردن بە ئاماژە کردنی بۆ ڕەشەکوژی ، ( فەتحیە) هەڵساوە بە داکۆکی کردن لەو . لە 19 کانونی دووە م (جەنیوەری) 2007دا( هەرانت دینیك ) لە دەری نوسینگەکەیدا بە دەستی هەرزە یەکی نەتەوەپەرستی توند ڕەو ترۆر کرا.

ساڵی 2000( فەتحیە) یاداوەریەکی دەربارەی نەنکی بڵاوکردەوە . ئەو ئاما ژە دەکات بە ئەنقەست ووشەی (( ڕەشەکوژی)) لە کتێبەکەیدا چز کردووە چونکە بەکارهێنانی دەبێتە بەربەست لە ڕێگای پێهکاتن دا . لە درێژەی دا دەڵێت : (( ویستومە لەسەر ڕەهەندە مرۆڤایەتیەکەی چڕی بکەمەوە . ئارەزووم کردووە پرسیارگەلێك بهوروژێنم بەدەوری بێدەنگی کەسانێکی وەکو نەنکم دا چۆن چیرۆکی خۆیان بۆ ساڵەهایەك بە پەنهانی هێشتۆتەوە ، بە سوێ کردنی ئازارەکانیەوە ماونەتەوە)) .

ساڵی 2000 کاتێك ( هەرانۆس) لە تەمەنی 95ساڵیدا مرد ، فەتحیە سور بوو لە سەر بەجێگەیاندنی دوا ئومێدی ، ئەویش بڵاوکردنەوەی پرسەنامەکەی بوو لە ڕۆژنامەی ((ئاگوس))دا، بە هیوای ڕاکێشانی سەرنجی کەس وکارە ئەرمەنیەکەی کەلە دێر زەمانەوە گومی کردون ، ( مارگرێت ) ، یەکێکە لە خوشکەکانی نەنکی ، کە هەرگیز نەیبینیوە.

کاتی بەیەك شاد بونی خێزانە ئەرمەنیەکە لە نیۆڕك ، پاش چەند مانگێکی دوایی تر ، مارگرێت بە فەتحیەی گوت کاتێك باوکم لە ساڵی 1965دا مرد ، لە جزدانە باخەڵیەکەی دا پارچەیەك کاغەز دیەوە بە شێوەیەکی جوان قەدکرابوو بۆ ساڵەهایەك پاراست بوی . بریتی بوو لە نوسراوێك ،( هەرانۆس) پاش کۆچی ئەو بۆ ئەمریکا بۆی نوسی بوو . لە نوسراوەکەدا گوت بوی : (( ئێمە هەمومان لەنوێژو پاڕانەوەداین بۆ ئاسودەیت )).

---

(٭) لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ەوە
=http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issueno=11363&article=551787&feature

# کوردو ئەنفالو بێباکی لە 6ی کانون




لەبەراییدا دەمەوێت لە دڵەوە سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوانی سلێمانیو هەموو لقەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەو یەك بەیەکی کارمەندانیان بکەم، بەشبەحاڵی خۆم ئەو هەڵوێستەیان بەهەنگاوێکی گرنگ دەنرخێنم، چونکە ڕێزلێنانێکی جوانی شەهیدانو قوربانیانی دەستی سوپای عێراق بوو، داهێنانێكو هەڵوێستێکی تەندروستو ئەخلاقی بوو، کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بەرەتکردنەوەی پشووی رەسمی لە6ی کانوونی ساڵی 2010دا نواندیان، لەهەمان کاتدا جێگەی خۆیەتی گلەییەکیش لەکەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوان بکەم کە لەو ڕۆژەدا تاقەیەك " مراجع" هەر هیچ نەبێت بۆ ڕێزگرتن لەو هەنگاوە بەدەم مامەڵەی شەهیدەکانیانەوە نەچوون.

دەبوایە هەر زوو لەدوای ڕاپەرینی خەڵکی کوردستانو دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، خەڵکی کوردستان بەگشتیو کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکانی بەعسو سوپاکەی ئەگەر هەر بۆ بەرپەرچدانەوەش بوایە لەرۆژی 6ی کانونی هەموو ساڵێکدا بەفایلومامەڵەکانیانەوە بچونایەتیە بەردەرگای دائیرەو دامەزراوەکانو حکومەتی هەرێمیان ناچار بە دەوامو ڕۆژێکی ئاسایی بکردایە، کەچی بەداخەوە نەك هەر ئەمەمان نەبینی بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی سوپاش داواو کاری ئێمەی کورد نەبوو، بەڵکو یەکێك لەکارە باشەکانی " پۆڵبریمەر" ی حاکمی ئەوسای عێراق بوو، یەکێك لەو کارە باشانەی ئەمریکابوو کە لە دوای ڕوخانی رژێمی بەعس، ئەو سوپایەی هەڵوەشاندەوە، ئەوسوپایەی هیچ ئینتمایەکی بۆ نیشتمان نەمابوو، بەڵکو ترسناکترینو زەبەلاحترین ئامرازی سەرکوتکردن بوو بەدەست

بەعسییەکانەوە ڕاستەوخۆ لەخزمەتی تایەفەی عوجەدا بوو.

سوپای عێراق کە بەشداری کاریگەرو ڕاستەوخۆی هەبوو لەجینۆسایدکردنی گەلی کورددا، بەجۆرێك هەتا ئەمرۆ بەهۆی ئۆپەراسیونە زەمینیو ئاسمانیەکانیەوە سەدان هەزار هاوڵاتی کوردی گوندنشین کوژراونو ئەنفالکراونو چارەنوسیان نادیارە. ئەوانەش کەسۆراغێکیان چنگ کەوتەوە تەنها ئێسكوپروسکەکانیان بووە کە کۆمەڵکوژکراون لەگۆرە بەکۆمەڵەکانی بیابانی ( سەماوەو نەجەفو موصل) دا. بێگومان ئەوسوپایەو ئەفسەرە پایەبڵندو سەربازە دڵرەقەکانی بەویەری دڵسۆزیو ملکەچیەوە، ڕۆڵیان گێرا لەسەرخستنی پرۆسەی پەلامارەکانی ئەنفالدا، فرۆکەوانەکانی سوپای عێراق بەدڵرەقیەکی زۆرەوە کوردستانیان کیمیاباران دەکردو کۆمەڵکوژی خەڵکی سڤیلیان بەچالاکی دەزانی، کە لەسۆنگەی ئەو چالاکیانەوە هەتا ئەمرۆش جگە لەبوونی چەند گۆرێکی بەکۆمەڵ لەشارو گوندەکانی کوردستان، بریندارانی چەکی کیمیاویش لەناوچە کیمیابارانکراوەکاندا، بەدەست ئازاری برینەکانەوە رۆژگار دەگوزەرێنن.

ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد هەتا روخانی رژێمی بەعسو هەڵوەشانەوەی ئەو سوپایە، پاساوێکی ناڵۆژیکی بەدەستەوە بووە بۆ چەواشەکردنی رای گشتی لە یادکردنەوەو پیرۆزکردنی ڕۆژی دامەزراندنی سوپادا، ئەوا دەبوایە لەپاش هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق قەرەبووی ئەو هەڵوێستەی رابوردووی بەوەو بکردایەتەوە کە ڕۆژی هەلوەشانەوەکەی بکردایەتە بۆنەیەکی نیشتمانی لەهەرێمی کوردستان.. وەلی ئەفسووس هەتا ئەمرۆ لەهەرێمی کوردستانیش یادی سوپا بەرز ڕادەگیرێو وەکو بۆنەیەکی نیشتمانی بەرێزەوە پێشوازی لێدەکرێ، لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانو ئەفسەرە پلە باڵاکانی سوپای عێراق تا لەدەسەڵاتدابوون هیچ رێزێکی خەڵکی عێراق بەگشتیو خەڵکی کوردستانیان بەتایبەتی نەگرتووە، بەپێچەوانەوە ئەوانبوون لەکوردستان تاوانی دژی مرۆڤایەتیو تاوانی کۆمەڵکوژیو تاوانی جەنگیان پیادەکردو ژینگەی کوردستانیان بە بۆمبە کیمیاویەکانیان پیس دەکرد، ئەوان بوون نیشتمانیان بۆ



ئەو سوپاسالارە توندرەوەی کە سەرکردایەتی کورد داکۆکییان لێکرد

نیشتمانپەروەرانوئازادیخوازان کردە گۆرستانو هاوڵاتیانی عێراقی خاوەن زێری ڕەشیان کردە دەرۆزەکەرو وڵاتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان. ئیدی رێز لەکام سەرکردەو کام دەستکەوتی ئەو سوپایەوئەفسەرەکانی بگرین..!

# عاقیبەتی ستەمکاری

## عەلی کیمیاویش بەتەنیشت صدامی دکتاتۆری ئامۆزایەوە لەتکریت نێژرا.

پاش پێن حوکی سزای لەسێدارەکان بۆ عەلی جەسەن مەجیدی توندرەو دەمارگیر دواجار حکومەتی عێراق بریارەکەی دادگای بالأی تاوانەکانی جێبەجێکرد و ناوبراوی لەسێدارەدا. دواتر تەرمەکەی رادەستی کەسوکاری کرایەوەو برایەوە بۆ زیدی خۆی لە عۆجەی تکریت.و لەهەمان ئەو گۆرستانەی صدامو کورەکانی تێدا نێژرابوون ئەویش لەرۆژێکی چوارشەمەدا عەلی کیمیایی لەتەنیشت گۆڕی ئامۆزاکەی سەدام حسێن



نێژرا. عەلی حەسەن مەجید، تا لەژیاندایوو بەریکەوتیش نابیستی کارێکی چاکەی لێوەشابێتەوە، هەمیشە عەریفو دواجار پلەدارێکی دەم پیسو بەدکاربووە، تا ئەو رادەیەی سلی لەرەشە کوژیو کۆمەلکوژیش نەدەکردەوە، پاش کۆمەلێك تاوانی گەورەو روخانی رژێمی بەعس دەستگیرکراو لەدرێژەی دادگایی کردنەکانیدا لە زیندانەکانی عێراقدا لەژێر چاودێریەکی توندی ئەمریکاییەکاندا مایەوە،سەرئەنجام دادگا بریاری لەسێدارەدانی



بۆدەرکردو پاش جێبەجێکردنی بریارەکەش لە شارۆچکەی عۆجەی تکریت بەتەنیشت شەش گۆڕی ترەوە نێژرا،لەوانەش گۆڕی هەریەك لە عودەی کورە گەوەری صدامی دکتاتۆرو قوسەی کوڕی و گۆڕە بەمەرمەڕ رازێنراوەکەی سەدام حسینیشی تێدایە. کیمیاوی، ئەمرۆ سێ ڕۆژی پرسەکەشی ڕاگەیەنرا و دەیان کەسیش لەسەر گۆڕەکەی کۆبوونەوتەوە و ئالأیەکی عێراقی سەردەمی سەدامی بەسەردا دراوە. شایەنی باسە، عەلی کیمیاوی چوار جار حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو و دواهەمینیان لەسەر کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی کوردنشینە کە 5 هەزار کوردی شاری هەلەبجەی تێدا شەهید بوو.

# لە تەعریبەوە تا ئەنفال



خەبات عەبدولا

بەدرێژایی مێژوو، پێش دامەزراندن و پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، هیچ رژێمێك هێندەی بەعس حسابی بۆ (مەترسی کورد) لەسەر پاشەڕۆژی عێراق و دەسەڵاتەکەی نەکردووە.

لە سۆنگەی ئاسایشی ناوخۆیی عێراقی بەعسەوە، کورد یەکەمین و گەورەترین مەترسیە لەسەر ئاستی ناوەوە. بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو مەترسییە، بەعس پلانی جەنگێکی بێبڕانەوەی بۆ تەفروتوناکردنی هێزی مرۆیی کورد پیادە کردووە. بەعس بەشێوەیەکی سیستماتیکی و قۆناغ بە قۆناغ کەوتە دەستنیشانکردن و سنور بۆ کێشانی ژمارەی کورد، ئەویش بەسێ رێگەی جیاواز، یەکەمیان تەعریبکردن، دووەمیان راگواستن و، سێیەمیشیان قڕکردن بوو.

لەئیدەی بەعسەوە، کورد کەمینەیەکی نەتەوەیی و کوردستان بەشێکی خاکی عێراقە، کورد میوانی خاکی عەرەبە و بەوپێیەش جگە لە کۆمەڵێك مافی کلتوری و پێکەوەژیانی هەمیشەیی لەگەڵ عەرەبدا، هیچ مافێکی تریان نییە.

بەعس لەرێی دەستکاریکردنی سەرژمێرییەکان و دەستێوەردانی راستەوخۆ بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کورد، چەندین خێڵ و ئاین و ئاینزا و تەریقەتی لە کورد دابڕی و لەساڵی 1977دا بڕیارێکیان دەرکرد کە بە گوێرەی ئەو بڕیارە چەندین عەشیرەت و پەیڕەوکەرانی ئاینی جیاجیای کوردستان بەعەرەب لەقەڵەم دران و لەناونووسی گشتی 1977/10/17دا عەرەب نوسیان کردن، لەوانەش (یەزیدییەکان، کیکان، گەرگەری، شەبەك، گێژ، بالانی، ساڵەیی، شێخ بزێنی، دیانەکانی کوردستانو شێخو سەیدەکانی کوردستان).

روپێوی خاکی کوردستانی باشور بە زۆرتر لە (85000 کچگ) دادەنرێت، لەو رووبەرەدا مەڵبەندی پێنج پارێزگا: سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، موسڵ و دهۆك و سی و حەوت قەزا و سەد وسی ناحیەی تێدەکەوێت.

ئەو رووبەرە بەشی هەرە گەورەی چڕی دانیشتوان و سەرچاوە بێشومارەکانی نەوت و ئاو و کانزاکانی هەموو عێراقی ئێستای تێدەکەوێت. بەپێی ئەو سنورەی کە لە ساڵی 1974دا بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانرا و بەعس بە کوردستانی لەقەڵەمدا، تەنیا (36.347 کچگ)ی لەو روپێوە هێشتەوە کە مەڵبەندەکانی هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك و بیستویەك قەزاو، حەفتا ناحیەی لەخۆگرتووە. بەمەش زۆرترلە(48.653 کچگ)ی لەخاکی کوردستانی باشور دابڕی وهەمووناوچە ستراتیجییەکانی کەرکوكو موسڵوخانەقینو

دەوروبەریانی لەسنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەرهێنا و بەخاکی عەرەبی لەقەڵەم دان و بەکاوەخۆکەوتە تەعریب کردنیان. سیاسەتی تەعریب، راگواستن و نیشتەجێکردنی زۆرە ملێیانەی بەدوای خۆیدا هێنا. هەر لەسۆنگەی ئاسایشی ناوخۆیی عێراقەوە، راگواستنی کورد چەند هۆکارێکی بۆ کراوەتە بنەما، کە بە پێی ئەو هۆکارانە چەندین ناوچەی جیاجیای سەر بە کوردستانی باشور لە خەڵکەکەی چۆڵکران و بە هێزی سوپاو دانیشتوانی عەرەب پڕکرانەوە.

هۆکارەکانی راگواستن جیاوازن، گرنگترینیان ئەمانەن:

1- راگواستن بە هۆی تەوەرە ستراتیجییەکانەوە: کە قەزاکانی بەدرە و مەندەلی و خانەقین و شێخان و تلکێف و تەلەعفەر و شنگار و بەشێك لە قەزاکانی توز و زاخۆی گرتۆتەوە.

2- راگواستن بەهۆی ناوچە نەوتاوییەکانەوە: قەزای کەرکوك و هەریەکە لە قەزاکانی دوبز و کۆیەی گرتۆتەوە.

3- راگواستن بەهۆی ناوچە سنورییەکانەوە: قەزاکانی هەڵەبجە و پێنجوێن و شارباژێڕ و دوکان و پشدەر و چۆمان و رەواندز و زێبار و ئامێدی و زاخۆی گرتۆتەوە.

4- راگواستن بەهۆی جەنگی کوردستانەوە: هەموو گوند و ئاواییەکانی کوردستانی گرتۆتەوە کە هێزی سوپا ناتوانێت راستەوخۆ بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

ئەنجامی ئەم سیاسەتە، لەنێوان ساڵانی 1968-1982دا پتر لە (200000) کوردی فەیلی لە شارەکانی بەغدا و قەزاکانی بەدرە و مەندەلی و خانەقین دەرکران و رەوانەی ئێران کران. بەشی زۆری ناوچە راگوێزراوەکانی سنور و ناوچە نەوتاوییەکانیش بەرەو قولایی شار و شارۆچکەکانی سەر بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کۆچیان پێکرا و لە ئۆردوگای زۆرەملێدا نیشتەجێکران. بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا لە پارێزگای سلێمانیدا، عێراق (29) ئۆردوگا و، لە پارێزگای هەولێردا (16) ئۆردوگا و، لە پارێزگای دهۆکدا (14) ئۆردوگای زۆرەملێی دروستکردبوو. لە ساڵی 1985 بەدواوە و لەگەرمەی جەنگی عێراق- ئێرانو، عێراق- کوردستاندا، سیاسەتی سوتماککردنی کوردستان ئاقارێکی مەترسیداری گرتەبەر، ئەو سیاسەتە لە ماوەی تەنیا چوار ساڵدا تا کۆتایی هاوینی 1988 کە پرۆسێسەکانی ئەنفال گەیشتنە ترۆپك، لە کۆی (4654) گوندی سەر بە هەر سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك، (4006)گوندی لەگەڵ خاکدا تەختکران و سوتێنران. لە کۆی (2035) گوندی تەنیا سەر بە پارێزگای سلێمانیدا، سەرجەم (1992) گوندی خاپورکران. لەپارێزگای هەولێریشدا لەکۆی (1496) گوند، سەرجەم (1205) گوندی خاپورکران. دواجار لە پارێزگای دهۆکدا لە کۆی (1123) گوند، سەرجەم (809) گوندی خاپورکران. ئەمە سەرەڕای کاولکردنی سەدان گوند و دەیان قەزا و ناحیەی سەر بە ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

پێش پرۆسێسەکانی ئەنفال، بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانەی رادەگوێزران دەبرانە ئۆردوگاوە. بەڵام ئەنفال لەدەرەوەی راگواستندا ئامانجە شاراوەکەی بەعسی لەپشتەوە بوو، ئامانجی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد ئەگەر بە قڕکردن و قەڵاچۆکردنیش بێت.

جینۆساید کەرەشەکوژی و قڕکردن دەگرێتەوە، یەکێکە لەو تاوانانەی کەبەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان نەك هەردژ بەوکەسانەیە کە کارەکە دەیانگرێتەوە، بەڵکو تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی.

بەپێی ئەو کۆنڤێنشنەی کەنەتەوە یەکگرتووەکان بە تێکڕای دەنگ قبوڵی کرد و لە (1951/1/12)ەوە کاری پێدەکرێت، پێناسەی قڕکردن بە یەکێك لەم هەڵسوکەوتانەی کەبە ئەنقەست بۆ لەناو بردنی سەرجەم یان بەشێك لەگروپێکی نەتەوەیی یان نەژادیی یان ئایینی ئەنجام دەدرێت، پێناسەکراوە:

أ- کوشتنی ئەندامەکانی گروپێك "نەتەوەیەك".

ب- زیانگەیاندن بەتەواوی ئەندامانی گروپەکە، چ لە ڕووی فیزیکییەوە، چ لەڕووی عەقڵییەوە.

پ- دانانی گروپەکە لە ژێر باودۆخێکی ئەوتۆ کە ببێتە هۆی لەناوچوونی هەموو یان بەشێکی ئەندامەکانی.

ت- ڕێگاگرتن بە هەر شێوەیەك لە زاووزێ و گەشەکردن لە ناو گروپەکەدا. ج- بە زۆر منالٚ گواستنەوە لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر.

بەپێی ئەم کۆنڤێنشنە بێت، عێراق پێش پرۆسێسی ئەنفالەکانیش لە ساڵی 1988دا، جینۆسایدی دژی کورد ئەنجامداوە.

لە شاڵاوی فڕاندنی زۆرتر لە (8000) کەسی سەر بە بارزانییەکان لە تەمموزی 1983دا، سەدام حسێن تەنیا دوو مانگ دوای ئەو کارە مەبەستی ڕژێمەکەی لەو کارە نەشاردەوەو بە ئاشکرا لە دەزگاکانی میدیاوە وتی:

ئێمە سزای هەموو ئەو کەسانە دەدەین کە هاریکاری لەگەڵ کوڕەکانی بارزانیدا دەکەن، ئەوانە بە توندی سزای خۆیان وەرگرت و فڕێدرانە جەهەنەمەوە. هەروەها لە سەرەتای ساڵی خوێندنی 1985-1986دا، عێراق (1500) منالی کوردی تەمەن (8-14) ساڵانی وەك بارمتە لە قوتابخانەکاندا فڕاند بە بیانوی تۆڵەکردنەوە لە دایکو باوك و خزمو کەسوکارەکانیان.

پێش شاڵاوەکانی ئەنفال و لە دەرەوەی ئەو پرۆسێسەدا، لە چەندین شوێنی جیاجیای کوردستان، چەکی کیمیایی دژی دانیشتوانە سیڤیلەکەی کوردستان بەکارهێنرا. لە بۆردومانی شاری هەڵەبجە لە 1988/3/16دا، دەوروبەری (10000)کەس کوژران‌و برینداربوون پاش کوشتارەکە هەزاران ساوای بێ دایكوباوك و بەشێکی دانیشتوانەکەی ئەو شارە، لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە دەستگیرکران و راپێچی شوێنی نادیار کران.

لە مێژووی نوێی کوردا، هیچ پرۆسێسێکی عەسکەریی هێندەی پرۆسێسەکانی ئەنفال ڕوو لە لەناوبردنی کورد نەبووە. لە دەرەوەی ڕاگواستن و تەعریبدا، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد، ئەنفال ڕوو لە قڕکردن و قەڵاچۆکردنی کورد بوو.

ئەنفال کاردانەوە نەبوو.. پێش دەسپێکی ئەو پرۆسێسە دەوڵەتی عێراق پێشتر پلانی کارەکەی داڕشتبوو ناوچەکانی قڕکردنی دیاریکردبوو، بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە 1987/6/30دا، عێراق هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی کشتوکاڵیی شارو دێهاتەکانی کوردستانی هەڵوەشاندەوەو هەموو کەرەسە کشتوکاڵییەکانیشی قەدەغە کرد.

سەرجەم قوتابخانە و نەخۆشخانە و کارە خزمەتگوزارییەکانی کێشایەوەو زۆنێکی ئاسایشی دروستکرد. بەپێی چەند بڕیارێکی نهێنی تر کە (مەکتەبی تەنزیمی شیمال) دەریکرد، داواکرا وەکو ناوچەیەکی عەسکەری مامەڵە لەگەڵ ناوچەکانی ناو زۆنە قەدەغەکراوەکەدا بکرێت و هەر کەسێکی تەمەن 15 ساڵ بەبانەوە دەستگیرکرا، پاش وەرگرتنی زانیاری لێی، بکوژرێت.

کە هێرشەکانی ئەنفال دەستیان پێکرد، ئیتر زۆنە قەدەغەکراوەکە، کە ڕووپێوەکەی دەیان هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی خاك بوو، هەزاران گوند و ئاوایی و، سەدان هەزار کەسی سیڤیلی تێدا دەژیا، سەرلەبەر بووە یەك نیشانی عەسکەریی سوپای عێراق.

یەکێك لە ڕزگاربووانی ئەو پرۆسێسە کە خەڵکی گوندی (ڕەبات)ی سەربە ناوچەی گەرمیانە و لە 1988/4/4 لە لایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە دەگیرێت، دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "دوژمن زۆر بێ بەزەییانەو بێ گوێدانە گریانو هاواری ژنو منداڵ، هەموومانی ڕەوانەی (قۆرەتوو)ی نزیك خانەقین کرد. شەپۆلێکی زۆری تریشیان لەو دەوروبەرە هێنابووە ئەوێ، ئەو شەپۆلەی ئێمەی تێدابووین دەگەیشتە پەنجا هەزار کەس.

دوو شەو بێ نانو ئاو ماینەوە. ئینجا لە 1988/4/6دا ئێمەیان گواستەوە بۆ (تۆپزاوا)ی کەرکوك، لەوێ بەمجۆرە لە یەکتری جیاکراینەوە: یەکەم: تەمەنی دوازدە ساڵ تا چلوپێنج ساڵ.

دووەم: تەمەنی پەنجا ساڵ و سەرووتر.

سێیەم: کچ.

چوارەم: ژنو منداڵ.

(.....)، یەکەم هەنگاو بێسەروشوێنکردنی مێردمنداڵ و گەنجەکان بوو. واتە ئەو بەشەی لە دوازدە تاچلوپێنج ساڵ دەبوو. بە چاوی خۆم بینیم دوو دوو بە دەستوچاو بەستراوی سواری پاسی ئۆتۆمبیلی سەرگیراوکران. پاسەکان پەنجەرەکانیان بۆیە کرابوون و ناوەوەیان دیارنەبوون. لەدوای ئەوان نۆرەی ئێمەهات (.....).

دوای کیمیابارانکردنی گوندی شێخ وەسانان لە 1987/4/15دا، کە بووە هۆی کوشتنی (210) کەس و برینداربوونی (360) کەسی تر، لە سەرەتاوە بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی هەولێر ڕەوانەکران و پاشان بۆ گرتووخانەی دائیرەی ئەمن و لەوێش هەموویان گوللەباران کران.

گروپێکی تر کە ژمارەیان (400) کەس دەبوو، دوای بۆردومانێکی کیمیایی لە ناوچەی سلێمانی، بەرەو نەخۆشخانەی شارەکە کەوتنەڕێ، بەڵام دەزگا ئەمنییەکانی عێراق دەستگیری کردن و لەرۆژی 1988/4/2 لەسەر بازگەی تانجەرۆ هەموویانی گوللەباران کرد و بەکۆمەڵ لە گۆڕنران. هەرلەدوادوای شاڵاوەکانی ئەنفالو لەکۆتایی مانگی ئابی 1988دا، هەزاران کوردی سیڤیل لەناوچەی ئامێدی لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە دەستگیر کرانودواییترهەموویان گوللەباران کران.

ئەم پرۆسێسە کە لە مانگی شوباتەوە تا سەرەتاکانی ئەیلولی 1988 درێژەی هەبوو، دەکرێت دوای (هۆلۆکۆست) بەگەورەترین تاوانی جینۆساید دابنرێت، کە تێیدا دەوربەری (182000) کەس شوێن بزرکران.

## ئەنفالستان بخوێنەرەوەو کۆمەکی بکە

# هۆڵەندا و چەکە کیمیاویەکانی عێراق

ئامادەکردنی:
کەمپەینی دژی بازرگانی چەک
مارک ئاکەرمان

وەرگێڕانی لە هۆڵەندیەوە:
ئەمیر قادر

## ناوەرۆك

- سەرەتا
- گەشەپێدان و بەکار هێنانی چەکەکیمیاویەکان لە لایەن عێراقەوە.
- هۆلەنداو چەکە کیمیاویەکانی عێراق.
- هۆڵەندا پەیماننامەی بازرگانی ئەبەستێت.
- هەناردەکردنی مادە بنەڕەتیەکان و کەل و پەلەکان بۆ عێراق.
- هاوپێچی ١- پەیمان نامەی چەکە کیمیاویەکان.
- دواین خاڵەکان.

**ئەم راپۆرتە کە دەربارەی تیۆەگلان و ڕۆلی هۆڵەندایە لە پەیوەند بە پرۆگرامی چەکە کیمیاویەکانی عێراق درێژەو هەمەلایەن کردنی ئەو لێکۆڵینەوەیەمانە کە لەساڵانی هەشتادا ئەنجاماندا بۆ (ڕادیۆی یەک) کەبۆ پرۆگرامی ڕادیۆی (ئارگۆس) بوو کە پەیوەست بوو بە سیاسەتی ناردنە دەرەوەی مادەکیمیاویەکان بوو بۆ عێراق لە ساڵانی هەشتادا،بێجگە لەوەش هەمەلایەن کردنی پرۆژەیەکە بەناوی (خستنە بەر ڕووناکی بازرگانی چەک لەهۆڵەند)دا.**



نوسینی: مارک ئاکەرمان
هاوکاران: فرانک سلایپەر،مارتن بروک،تانیا ئایزەر
سوپاس بۆ: ئۆکسفام نۆڤیب،ڤەی پەی ئێر ئۆی ئاگرۆس
مانگی ئەی **٢٠٠٧**

کەمپەینی دژی بازرگانی چەک- ئەمستردام- هۆڵەندا

## هاوكاران:

- مـارك ئاكـەرمان لێكۆڵـەرەوە كارمەنـدی ڕێكخـراوی( كەمپـەینی دژی بازرگـانی چـەك) لە ئەمستردام
- فرانـــك ســـلایپەر. ( لێكۆڵیـــارو كارمەنـــدی ڕێكخـــراوی( كەمپـــەینی دژی بازرگـــانی چەك) لەخرۆنینگن – هۆلندی.
- مـارتن بـروك: لێكۆڵـەرەوە كارمەنـدی ڕێكخـراوی( كەمپـەینی دژی بازرگـانی چـەك) لـە ئەمسـتردام بـوو ئێسـتا كارمەنـدو موستەشـاری پـارتی سۆسیالیسـتە لـە پەرلـەمانی هۆلەندا.
- تانیـا ئـایزەر : لێكۆڵـەرەوە كارمەنـدی ڕێكخـراوی( كەمپـەینی دژی بازرگـانی چـەك) بووە
- ئۆكسـفام نۆڤیـب: ڕێكخراوێكـی مرۆڤدۆسـتانەی هۆڵەندیـە كـە هاوكـاری خـەڵكی لێقەوماوئەكات لە وڵاتانی دونیای سێ.
- ڤـەی پـەی ئێـڕ ئـۆی ئـارگۆس گروپێكـی ژۆرنالیسـتی میـدیایی بیـنین و بیستنە،كە بـە لێكۆڵینـــەوەی وردو بەدواداچـــوونی جـــدی ناســـراون لەســـەر كارەكـــان و دۆســـیەی حكومەت و وەزارەتەكان و كۆمپانیا گەورەكان .

### سەرەتا

وەزارەتی بازرگانی و هەروەها وەزارەتی دەرەوە لـە سـاڵی ٢٠٠٦دا و بـەداواكاری و داخـوازی (كەمپـەینی دژی بازرگـانی چـەك) و (ڕادیـۆ ڤەی پەی ئێڕ ئۆو پرۆگرامی ئارگۆس) ڕێگایـان كردەوە كە چاو بخشـێنین بـەو دۆكومێنتانـەدا كـە دەربـارەی بازرگـانی مـادە كیمیاویـەكان و پەیوەندیـە بازرگانیـەكانن لەگـەڵ عیراقـدا لەساڵانی هەشـتادا،ئەم دۆكومێنتانـە وێنایـەكی تۆقێنـەرمان دەداتـێ دەربـارەی فراوانكـردن و پـەرە پێـدانی مۆڵەتپێدانـەكانی بازرگانیامـان دەداتـێ لـەكاتی هـەناردەكردنی ئـەو كەرەسـە كیمیاویانـەی كـەبۆ بەرهـەم هێنـانی چـەكی كیمیاوی بەكارهاتوون.

هـەردوو وەزارەتـی نـاوبراو زۆربەتوونـدی نـاكۆكبوون دەربـارەی ئـەم مۆڵەتپێدانـە بازرگانیانە،ئەمـە لـە پێداچـوونەوەو بـە خستنەوە بەرچاوی ئەوكاتـداو دیراسـەكردنیی ئەودۆكومێنتانەی كە تا بەر لەماوەیەكی كورت نـەهێنێ بـوون بەدیدەكەین.بـەكورتی ناكۆكبوونی ئەم دوو وەزارەتەمان بەم جۆرە بۆ دەردەكـەوێت: وەزارەتـی بازرگـانی نایـەوێت هۆڵەندا یەك لایەنە هەنگاوبنێت و لیستی ئـەو مادانـەی كـە مۆڵەتپێـدانیان دەوێـت دەیـەوێت هەرچـەند ئـەكریت و لـەتوانادا هەیـە كەمبكرێنەوە، وەزارەتـی دەرەوە بەپێچەوانەی وەزارەتـی بازرگانیـەوە خوازیـاری ئەوەیـە كـە

بەزوویی وخۆبەخۆ لیستی ئەومادانەی بازرگانیان پێوەدەکرێت وپێویستیان بە مۆڵەتە فراوانبکرێت. هەردوو وەزارەت بەدرێژایی چەندین مانگ لەگەڵ یەکدا لەکێشەدان و خەریکی قژڕنینەوەی یەکترینو لەوێشدا یاداشت و بیرخەرەوەو ئاگادارکردنەوە بۆ یەك ئەنووسن دەربارەی بەهێزکردنی کۆنترۆڵ کردنی ئەم مادانەوەو لەبەرانبەریشدا لایەنی بەرانبەر بۆ نەهێشتنی ئەم کۆنترۆڵە لە کێشەدان.

لەو دۆکومێنتەی کە بەناوی (یاسای بەڕێوەبردنی کراوەدا) هاتووە وێنەیەکی بێشەرمانەو پڕلە ململانێمان دەست ئەکەوێت لەنێوان بەرهەم هێنان و پیشەسازی هۆڵەنداو کۆنترۆلکردنی یاسای بازرگانی ناونەتەوەییەوە. هەرلەساڵانی ١٩٨٠وە ئەوە ئاشکرایە کە عێراق چەکی کیمیاوی هەیەو سڵ لەبەکارهێنانی ناکاتەوە،بەدەستپێشکەری هۆڵەنداو داواکاری ئەو شورای ئاسایشی

نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٨٤دا بڕیارێك دەدات و تیایدا بەکارهێنانی چەکە کیمیاویەکان مەحکومدەکات. لەگەڵ ئەمەشداو لەولای ترەوە هۆڵەندا لەبازرگانی کردن بەم مادانەوە بەردەوامە،هۆڵەندا تەنهائەوکاتە ڕێگری دەست پێدەکات کە ئەمریکا لە مانگی ئەپریلی هەمان ساڵدا باس لە کۆنتراکت و بڕێکی زۆری ئەومادانە ئەکات کە هۆڵەنداو بۆ عێراقیان بەڕێ ئەکات.

هەر لەپاڵ ئەمەشدا وەزارەتی بازرگانی هۆڵەندا هەموو ڕیگایەك ئەگرێتە بەر بۆ ئەوەی لیستی ئەومادانەی کە بۆ عێراق بەڕێدەکرێن و کەدەبێت مۆڵەتیان ئیجباری بێت کەم بکاتەوە و لەوەشدا سەرکەوتووئەبێت.

بەم جۆرە ئەو مادانەی کە لە لیستی مادەکاندا نین و بەڵام گرنگن و گونجاون بۆ بەرهەم هێنانی چەکەکیمیاویەکان بەردەوام بە کەشتی ئەنێردرێت بۆ عیراق.لەگەڵ بوونی شەڕیشدا هەموو کارێك ئەنجام ئەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش پەیوەندیە ئابووریەکان لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێندا رابگرێت. لەژێر پەرچەمی بێلایەنبووندا چاوی خۆیان لە بەرانبەر ئەو هەموو دڕندایەتیەدا ئەنوقاند کە لایەنەکانی شەڕ ئەنجامیان ئەدا،بەرژەوەندیە ئابووریەکانی هۆلەندا دەوری گرنگ ئەبینن لە بەڕیوەبردن و داڕشتنی سیاسەتی ئەوکاتەداو وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە جێگیرکردنی سایسەتی خۆیدا کەم سەنگ و بێهێزە. وێنەیەکی سەیرو جێی نارەیەتیمان دەست ئەکەوێت کەسەیری پارسەنگەکانی هێزئەکەین لەنێوان دوو وەزارەتی یەك حکومەتدا،لەوەشەوە نموونەیەکی سینیك و دوو ڕوو و مۆراڵی حکومەتی ئەوکاتەمان بۆدەرئەکەوێت.

هۆڵەندا سالانێك دواتر ئەبێتە خاوەنی ڕێکەوتنی ناونەتەوەیی چەکی کیمیاوی،کە بڵاوکردنەوەو بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغە ئەکات،لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستا بازرگانی بەم مادەکیمیاویانەوە ئەکات و ئەم مادانەی کەبەکاردێن بۆ بەرهەم هێنانی چەکە کیمیاویەکان هەناردەی وڵاتانیك دەکات کە ئەم ڕیکەوتنەیان مۆرنەکردووە،لەگەڵ ئەوەشدا کە مەسیرو جێگەی کۆتایی و بەکار هێنانی ئەم چەکانە بەنادیاری دەمێننەوە.

کۆمپانیا هۆڵەندیەکان و بازرگانەکانی (میل خێمی- و- کابی ئێس- و- فرانس ڤان ئانرات) بەیەکەوەو سەرجەم بڕێکی بێئەوپەڕیان چەك و مادەی کیمیاوی بۆ عێراق دابین کردووە،بەپێی هەندێك تەخمین کردنەکان هۆڵەندا بڕی ٤٥٪ چەکە کیمیاویەکانی عێراقی دابین کردووە،بەهۆی ئەم مادەو چەکانەوە هەزاران کەس لە سەربازو هاوڵاتی بوونە قوربانی،ئەمە بەڕاستی لاپەڕەیەکی رەشە لە مێژووی بازرگانی کردنی هۆڵەندادا.ئەم هەناردانە بە پێی یاسای بازرگانی ئەوکات هەندێکیان یاسایی و هەندێکیان نایاسایین،بەهۆیی دواخستنی قەدەغەنەکردنی مادەکان و لەلایەکی تریشەوە کەمی لیستی ئەومادانەی کە بۆبازرگانی نابن،حکومەتی هۆڵەندا وای کردووەو بواری داوە کە کۆمپانیاکان مادەبنەڕەتیەکانی کە بۆبەرهەم هێنانی ئەم چەکە کیمیاویانە بەکاردێت

## گەشەپێدان و بەکارهێنانی چەکەکیمیاویەکان لە لایەن عێراقەوە

لەساڵی ١٩٧٤دا عێراق دەست دەکات بەبەرنامەی گەشەپێدانو بەرهەم هێنانی چەکە کیمیاویەکان، بەڵام لێکۆڵینەوەودیراسەکردن رەنگە چەند ساڵێك لەوەوبەردەستی پێکردبێت*١، لەسەرەتای ساڵانی هەشتادا عێراق بەشێوەیەکی سنووردارتوانای بەرهەم هێنانی گازی ئەعساب وگازێکی تری هەبووە کەتلۆقەی گەورەی لەسەرلەش دروست دەکرد *٢

بگەیەننە عیراق،ئەو رۆڵە فێڵبازانەیەی کە حکومەتی هۆڵەندا یاری لەسەرکردووە لەپەیوەند بە پرۆگرامی چەکە کیمیاویەکانی عێراقەوە زۆر لارو پێچەوانەیە لەو ڕۆڵ و وێنایەی کە بۆخۆی لەخۆی پیشان دەدات لە پەیوەند بە سنووردارکردنی بازرگانی بە چەکەوە کە هۆڵەندا خۆی پێوە هەڵدەکێشێت.

هەتا ئێستاش هۆڵەنداو بەرژەوەندیە بازرگانیەکانی لە پێشی پێشەوە دائەنێت و بوادران ومۆڵەتکردن و درێژکردنەوەی مۆڵەتی بازرگانی خەتەرناك و جێی پرسیارەکان بەئاسانی و بەخۆشیەوە جێبەجێ ئەکات.بۆ وڵاتێك کە میوانداری( OPCW ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاویە ،کە کۆبوونەوەدەکات بە ڕیکخراوەکان کە ئیتیفاقی گرنگ بکەن لەسەر ئەم چەکانەو قەدەغەکردنیان) دەبیت چاوەڕوانی کاری باشترو هەڵس و کەوتێکی باشتر بین.

ئەمە بە گشتی لە شاری پیشەسازی موسەنا



بەرهەم دەهات،لەوکاتەدابە یەکێك لە گەورەترین شارە پیشەسازیەکانی دونیا دەزانرا کەچەکی کیمیاویان بەرهەم دەهێنا*٣ ،زۆربەی ئامێرەکان و مادەبنەڕەتیەکان کە بۆ ئەم

بەرنامەیە بەکاردەهاتن لەلایەن کۆمپانیاکانی وڵاتانی ڕۆژئاواوە ھانارده کراون *٤.

لە سیبتەمبەری ساڵی ١٩٨٠دا شەڕی درێژخایەنی عێراق و ئێران دەستی پێکرد،ھەر ماوەیەکی کورت دوای دەستپێکردنی جەنگ پەیامی ئەوە ھەبوو کەباسیان لە بەکارھێنانی چەکی کیمیاوی دەکرد لەلایەن عێراقەوە *٥،لە شانزەی نۆڤەمبەری ١٩٨٠دا ئێران عێراقی بە بەکارھێنانی چەکی کیمیاوی تۆمەتبارکرد *٦،لە جولای ١٩٨٢ وە ئەو پەیامانەی کەباسیان لە بەکارھێنانی چەکی کیمیاوی دەکرد لەلایەن عێراقەوە شێوازێکی بەردەوامتریان وەرگرت *٧.

لە ٣ نۆڤەمبەری ١٩٨٣ دائێران لە شورای ئاسایشی نەتەوە یەك گرتووەکان ئێرانی بە بەکارھێنانی چەکی کیمیاوی تۆمەتبارکرد،نەتەوە یەکگرتووەکان لەوەلامی ئەمەدا دەستبەلێکۆڵینەوە دەکات و لێکۆڵینەوەکەش ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە جەکی کیمیاوی بەکار ھاتووە *٨،بەدەست پێشخەری ھۆڵەندا کە ئەوکات ئەندامی یەدەکی شورای ئاسایش بووە،شورای ئاسایش ڕاگەیاندنێك دەردەکات و مەحکومکردنی بەکار ھێنانی چەکی کیمیاوی دەکات،بەڵام عێراق لەو ڕاگەیاندنەدا بە ناو ناوی نەھێنراوە *٩.

بەقسەی ئەمریکاو عێراق، ئێران خۆی بە ڕێژەیەکی کەمتر ئەم چەکە کیمیاویانەی بەکار ھێناوە،کە ھەندێك لەو چەکانە ھی عێراق بوون و لەکاتی ھێرشدا کەوتبووە دەست ئێران *١٠،بەڵام لەم بارەیەوە ھیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نیە،و شارەزایەن گومانیان ھەیە کە ئەم قسەیە ڕاستبێت،ھۆکاری ئەم بێباوەڕیە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم تۆمەتبارکردنانە سەرچاوەکەیان بە شیوەیەکی گشتی سەربە –ناوەندی ھەوالگری بەرگری ئەمریکا- بووە*١١.

## هۆڵەندا لە ئەنجومەنی ئاسایشدا

ئەو دەستپێشخەریەی کە ھۆڵەندا لە شورای ئاسایسدا کردی لە لایان ھەموانەوە بە چاوی ڕیزەوە سەرنجی نەئەدرا.بێگومان عیراق خۆشی بەمە دڵخۆش نەبوو،و ڕاشی گەیاندبوو کە بێگومان کاردانەوەی ئەبێت لەسەر پەیوەندیەکان ھۆڵەندا و عێراق *١٢ ،وەزارەتی ئابووری ھۆڵەنداش ئەمەی لا باش نەبوو،وەزیری دەرەوەی ھۆڵەندا ھانس ڤان بروك لە(پارتی دیموکراتی مەسیحی) بەڵێنی دابوو( کە بە ئاگاداریەوە ئاگاداری بەرژەوەندی و پەیوەندیەکانی ھۆڵەنداو چێگەو ڕێگای دەبێت و،بۆ زۆر بارودۆخی تایبەتیش گفتوگۆیان لەگەڵدا ئەکات) ئەمە نەھاتە دی بە پێی قسەی وەزیری ئابووری دەبوو لانی کەم ھەندێك جار پێشتر گفتوگۆبکەن و لەو گفتوگۆیەدابەلانی کەمەوە ئەوە سەرنج بدرایە کە ئەم سیاسەتە دیاری کراوە چ ڕەنگدانەوەیەکی ئەبێت لەسەر باری ئابووری،بە ووتەیەکی تر بەرژەوەندیە ئابووریەکان دەبوو گرانتر بنرخاندرانایە،و ئەگەر پێویست بە ھەڵوێست و قسەش بکرایە ئەبوو بە ھێمنی و بێدەنگی بووایە،ئەو ئەو کارەی ھۆڵەنداش لە شورای ئاسایشدا دەبوو بەشێوەیەکی نادیارتر و کەمتر لەبەرچاو ئەنجام بدرایە.

**خشتەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەو لە ساڵانی ١٩٨١تا ١٩٨٨**

| کات | بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە |
|---|---|
| جەنیوەری ١٩٨١ | جۆرێکی کوشندەی گازی ڤی،گازی عەسابە لە ناوچەی ئەحواز،نزیکەی ١٠٠ کوژراو |
| جولای ١٩٨٢ | گازی _ Riot control agents -CS_ دژ بە هێزەکانی ئێران |
| دیسامبەری ١٩٨٢ | سەرەتای بەکارهێنانی گازی مۆستەرد دژی هێزەکانی ئێران |
| ساڵی ١٩٨٣ | تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاوی لەسەر زیندانیە کوردەکان |
| جولای ١٩٨٣ | بەکارهێنانی گازی مۆستەرد دژبەهێزەکانی ئێران لە ناوچەی حاجی هۆمەران |
| نۆڤەمبەری ١٩٨٣ | بەکارهێنانی گازی مۆستەرد دژی هێزە پەلاماردەرەکانی ئێران لەناوچەی پێنجوێن. |
| ساڵی ١٩٨٤ | سەرەتای بەکارهێنانی گازی تابون بەرێژەی کەم |
| فیبریوەری ١٩٨٤ | پەلاماردانی ئێران بەگازی مۆستەرد و ئەگەری ئەوەش هەبوو کە گازی تابوونیش بەکار هاتبێت |
| فیبریوەری و مارتی ١٩٨٤ | گازی مۆستەرد دژی هێزەکانی ئێران بەکارهات لەدورگەکانی مەجنوون |
| مارتی ١٩٨٥ | بەکارهێنانی گازی مۆستەردو تابون دژی هێزەکانی ئێران لەناوچەی حەوزەی مەرش |
| فیبریوەری ١٩٨٦ | بەکارهێنانی گازی مۆستەردو تابون دژی هێزەکانی ئێران لەناوچەی زۆنگاوەکانی فاو،لەوێدا باس لە کوژرانی ٨٠٠٠ تا ١٠٠٠٠ کەس دەکرێت. |
| دیسامبەری ١٩٨٦ | گازی سولفۆرمۆستەرد دژ بە هێزەکانی ئێران لەناوچەی ئوم ئەل ڕەساس |
| ساڵی ١٩٨٧ | ٢٠ دێهاتی دەوروبەری هەولێر ناوچەی بالیسان لەلایەن فرۆکەکانی عێراقەوە بە چەکەکیمیاویەکانی مۆستەرد،تابون وگازی تری ئەعسابەوە،ئەمە یەکەمین پەلاماردنی عێراقە بە چەکی کیمیاوی دژی هاوڵاتیانی خۆی. |
| ٢٩ی جونی ١٩٨٧ | ئێران ئەوەی ڕاگەیاندووە کە فرۆکەکانی عێراق بەگازی مۆستەرد نزیکەی ١٠ ناوچەی سەردشتیان بۆردوومان کردووە،ناوچەیەکی کوردنشینە کەدەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوا لەئێراندا،لەو هێشەدا باس لەکوژرانی ١٠کەس و بریندار بوونی ٦٥٠ هاوڵاتی دەکرێت. |
| لە ١٦ تا ١٨ مارسی ١٩٨٨ | بە چەکی کیمیاوی جۆراوجۆر (مۆستەرد،سارین،تابون،ڤی ئێکس،و لەوانەیە سیانیدیش) عێراق پەلاماری ناوچەکانی باکوری عێراق (شاری هەڵەبجە) دەدات،بەپێی تەخمینەکان ٥٠٠٠ کەس بوونە قوربانی. |
| ئەپریلی ١٩٨٨ | بەسەدان تەن گازی سارین دژی هێزەکانی ئێران بەکارهات لە دورگەکانی فاودا،عێراق لە مانگەکانی دوای ئەوەدا بە بەردەوامی گازی سارین و گازی ئەعساب بەکاردێنێت. |
| لە ١٧ تا ١٨ ئەپریلی ١٩٨٨ | بەکار هێنانی گازی ڤەی ئێکس دژبەهێزەکانی ئێران لە ناوچەی دورگەکانی فاو. |
| ٣ی مای ١٩٨٨ | بۆمبابارانکردنی گوندی گۆپتەپە لە کوردستان بە چەکی کیمیاوی |
| جونی ١٩٨٨ | بەکار هێنانی گازی مۆستەرد و سیانید و گازی ئەعساب لە دورگەکانی مەجنون |
| ٢٥ی ئۆگستی ١٩٨٨ | بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە گەریلا کوردەکان و خەڵکی مەدەنی لە دێهات و شارەکانی کوردستانی نزیک سنووری تورکیا |

## عێراق چەکە ئامادەکراوەکانی لەناودەبات

جەنگی نێوان عێراق و ئێران لەڕێگای ئاگربەستەوە لە ئۆگستسی ١٩٨٨دا کۆتایی پێهات،بەر لە جەنگی دووەمی کەنداویش (١٩٩٠-١٩٩١) عێراق چەند تاقیکردنەوەیەکی چەکی کیمیاوی ئەنجامداوە،بەڵام لەوەوبەدوا هیچ ڕاپۆرتێك دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە نابینرێت*١٤،لەکاتی جەنگی دووەمی کەنداودا عێراق کوەیتی داگیرکرد و چەند مانگ دواتر عێراق لەکوەیت دەرپەڕێنرا بەهاوکاری هاوپەیمانەکان کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکردن.دوای ئەم جەنگە شورای ئاسایش عێراقی وادارکرد بە ژمارەیەك مەرج،یەکێك لەومەرجانە بەتەواوی ئاشکراکردن و کردنەوەی بەرنامەی چەکە کیمیاویەکانی و لەناوبردنی چەکە ئامادەکانی بوو بەپێی ڕاسپاردەی ٦٨٧ ی مانگی ئەپریلی ١٩٩١ *١٥.

هەمان پەیماننامە ئەوەشی ڕیکخستبوو کە پشکنینی ئەو شوێن و کەلوپەلانە بکرێت کە پەیوەندیان بەم چالاکیانەوە هەبووە،وەهەر هەمان ڕاسپاردە ئەوەشی تێداهاتبوو کە عێراق نابێت چەکی بیالۆژی و کیمیاوی دروستبکات یان پەرەی پێبدات،هەموو وڵاتانیش ئەوەیان پێڕاگەیاندرا کە قەدەغەیە هیچ جۆرە تەکنۆلۆژیاو مادەیەك بە عێراق بدەن و بفرۆشن *١٦،لەشورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەکۆی ١٥ ئەندام ١٢ ئانداميان دەنگیان بەم ڕاسپاردە یەدا،کوبا دژی ئەم ڕاسپاردەیە دەنگی داو ئێکوادۆر و یەمەن دەنگیان نەدا.

لە ١٨ی ئەپریلی ١٩٩١دا عێراق یەکەمین ڕاپۆرتی خۆی دەربارەی پرۆگرامی چەکەکیمیاویەکانی دابە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ٩ی جونی ١٩٩١دا کۆمیسۆنێکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەناوی (یۆنسکۆم) دەستیان بە پشکنینی چەکە کیمیاویەکانی عێراق کرد،ئەو کۆمیسۆنە ئەوەی ڕاگەیاند کە عیراق کەم هاوکاری تیمەکەی ئەکات،بەوهۆیەوە شورای ئاسایش لەڕێگای ڕاسپاردە ی ژمارە ٧٠٧ دا لە ئۆگستی ١٩٩١داعێراق ڕادەسپێردرێت کە ئەو ئەرکانەی لەسەریەتی پێوەی پەیوەستبێت و جێبەجێیبکات،لە ١٥ی ئۆکتۆبەردا شورای ئاسایش ڕاسپاردەیەکی تری دابەعێراق کە دەبێت عێراق بێقەیدومەرج بواری هەموو ئەو تایبەتمەندانەی (یۆنسکۆم) ئەبێت بدات و دەست نەهێنیتە ڕیگایان لەکاتی کارەکانیاندا بۆپشکنینی چەکەکانی عیراق *١٦،عێراق وای ڕاگەیاند کەئەو ئەرکەکانی لەبەرانبەر ڕاسپاردەی یەکەمدا جێبەجێ ناکات و بەو هۆیەی کەبە نایاسایی لەقەڵەم دا و نەچووە ژێرباری ڕاسپاردەکانەوە*١٧.

لە١٩ی مارتی ١٩٩٢دا عێراق ئەو ڕاپۆرتانەی دا کە لەسەر بەرنامەی چەکەکیمیاویەکانی کەپێشتر دابووی بەنەتەوە یەکگرتووەکاندا بەفراوانتر کاملکردوو زانیاری زیاتر ڕەوانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد،شتی تازەی ئەو ڕاپۆرتە ئەوەبوو،بەدەرلەو مەرجانەی کەبۆی دابنرێت عێراق یەکلایەنەو خۆی لە هاوینی ١٩٩١دا هەندێك لەو چەکانەی لەناوبردووە، بەبێئەوەی بواری چاودێرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بدات یان ئاگاداریان بکاتەوە. لەمانگی جونی ١٩٩٢دا لەعێراق .

**سەرچاوە:**

Seth Carus, The genie unleased: Iraq's chemical and biological weapons production, in: The Washington
Institute policy papers, No. 14, the Washington Institute for Near East Policy, 1989; Adel Darwish and Gregory
Alexander, Unholy Babylon: The Secret History of Saddam's War, Victor Gollancz ; LTD, London, 1991
Cordesman en McGeorge stellen dat dit programma eind jaren '60 begon nadat Irak het effectieve gebruik van
chemische wapens door Egypte tegen Jemen had gezien. Volgens de Britse regering vond het programma een
aanvang in 1971; Anthony Cordesman, Creating Weapons of Mass Destruction, in: Armed Forces Journal
;International 126, February 1989
Harvey J. McGeorge, Iraq's secret Arsenal, in: Chemical and Biological
Warfare, January/February 1991; British Government, Iraq's Weapons of Mass Destruction: The Assessment of
the British Government, 2002
Javed Ali, Chemical weapons and the Iran-Iraq war: a case study in noncompliance, in: The 2
Nonproliferation review, spring 2001
Leonard Doyle, Donald Macintyre and Tom Wilkie, Saddam's nerve gas secrets, The Independent, 4 3
August 1991
Paul Rockwell, Who armed Iraq?, San Francisco Chronicle, 2 March 2003; zie verder het vervolg van 4
deze brochure
Een CIA-rapport stelt dat Irak al midden jaren '70 zogenaamde 'riot control agents' inzet tegen 5
opstandige Koerden. Er bestaat internationaal gezien echter geen overeenstemming over de vraag of zulke
middelen tot chemische wapens gerekend moeten worden; CIA, CW use in Iran-Iraq war, zp, zj, vrijgegeven op 2
juli 1996
Gordon M. Burck and Charles C. Flowerree, International Handbook on Chemical Weapons 6
Proliferation, Greenwoord Press, Westport, 1991
Center for Nonproliferation Studies, Iraq: chemical chronology 1980-1989, Monterey Institute of 7
International Studies, April 2004
Gordon M. Burck and Charles C. Flowerree, International Handbook on Chemical Weapons 8
Proliferation, Greenwoord Press, Westport, 1991; Ibrahim al-Marashi, Saddam's Iraq and weapons of mass
destruction: Iraq as a case study of a Middle Eastern proliferant, in: Middle East Review of ,International Affairs
.Vol. 8, No. 3, September 2004; Het rapport wordt uitgebracht op 26 maart 1984
Ko Colijn en Paul Rusman, Het Nederlandse wapenexportbeleid 1963-1988, Nijgh & Van Ditmar 9
Universitair, Den Haag, 1989; zie ook verder in deze brochure; Julian Perry Robinson , and Jozef Goldblat
Chemical warfare in the Iran-Iraq war, SIPRI, May 1984; UN Council set to condemn
-chemical arms use in Iran

Iraq war, Associated Press, 30 March 1984
Gregory F. Giles, The Islamic Republic of Iran and Nuclear, Biological, and Chemical 10
:Weapons, in
Peter R. Lavoy, Scott D. Sagan, and James J. Wirtz (eds.), Planning The Unthinkable: How New Powers Will
Use Nuclear, Biological, and Chemical Weapons, Cornell University Press, Ithaca, 2000; , Andrew Rathmell
Iran's Weapons of Mass Destruction, Jane's Intelligence Review – Special Report No. 6, June 1995, Anthony
Cordesman, Creating Weapons of Mass Destruction, Armed Forces Journal International 126, February 1989
Jean Pascal Zanders, Iranian Use of Chemical Weapons: A Critical Analysis of 11
,Past Allegations
Lecture, Center for Nonproliferation Studies, Monterey Institute of International Studies, Washington, DC, 7
:March 2001. Zie ook
http://en.wikipedia.org/wiki/Iran_iraq_war
Ministerie van Buitenlandse Zaken, Irak-Iran, gebruik chemische wapens, codebericht 12
van Van den
Broek aan de Ambassade in Bagdad, 5949, Van den Broek 22, 2 april 1984
Bronnen: NTI, Iraq – chemical chronology, 2003; Er zijn vermoedelijk veel meer gevallen 13
van inzet van
chemische wapens door Irak geweest. In september 1984 presenteert Iran in de Geneefse
Ontwapeningsconferentie (Conference on Disarmament) een brochure met een overzicht van ,50, meest kleinere
Iraakse aanvallen met chemische wapens in de periode december 1980-mei 1984. Van deze aanvallen is, met
uitzondering van de hieronder opgesomde lijst, echter geen bevestiging vanuit internationale bronnen voor
handen Ministerie van Buitenlandse Zaken, Gebruik van chemische wapens/Iraanse brochure 'Victims of Iraqi
chemical weapons', memorandum van DIO/NN aan DIO/OV, nr. 155/84, 12 oktober 1984; UN General
Assembly, Letter dated 28 June 1984 from the Permanent Representative of Islamic Republic of Iran to the
United Nations addressed to the Secretary-General, Chemical and bacteriological ,(biological) weapons
A/49/333, 29 June 1984
Barbara Starr, Iraq reveals a startling range of toxin agents, Jane's Defence Weekly, Vol. 14
24, No. 19, 11
November 1995
De tekst van deze resolutie luidt: “Decides that Iraq shall unconditionally 15
,accept the destruction
Removal, or rendering harmless, under international supervision, of all chemical and biological weapons and all
stocks of agents and all related subsystems and components and all research, development, support and
”.manufacturing facilities related thereto
Zoals al eerder vastgelegd in Veiligheidsraadresolutie 661 uit 1990 16
Security Council, Resolution 715 (1991), 11 October 1991 17

# پەرلەمانی کەنەدا کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی دەناسێنێ

لە 22 هەمین ساڵیادی کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە دا ، رۆژی 3/16 لەهۆڵی پەرلەمانی فیدراڵی کەنەدا یادی قوربانیانی هەڵەبجە بەرز راگیرا.



رۆژی سێ شەممە پەرلەمانی فیدراڵی کەنەدا لە ئۆتاوا یەکەم دانیشتنی بە ئامادەبوونی پەرلەمانتاران و ژمارەیەکی زۆرلە کوردستانیان و نوێنەری حزب و رێکخراوە کوردییەکان ساز کرد.

جیم کەراجیانیس ئەندام پەرلەمانی فیدراڵی کەنەدا وتارێکی سەبارەت بەتاوانی هەڵەبجە پێشکەشکردوووتی: ئەمڕۆ رۆژێکی گرنگە لە پەرلەمانی کەنەداوە بەجیهانی رابگەیەنین، کە نەتەوەی کورد 22 ساڵ لەمەوبەر رژێمی لەناوچووی سەدام لەگەڵ عەلی کیمیاوی تاوانێکی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی بەچەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجەدا ئەنجامدا و هەزاران هاووڵاتی مەدەنی لە ژن و منداڵ و پیاوی ئەو شارەی لەماوەی چەند خولەکێکدا کوشت.

لە درێژەی وتەکەیدا کەراجیانیس ئاماژەی بە سەردانەکەی بۆ کوردستان کردو وتی: لەمانگی ئەیلولی 2009 دا سەردانی کوردستانم کردو لەمۆنۆمێنتی شاری هەڵەبجەش بەڵێنم بە خەڵکی ئەو شارە دا، کە تاوانی هەڵەبجە بگەیەنمە ناو هۆڵی پەرلەمانی کەنەدا و بەجیهانی بناسێنم کە ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە و دەبێت وەکو جینۆساید لە قەڵەمبدرێت.

پاشان سەرۆکی پەرلەمان لەسەر پێشنیاری کرجیانیس، دۆسیەی هەڵەبجەی خستە دەنگدانەوە و بەکۆی دەنگی پارلەمانتاران بڕیاردرا تاوانی هەڵەبجە بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی تۆمار بکرێت.

دەقی بڕیارەکەی پەرلەمانی کەنەدا دەڵێت :(پەرلەمانی کەنەدا ئەو کردەوانەی کە لە لایەن سەدام حسێن لە بەرامبەر کورددا کراون لە بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە شاری هەڵەبجەدا لە 16 ی ئازاری 1988 و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستانی عیراق، هەروەها سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی سیستماتیکی لەعیراقدا، وەك تاوان دژی مرۆڤایەتی دەناسرێت).

دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ پەرلەمانی فیدراڵی کەنەدا لە دانیشتنی دووەمیدا کۆنفرانسێکی بە ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بۆ جیم کرجیانیس و نوێنەرانی کورد سازکرد.

سەرەتا کەراجیانیس لە وتەیەکدا بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی سوپاسی هەڵوێستی پارلەمانتارانی کرد و وتی "ئەمڕۆ خۆشحاڵم کە هەر چوارحزبەکەی پەرلەمانی کەنەدا بە یەك دەنگ بڕیاریاندا، کەتاوانی هەڵەبجە بەتاوانی دژبە مرۆڤایەتی لە یاسای کەنەدا

تۆمار بكەن، بێگومان ئەمەش بە ڕووداوێکی مێژوویی بۆ پەرلەمانی کەنەداو گەلی کورد دەژمێردرێت".

دواتر هەریەك لە د. فەرەیدون وسەرتیپ کاکەیی بەناوی ماڵی کورد و دارا فەرەج لە ڕێکخراوی پەیوەندی کوردی دژ بە جینۆساید و هەڤال ڕەزا سەرۆکی کۆمەڵەی فیدراسیۆنی باکور لەکەنەدا، وتاری خۆیان پێشکەشکرد و سوپاسی هەڵوێستی هەموو پارلەمانتارانیان کرد، بەتایبەتی جیم کرجیانیس، هەروەها بڕیاری پەرلەمانی کەنەداشیان بە سەرکەوتنێکی گەورەی میللەتی کورد وەسفکرد.

لە کۆتاییدا دووبارە جیم کەراجیانیس سوپاسی ئامادەبووانی کرد و ئەوەشی ڕاگەیاند کە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا کورد ئاهەنگی نەوروز دەگێڕێت، بەوبۆنەیەوە پیرۆزبایی خۆی پێشکەشکرد و کۆتایی بە دانیشتنەکە هات.


Mr. Speaker

بڕیارەکەی پەرلەمانی کەنەدا

Jim Karygiannis

I am asking the House for unanimous support for Motion M-505, which reads as follows:

*That this House acknowledge the actions of Saddam Hussein against the Kurdish people in Iraq including the poison gas attack against Halabja on March 16, 1988, the destruction of Iraqi Kurdish villages and the systematic persecution of Kurds in Iraq and condemn these acts as crimes against humanity.*

Thank you, Mr. Speaker.

16/3/2010

دەقی بڕیارەکەی پەرلەمانی کەنەدا سەبارەت بە ناساندنی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کە وەك تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی لە یاسای ئەو وڵاتەدا

**بەرێز**

**بەرێز جیمی کراجیاننس...**

**دەمەوێ سوپاسی بەتەنگەوە هاتنتان بکەم کەبینیم لە پەرلەمانی وڵاتەکەتان تاوانی هەلەبجەتان بە جینۆساید ناساند، بێگومان ئەم هەنگاوەی بەرێزتان بڕیاری (505 ) چەندە بۆ کورد گرنگە، ئەوەندەش بۆ میللەتە هەرەشە لێکراوەکان گرنگە تاجارێکی تر نەکەونەوە بەردەمی هەرەشەی لەناوبردنی بەکۆمەڵەوە. من ئەو کارەی ئێوە بە پەیامێکی گرنگ دەزانم بۆ سەقام گیربوونی ئاشتی جیهانی، چونکە بێدەنگی جیهان هۆکارێکی بەهیزی جینۆسایدکردنی میللەتەکەی ئێمەبوو، بەهیوام جیهان پەندی لەجەنگوکۆمەڵکوژی وەرگرتبێو هەمووومان بەوە قایلبین کە ئاشتیو عەدالەتی جیهانی سەربەرزی بەردەم مێژوو ویژدانی خۆمانمان دەکات.**

**ریزو پێزانینی دوبارە**
**عومەرمحمەد سەرنوسەری**
**گۆڤاری ئەنفالستان**
2010 /3/18

# هەڵەبجە....
# سومبولە یان شەرمەزاری....؟؟؟

ئا/ ئەنفالستان



رەنگە دۆزینەوەی زمناکۆ " عەلی" گەورەترین پێناسەی مەینەتیەکانی شارێك و میللەتێکمان بۆ بگێرێتەوە، چیرۆکەکانی هەلەبجە هەموویان تراژیدیان، بەلام کاتێك ئامادەیی حکومەت و دەزگاکانی راگەیاندن و قەلەمەکان لەپێشوازی عەلیدا بەگەرموو گوریەوە دەبینن هەزاران هەلەبجەیی بریندارپەراوێزبخرێن و رۆژانە بە پێشچاوانمانەوە ببن بەژێر دەستوپێی ئامادەبووانی ئەوژاوەژاوەوە .. کاوە حەمە ئەمین صالح لەدایکبووی ساڵی 1981 خەڵکی شاری هەڵەبجەیە، حیکایەتی ئەم کوڕەو خانەوادەکەی هەر بەتەنها تراژیدیا نیە بەڵکو سەروەتێکی نەتەوەیشە کەچی بەداخەوە لەبری گرنگی پێدانیان بەجۆرێك پەراوێز خراون کە هەموو پڕوپاگەندەکانی ئازادیو مافی مرۆڤ بەتاڵ دەکاتەوەو تۆریان دەداتە زبڵخانەی مێژووەوە، ژیانی کاوەو خوشك وبراکانیو مردنوگیان لەدەستدانی باوك ودایکیان بەبێ دەنگی پێمان دەڵێن: ڕاوەستن.. چیتر مەردایەتیمان پێمە فرۆشنەوە چونکە هەتا ئێستا گازبارانی شار بەشێوەیەك لەشێوەکان بەردەوامە،هێشتا کاریگەریەکانی تاوانی جینۆساید رۆژانە بە ناوئێسك و ویژدانماندا رۆدەچێتە خوارەوە.. ئاخر مەترسیدارترین جۆری جەهل ئەوەیە کەسانێك هەبن خۆیان لەم حاڵەتە مرۆڤایەتیانە گێل بکەنو بە دروشمبازی یادی کیمیابارانو شەهیدانی





هەڵەبجە بکەنەوە، زیندووەکانیش فەرامۆش بکەن، ئەری جەهل چییە ئەگەر ڕۆشنبیرانێك هەبن بەئەتەکیەتەوە بێنو بەسەرتەرمی شەهیدانو ژیانی پرلەمەینەتی ئەم قوربانیانەوە سەفەری ئەوروپاوئەمریکا بکەنو لەناوخۆی ولاتیش خۆیان دەوڵەمەند بکەنو لەدیوێکی تریشەوە پاساو بۆ ناعەدالەتی کۆمەلایەتیو فەرامۆشکردنو پەراوێزخستنی قوربانیان بهێننەوە، دزێوترین دڵرەقی ئەوەیە ئەم قوربانیەی شاری هەڵەبجە بەهەموو دەردو خەمو مەینەتیەکانیەوە، بەپێشچاوماندا گوزەربکاو ئێمەش خەمساردانەو نابەرپرسیارانە لێی بڕوانینو بەئۆفێك لەکۆڵ خۆمانی بکەینەوە.

کاوە حەمەئەمین ئەندامی خێزانێکی هەلەبجەیە کە ساڵی 1988 لەکیمیابارانکردنی شارەکەدا لەگەڵ تەواوی خێزانەکەیدا بەسەختی بریندار دەبێ، لە بۆردومانی ( 3/16 /1988) پاش ئەوەی دایکیان بەناوی " سەڵتەنە حسین حەمەرەشید" هەر

ئەو ئێوارەیە لەهەڵەبجە گیان لەدەست دەداو تەرمەکەی بەجێدەمێنێو تائێستاش نازانن لەناو کام گۆڕدایە، ئەوانیش ئاوارە



دەبنو بەرەو ئێران دەڕۆن، خێزانەکەیان بەجۆرێك لێك پەرتەوازە دەبن، تا هەنوکە وەکو پێویست یەکیان نەگرتووەتەوە، لەکرماشانی ئێرانیشەوە (کەیوان) کورە یانزە ساڵانەکەیان لێ وون دەبێ بە جۆرێك هەتا ئێستا کاوەی برای چاوی پێی نەکەوتووەتەوە، ماوەیەك لە ئۆردوگاکانی ئێران بەئاوارەیی دەمێننەوەو کاتێکیش لەئێرانەوە دەگەڕێنەوە گوایە لێبوردنی گشتییە کەچی لە گەڕانەوەیاندا لەسەرسنور لەلایەن لیژنەی پێشوازی لە ئاوارە گەراوەکانەوە کە (شێخ جەعفەر عەبدالکەریم بەرزنجی) پارێزگاری ئەوسای شاری سلێمانیو (سوڵتان هاشم) فەرماندەی فەیلەقی یەك سەرپەرشتیان دەکرد، بەڵام لەبری پێشوازی کردنو ڕێزگرتنیان ئەم خێزانە کە بریتی بوون لە (حەمە ئەمین صالح)ی باوکیان و (کاوە، گۆران، زانا، ڕۆشنا، شنۆ) کە هەموویان برینداری چەکی کیمیاوی بوون، لەگەڵ هەڵەبجەییەکانی تر بردویانن بۆ (تەوارییەکەی سلێمانی)و دوای سێ چوار ڕۆژ مانەوەو ئازاردانێکی زۆر بەرەو دۆزەخی (نوگرەسەلمان) بەرێیان دەکەنو ماوەی چوار مانگ لە دۆزەخی ئەنفالکراوەکان دەیانهێڵنەوە. کاوە دەڵێت:( لە نوگرەسەلمان زۆر ئازارم چەشت.. زۆرجار عەسکەرەکان دەیانویست بمبەن خزمەتی خۆیانم پێبکەن کاتێ کە ڕەتم دەکردەوە لێیان دەدامو زۆر ئازاریان دەدام، جارێکیان زانای برام منی بینی ئاوا ئازارم دەدەن خۆی خستە بەرکێبلەکان بۆ ئەوەی ئازارم لێ کەمبکاتەوە، باوکم کە چەکی کیمیایلی کوێری کردبوو عەسکەرەکان بەلێدانو بەپاڵ دەیان ڕەتاند).پاش گەڕانەوەشیان بەهۆی تاوانی هەڵەبجەو نەمانی ماڵو حاڵو شەهیدبوونی دایکیان بەتەواوی شپرزە دەبن ئیتر (حەپسەخان)ی پوریان هاوکاریان دەکاو لەکەلار دەگیرسێنەوە، هەرچۆنێك بێت لەوێ خانوویەك بەکرێدەگرنو ماوەی چەند ساڵێك لەکەلار دەمێننەوە.





## بەسەرهاتی کەیوان:

کەیوان ناسنامەی گەلێکی جینۆسایدکراوی سەدەی بیستەمە، کوردێکی برینداری چەکی کیمیاویە ئەوچەکە هەرجەستەی هەلاهەلا نەکردووە، بەڵکو لەسەرەتایی ترین ماف بێ بەشی کردووە کە زمانی خۆیەتی "زمانی دایك" ماوەیەکە لە وڵاتی نەمسا وەك برینداریکی چەکی کیمیاوی لە ژێر چاودێری پزیشکی دایە، ئەو کوردێکە ساڵی 1977 لەهەڵەبجە لە دایك بووە، بەداخەوە کوردی نازانێ ..! بێگومان ئەمەش یەکێکە لە ڕەگەزەکانی تاوانی جینۆساید کە لەبەندی سێهەمی پەیماننامەی نێودەولەتی بۆ قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید.

کەیوان تەمەنەنی 11 ساڵان بووە کەلەکیمیابارانەکەی ئێوارەی 3/16 بەسەختی بریندار دەبێ، کەلە هەڵەبجەوە دەرۆن تا شاری

کرماشانی ئێران لەگەڵ خێزانەکەیان دەبێ، بەڵام لەوێ لەبەر پەشۆکاویو ئازاری برینەکانیان (کە هەموویان بریندارى چەکی کیمیاوین) لەخێزانەکەی ون دەبێ، ئیتر لەوە بەدواوە لە یەکتر بێئاگادەبن، بێ ئەوەی خێزانەکەیان بزانن یان ئەو بزانێ خێزانەکەیان ماون یان نا، ئەم لێك دابرانە سیانزەساڵ دەخایەنێ تا ساڵی 2001 چاویان پێی ناکەوێتەوە، کاتێکیش کەیوان دەگەڕێتەوە ئەو کاتە دەزانێ هەموو خێزانەکەیان بریندارى چەکی کیمیاوینو دایکیان سەلتەنە) بەهەمان چەك گیانی لەدەستداوە.

## کەیوان چۆن گەیشتە نەمسا..؟



(ناصح زەندی) کەپەناهەندەیەکی عێراقیەلە دەرەوەی وڵات، کاتێك هەواڵی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە دەزانێ بە هانای ئاوارەکانی هەڵەبجەو بریندارانی چەکی کیمیاویەوە دەچێتە وڵاتی ئێران لەوێ حاڵی کەیوانی مندالْ لە هەموو بریندارەکان خراپتر دەبینێ، بۆیە بەکامێرای شەخصی خۆی وێنەی دەگرێو هەوڵدەدە بیباتە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر سەرئەنجام دەتوانێ بیبات بۆ وڵاتی بەریتانیا، دواتر لەگەڵ کۆمەڵێك برینداری



تری کیمیاوی بەرەو وڵاتی نەمسا بەرێدەکرێ، لەوێ دەکەوێتە لای دکتۆرێکی نەمساوی بەناوی " فرالینکە گێرد هارد" (2 ) کەپرۆفیسۆرێکی تایبەتمەندە بە بریندارەکیمیاویەکان کەیوان هەتا ئێستاش وەکو بریندارێکی کیمیاوی لە ژێرچاودێری هەمان دکتۆردایەو لەنەمسا دەژی هێشتا ئەوە رۆشن نیە کە چۆن ساڵی 2001 دەرفەتی ئەوەی بۆ دەرخەسێ سەردانی هەڵەبجە بکاتەوە..؟! ئەمەش لەبەرئەوەی هیچ زمانی کوردی نازانێ بۆیە لەگەڵ خوشكو براکانی ناتوانن وەکو پێویست حیکایەتی دەردی سەری خۆیان بۆ یەکتری بگێرنەوە، لەبارەی سەردانەکەی کەیوانی برایەوە کاوە دەڵی: ( من هێشتا ئەو برایەی خۆمم نەبینیوە، لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی ئەو گەرایەوە بۆ کوردستان من بۆ چارەسەر چوو بووم بۆ ئێران ).

سەبارەت بە دۆسێی کەیوان پرۆفیسۆر( فرالینکە) لەسەردانێکیدا بۆ کوردستان بۆ ئەندامانی ناوەندی چاك ووتی: باوکی کاوەو کەیوان " حەمەئەمین صالح " بریندارێکی سەختی چەکە کیمیاویەکانی بەعس بوو تا 2008/6/15 بەئازاری

---

[2] پرۆڤیسۆر فرالینکە گێرد هارد ساڵی 2006 لەگەڵ شاندێکی ناوەندی چاك هاتە کوردستان، بەمەبەستی بەشداری ئیفادە وەرگرتنی لەدادگای باڵای تاوانەکان بۆ دۆسێی هەلەبجە .. لەمیانەی دورۆژی سەردانەکەیدا سەردانی شاری هەلەبجەی کردو لەوێش چاوی بەهەندێك لە بریندارەکانی هەلەبجە کەوت، لەماوەی سەردانەکەیدا کە من وەکو بەرێوەبەری ناوەندی چاك یاوەری بووم بە دورو درێژی باسی کەیوانو چۆنێتی چارەسەرکردنەکەی بۆ کردم .

بریندارییەکەیەوە دەناڵێنێ و لەو ڕۆژەدا لەهەڵەبجە گیان لەدەست دەدات.

کاوە ئێستا کوڕێکی سەرگەردانی ناوخێزانەکەیەتی،شەوانە لەمزگەوت یان لەناو باتانیەکدا لەسەر جادەو شەقامەکانی شاری سلێمانی ڕۆژدەکاتەوە، جاربەجارێکیش لە ئوتیل شاکار دەخەوێ کە شەوی بە 3 هەزار دینارە ئەمە ئەگەر لەژوردا بخەوی خۆ ئەگەر لەسالۆنەکەشدا بخەوی ئەوا شەوی بە 2500 دینارە .

کاوە دڵشکاوترین مرۆڤی ئەم سەدەیەیە، چاوەکانی بەهۆی چەکی کیمیاویەوە ئالودەبوونو سورهەڵگەراونو جەراعەتیان کردووە، سییەکانیشی خراپ بوونو تەنگە نەفەسی تەواو پەرێشانی کردووە، سەبارەت بە ژیانی پڕ لەمەینەتی خۆی کاوە وتی:(دائیرە نەماوە لەم شارەدا عەریزەی منی تێدا نەبێ، تەنانەت هەولێری پایتەختیش کە دەڵێن بووەتە (دوبەی) پڕیەتی لە عەریزەوساکاڵای حاڵی نەگبەتی من).

ئەوکاتەی سەرنجم لە سەر بلوسە شینەکاڵەکەی کاوە بوو، کەوەك فیشەك کونی کردبێ، خەیاڵم بەرەو هەمووقوربانیانی هەڵەبجە فڕیی بوو ، چ ئەوانەی ئێستا وەکو کاوە لەمەینەتیدا دەژین یان ئەوانەی لە گۆرە بەکۆمەڵەکاندا بەبێ کفن ڕاکشاون،لەهەمان کاتدا بەشێکی خەیاڵم بەرەو کاروانی مۆنیکای بەرپرسانو درۆو دەلەسەو وەعدو بەڵێنەکانیان باڵی گرتبوو، کاوەش هەر قسەی بۆ دەکردم، دواتر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو چاوە سوورهەڵگەراوەکانی بڕیە ناوچاوانم هەر بۆ دڵنیایی ڕاستی قسەکانی ووتی : (جەماعەتی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە دەمناسن).

ئاخۆ لەدوای بینینی کاوە لەبەرنامەی (زووم ئین ) دا چەند مرۆڤدۆست، چەند بەپرسی هەگبە پڕ؟ چەند ڕۆشنبیرو ڕێکخراوی بەناو مافی مرۆڤ ؟ بەهانای بریندارێکی هەڵەبجەوە چوون..؟ ئەگەر صندوقی هاوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوان بۆ هاوکاری ئەمرۆی ئەم قوربانیانە نەبێت بۆکەیو بۆ چی بێت؟ تۆ بڵێی ئەگەر بێتو لەبری دیوەخانانەو لەبری بە فیرۆدانی پارەی ئەم وڵاتە، حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەنایەك،بۆ ئەم قوربانیانە بکاتەوە باری دەسەڵاتی لاربێت؟ دەبێت لەوە شەرمەزاری تر چی بێت کە ئەم قوربانیانە سەرباری برینەکیمیاویەکانی سەرجەستەو ناو هەناویان لەسەرجادە بژینو تۆمەتبارانو تاوانبارانی جینۆسایدکردنی کوردیش لە کۆشكو ڤیەللاکانی پاش ڕاپەریندا بژین، ئەم قوربانیانە بی ژیانو بێ نانو بێکاروبێ موچەبنو ئەندام پەرلەمانەکانو وەزیرو گزیرەکانو تەنانەت هەندێك لە تاوانبارانیش خاوەنی پلەوپایەو موچەی بەرزبن. ئەرێ ئەمە چ ئەخلاقێکی نزمە یاران..؟


دکتۆر
شوان فائق محمد خالد
سلێمانی
M . B . ch .B
مومارسی نەخۆشییەکانی ( هەناوی و دڵ )
ناوی نەخۆش: شنو محمد امین صالح
بەروار / / 200
R:
الى من يهمه الامر :
المريضة مصابة بتليفات رئوية
بسبب استنشاق الغازات
الكيمياوية (حلبجة ١٩٨٨) وهي
من ضحايا القصف الكيمياوي .
مع الشكر
دکتۆر
شوان فائق محمد خالد
Signature

خوشکەکانی ( ڕۆشناو شنۆ ) هەردوکیان برینداری چەکی کیمیایین ئێستا شویان کردووە بەڵام ڕۆشنا حاڵی لە هەموویان خراپترە. ئەرێ پاش ئەوەی بەرنامەی ( زووم ئین) کاوەی هێنایە ناوماڵەکانمانەوە، پاش ئەوەی ڕۆژنامەی ئاسۆ، باسی لەحاڵی (کاوە) بریندارێکی تری هەلەبجەکرد کەس لێی پرسییەوە ..؟ ئەوەیان تەنها خوداو کاوە دەیزانن .

# کێ بەرپرسە لەکیمیابارانکردنی کوردستان؟

## دەبوو چیمان بکردایا و نەمانکردووە؟

پارێزەر / دلاوەر حەیدەر

له ماوەی سالآنی ( 1987-1988 ) رژێمی



لەناوچوو گەلێك ناوچەی کوردستانی بەگازی کۆمەڵکوژ بۆردومان کرد هەزاران شەهید لەژن‌ومنداڵ‌وپیرولاوی لێکەوتەوەوهەزاران برینداریش کەزۆرێکیان گیانیان لەدەستداوەو سەدانیشیان تائێستاماون‌ولەهەرساتێکدا چاوڕێی میوانداری مەرگ دەکەن.

ئەوکاتەی ڕژێم ئەوتاوانەی بەرامبەر بەگەلی کوردوکوردستانیانی باشور کردچەندپارتێکی کوردستانی لەدژی ڕژێم خەباتی چەکداریان ڕاگەیاندبوو خەڵکی کوردستانیش بەسەروو ماڵ هاوکاری شۆڕشیان دەکرد، کاتێ ئەم ڕووداوە وەبیردێنمەوە مەبەستمە ئاوێتەی بکەم بە بەخەباتێکی دیکەی دیبلۆماسی لەسەرئاستی نێودەوڵەتی لەمەڕدۆزی کورد، شۆڕشگێڕانی کوردستان‌و پارتە سیاسیەکان دەیانتوانی هەرئەوکاتەوبەسود وەرگرتن لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی لەمەڕ قەدەغەکردنی بەکارهێنان‌وبەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی‌وگازی کوشندە هەوڵبدەن تاوەکو پاراستنێکی نێودەوڵەتی بۆ کورد دروست بکەن تاوەکوتاوانی دیکە دووبارە نەبێتەوەو لە هەمان کاتدا لەئاستی نێودەڵەتیدا کار بۆسەربەخۆیی گەلی کورد بکرێت. بەڵام بەداخەوە بێ دەنگی لەتاوانی کیمیابارانکردنی کوردستان کۆمەڵکوژی ئەنفالیشی بەدوای خۆیدا هێنا. بێئەوەی پارتە خەباتگێڕەکانی ئەو کاتە هیچ جۆرێك لەوکارانە ئەنجامبدەن ، لە پاش ڕاپەڕین‌و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان بەهۆی ئەو سۆزە گشتیەی کەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەهۆی کۆڕەوەملیۆنیەکەوە بۆخەڵکی کوردستان لای دروست بوو نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاریدا ناوچەی دژە فڕین‌و هێڵی ( 36 ) دروست بکات بۆ پاراستنی خەڵکی ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان " کەدەبوو زووتربکرایە" بەوهۆیەوە تارادەیەك سەقامگیری لەهەرێمی کوردستانی ئازادکراو دروستبوو، هەرلەو دەرفەتەشدا پەرلەمان‌وحکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتوو ئیدارەیەکی سەربەخۆمان دروستکرد، ئیدی کاتی ئەوەبوو کەحکومەتی کوردستان‌وپارتەسیاسیەکان بەدوای تاوانبارانی جینۆسایدی گەلی کورددا بگەڕێن‌و بەدادگا نێودەوڵەتیەکانی بگەیەنن، بێگومان ئەمەش چەند سودێکی دەبوو : 1- تۆمارکردنی سکالآوپێشکەشکردنی بەڵگەودروستکردنی ئەرشیفێکی دەوڵەمەند بۆ ئەوتاوانە کۆمەڵکوژیانەی کەبەرامبەر بەکورد کراوە بەتەواوی بەتەواوی پێگەی حکومەتی بەعسی

لاواز دەكردو لەوانەبوو هەرزوو بەفشاری كۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەبەریەك هەڵوەشێت بەتایبەت پاشئەوەی كەلێكۆڵینەوەیەكی زانستیو وورد لەسەرژینگەو خەڵكی كوردستان دەكرا، لەرێگەی پسۆرە نێودەوڵەتتیەكانەوەو بە بانگهێشتكردنیان .

2- دەمانتوانی بەهۆی ئەوكارەساتە گەورانەی كە بەسەرمیللەتەكەماندا هاتوون پایە نەتەوەییەكانی خۆمان بەهێزبكەینو بەمهۆیەشەوە نەك تەنیا كوردستانی عێراق بەڵكو كوردی سێ پارچەكەی تری كوردستان سودیان وەردەگرت، لەمبارەیەوە ناتوانین رۆڵی هۆلۆكۆستی جوولەكە لەدروستكردنی نیشتمانێك بۆیان نادیدە بگرین .4- جگەلە حكومەتی بەعسو لەپاڵ ئەودا بەرپرسیارێتی تاوانی كیمیابارانی كوردستان دەكەوێتە سەرشانی ئەوكۆمپانیاودەوڵەتانەش كەچەكی وێرانكەرو مەوادی كیمیایی قەدغەكەكراویان بەرژێم فرۆشتووەودەتوانرا سكالآدژی ئەوانەش بجوڵێنرێت تاوەكو سزای خۆیان وەرگرنوكۆمپانیاكان داخرێنوناچار بەقەرەبووی خەڵكی كوردستان بكرێن -5 سەرەرای ئەوانە عەدالەتی مۆڤایەتی دەخوازێت تاوانباران بەسزای یاسایی بگەن .

ئەوانە هیچیان ئەنجام نەدران ، تەنانەت تاوەكو ئەم چركە ساتەش حكومەتی كوردستانو دەسەلآتدارانی هەرێم جگە لەوەی رۆڵێكی پۆزەتیڤیان لەمەر ئەودۆزە نەتەوەییو ئینسانیە نەگێراوە لەهەمان كاتدا زۆرسلبیانە كاریان لەسەربچووككردنەوەی دۆزەكەكردووە، ئەوان هەر لە دوای راپەرینەوە زۆرێك لە تۆمەتبارانو گومانلێكراوانو مستەشارەكوردەكان كە لەكوردستان ناسنامەی ( ئەنفالچی) یان وەرگرتووە، لەدەوری خۆیان كۆكردەوەوئیمتیازوبەرپرسیارێتیشیان پێبەخشین، هەرئەوان پشگیری نزار خەزرەجی یان كرد تاوەكو لەدەست سكالآی رەوەندی كوردی قوتار بێت لەوولآتی دانیمارك، فرۆكەوانەكەش لە ژێردەسەلآتی ئەواندا بەهەڵمبوو...! هەربۆیە ئێمە وەكوهاوولآتیانی كوردستانوبەتایبەت خەڵكانی ناوچەكیمیابارانوئەنفالكراوەكان، تەنها بەم دادگایی كردنە سادەیەی هەندێ لەسەرانی بەعس قایلنەبین بەڵكو دوای هەر تۆمەتبارێكی




تر بكەوین كە دەستی لەجینۆساید كردنی گەلەكەماندا هەیەوهەوڵبدەن لەدادگا نێوخۆییو نێوەوڵەتیەكاندا دادگایكردنێكی دادپەروەرانەیان بۆسازكەین، ئەمە بێجگەلەوەی كەدەبێت خەبات بۆ ئەوەبكەین سەرجەم ئەوكۆمپانیا بیانیانەی مەوادی قەدەغە كراویان بەرژێم فرۆشتووە دابخرێنوبەرپرسو خاوەنەكانیان دادگایی بكرێنو خۆیانو وولآتەكەیان بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەكان پابەند بكەین بە قەرەبووكردنەوەی كوردستانوئەوناوچانەی كە راستەوخۆ بەچەكە كۆمەڵكوژەكان بەركەوتوون.

بۆیە دەڵێم دەبێ ئێمە ئەوخەباتە دەست پێبكەین چونكە لە ئەجێنداو خەیاڵدانی دەسەلآتی كوردستاندا نیە كار بۆ ئەومەسەلەیە بكات لەئاستی نێودەوڵەتیدا، تەنانەت ئەوان

نەیانتوانیوە لەئاستی عێراقیشدا ئەوکارە بکەن، بەداخەوە هەتا ئێستا ئەوەی توانیویانە بیکەن شەڕی کورسی‌وپارەبووە، کەچی ناتوانن تەنانەت بە شێوەیەکی شەرمنانەش داوا لەحکومەتی عێراق بکەن داوای لێبوردن لەکورد بکات بەوپێیەی کەحکومەتی ئێستا جێگرەوەی حکومەتی پێشووە، ئەمە جگە لەوەی تاوەکو ئێستا نەتوانراوە حکومەتی عێراقی پابەند بکرێت بە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی دەستی ڕژێم‌و بە یاسایەك قەرەبوو کردنەوەی خەڵکی کوردستان بسەپێنن .

هەر ئەم بیرکردنەوانە وای لەئێمەی خەڵکی ناوچەکیمیابارانکراوەکانی کوردستان کرد کە لە یادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا نەچینە یەو یادەو لەبری ئەوە چوینە بەردەم کونسوڵخانەی ئەڵمانیاو بەو شێوازە یادی ئەوتاوانە بکەینەوەوبەوشێوەیە ڕێز لەقوربانیەکان بگرین، ئێمە ئەو ڕۆژە لەهەولێرەوە یادی قوربانیانی ( 16 / 3 )مان کردەوەو دوامانکردئەمرۆ بکەینە ڕۆژێك بۆ ئاشتەوایی جیهانی، لەو ڕۆژەدا ئێمە بەپێچەوانەی بەرپرسان کەتەنها لە ( 3/16)دا هەڵەبجەیان بیردەکەوێتەوەو بەلێشاوسەردانی دەکەن‌وتاجەگوڵینە لەسەر مەزاری شەهیدان دادەنێن، بەوەخۆیان لەبەرپرسیارێتیەکان قورتاردەکەن هەربۆیە ئێمە بڕیارماندا جیاواز لەوان هەڵەبجە بەجێبێڵین‌و لەزۆربەی ناوچەکیمیابارانکراوەکانی کوردستانەوە ڕوولەهەولێربکەین‌و سەرشەقامی گشتی ڕیگای کەرکوك بگرین‌و لەبەردەم کونسولگەری ئەڵمانیابۆماوەی‌دووسەعات‌ونیو بەپێوە بوەستین.

بێگومان ئەو چالاکیە پەیامێکی گرنگی بەخشی بەدنیای دەرەوە کەدەکرێ لەدوو خاڵداچڕبکرێتەوە: یەکێکیان بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان تاوەکو پێیان بڵێین ئەوەی ئێوە پێی هەڵناسن ئێمەی جەماوەرئەنجامی دەدەین، دووهەم پەیامیان کەلەوەی پێشوو گرنگترە ئەویش بۆحکومەتی ئەڵمانی کەبەو چالاکیە توشی شۆك بوو چونکە ڕەنگە بەخەیاڵیدا نەهاتبێت ڕۆژێك خەڵکی کوردستان هەست بەوە بکەن‌و کونسولگەریەکەی کە بەبەشێك لە سیادەو خاکی ئەڵمانی هەژمار دەکرێت بگرین‌و پێیان بڵێین لەجیاتی سیاسەتی جەنگخوازی‌و بەشداری کردن لە قڕکردنی گەلان‌و بەردەوامبوون لەسەر تێزی نازیزم، باشترە بۆتان پەیامی ئاشتی هەڵبژێرن، هەربۆیە دەبێ داوای لێبوردنمان لێبکەن چونکە لەسەرخاکی ئێوەوکۆمپانیاکانی ئێوە گازی خنکێنەرومەوادی کیمیاوی کۆمەڵکوژ ڕەوانەی عێراق دەکرا تاوەکو ئەویش کۆمەڵکوژی پێ ئەنجامبدات، ئەوەی زیاتر گرنگی بەچالاکیەکە دابوو کارکردنی میدیا نێوخۆیی‌و نێو دەوڵەتیەکانبوو بەتایبەت میدیا ئەڵمانیەکان لەسەرئەو چالاکیە.

کیمیابارانکردن‌وکۆمەڵکوژی‌وجینۆساید

کارەساتێك نیە بەکوشتن کۆتایی بێت بەڵکو شوێنەواری ترسناکتر لە مەرگ بەشوێن خۆیدا دەهێنێت، هەربۆیە دەبێ هەموو دنیا لەوانە حکومەتی کوردستان‌و ئەڵمانیاش لەوە تێبگەن کەخەباتی خەڵك بەردەوام دەبێت لەوپێناوەداونەوەوە دوای نەوە بۆیەکتری دەگوێزنەوە تاوەکو ئامانجەکان بەدیدێن.



کوڕی موستەشارێک " حەمەتاڵ شارەزووری" :

# نەك باوكم ئەگەر بەشێك لەجەستەی خۆشم بەشداری ئەو تاوانەی كردبێ دەبێت بە نەشتەرلەخۆمی جیابكەمەوەو بیسوتێنم

دوای دەرچوونی ژمارە 6ی گۆڤاری ئەنفالستان رۆژێك كوڕێك هاتەلام‌و زۆر بەگەرمی دەستخۆشی لێكردم، ئەو كەلەگەڵناسیاوێكی خۆم هاتبوو، ووتی: ئەم كوڕە بناسی باشە ئەوە كوڕی موستەشارێكە منیش بەسەرسوڕمانەوە بۆدلنیایی پرسیارم لێكرد، ئاخۆ راستە حەمەتاڵ جەختی كردەوەو وتی: بەڵی من كوڕی بایز عەزیزم، پێشتریش لەزۆر ڕۆژنامەو كەناڵی تر قسەم كردووەو پێمخۆشە ڕاستیەكان بۆ گۆڤارەكەی تۆش باس بكەم، منیش بەخۆشحاڵیەوە موبادەرەكیم وەرگرتووو وتم تۆ ئەولۆجیكەت رەتكردەوە كە دەڵێت گیالەسەربنجی خۆی دەڕوێتەوە ئیتر دوای چەندینجار وادە دانان‌و راگۆرینەوە لەرێگەی پرسیارو وەڵامو تەلەفۆنەوە ئەم دیدارەی لێبەرهەم هات.

**تۆ لەیەكەم دیدارماندا باسی ئەوەتكرد كە كوڕی موستەشاریكیت ئەگەر خۆت بناسێنی ؟**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ناوم حمە تاڵ بایز عزیزە، كە لەسەروەختی ڕژیمدا موستەشار بووە، ئێستا دانیشتوی شارەزورم ،

**كاك محمەد تۆ بەچیەوە سەرقاڵیت ؟**

ئێستا بەكاری ڕێكخراوەیی‌و فاڵ بووی بواری ڕوناكبیری و مەدەنی، هەروەها سكرتێری ڕێكخراوی (كۆمەڵەی گزنگی كوردستان)م‌و لە زەرایەن دادەنیشم.

**تەمەنت چەندە**

تەمەنم (30) سی ساڵە واتە لەدایكبووی ساڵی 1980م

**ئاستی خوێنەواریت چەندە**

پلەی خوێنەواریم ناوەندیە، زۆر بەداخەوە لەساڵی 1994 بە هۆی دروستبونی شەڕی ناوخۆوە دەستم لەخوێندن هەڵگرت، هەر بۆیە نەمتوانی بگەم بەچرای زانست و زانیاری كە گەورەترین ئاواتم بوو.

**ئەی ئەوەنیە بەكاری رێكخراوەییەوە خەریكی ؟ ئەوەش زانستی ناویٚ ؟**

با مەبەستم زانیاری زۆرترە

**ئەوسا كە باوكت موستەشار بوو لەكوێ دائەنیشتن**

ئەوساش هەرلە شارەزور — زەڕایەن نیشتەجێ بوین

**باوکت لەکوێ دائەنیشێت وئیشی چیە..؟**

بەو پێیەی باوکم دووخێزانی هەیە، یەکیان لەگەرمیانەوئەوی تریان لەشارەزور لە هەردوولا دائەنیشێت، هیچ ئیشێکی تایبەتو سەرەکی نیە

**ووتت باوکم دەسەلآتداربووەو چەکداری حکومەت بووە، ئەی ئێستا چ کارە رونتر بلێم چەکداری کێیە ؟**

پێشتر پارتی بوو بەلآم ئێستا هیچ ئیشێکی سەرەکی نیە . زۆر بەداخەوە لە ناخمدا هەست بەشەرمەزاری دەکەم کاتێك کە وەلآمی ئەم پرسیارە ئەدەمەوە، چونکە باوکم لەڕابوردوودا لەگەڵ حکومەتی ئەوسای عێراقدا بوو..؟ پێمخۆش بوو لەوسەروەختەدا پێشمەرگەیەك یان سەرکردەیەك بوایەوشەهید بوایەو ئێستا شانازیم پێوە بکردایە، نەك موستەشاربوایە .

**یانی شانازی بەباوکتەوە ناکەیت ؟**

وەکو ئەرکی باوکایەتیو شەرع باوکمەو شانازی پێوەدەکەم، بەلآم وەکو ترکەموستەشاربووە نەخێر، لەگەڵ ئەوەشدا دەیان کەسی لەمردن رزگارکردووەو لەبن پەتی سێدارە دەری هێناوە، چەندین کەسی لەئەنفال دالدەداوەو هویەی بۆکردوون، بەلآم سەد هەزار کەسیشی رزگار کردبێت، من هەر بەتاوانباری دەزانم. من لە زۆر شوێنی ترگووتوومە لەپێش هەر کەسێکەوە داوای دادگایی کردنی تاوانباران دەکەم، لەپێشەوە باوکی خۆم.

**پلەوپایەی چی بوو..؟**

موستەشاری فەوجی دیفاع وەتەنی بوو.

**دەزانم بەلآم کام فەوج مەبەستم ئەوەیە ژمارەی فەوجەکەی چەندبوو ..؟**

وەکو بیستومە ژمارەی فەوجەکەی (213) بووە

بۆچی بیستووتە ئەی خۆت نایزانی ؟

ئاخر ئەوکاتە من منداڵ بووم .

**چەندچەکداری هەبوو ژمارەی جاشەکانی چەندبوو ..؟**

وەکو دەڵین نزیکەی (1500) چەکداری هەبووە

**بۆچی خۆت نایزانی نێوانتان لەگەڵ باوکت باش نیە ؟**

بابە ینمان باشە، جاران باش نەبووین، لەراستیدا من زۆر توندبووم لەگەڵیدا بەلآم ئێستا باشین، پێشتر ئەو پارتی بوو من یەکێتی بووم، ئێستا بەینمان باشە.

**جابۆچی توندبوویت توندی لەگەڵ کەس باش نیە.**

ئەیانوت باوکت جاش بووەو موستەشاربووە، ئیتر من پێمناخۆش بوو، ئەوپارتی بوو، من یەکێتی بووم .

**کەوایە وەکو کوڕی موستەشارێک تاوانەکانی ئەنفال وکیمیاباران لای تۆ چی ئەگەیەنێت ..؟**

ئەنفال سورەتێکە لەقورئانی پیرۆز خوای گەورە لەدوای سەرکەوتنی موسوڵمانەکان بەسەر کافرەکاندا لە جەنگی بەدردا ناردیە خوارەوە بۆ پێغەمبەری موسوڵمانان (د.خ) بۆ ئەوەی موسوڵمانەکان لەسەر دەسکەوتەکانی ئەو جەنگە شەڕو ناکۆکی دروست نەکەن کە دەفەرموێت

(يسئلونك عن الانفال قل الانفال للهو الرسول) واته : ئەی پێغەمبەر (د خ ) پرسیار ئەکەن لێت لە بارەی دەستکەوتەکانەوە بڵێ دەستکەوتەکان هی خواو پێغەمبەرەکەیەتی ) ئەمە پەیوەندی بەکافرەکانی قورەیشەوە هەبو کەبە هیچ شێوەیەك بڕوایان بەئیسلام نەبوو ئینجا موسوڵمانەکان لەسەرئەو دەستکەوتانەی کە لەو جەنگەدا بەدەستیان هێنابوو خەریك بوو ناکۆکی دروست ببێت لە نێوانیاندا.

وەبەبەڵگەی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر (د خ) هەر کەسێك ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆ مەهامومەبەستی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت یان بەپێچەوانەوە کاری پێ بکات ئەوا مەتڵەقەن ئەو کەسەکافرەو پێویستە موسوڵمانان لێی بێ دەنگ نەبن.

**کەوایە پێت وایە بەعسیەکان کافربوون ؟**

بەڵێ ..پێموایە ئاخر لەکام ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتوەکە منداڵی ساوا زیندە بەچاڵ بکرێت..؟ ئافرەتی بەستەزمان کەهەموو ژیانی هەردەردە سەری وەمەینەتی بوە، لەکام ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتوە کەدەستو چاوی ببەسرێت و لەبیابانەدا زیندە بەچاڵ بکرێت..؟ بۆیە دەیان بەڵگەی شەرعی هەن دەیسەلمێنێت کەسەدام و دارو دەستەکەی هەموو شوێنکوتوانی وە هەرکەسێك لەم گۆی زەویەدا خۆشەویستیو وەلائی بۆیان هەبوبێت ئەوابێ هیچ پاساوێك کافرە وحسابی دوژمنی خوای بۆ دەکرێت. ئەودەوڵەت و لایەن و کەسانەشی کەخۆیان بە موسوڵمان دەزانن لەو کاتەدا دەبوو ڕێگریان بکردایە، یان دەسەڵاتیان نەبوو بەقسەو گوفتارو نوسین و بەیاننامە بۆیە هەموو ئەوانەش تاوانبارن .

پێم وایە بەکارهێنانی وشەی ئەنفال لەداهاتودا بۆگەلی کورد کاریگەری باشی نابێت بەکارهێنانی وشەی جینۆساید لەبری وشەی ئەنفال باشترە چونکە ئێمە کافرنەبوین، ئەم ناوە لەلایەن کەسێکی کافری دڕندەی خوێن مژەوە بۆ ئێمە دانراوە ئەمە لەڕوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە. بەڵام لەڕوی تاوانی مرۆڤایەتیەوە مەسەلەی ئەنفالو کیمیاباران دوو تاوانی دڕندانەی ڕژێمی بەعس بون بۆلەناوبردنی گەلی کورد، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تاوانەکانی ئەنفالوکیمیاباران بەشێك بووە لەپرۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد.

**ڕات چیە بەرامبەر ئەو یادکردنەوانەی کەحکومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی ئەنفال وکیمیابارانەوە ئەنجامی ئەدات ؟**

یادکردنەوە زۆر گرنگە بۆ زیندو هێشتنەوەی نەتەوەو بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆڵەکانی میللەت هەرگەلو نەتەوەیەك یادو بۆنەی زۆر بێت بە دڵنیاییەوە ئەو میللەتە زۆر بە هێزە، یادی ئەنفال و کیمیاباران فەرزە لە سەرحکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بەشێوازێکی گونجاو ئەو یادانە بکاتەوە، کەسەرنجی دنیای بۆ ڕابکێشرێ پێویستە یادکردنەوەیەك نەبێت بۆجولاندنی عاتیفەوگریانو بکرێتە کۆڕی شیعر خوێندنەوە پێویستە

لەسەرحکومەت نەك هەربە یادکردنەوە بەڵکو بخرێتە ناوپرۆگرامی خوێندنەوە

**چی بکەین باشە تائاسەواری ئەوتاوانانە بسڕێتەوە**

ئەبێ هەوڵ بدرێت ئەو شوێنانەی کەوێرانکراون پرۆژەی خزمەت گوزاری زیاتری تێدا ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی لە جاران زیاتر زیندو بکرێتەوە پێویستە هەموومان یەکگرتوویەك دەنگ و یەك دەستبین تا جارێکی تر لە ژێرسایەی هیچ دەوڵەتێکدا ڕوبەڕوی کارەساتی لەوجۆرە نەبینەوە وەئەبێ هەوڵی ئەوە بدەین ئەم تاوانانە لەبۆنە نێودەوڵەتیەکاندا زیاتر بەرزبکرێتەوەو بناسرێت

**تۆ وەکو کورە موستەشارێک هەڵوێستت چیەبەرامبەر ئەوەی کەباوکت بەشداری تاوانی ئەنفالی کردوە ؟**

من پێشتریش باسم کرد ئەوانەش تاوانبارن کەدەبوو ڕێگریان بکردایە کە نەشیانتوانی دەبووایە بەتوندی نارزاییان دەربڕییایە ئەوەشیان بۆنەکرایە دەبوایە لەدڵەوە ئەوکارە وەحشیگەریەیان پێ ناخۆش ببوایە ئەگینا بەتاوانبارێکی گەورە حیساب دەکرێن.

ئایە کەسێك کەخۆی بەشداری ئەم تاوانەی کردبێ چۆن سەیر بکرێت..؟ نەك باوکم ئەگەر بەشێك لەجەستەی خۆشم بەشداری ئەوتاوانەی کردبێ ئەبێت بەنەشتەر لەخۆمی جیابکەمەوەو بیسوتێنم من لەڕابوردودا لەچەندین جێگەو کۆنگرەو وە لە چەندین ڕۆژنامەدا باسی ئەوەم کردوە من لەکاتی ئەنفالدا تەمەنم هەشت ساڵان بوە بۆیە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندیم بەڕابوردوی باوکمەوە نیە سوپاس بۆخوای گەورە خاوەنی ڕابوردوێکی پاکم هەر لەتەمەنی حەڤدە ساڵیەوە بوم بەپێشمەرگەو تائێستەش بەشێوازی جۆربەجۆر بەردەوامم لەخزمەتکردنی گەلەکەم خاوەنی دەیان سەروەریم وە بەرائەتی خۆم لە هەر تاوانو کردارێك دەربڕیوە کەباوکم لەڕابوردودا ئەنجامی داوە وەئەوەشم وتوەو دوبارەو سەد بارەشی دەکەمەوە باوکم لەڕوی شەرعی و لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە باوکمەو خۆمی لە پێناودا بەخت دەکەم، بەڵام لەڕوی نەتەوایەتیەوە وەك کەسێك تاوانی دژی گەلی کورد ئەنجام دابێت ئامادەم خۆم یەکەم کەسبم شکایەتکار بەسەریەوە من وەکوخۆم هەر کەسێك بچوکترین تاوانی دژ بەگەلی کوردئەنجام دابێت ئامادەم هەموو هەوڵێکی خۆم بخەمگەڕ بۆ ئەوەی بەسزای خۆی بگات بەڵام لەپاڵ ئەمانەشدا هەندێك ڕاستی هەیە نابێ بشێوێنرێت.

**وەکوچی ؟**

وەکو زۆرشت قەت پاساو بۆتاوانی کەس ناهێنمەوە، بەڵام لەسەرەتای پێگەیشتنمەوەتا ئێستاش کەپێیان وتوم باوکت کەسێکی ئەنفالچیە زۆر زۆر هەستم بەشەرمەزاریی کردوە لەوکاتەوە تا ئێستا بەدەیانجاربەوردی پرسیاری بەشداری کردنی باوکم لەو تاوانە لەخزمان ودۆستان و شایەتحاڵەکان کردوە.

**گەیشتوویتە چی راستیەک ؟**

ئەو کەسانەی باوکم تەسلیمی کردون هەموویان خزمی خۆمانن پرسیارم لە باوك دایكو براو خوشكی زۆربەیان کردوە، بەگشتی ئەڵێن ئێمە خۆمانو کوڕەکانمان لەوکاتەدا زیاتر لە بیستجارچوینە سەر باوکت پێمان دەوت زۆر عەیبە بۆتۆ وا هەمووی تەسلیم بوەتەوە وەرە فریامان بکەوەو ئەمانیش بەرە باچیتر خۆیان نەشارنەوە..

**مەسەلە وەکو کێ ؟**

زۆرن ئەوکەسانە 60-70 کەس دەبن دەڵێن ئەگەر باوکت بدرێتە دادگاو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت ( دەچین شایەتی بۆدەدەین خۆمان چووین دەستەودامێنی بووین بێت کوڕەکانمان بەرێتو تەسلیمیان بکاتەوە، لە هەموو جێگایەکیش ئەم قسەیە دەکەین نکوڵی لەڕاستیەکان ناکەین لەوانە تۆلای خۆی خزمی ئێمە ئەمڕۆ تەنگانەمانە خۆت لەئێمە ئەدزیتەوە ئەویش هەموو جار پێی دەگووتین بیکەن بەخاتری خوا وازم لێبهێنن، من بەتەمای خۆشم نیم دواجار هەروازمان لێی نەهێنا هەتا بردنی ئەوەبو هەرکەس کە ڕۆژی یەکەم ڕۆیشت وەرقەیان بۆکردوو ناردیانەوە.

**ئەگەر بتوانیت بەڵگەی زیاتربدەیتە دەستەوە بۆنمونە کەس هەیە لەژیاندامابێو باوکت کەسوکارەکەی دابێتە دەستەوەو ئێستا بلێت خۆمان پێمان ووتووە؟**

بەڵی هەیە لەوانە مەلائەحمەد ئیمامو خەتیبە، مەدحەدی حاجی سابیر، حەمەی مامە عارە فەتاحی حاجی رەسوڵ حسێنی حاجی عەبدوڵا، محمود گلاڵیو زۆری تریش ؟ تەنانەت دادە جەواهێرێك هەیە چووبووە سەرباوکم زۆری جنێو پێدابوو لەژێر جێگەدابووە کە چووەتە سەر باوکم ووتوویەتی تۆ بۆ فریامان ناکەویتو مشوری ئەو کوڕانە ناخۆیت.

**ئەمانە خزمی خۆتان نین ؟**

ئەی خۆ ئەوانەی ئەنفالیشکرانو باوکم تەسلیمی کردوون هەمووی هەر خزمی خۆمانن خۆ بێگانەیان تێدانیە ؟ هەتا کۆمەڵێکی ترمان مابون کەسوکاریان چووبوونە سەرباوکم وتبویان بەخوا قەت مەرحەبایت ناکەین چۆن ئەوانت بردوە دەبێت ئێمەش بەریت زۆر عەیبە بۆخۆت ئێمەش کەسوکاری تۆنین ئیتر ئەوەبووئەوانیشی بردبوو پێیان وتبوو ئەمانە ئەم شەو لێرە دەبن سبەنێ وەرقەیا بۆدەکەینو بیانبەرەوە بۆبەیانی کەرۆشتبوبەشوێنیاندا گوتبویان بردونیان بۆئەمن کە چوبو بۆ ئەمنیش وتوبویان بردونیان بۆ کەرکوك پاش چەند ڕۆژ ئەمسەرو ئەوسەری سلێمانی و کەرکوك و بەغدا بۆ دواجار لە کەرکوك پێیان گوتبو ئەمە دواجارە سۆرخیان بکەیت ئەمجارەیان بێیتەوە دونیا بە دووچاو نابینیت ئەت بەین بۆلای ئەوان ئەمری سەید ڕئیسە ئەوەی دیفاع لەتاوان باربکات وەك تاوانبارەکە حساب دەکرێت، هەندێکیش ئەڵێن گوایە کەسێکی ناسراوی خۆمان کەئەو کاتە لەناو حکومەتدا دەستڕۆیشتوبوە لەگەڵ باوکمدا ناکۆکیان هەبوە ئەو بوەتە هۆی ئەوەی کەئەوانە ئازاد نەکرێن ئەمە قسەی

کەسوکاری ئەنفال کراوەکانت بۆدەکەم ، یەکێك لەوان بۆی گێڕامەوە ووتی: کاتێك بۆ دواجار باوکت هاتەوە پێی وتین خوامالّتان ئاواکات من نەمووت بیکەن بە خاتری قورئانی عەزیم وازم لێ بێنن من بەتەمای یەك سەعاتی خۆشم نیم.

من دەزانم بەعس فیلّی لەموستەشارەکانیش کردووە . بەلاّم کەس نیە بلێت خەتای باوکت بووە یان ئێستا شکاتی لێی هەبێ ؟

ئێوە خۆتان شارەزان لەداهاتودا دەتوانن وەکو ڕێکخراوەکەی خۆتان (ناوەندی چاك) بەدواداچون بۆ ئەم مەوزوعەبکەن. نەم بیستووە کەس دەعوای لەسەر باوکم هەبێ ئەگەر هەش بێت من هاوکاری دەبم..؟ بەلاّم خۆ هەموو کەسێش دۆستو نەیاری هەیە .

هەموو کەس پاساوی خۆی هەیە بەلاّم. کەوایە باوکت زەرەری بۆکێ هەبووە ؟ بۆچی شانازی پێوە ناکەیتو هەست بەشەرمەزاری دەکەیت ؟

وەکوو باسمکرد قەت پاساو بۆتاوانی هیچ کەسێك ناهێنمەوە بۆیە داواکارم، هەرکەس بەکردەوەی خۆی لەگەڵدا بکرێت .

ئەی باوکت خۆی دەڵی چی ؟ هەست بەپەشیمانی دەکات ؟

دەڵی ئێمە بۆیە چەکمان هەلگرتووە، لەبەر ئەوەی تەعدایان لێدەکردین، هەندێکجار بەناوی پێشمەرگەوە خەڵك دەهاتەسەرمانو دەستدرێژیان کردووەتە سەرمان، خۆهەندێکجار پێشمەرگەش ئەو تەعدایانەیان کردووەو بونە هۆی ئەوەی خەڵك ببێتە جاش.

مەبەستم ئەوەیە باوکت لەسەر ئەنفال چی دەڵێت ؟ هەستدەکەیت ویژدانی بریندارێت ؟

لەسەر ئەنفال بێتاقەتە چونکە هەمووجارێ دەڵێت خوامالّتان ئاوابکات منتان شەرمەزاری بەردەم خواو میللەتیشکرد .

باوکت چەند کەسی داوەتە دەستەوە ؟

36 کەس هەمووی خزمی نزیکی خۆمان بوون.

دوا ووتەت چیە ؟

داوا لە هەموو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هەمووکەسوکاری کیمیاباران هەموو ناوچەکانی کوردستان هەموودایك وباوك وکەسوکاری شەهیدان لەهەموو کوردێکی بەشەرەف و خاوەن هەڵوێست بابەیەك دەنگ داوابکەین هەموو ئەوانەی کە تاوانیان دژی ئەم گەلە خێر لە خۆنەدیوە ئەنجامداوە بدرێنە دادگاو بەسزای عادیلانەی خۆیان بگەن هەرلەموستەشاروئەنفالچی و فایلدارەکانەوە کەئەمان دووجار تاوانبارن وە ئەوانەش کە تا ئێستا بەردەوامن لەو چەشنە تاوانانە هەرکەسێك کەتاوانی دژی گەلی کوردئەنجام دابێت لەهەر چوارپارچەی کوردستان وەئەوانەشی کە لەپیلاندان بۆشۆڕشگێڕەسەربەرزەکانی قەندیل.. لێیان بێدەنگ نەبین .

# ڕێگایەکی تر بۆ یادکردنەوە

ئا: ئەنفالستان

ئەمساڵ بە دەستپێشخەری خەڵکی هوشیاری ناوچەکیمیابارانکراوەکانی کوردستان، لەپێناوی ئەوەی دور لەرۆتینو بەشێوەیەکی جیاواز بیریان لە ڕێزلێنانی قوربانیانی 16.3.1988 ی شاری هەڵەبجە کردەوە، ئەم دەستپێشخەریە مایەی هەڵوەستەبوو لەبەرئەوەی دوربوو لەو یادانەی تەنها پارەوپولی ئەم وڵاتەی تێدا بەهەدەردەرێت. بۆیە دەشێت لە داهاتوودا ببێتە نەریتێکی جوانتروگونجاوتر.

ئیتر پێویستە کورد لەنەتەوەیەکی پرسە گێڕەوە ببێتە نەتەوەیەکی چالاكو لەبری پارانەوە بەكاری جەماوەریو دیموکراسیو دبلۆماسی خەباتێکی تر دەستپێبکات.

خۆپیشاندانی خەڵکی ناوچە کیمیابارانکراوەکان لەبەردەم قونسوڵخانەو بالوێزی وڵاتان کارێکی تازەی کورد نیە، بەپێچەوانەوە دەمێکە لەلایەن کوردانی تاراوگەوە بەتایبەتیش لەلایەن ناوەندی چاکەوە ئەم شێوازە ئەزمونکراوە، بەڵام لەعێراقو کوردستانو لەبەردەم سەفارەتو قونسولخانەکانی وڵاتان شتێکی ئەزموون نەکراووبوو، بۆیە دەشێت بڵێین رۆژی 16.3 خەڵکی




ناوچە کیمیابارانکراوەکان کەپێشتریش ڕێکخراوێکیان دامەزراندبوو بەناوی ( ڕێکخراوی سپی بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکان) هەنگاوێکی جدیو جێگەی پشتیوانی کوردە.

رۆژی 16ی ئازار نوێنەری ناوچەکیمیابارانکراوەکان کەبریتی بوون لەوشوێنانەی زۆرترین کۆمەڵکوژییان تێداکراوەو ڕێژەی چەکی کیمیاویان تێدا بەکارهێنراوە لەوانە (هەڵەبجە، سێوسێنان، دۆڵی جافایەتی، گۆپتەپە، عەسکەر، بالیسانو شێخ وەسانان، دۆڵی ئاکۆیانی ڕەواندوز) کە هەریەکەیان بەلافتەو دروشمی خۆیانەوە چووبوونە شاری هەولێرو لە بەردەمی قونسولخانەی ئەڵمانیا. بۆماوەی دوو کاتژمێر زیاتر بەردەمی قونسولخانەیان گرتو دوای بێنەوبەرە توانرا قونسوڵ ببینن و پەیامی خۆیانی پێ بگەیەنن.

لەو رۆژەدا کە پەیامێکیشیان بلاوکردووەتەوە تیادا دەڵێن ئەمرۆ بۆ رێزگرتن لە قوربانیانی کیمیابارانی هەلەبجە ئێمەئەمرۆ بەپێوە

رادەوەستینو بـا دانیشـتنی سـەرۆقەنەفەکان بـۆ ئەوکەسانەبێت، کـەبۆ روپامـایی یـادی هەلەبجەوئەنفالیان کردووەتە نـەریتێکی رۆتینـی سـالآنە. ئێمە ئـەمرۆ پـەیامی ئاشتی دەدەیـن بـەجیهانو داوا لەدەوڵەتی ئـەلمانیاش دەکەین پـەیمانی ئاشـتیمان لەگـەڵ ببەستێ ..

رێکخەرانی ئەو خۆپیشاندانە هەریەکـە لـە عومەرمحمـەد، دلاوەر حەیـدەر، فـەلاح مرادخان، محمەد ئەمین لاسە بالیسانی، کـەهاوکات لەگـەڵ نوێنـەرانی ناوچـە کیمیابارانکراوەکـانیش چـوونەتە ژورەوە بـۆلای قونسـولی ئـەلمانیا توانیـان رێگەیـەکی تـر هەڵبـژێرن بۆ روبەرووبونـەوەی ئەنجامـدەرانی تـاوانی کیمیابارانکردنی کوردستان.

یـەکێك لەرێکخـەرانی خۆپیشاندانەکە (فـەلاح مـراد خـان) بەسـاڵنامەی ئەنفالسـتانی راگەیانـد : ئـەوەی ئێمـە ویسـتمان خۆپیشـاندانێکی هێمنانـە بوو، ئێمە تەنها ویستمان پەیامێك بدەینە جیهانو وڵاتـە زلهێزەکان بەتایبـەتی ئـەلمانیا بۆیـە نەمانویست قـەرەبالغی دروست بکـەینو خۆپیشـاندان بکـەین، تـەنها ویسـتمان نوینـەری ناوچـە کیمیابارانکراوەکان بۆخۆیان لەهـەولێرەوە، بـەجیهان بلـێن ئێمـەش بەشـێکین لـە کۆمەڵگـەی نێودەولـەتی وەکـو لەپەیامەکەشمانـدا رامانگەیاندبوو بەجیهانمان ووت: چ ئەوکاتەی هـەولی کۆمـەڵکوژیمان دەدراو چ ئێستاش کەدادگایەکی تایبەتمەند تاوانەکـەی بەجینۆسـاید یـەکلایی کردووەتـەوە ئێمـە ئاشـتی خوازبـووینو داوای عەدالـەتو ئاشـتیمان بـۆ جیهـان کـردووە. 3/16 ش هـەروامان بـە قونسـولی ئەلمانیاگوت.




لـەبارەی ئـەوەی نوێنـەران چـییان بـە قونسـولی ئـەلمانیا گووتـووە، یەکێکی تـر لەرێکخـەرانی چالاکییەکە خاتوو عەدالـەت عومـەر کە هاوکات چووەتە ژوورەوەو یەکێك بووە لە قسەکەرانی ئـەو رۆژە بـۆ ئەنفالسـتان دواو ووتـی: پێمـانگووت: ئێمـە تـەنها دەولـەتی عێـراق بەبـەرپرس نـازانین لـەو تاوانانـەدا راستە ئـەو ئەنجامـدەرە، بـەلآم هاوکارەکانیشی بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە ئەستۆ .. ئەوانەی مەوادی کیمیاویان داوەتە بەعس، ئەوانـەی پسپۆریان بـۆ دابینکـردووە، ئـەو کۆمپانیایانـەی زۆرتـرین مـەوادی کیمیاویـان بـۆ عێـراق دەسـتەبەر کـردووە لـەپێش هەموویانـەوە دەولـەتی ئـەلمانیا هـەموویان قـابیلی

لێپرسینەوەن‌و قەرزاری ئێمەن. بەشێوەیەکی گشتی هاوکارەکانیشم هەموومان قسەکانمان لە گەڵ قونسوڵ لەسەر تەوەری تۆمەتبارکردنی دەولەتی ئەلمانیا دەسورایەوە، دەتوانم بلێم نوێنەرەکان هەریەك هەموویان قسەی زۆر گرنگ‌و سەنگینیانکرد.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستن نوینەرانی ناوچە کیمیابارانکراوەکان ئەگەرچی بەهێمنی دوابوون بەلام بەشێوازێکی سەرکەوتوو قسەکانیان کردبوو تا ئەو رادەیەی قونسوڵی ئەلمانیا ئیحراج بکەن.. مامۆستا حەسەن کە خەڵکی گوندی سیوسێنانی ناوچەی قەرەداغەو یەکێکە لەوکەسانەی چوەتە ژوورەوە بۆلای قونسولی ئەلمانیا وتی لەو ڕۆژەدا قسەی جدی کرا وەك ئەوەی کە تاوانی هۆلۆکۆستمان بیرخستنەوەو سوپاسیشمانکردن کە لەبەرانبەر ئەوتاوانە ئەلمانیا لەپاش سیستمی نازی داوای لێبوردنی کردووەو ئەمەش مایەی شانازی ئێمەش‌و ئەلمانیاشە، بەلاّم قەرزاری ئێمەی کوردیشن.

نوینەرانی ئەو خۆپیشاندانە هەمان رۆژلەبەردەمی قونسولی ئەلمانیا کۆبوونەوەیەکی رۆژنامەوانیان بەست‌و رایانگەیاند بێگومان قونسوڵیش قسەی خۆی هەبوو، ئەو سوپاسی کردین کە بەشێوەیەکی ئاشتی خوازانە چووینە بەردەمی ئۆفیسەکەیان، بەلاّم ووتی : بەرپرسیارێتی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی عێراق ئەو کۆمپانیایەشی مەوادیان بەعێراق فرۆشتووە کاتی خۆی سزاماندراون، لەبەرئەوەی سەرپێچی یاسای ئەلمانیایانکردووە، چونکە ئەلمانیا ئیدانەی وەها تاوانێك دەکات‌و ئێمە لەگەڵ کورد دۆستایەتیمان هەیە. بەلاّم نوینەرەکان بەراشکاوی پێیانگوتبوو: ئێمە کاتێك دۆستایەتی قبوڵ دەکەین کەداوای لێبوردنتان پێ شەرم نەبێت.. ئێمە ئەوەمان بیرخستنەوە ئەلمانیا کارێکی گەورەی کردو بەوەو سەربەرزە کە لەدوای سیستمی نازیەوە داوای لێبوردنی لەجولەکەکان کرد، بەلاّم کارێکی خراپ‌و دزێوی ئەنجامدایەوە کە لەدوای ئەو لێبوردنەوە لەبری ئەوەی پێشەنگی ئاشتی‌و پشت‌و پەنای گەلە هەرەشەلێکراوەکان بێت، لەبری ئەوەی پشت‌و پەنای کوردبێت هاوکارو پشتیوانی بەعسی کرد کە هیچی لەنازیەکان کەمتر نەبوو، بەتایبەتی رەفتاری لەگەڵ کورد. بەپێی قسەی نوینەری خۆپیشاندەران کە لەکۆنگرە رۆژنامەنوسیەکەی هەمان رۆژدا بەستیان قونسوڵی ئەلمانیا ووتوویەتی: من پەیامەکەتان دەگەیەنم بەوڵاتەکەم، بەلاّم ئەوان بەوەندە نەوەستاون بەلکو دواشیانکردوە دەبێ وەلاّمی دەولەتەکەشتانمان لەرێگەی ئێوەوە پێبگاتەوە. هەرچەندە ئەو بەقورسی رەزامەندی دەربری بوو بەلاّم یەکێك لەنوێنەرەکان ووتی ئێمە چاوەروان دەکەین وەکو بەخۆشیمان راگەیاندووە کە ئەمە یەکەمجارمان نابێت، بەڵکو ئەوە نوێنەری هەموو ناوچەکیمیابارانکراوەکان‌و هەریەکەیان بۆنەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە، دڵنیابن لە هەموو بۆنەیەکی ئەو تاوانانەدا ئەمجۆرە چالاکیانە بەردەوام دەبن‌و دێینەوە لاتان.

### کفری کاوە ابرهیم:

# قەت قەت ئەنفالم لەبیرناچێتەوە

بەرواری دیدار: 20/ 2009/12 کاتژمێر 11:45 سلێمانی



لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالی سێدا بۆسەر ناوچەی گەرمیان مالّی کاوە نیشتەجێی گوندی ئۆمەرمل بوون، کاوە ئەوسا مندالّێکی تەمەن سێ سالان بووە، لەگەلّ خێزانەکەیان کە بریتی بوون لە 10سەر خێزان ( باوكو دایکی بەناوەکانی : ئیبراهیم و خۆراسان، براکانی: ( سۆران، عەتا، حسین) خوشکەکانی ( نەجیبە، نەعیمە، ندیمە، عەزیمە ساهیرە) ئەوانیش، وەك زۆربەی گوندنشینەکانی ناوچەی گەرمیان کەوتوونەتە بەرپەلاماری جاشو جەیشو زەرەری گیانیو مالّی زۆریان بەرکەوتووە، کاوەش وەکو زۆربەی مندالّە گوندنشینەکانی گەرمیان تەنها لە کۆمەلّگوژیەکەدا دەرفەتی رزگار بوونی بۆ رەخساوە، دەنا ئەویش بەو ناسکییەی مندالّییەوە بەچاوی خۆی زیندانەکانی قۆرەتوو، دبسو نوگرەسەلمانی بینیوەو زۆر لەو نەهامەتیو مەینەتیانەی بەبیردێ، گەلێك دیمەنی ترسناك لە یادەوەرییدا جێگیربوون، وەك خۆی دەلّێت : (ئەستەمە لەبیرم بچێتەوە) کاوە کە لەدایکبووی سالّی 1985، وێرای دەردی سەریەکانی ناو زیندانەکانی تۆپزاواو دبسو نوگرەسەلمان مەینەتیەکانی پاش ئازادبوونیش ئەوەندەی تر باری شانی گران کردووە، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم کوردستان باری دەروونیو مافە سایکۆلۆجییو یاساییەکانی ئەم قوربانیانەی لەبەر چاونەگرتو ئەو جاشومستەشارانەی بە ئیمتیازو پاسەوانەوە خستەوە ناو شاروشارۆچکەکانو بە پێشچاویانەوە بەهەمان تاسوحەمامی سەروەختی بەعسەوە هەتا ئەمرۆش تەراتێنیانە،ئەم دیاردەیە یەکێکە لەزەق دیاردەی پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ . رەنگە ئەگەر بەزانستی دەرونشیکاری تەماشای ئەم پێشیلکاریە بکەین گەلێك دەردومەینەتی بۆ کەسوکاری قوربانیەکان هێنابێتە پێش. کاوە کە حەسەنو فەتاحی برای لەپەلامارەکانی ئەنفالەوە بێسەروشوێنن، هەروەها باوکیشی پاش ئەوەی لەنوگرەسەلمان بەشەکەتیو مەینەتباریەوە دەگەرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەسەر هەواری خالییو بێ مالّوحالّیدا دەکەوێ بەناچاری تاسالّی 1993 هەر لەعەربەتی نزیك شاری سلێمانی بەئاوارەیی دەگیرسێنەوە، کاوە دەلّێت (( باوکم خەفەتو فیراقو خەمی کوروکورەزاکانی کوشتی)) فەتاح کورە گەورەکەی مام ئیبراهیم هاوسەرگیربووەو لەگەلّ خێزانەکەی بەناوی سێوەو کورەکەی بەناوی سوارە ئەنفالکراونو هەتا ئێستا بێسەروشوێنن، ساهیرە کچە شەش سالّییەکەشی لەنوگرەسەلمان لەبرسان مردووەو هەرلەوێ سەگ تەرمە ناسکەکەی خواردووە، لەم بارەیەوە کاوە دەلّێت: هەرگیز دیمەنی مردنی خوشکە بچوکەکەم لەبیرناچێتەوە کەلەنوگرەسەلمان لەبرسان مرد. سەبارەت بەتاوانبارانی ئەنفالیش دەلّێت: لێنەپرسینەوەو دادگایی نەکرددنی ئەو تۆمەتبارانە، خەفەتێکە قەت لەبیرمان ناچێتەوە، ئەوە غەدرە هەزارانی وەکو باوکمی کوشت، ئاخر قەت بووە ئەو تاوانبارانە لە ئێمە بەرێزتربن..؟ بووە لەدوای صدام تاوانبارلەقوربانی سەربەرزتربێتو بەپشتیوانی حزبەکان بەبێ منەتی بەپێشچاوماندا بێنو بچن. پلەوپایەیان هەبێو کەسوکاری ئەنفالیش بەو نەگبەتیو داماویە بژین. ئەمە زولّمە. ئەگەر بەقەد ئەنفال گەورە نەبێت غەدرێکە وەکو ئەو بەلاّم بەشێوەیەکی تر.

سەلمە محەمەد ڕۆبیتان:

# بەهاتنەوەی عەلی جارێکی تر غایلەی گەرانەوەی براکانمو مێردەکەم کردەوە

بەرواری دیدار: 20/ 12/2009 کاتژمێر 12ی نیوەرۆ سلێمانی .

سەلە محمد ڕۆبیتان لەدایكبووی ساڵی 1962 ی ناوچەی گەرمیانە، بەرلەپەلامارەکانی ئەنفالی سێ لەگوندی ئۆمەرمل دانیشتوون لەسەرەتای هەشتاکاندا هەرلەوێ لەگەڵ محمد مجید هاوسەرگیری کردووەو ژیانی خێزانی پێکەوە ناوە، ئێستا لەشاری کفری نیشتەجێیە.

کە ئەنفال دەستی پێکرد ئەو دایکی 4 منداڵ بوو، کوڕێك بەناوی شاخەوانو سێ کچی تری لەپەلاماری ئەنفالی سێدا لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دەستگیرکراون ولەقۆناغی یەکەمدا لەگوندی ملەسورە کۆیان کردوونەتەوەو دواتر بردویانن بەرەوقەڵای قۆرەتوی مەیدانو ئەنفالکراون.

سەلەمحمد باش بەبیری نایەتەوە چەند ڕۆژ لەقۆرەتوو هێشتوویاننەتەوە، بەلاَم پێی وایە ماوەیەکی زۆر کورتی" دو سێ ڕۆژی" خایاندووەو لەوێ گلیانداونەتەوەو دواتریش بە سەیارەی سەربازی بردویانن بۆ تۆپزاوای لای کەرکوك. لەو دیدارەدا سەلەمحمد دەڵێ:

ئێمە ئازارو ڕەزالەتیەکی زۆرمان چەشت مەحاڵە بەدەم بگێردرێتەوە، وتی لە قۆرەتووەوە بە مەنشەئەیەك براین، کاتێك سەریان خستین ناویان نوسینو وتیان بەرتان ئەدەین بەلاَم درۆیان لەگەڵکردین بردیانین بۆ شوێنێکی زۆر ناخۆش ناوی تۆپزاوابوو.

سەلە لەوێ حەشاماتێکی زۆری بینیوە کەهەمویان وەکو ئەوان گیراون دەست بەسەربوون " حەشاماتەکە لەعەقلاَ نەبوو" ئەمە ئاماژەی خەڵکێکی لەئەژمار نەهاتووە کەگیراون سەلە ووتی: لەوێ عەسکەر هاتن پیاوەکانیان جیاکردەوەو هەرلەویا پیاوەکەی منشیان برد) ئەوەی هەتا ئەمرۆ کاری گەریی لەسەر ئەو ژنەماوە



شێوازی جیاکردنەوەی پیاوانە لە ژنو منداڵەکان زریکەو فیزاقی ژنو منداڵو ( وەکێبڵ هاتن وەپیاوەکاندا بردیانن، من چاوم هەرلەسەر پیاوەکەم بوو هەتاپێچیان پێکرایەوە چاوم تێوەی بوو ئیتر هەر ئەو بردنە بوو ڕۆیو نەمبینیەوە.

ئەم ژنە گەرمیانیە جگەلە ئازارو خەفەتی مێردەکەی تەواوی خوشكو براکانیی خۆیشی ئەنفالکراون، لەوانە نەخشینو ڕەنگینو ژیان لەنوگرسەلمان زیندان بوونو دواتر گەڕاونەتەوە، بەلاَم دوبراکەی غالبو بورهان ئەنفالکراونو هێشتا بێسەرو شوێنن، هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: ( بورهان برام ژنی نەهێنابوو بەلاَم غالب دو ژنی بوو پێنج مندالی بوو ئەوانیش هەموویان ئەنفالکراونو نەگەڕاونەتەوە)

سەلە بەهاتنەوەی عەلی[3] جارێکی تر کەڵکەڵەی گەرانەوەی براکانیو مێردەکەی دەکەوێتەوە سەر هەرچەند لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە تەواو نا ئومێد بووە، بەلاَم ئێستا لەوەتای عەلی بەدایکی شاد بووەتەوە جاربەجار ئومێدێك لەناخیدا سەرهەڵدەداو دەڵی بەشکو ئەمە خوایە ئەوانەی ئێمەش سۆراخێکیان ببێت.

---

[3] مەبەست لە کوڕە هەڵەبجەییە یە کە لەپاش 22 ساڵ لەونبوونی لەتاوانەکەی ئێوارەی 16-3 ی 1988وە ونببوو دواتر لەکۆتایی ساڵی 2009 گەرایەوە بۆ کوردستانو بەهۆی شیکاری دیئێن ئەیەوە درایەوە بەدایکیو بەیەکترشادبوونەوە.

درۆکانی بەعس :
کە بردویانن بۆکەمپەکەی دبس دیسانەوە درۆیان لەگەڵدا کراوە، پێیان ووتوون پیاوەکانیان بەرداوەو خۆشتان بەردەدەین، بەلام هەرگیز ئەو قسەیە راستنەبوو، چونکە لە تۆپزاوەوە بردویانن بۆ کەمپێکی تر بەناوی دبس . گواستنەوەو هێنانو بردنی ئەنفالکراوەکان هۆکارەکەی ئەوە بووە کەرۆژانە خەڵکی ناوچەکانی تر گیراونو بەکەمپەکانی کۆکردنەوەدا تێدەپەرینو دەهێنران بۆ تۆپزاوا ئیتر لە تۆپزاوەوە دابەشکردن بەرێوەدەچوو زۆربەی گەنجەکان بۆکوشتن براونولەگۆرە بەکۆمەڵەکاندا خۆلیان کراوە بەسەرداو بەجێهێلراون، پیرەپیاووپیرە ژنەکانیشان بەسەر کەمپەکانی دبسو سەلامیەو تکریتدا دابەشکردووە، لەوێوە دیسانەوە زۆربەی ژنەکانیان بەرێگایەکی دورو درێژدا گواستووەتەوە بەرەو نوگرەسەلمان و لەوێ ماوەی شەش مانگ دەستبەسەرکراوەکان،

لەم کەمپانەشەوە دیسانەوە دەستەبژێرکراونەتەوە بەزۆری ژنانیان لەدبسو ترکریت هێشتووەتەوەو دواتر بەرەو نوگرە سەلمان گواستوویانەتەوە.

**گرێی دەرونی شاخەوان**

شاخەوان کوڕی سەلەی ئەنفالکراوە ساڵی 1987 لەدایکبووە ئەوکاتەی پەلاماری ئەنفالی سێ دەستی پێکرد شاخەوان هەروا ساڵێكو چەند مانگێك بووە، شاخەوانیش وەکو هەموو ئەومنداڵە گەرمیانیانەی بەرپەلاماری ئەنفالی سێ کەوتن ئەنفالکراوەو بەو ناسکیەی خۆیەوە ئازارو ئەشکەنجەی کەمپەکانی قۆرەتو تۆپزاواو دبسو نوگرەسەلمانی بینیوە، بەلام لەبەرمنداڵی هیچ کام لەو ڕودوانەی بیرنایە، کە دیدارم لەگەڵدا کرد، هەموو خەمو مەینەتیەکانی ئەورۆژانەم لەچاوانیدا خوێندەوە، بەتایبەتیش ئەو ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیەی لەدوای راپەرینو دەسەلاتی خۆماڵیەوە لەهەموو کەس زیاتر کەسوکاری شەهیدانو قوربانیانی ئەنفالی کردووەتە ئامانجو بەرلەهەرکەس ئەوانی قوربانی باجەکەی دەدەن ئاخر هەرهیچ نەبێ لەبەر خاتری ئەوانیش بوایە



نەدەبوو تۆمەتبارانی ئەنفال، لەپێشەوە موستەشارەکوردەکان پلەوپایەی بەرز وەربگرنو ژیانیان چەندین قات لەسەرووی ئەوانەوە بوایە.

ئەوەی هەتا ئێستاش شاخەوانی نیگەران کردووەو نیگەرانی دەکات ئەوەیە کەلەدەمی دایکیەوە بیستوویەتی حەجاجی دڕندەی عروبە لەنوگرەسەلمان بردویەتیوماوەیەك گرتوویەتیە باوەش بەپێشچاوی ئەنفالکراوەکانەوە وبیرەی کردووە بەدەمیەوە.

رۆژی 2010/4/14 و ئاهەنگی هاوسەرگیری کەسوکاری ئەنفالکراوان ئەگەرچی من وەك سەرنوسەری ئەنفالستان ویرای دەستخۆشیو پیرۆزبایم لەبیرۆکەی پرۆسەی هاوسەر گیری گەنجانی کەسوکاری ئەنفال ، سەرنجم لەسەر رۆژی مەراسیمەکە هەیە، چونکە بەلامەوە گرنگە خانەوادەکانی ئەنفال بنیاتبنرێنەوەو لەپێش هەرکەسێکەوە خۆیان هەنگاوی بۆبنێنەوە، لێرەوە پیرۆزبایی لە یەکبەیەکی ئەو بوكوزاوایانە دەکەم، بەهیوام پێکەوە پیروخەڕۆبنو ببینە هاولاتی هوشیارو بەئەزمونو بەرهەلستاری هەموو جۆرە ستەم کاریەك.. بەلام

دەلێم خۆزگە لەرۆژی 4/14 دا نەبوایە .. خۆزگە رۆژێك دوای ئەو یادەوەریە بوایە چونکە ئەو رۆژە رۆژی ماتەمینی ئەنفالکراوەکانە، رۆژی رێزگرتنمانە بەماتەمینینەوە، ئەگەرچی جوانترین رێزلێنان لە قوربانیانی ئەنفال خۆشگوزەرانیو دامەزراندنی خانەوادەی کوڕانو کچانی ئەنفالکراوەکانە بەڵام کورد دەڵێن شینو شایی پێکەوە نەکراوە..!

# منو ئەنفالو عاصی مستەفاو 25ی ئاب

**باوکی لاس**

بەرواری 25/ 8/ 2008 پیاوێك هاتە ژوورەکەم هەواڵی مامۆستا کامەرانی لێپرسیم، ئەو بەروارە، رێکەوتێکی گرنگ بوو لە ژیانی ئەو پیاوەدا، هەر ئەوەش بووە هۆی نوسینی ئەم بابەتە، لەبەر ئەوەی من سەرقاڵی ئیشوکاربووم، سەرم بەسەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەمدا شۆڕکردبووەوە لەو کاتەی پرسیاری کرد، نەپەرژامە سەر ئەوەی لەروخساری ئەو پیاوە وردببمەوەو بەگرنگی پێدانەوە وەڵامی بدەمەوە، بەڵام کەزیاتر لێم هاتەپێشەوەوتەماشامکرد قاتێك شاڵی مەرەزی سوری پۆشیبوو کڵاو جامادانەیەکی لەسەری بەستبوو، سەرنجی راکێشام لەبەرئەوەی بەکەسێکی تری تێگەیشتم، نایشارمەوە من لەدوای ئەنفالەوە حەزناکەم کەس بەشاڵو جامانەوە ببینم، چونکە ئەو سەروەختە لەوپیاوانەم دەبینی، کە بەو جلو بەرگەوە لە ناوماندا خۆیان دەنواند، ئەگەر ویلێشمان کردبان ئەوا بەعس لەشاشەی تەلەفزیونەوە بۆی دەناردینە ماڵەکانمانەوەو چەند دەقیقەیەکی کەمیان پێرەوا دەبینرا تیایدا دەربکەون، هەر ئەوەندەی لێوەی دۆڕانو گرگنی خۆیانی تێدا نمایش بکرێ، یان سوکایەتی بەخۆیانو بەمیللەتێك بکەنو وەکو سومبلی شکستو گرگنی بچنە ناوچاومانەوە، وێڕای ئەو هەموو پێشیلکاریەی بەمافی مرۆڤو کۆمەڵکوژیەی دەرهەق بەم خەڵکە کرا، بەو پەری ئیزعاجیو دەموچاوی دزێو و نامەردییەوە دەر دەکەوتنو خۆیان بەفیدای کەسێکی خوێن رێژ دەکرد، کەناویان نابوو: ( سەرۆکی فەرماندە، پێشەوای گەورەو .. ئەم قسە قۆڕانە)



بەڵام هەی هوو.. ئەو پیاوە لەکوێو شاڵ لەبەرە خۆ فرۆشەکان لەکوێ ؟ ئەو سەعات 6ی سەر لەبانی هەمان بەرواری یەکتر بینیمان 1990/8/25 لەدوای هەشت ساڵی دیلێتی گەیشتبووەوە نیشتمان، ئەو بەروارەی منو ئەو یەکمان تێدا ناسی هەمان ئەو بەروارەیە کە تیایدا ئازادبووە، بەڵام ئازادی چیو نیشتمانی چی ؟ ئەوکاتێك گەیشتەوە نیشتمان، بەسەر هەواری خاڵیدا گەرایەوە بۆ کوردستان، نەگوند مابوو، نەماڵو نە ژنو منداڵ هەموویان پێکەوە ببونە ئامانجی ئەو سوپایەی درۆی لەگەڵ نیشتمان کردوو هاونیشتمانیانی خۆی ئەنفالکرد، عاصی مستەفا یەکێك بوو لەو حیکایەتە زۆر ترسناکو سەرنجراکێشانەی میدیاکانی جیهان، ئەو پیاوە سەربازێکی یەدەگی سوپای عێراق بوو، لەبەرەکانی جەنگی عێراق ئێراندا بەدیلی کەوتبووە بەردەستی ئێرانیەکان، لەهەمان کاتدا بووە باشترین بەڵگەی بەدرۆخستنەوەی صدام حسێن کە بە سەرۆکی سەرکەوتنو ئاشتی ناو زەد دەکرا، ئەو سەرۆکەی دەیگوت: (من يقاتل بالشرف يستحق المجد ) واتە ئەو ئەو جەنگاوەرەی بە شەرەفەوە دەجەنگێ شایستەی سەروەریە) کەچی عاصی مستەفا خۆی لەبەرەکانی جەنگی قادسیەدا، گیراو ماڵو منداڵەکەشی لەئەنفالدا گیرانو بێسەروشوێنکران. ئێستاشی لەگەڵ بێت رۆیشتنو نەبینرانەوە، نەخۆیانو نەتەرمەکانیان نەهاتوونەتەوە بۆ نیشتمان.

# ئەنفالکراوە بێ وارسەکان، غەدرێکی گەورەی مرۆڤایەتی‌و یاسایی

بەروار : 2010/2/23 کاتژمێر: 12:45



سابیرحەمە صالح لە دایکبووی ساڵی 1969 سەرشەقامی شاری سلێمانیە، لەبنەرەتدا خەڵکی ژاڵەی ڕەباتی سەربەناحیێ سەنگاوون، خەڵکێکی زۆر لەکەس‌وکارەکانی گەرمیانی ئەنفالکراون، ئەو کاتەی چاوم پێی کەوت، لەداوی 22 ساڵ لەو تاوانە بەتەواوی خەمی کەسوکارە ئەنفالکراوەکەی بەدەموچاوییەوە دیاربوو، بەتایبەتی خۆشەویستیەکی سەیری بۆ ئامۆزاکانی هەبوو کە وێنەی ئەو سەروەختەی لای هەلگرتبوو، ئەو خەفەتەشی لەڵدابوو کە مهابادو فەریدون وێنەیان نەبووە، چونکە خەڵك لەلادێ زۆر نەیدەپەرژایە سەرئەوەی بۆیادەوەریەکانی وێنە هەڵبگرێ، مەگەر بۆ مامەڵەو کاروباری دەوڵەت دەنا وێنەگرتن لەلای خەڵکی لادی مەسەلەیەك نەبووەو نەدەبووە پێداویستیەکی سەرەکی، ئەو وێنانەش کە ئێستا لەلای سابیرپارێزراون، هەرئەوانەن کە جارێك ماڵی مامی بەدیدەنی هاتوون بۆسلێمانی‌و لەماڵی سابیرماونەتەوەو چوون لەبازاڕ پێکەوە وێنەیان گرتووە.

ئەو وێنانەی ئێستا لەم ژمارەیەدا دەیانبینی وێنەی ئەو کەسە ئەنفالکراوانەن کە سابیر وەك ڕێزلێنان‌و خۆشەویستی هەڵیگرتبوون‌و هێناونی بۆ ئەنفالستان بۆ ئەوەی ناویان ون نەبێت. کاتێك باسی لەماڵی مامەی دەکرد بەناوی ڕۆستەم هەستێکت لەلا دروست دەبوو کە ئەم کۆمەڵگایە بەچ دڵرەقییەکەوە بەرێوەدەبرێ، ڕێز لەکێ دەگێڕێو کێ هەتا ئەمرۆ هەمان ئەونەفرەتەی لێکراوە کەبەعس لەسەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا نەفرەتی لێکردبوون، ڕۆستەم حەمە شەریف لەسەروەختی ئەنفالدا دانیشتووی گوندی تەپەسپی (تەپەچەرموو)ی ناوچەی گەرمیان بووە، کەسێکی مەدەنی‌و باری گوزەرانیان باش بووە، خاوەنی دەراسەو سێ تراکتۆرو نزیکەی 500 سەر ئاژەڵی وردە لەمەروبزن‌و خەریکی



کاروکاسبی خۆی بووە، بەڵام ئەنفال بەوەوە نەوەستا بیهێنێتە سەر ساجی عەلی، بەڵکو خۆی‌و هەموو منداڵەکانیشی ڕاپێچی کورەی ئەنفالکرد، ئەوکاتەی کە لەلایەن جەیش‌وجاشەوە دەستگیرکران، هەربە تراکتۆرەکانی خۆیان بەرەو ملەسورەو

لەوێشەوە بەرەو قەڵای قورەتوو یان بردوون، لەمەیدان کەبارەگای فرقەی 21ی لێبوو، تەنانەت دوای راپەرین



ڕۆستەم حەمە صالح شەریف تراکتۆرو عەرەبانەکەی خۆی لە قۆرە توو دۆزییەوە، بەڵام لەسوێی کوڕەکانی چاوی بەرایی نەدا بیانهێنێتەوە، ئەم پیاوە سەرباری ئەو هەموو سەروەتو سامانەی کە هەیبوو کە کۆچی دوایی کرد خاوەنی هیچ شتێك نەبوو، لەو هەموو خێزانەی ڕۆستەم تەنها خۆی لە نوگرەسەلمان بە زیندووی بەڵام بەنەخۆشیو کۆڵێك ڕشكو ئەسپێی نوگرەسەلمانەوە گەرایەوە بۆ کوردستان، کوردستانێك کە نەك هەر لە ( تەپە چەرمو) بەڵکو لەهیچ شوێنێکی تاقە یەك خانوو بەپێوە نەمابوو، مام ڕۆستەمیش 14 سەرخێزان لە کوروکچەکانیو هاوسەرەکەی بەناوی ڕەحمە هەموویان ئەنفالکراونو چاویان بەکوردستان نەکەوتەوە. کە خۆشی لە نوگرە سەلمان گەرایەوە جگە لەکەواو سەڵتەکەی بەری خاوەنی هیچ شتێك نەبوو، سەرەتا لەشاری کەلار دایانگرتبوو، بەڵام تازە ئەو چی لەگەرمیان بکات کە نەگوندو نەماڵونەمنداڵ هیچیان نەماونو هەموویان ئەنفالکراون، ئیتر هەربەهەواڵی بەربوونی باوکی سابیر (حەمەصالحی شەریف) واتە برای ڕۆستەم دەگاتە لایو دەیهێنێت بۆ شاری سلێمانیو لەگەڕەکی خەبات تا دواچرکەکانی ژیانی لەلای ئەمان دەمێنێتەوە، سابیر بەخەمبارییەکی زۆرەوە ووتی : مامەم ڕۆستەم باری دەروونی تەواو تێکچووبوو، ڕەزالەتێکی زۆرمان بینی بەدەستیەوە، بەڵام چۆن تێك نەچێ، ئەو لەوەزعێکی دەروونی زۆر قورسدا دەژیا، هەموو کوڕو کچەکانی ئەنفالکرابوون سەبوری بەکەس نەدەهات، جارجار دەچووەوە بۆلای ئەوکەسانەی لەنوگرەسەلمان پێکەوە بوونو ئەوانیش هەمان دەردو مەینەتی ئەویان هەبوو، بۆنی کوڕەکانی بەو خەڵکانەوە دەکرد، بەڵام دواتر ئەمەش دادی نەداو تەواو تێکچووبوو خۆی ڕوتو قوت دەکردەوە، دەبوایە هەمیشە ئاگامان لێی بوایە جاری واهەبوو بەر وتوو قوتی لەماڵ دەردەپەڕیو دەچووە دەرەوە یەکدوجار ئەم حاڵەتە لەگەرەکی خەبات ڕویدا، ئیتر ئێمەش یەناچاری دەبوایە دوای کەوینو بەرووتی دەمانهێنایەوە بۆ ماڵەوە خۆ ئەگەر میوانێکمان بهاتبایە یەکەم شتێك کە دەبوایە لەبیرمان نەچێت داخستنی دەرگاکەبێ لەدوای هاتنە ژوورەوەی هەر میوانێکمانەوە. دواتر هەربەو هۆیەوە جلتەیەك لێی داو پاش 15 ڕۆژ کوچی دوایی کردوو بۆهەتاهەتایە ئەم دنیا ناعەدالەتەی بەجێهێشت، ئێستاش گۆرەکەی لەگردی سەیوان نێژراوە.



فۆرمی ئاماری قوربانیانی ئەنفال

| ژمارەی فۆرم | ت | ناوی چواری ئەنفالکراو | بەرواری لەدایکبوون |
| --- | --- | --- | --- |
| ٥٣٣٦ | ١ | محمد صالح حمه شریف کاکل | ٠٧/٠١/١٩٢٩ |
| ٥٣٣٦ | ٢ | محمود روستم شریف کاکل | ٠٧/٠١/١٩٢١ |
| ٥٣٣٦ | ٣ | خورشید روستم شریف کاکل | ٠٧/٠١/١٩٥٥ |
| ٥٣٣٦ | ٤ | [illegible] کامل عباس | ٠٧/٠١/١٩٦٣ |
| ٥٣٣٦ | ٥ | [illegible] خورشید روستم شریف | ٠٧/٠١/١٩٨٠ |
| ٥٣٣٦ | ٦ | کاروان خورشید روستم شریف | ٠٧/٠٣/١٩٨٢ |
| ٥٣٣٦ | ٧ | [illegible] خورشید روستم شریف | ٠٦/٠٣/١٩٨٣ |
| ٥٣٣٦ | ٨ | رشید روستم شریف کاکل | ٠٧/٠١/١٩٥٤ |
| ٥٣٣٦ | ٩ | رحمه مجید نصر | ٠٤/٠٣/١٩٥٢ |
| ٥٣٣٦ | ١٠ | جوان رشید روستم شریف | ٠٧/٠١/١٩٧٥ |
| ٥٣٣٦ | ١١ | [illegible] رشید روستم شریف | ٠٧/٠١/١٩٧٨ |
| ٥٣٣٦ | ١٢ | فوزیه رشید روستم شریف | ٠٧/٠١/١٩٨٠ |
| ٥٣٣٦ | ١٣ | [illegible] رشید روستم شریف | ٠٧/٠١/١٩٨٢ |

Page 1 of 2 — Monday, February 22, 2010

## ئومێد کامل:

# هەرکاتێك موچەی ئەنفال وەردەگرم تێر دەگریم



ئومێد گەنجێکی گەرمیانیە ئێستا لەشاری کەلار دەژی ، لەسەروەختی پەلاماری ئەنفالی سێ لەگوندی (سەیدبێخان )ی سەربەناحیێی پێباز- باوەنور دەژیان، خەمەکانی ئەم گەنجەش گەلێك زۆرن، لەبەرئەوەی ئەیش بەئاگری ئەنفال داخکراوەو ناعەدالەتیەکانی حکومەت ئەویشیان وەکو هەرتاکێکی گەرمیانی فرێداوەتە پەراوێزەوە، گرێی ئەم گەنجە جیاوازە لەوانی دی لەدیدارێکی ئەنفالستاندا دوجار ناچاربووم کامیرای ڤیدیۆکە ڕابگرم، لەبەر ئەوەی لەکاتی قسەکردندا کوڵی گریان بەربینی دەگرتو نەیدەتوانی قسەم بکات، ئەو چرکەساتانە زۆر بە زەحمەت تێپەڕێن کە دیدارم لەگەڵ ئومید کرد..

بەڵام ئەمە بۆ من تارادەیەك ئاسایی تربوو کەلەگەڵ بارودۆخی ژیانی پرلەمەینەتیو هەستکردن بەجیاوازی لەنێوان ئەنفالکراوەکانو کەسوکاریانو ئەوانەی گومانی تێوەگلانی ئەو تاوانەیان لێدەکرێ، ڕاهاتووموو تاڕادەیەکی زۆر بەناچاری دەتوانم خۆم کۆنترۆڵ بکەم. ئومێد لەگەڵ هەر سەری مانگێکدا خەمێك بەرۆکی دەگرێ، ئەوکاتەی وەختی وەرگرتنی موچەی مانگانەی ئەنفالکراوەکان دێتە پێشەوە لەبارێکی دەروونی زۆر خراپدا دەژیو بەزەحمەت ئەو بارە تێدەپەڕێنێ.. چونکە ئەوساتانەی بیردەکەوێتەوە کەپەلامارەکانی ئەنفال تەوقی دابوونو ئەوخەڵکە بەشێوەیەکی بێ سەرو بەر بەیەکدا دەهاتنو دەچوون، بۆئەوەی دەرویەکی رزگاربوون لەهەژموونی بێرەحمانەی ئەنفال بدۆزنەوە، لەوەها قاتو قڕییەکدا برایەكو دوو خوشکەکەی" شانازو گولناز" بەدوای ئومێدا رۆیشتوونو بەگریانەوە ویستوویانە لەگەڵ براکەیاندا بڕۆن، ئەمیش لەبەرنالەباری وەزعەکەو سەلامەتی خوشکەکانو براکەی بەتۆپزیو بەزللەولێدان ناچاری کردوون کەلەگەڵ باوكو دایکیاندا بڕۆن..کەچی قەدەر واکەوتەوە ئومێد دەرباز دەبێو ئەوانی تریش کەوا بەدەستی ئەم لێدانیان خواردووە ئەنفال بکرێنو جارێکی تر نەبینرانەوە.

ئومید لەو دیدارەیدا بۆ ئەنفالستان ووتی: ئێمە لەگوندەکەی خۆماندا بووین، پێشتر جاش هاتبوونە گوندەکەمانو برێك تەقو تۆقیانکردبوو، بەخەڵکەکەیان گوتبوو بڕۆن بۆمجمع ئیتر کەس نابێت لەم گوندانەدا بژی، بەڵام خەڵکی گوندەکەیان گوێیان پێنەدابوونو ملیان بە بانگەوازەکەی عەلی حەسەن مەجید نەدابوو، بەڵام ئەو رۆژەی گەیشتە تینیانو جەیشو جاش لەچەند قۆلێکەوە هێرشی کردبوو، ئەوانیش بەناچاری بەرەو گوندی گامەخەڵ ڕەویانکردبوو، ئومێد ئەوکاتە تەمەنی هەروا 15 سالێك بووە، بەلای ئاژەڵەوە بووە، باوكو دایکی برێك کەلوپەلیان پێبووە بەنیازبوون بیبەن بۆ گوندی گامەخەڵ، بەڵام خوشكو براکانی زۆریان هەوڵدابوو لەگەڵ کاکەیان ئومیدبنو بەجێی نەهێڵن ئەمیش داوایان لێدەکات لەگەڵ دایکیوباوکیدا بڕۆنو ئەم بەتەنیا لەگەڵ

ئاژەلەکانیاندا بمێنێتەوە، ئیتر هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو نەیبینینەوەو هەتا ئێستاش ئەم لێکدابرانەو ئەو ڕەفتارە توندەی ئومێد لەگەڵ خوشكو برا ئەنفالکراوەکانی بووەتە گرێیەکی دەروونیو بۆی ناکرێتەوە. وەکو خۆی دەڵێت هەموو سەری مانگێكو هەموو موچەوەرگرتنێك بۆ ئەم زەقنەبووەتە..

سەبارەت بە ناعەدالەتیەکان ئومید ووتی: من ماڵم لەدایکمو باوکم جیاوازەو ئەو موچەیەش بۆ ئەوانە، ئەوان پیربوونو دایکم موالیدی 1935 وباوکیشم 1936 ە، هەتا ئێستا لەکەلاری کۆن لەخانوویەکی خراپۆکەی قوڕدا دەژین، گەلەییەکی زۆری لەحکومەتی هەرێمی کوردستانو بەرپرسەکانی هەیە، وەکو دەڵێت نەك جارێك دەیانجار سەردانی بەرێوەبەرایەتی شەهیدانی گەرمیانمان کردووە، بێ سوودە.. ئەوەی ئومێدی زۆر نیگەران کردووە ئەوەیە کە کاتی خۆی باوکی لەسەر نەرۆیشتنی بۆ ریزەکانی جەیش شەعبی لەفەرمانگەکەی دەرکراوەو هەتا ئێستا نەگەڕاوەتەوە سەرکارەکەیو بێ کارماوەتەوە، بۆسەلماندنی ئەم رایە مامەلەیەکی کۆپی کراوی زۆری بەدەستەوە بوو، لەوانە فایمەی ئەوناوانەی کراون بەجەیش شەعبیو ئەوانەشی ملیان نەداوە، یەکێك لەوناوانە باوکی ئومید بوو. کەچی بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەرێزی هەلوێستی ئازایانەی ئەم پیاوەی گرتووەو نەرێزی ئەوەشی لێگرتووە کە ئەنفالکراوەو سەروماڵی رۆیشتووە.

## پرسە



بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە، بەرواری 2010/4/16 کەسایەتی خۆشەویستو ناسراوی شاری کەلارودڵسۆزێکی تری ساڵنامەی ئەنفالستان ( محمد ئەحمەد سەمین ) بەنەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردو بەیەکجاری دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت .

ئەفسوس .. ئەوە دووهەمین کەسایەتی ناوچەی گەرمیانو خەمخۆری ئەم ساڵنامەیە بەهەمان نەخۆشی گیان لەدەست دەدەن، ساڵی 2006 مامۆستا نەجیب گەرمیانیو ئەمساڵیش کاك محمەد ئەحمەد سەمین بەیەکجاری بەجێیان هێشتین، هەروەك لەژمارە 4ی ئەم ساڵنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە کە کۆچکردوو لەساڵی 1988 لە پەلامارەکانی ئەنفالی گەرمیاندا، هەرچەندە ژیانی لەمەترسیدا بوو، سەربازی هەڵاتوبوو، کەچی بە پرکێشیو ئازایەتی خۆی بەمەبەستی رزگارکردنی سێ کچە گەرمیانی (گولاڵەو روناكو مەلیح ) گەیشتبووە شاری دوزخورماتوو، توانیبووی هەرسێکیان رزگاربکاتو بۆماوەی سێ مانگ لەماڵی خۆیان پەنایان بدات.

بە پەژارەیەکی زۆرەوە دوای ئەوەی کۆمەکی خۆی گەیاندە ئەنفالستان، لەچاوەڕوانی دەرچونیدا کۆچی دوایی کرد، بۆیە لێرەوە ماڵئاوایی لەم دڵسۆزەی ئەنفالستان دەکەینو هاوخەمیو پرسەی خۆمان تێکەڵی هەستی پەروین خانی خێزانیو براکانیو کەسوکاری دەکەین، هیوادارین ئەمە دواهەمین کۆستی بنەماڵەکەیان بێت.

ئەنفالستان

# حەمە عەلی سیمبولی کلۆڵی نەتەوەیەك

**ئەنفالستان**



کوژرانی حەمە عەلی عالیان لەشەڕی ناوخۆدا، تەنها کوشتنی تاکە کەسێك نەبوو، بەڵکو کوشتنی شاهیدحاڵێکی دەگمەنی کۆمەڵکوژی کوردبوو، ئەگەر ئەنفال غەدرێکی گەورەبووبێ لەنەتەوەی کورد ئەوا شەڕی ناوخۆش غەدرێکی تربوو لەونەتەوەیە چونکە کوژرانی حەمە عەلی تەنها مردنی ڕۆح لەبەرێك نەبوو، بەڵکو بێ بەشکردنی شایەتحاڵێکی گرنگ بوو لەدادگای باڵای تاوانەکان دەربارەی ئەنفال. بەڵام بەدەستی کێو لەبەرچی..؟ بێگومان ئەمە پرسیارێکە وەڵامێکی پرلەتیرامانی دەوێت .. شاهیدحاڵێکی گرنگی وەکو حەمەعەلی کەلە کۆمەڵکوژی ئەنفالو گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابان ڕزگاری ببوو، لە یەکێك لەشەڕە ناوخۆیەکاندا بووە قوربانی کەمتەرخەمیو شەڕانگێزی شەڕکەرەکانو کوژرا، بێگومان کوژرانی حەمەعەلی هەرمردنێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو کوشتنی مێژووی نهێنیەکی گەورەی میللەتێکیش بوو. وەنەبێ حەمە عەلی تاکە خەسارەی شەڕی ناوخۆ بووبێت، بەڵام ئەو پیاوە ڕۆح لەبەرێکی ئاسایی نەبوو، هەتا ئاوا بەئاسانی ڕێگەی مردنی بدرێت.. بەڵکو ئەو لە هەموو ئەوکەسانە زیاترو بەهادارتر بوو کەبوونە قوربانی شەڕی ناوخۆ، ئەگەرحەمە عەلی لەناو هەرمیللەتێکی نۆرماڵدا بژیابایەو بەو هەموو نهێنیەو بەو حاڵەوە لەناو جەرگەی کۆمەڵکوژیو لە گۆڕی بەکۆمەڵدا دەربازبوایەو بگەڕایەتەوە، دەبوایە لە قایمترین شوێنی سەلامەت ژیانی دابین بکرابایەولەژێرچاودێری تەندروستی بەردەوامدابوایە، چونکە ئەو شایەتحاڵی کۆمەڵکوژی ئەنفالکراوەکان بوو، گەورەترین بەڵگەی چارەنوسی میللەتێکی بێسەروشوێنکراو بوو، خۆ ئەگەر یوست هیڵتەرمان فریای دیدارێکو لێکۆڵینەوەی نەبوایە لەگەڵیدا بۆهەتا هەتا دەبووە ونبوویەکی تری ئەنفال، بەڵام کاتێك دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بەبێ بەهاو بێنرخ تەماشای مرۆڤیان کرد، ئیتر هەمووشتەکان بەبێ



بەها دەبینین بێگومان، ئەوەی نرخیشی نامێنیت، مرۆڤو مێژووە.

وەنەبێ شەڕی ناوخۆ هەر حەمەعەلی وەك هاوڵاتیەك بەبێ بەها تەماشاكردبێ بەڵكو هەموو قوربانیانی ئەنفالو زیندووەكانی دوای ئەنفالیشی هەروا تەماشاكردووە، دەنا ئەو هەموو جلوبەرگو پیلاووتراكتۆرانەی پاشماوەی ئەنفالكراوانی قەڵای قۆرەتوو، كە كەوتنەوە دەست خەڵكو لە پاش راپەرین هێنرابوونەوە بۆشاری كەلارئاوا نەدە نەسوتێنران و لەناونەچوون..؟! كەچی ئێستا هەزاران دۆلار خەرج دەكەن بۆ هاتنی بیگانەیەك ئەمەچییە بەخیری خۆی دووقسە دەربارەی جینۆسایدی كورد دەكات ..؟ ئاخر كورد ئەگەر كۆمەڵگەیەكی سەلامەتو تەندروست بوایە لە دوای كوژرانی حەمەعەلی و سوتان و لەناوچوونی ئەو هەموو جلو بەرگو كەلوپەلەی لەپاش ئەنفالكراوان بەجێمابوون، سەرمایەی ناو موزەخانەیەكی گەورەی مێژوومان بوون، هەرچەند بیرلەو ماڵوێرانیە دەكەمەوە بێئومیدی دەستەدەخاتە بینە قاقام، ئاخردەبوایە لەپاش ئەنفال حزبە كوردستانیەكان، شەرمیانكردبایە دەست بۆچەكبەرنەوە لەدژی یەكتر، هەرهیچ نەبوایە لەدوای كوژرانی حەمەعەلی و سوتاندنی ئەوجلو بەرگانەوە لە شەڕی ناوخۆدا، كورد بەتایبەتی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان خاوەنی پەیمانێكی كۆمەڵایەتی گەورەبوونایەو رێگەی بەو دووحزبە زلهێزەش نەدایە جارێكی ترشەڕ بكەنەوە. بەهیوام لەدوای بریاری دادگاو ساغكردنەوەی جینۆسایدكردنی كورد ئەوە بكەن.

# بیستودووهەمین ساڵیادی تاوانی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی كرایەوە



لەو مەراسیمەدا كە خەڵكێك زۆرلەكەسوكاری قوربانیەكان و نوێنەری حزبیو حكومەتی و لەناویاندا وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوان (د.مجید ) ئامادەی بوو، لەمەراسیمێكی شكۆداردا یادی تاوانی ئەنفالی دۆڵی جافایەتیو شارباژێر كرایەوە..

# بۆچی مام عەلیو بەهێ، پاش دەربازبوونیان گەڕانەوە بۆ گوندەکەیان..؟

مامۆستا عەلی محمود وەلی - دوز خورماتوو



مام عەلیو بەهێی کچی لەگوندی ئاوایی حەسەنی ناوچەی داودە پێکەوە دەژیان، لە نزیك شاری خورماتوو. ئەم دوو مرۆڤە ژیانێکی سادەو سکارو پڕلەخۆشەویستیان پێکەوە بەسەر دەبرد، چیرۆکی ئەم کچ‌وباوکە هەتا بلێی مرۆڤ هەژێنە، چەندساڵێك بەر لەپەلامارە دزێوەکەی ئەنفالی سێی گەرمیان، خێزانەکەی مام عەلی بەناوی (میم مینا) کۆچی دوایی کرد، ئیتر دوای ئەوە لەگەڵ بەهێی کچیدا پێکەوە دەژیان، جگە لەوێش کەسی تر نەبوو هاوماڵی بێو یارمەتی بدات. گوندەکەیان کەوتبووە سەر چەمی ئاوەسپی، ژیانیان بەبەخێوکردنی ئاژەڵداری بەسەردەبردو بژێوی خۆیان دابین دەکرد، بەزۆریش خەریکی بەخێوکردنی بزن بوون، کە مام عەلی شوانی رۆژانەیانبوو، کچەکەشی (بەهێ) خەریکی کاروباری ماڵەوە بوو، مام عەلی لەگەڵ ئێمەدا خزمایەتیەکی دوری هەبوو، بۆیە لەگەڵ دایکمو مریەمی خێزانیدا جاربەجاری سەردانی دەکردینو بەدیدەنی دەهاتن بۆماڵمان، هەموو جارێك چەند هیلکەیەکی کوردیو برێك کەشكو ڕۆنی ساغ ( ڕونی کوردی) لەگەڵ دەستی خۆیاندا دەهێنا ئێمەش وەکو نەریتێکی کوردەواری ڕێزێکی زۆرمان لێدەنا بەپێی وەختو توانا ئیمەش دەستودیاری خۆمان پێشکەش دەکردن.. ئیتر ئەم پەیوەندیە بەم شێوەیە بەردەوام بوو، دوای مردنی ( میم مینیا)ش ئەم پەیوەندیەمان تارادەیەك بەردەوام بوو.

شایانی باسە مام عەلیو بەهێی کچی بەیارمەتیو هاوکاری خەڵکی گوندەکەیان لەوەرزی تاوسانا لەسەر روباری ئاوەسپی بێستانێکی بچوکی کردبوو کە ترۆزیو شامیو کاڵەكو شتی تریان کردبوو، ژیانی ئەم خێزانە سادەیە بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا پەلاماری ئەنفالی گەرمیان، لەو کاتەدا مام عەلی ئەوەندە لەگوندەکەی خۆیدا خۆشەویست بوو، بەخەڵکی ئاوایی دەگوت من سەرۆکتانم، خەڵکەکەش بەدەم پێکەنینەوە پێیاندەگوت ئیمە بەسەرۆکایەتیەکەی تۆ رازین، هەربۆیەشە هەموومان بەیەك دەنگ تۆمان هەڵبژاردووە.

بەرلە ئەنفال ئێوارانێك لەماڵ دانیشتبووم، هەرلەخۆمەوە زۆردڵتەنگ بوومو خەم دایگرتبووم، بیرم لەحاڵی خراپی نەتەوەکەم دەکردەوە، لەوکاتەدا کەم لەخەیاڵاتی خۆمدا غەرق ببوم لەدەرگا درا، کە چووم بەدەم دەرگا کوتانەکەوەو کردمەوە بینیم مام عەلیو بەهێی کچی لەگەڵ بزنەکانیدا لەبەردەرگا وەستابوون، بەڵام بەرلەوەی دەرگاکە بکەمەوە مام عەلی هاوری کرد مامۆستا دەرگاکە بکەرەوە، منیش کردمەوەو خولقم کردنو بزنەکانیشمان کردە ژوورەوە، پاش بەخێرهاتنو هەواڵپرسین، ڕێزیکی زۆرم کردنو ئەوەی خوای گەورە

کردبوویە قسمەت دامانناو دوای پشوودان ئینجا لیمپرسی مام عەلی ئەوە خێرە بەم وەزعەوە ؟ گوتی وەڵا مامۆستا وەزعەکە خراپ دیارە، رژێم بەیناوبەین گوندەکەمان بە تۆپ دادەگرێتەوەو بۆمبارانمان دەکات، خۆشت دەزانی لە بەهێ ئەم بزنانە زیاتر من کەسی ترم نیە، کەپێی ئەژین بۆیە بڕیارمدا بارکەین بۆ ناوچەی حەوت تەغار (هەفت تەغاروپارە پارە ) چونکە چەند قەومێکمان لەوێیە هەتا بزانم وەزعەکە بەچی دەگات.. گوتم وەڵا مام عەلی منیش لەگەڵ بیرکردنەوەی تۆدام وە ئامادەم هاوکاریت بکەم، ئەگەر ناشچیت بۆ هەفتەغازوپارە پارە وەرە لێرە بمێنەرەوەو من هاوکارت دەکەمو زۆرێکت پێ دەدەم تیایدا بژی تا وەزعەکە بەلایەکدا دەکەوێت، مەڕەکانیشت لەنزیك خورماتوو بەخێوکە، بەڵام ئەو وتی ناسوپاست ئەکەم مامۆستا قسورت نەکردوە، بەداخەوە هەر ئەو شەوە لامان مانەوە وە بەیانیەکەی دوای نان خواردن بەڕێم کردن، مام عەلیو بەهێ لەگەڵ بزنەکانیاندا بەرەو هەفتەغازو پارە پارە کەوتنە رێ.

لەدوای دە ڕۆژ کاتی مەغریب بوو لەماڵەوە دانیشتبوم کە دیسان لەدەرگادرایەوە کەچووم دەرگاکەم کردەوە بینیم مام عەلی و بەهێی کچی لەگەڵ بزنەکانیاندا لەدەرگا وەستاون، مام عەلی گوتی مامۆستا دەرگاکە بکەرەوە منیش دەرگاکەم کردەوە وە هاتنە ژورەوە وە دوای ڕێزلێنان و ئەوەی خوا کرد بویە قسمەت وە پشودان وتم ها مام عەلی خێرە ؟ گوتی وەڵاهی مامۆستا من بەبێ گوندەکەم و وە ڕوباری ئاوە سپی ئیدارە ناکەم مردن و ژیانم لەگەڵ ئەواندایە منیش گوتم مام عەلی قسەکەت قسەیە جوانە بەڵام بیکە بۆ خاتری خوا بەقسەم بکە وەزعەکە خراپ دیارە زۆر بۆیە داواکارم مام عەلی لە ماڵی من بمێنیتەوەو من بەکوڕی خۆت بزانی چۆنت گەرەکە وائەبێ ژورتان دەدەمێ وە بزنەکانت بەخێوبکە لە قەراغ خورماتوو یان بزنەکانت بفرۆشە دوکانێ یان عەرەبانەیەك بکرە کاری پێ بکە مام عەلی وتی مامۆستا وەڵاهی زۆر مەمنونتم بەڵام من بێ خەڵکی دێکەم وە ڕوباری ئاوەسپی ناتوانم بژیم بۆیە هەر دەگەڕێمەوە بۆ ئاوایی حەسەن مردن و ژیانم لەگەڵ ئەواندایە .
بەیانیەکەی دوای نان خواردن مام عەلی و بەهیە و بزنەکانیانم بەڕێ کرد بەرەو ئاوی حەسەن بەڵام زۆر غەمباربوم چونکە وەزعەکە وا باشی نەدەکرد وە مام عەلی بەقسەمی نەکرد.
لەکاتی ئەنفالی ڕەشدا ڕۆژێك لەماڵەوە دانیشتبوم زۆر غەمباربوم بیستم دەرگا لێ درا کەدەرگاکەم کردەوە بینیم حاجی کەرەم لەپێش قاپییە دوای بەخێرهاتن گوتم بابا حاجی فەرموو وەرە ژورەوە، وتی: وەڵا مامۆستا ناتوانم چونکە پەلەمە وە من لەلایەن مام عەلی یەوە هاتومە، وتم مام حاجی بۆ مام عەلی لە کوێیە وتی: مام عەلی گیراوە ئێستاکە لەمەکتەب ڕەشید دەست بەسەرە وە بەهییەی کچی لەمەرکەز شەبابەکەیە هەردوکیان هەریەکەی لەجێگەیەك دەست بەسەرن. لەگەڵ ئافرەتەکاندا، حاجی کەرەم وتی مام عەلی ئەڵێ بزانە گوێ درێژەکەم نەچوتە ماڵ ئەوانەوە..؟ وتم نەوەڵا مام حاجی بۆ ماڵ ئێمە نەهاتووە.. نەشمان بینیوە دوایی دەرکەوت چوبوو بۆ ماڵی خزمێکی ترەوە مقدارێ پارە لەناو جلەکەیدا (کۆپانەکەیدا) بووە هەر بۆیەشە مام عەلی پرسیاری گوێدرێژەکەی کردبوو.. بۆیە بڕیارمدا بچم سەردانی مام عەلی بکەم هەرچۆنێ بێ چەند شتێکم کڕی و لەگەڵ خۆمدا بردم، چوم بۆ مەکتەب ڕەشید لەوێ بینیم پیاوە تاوانبارەکانی ڕژێم لەبەر دەرگان کەنزیك بومەوە لێیان وتیان (ها شترید) چیت

ئەوێ من گوتم ناسیاوێکمان لێرەیە ئەمەوێ ببینم وتیان: چەند دەقەیەك بەس لەژێر چاودێری خۆماندا مام عەلیان بانگکرد قورگم پڕبوو لەگریان دوای ئەوەی چۆنی چاکیم لەگەڵدا کرد بینیم مام عەلی وەزعی تەواو نی یە،پرسیم مام عەلی ئەوە چییە بۆ ڕەنگت تەواو نی یە خۆ لێیان نەداوی، ووتی بەرێوەڵا مامۆستا زۆریان لێم داوە سەرەڕای ئەوەی تەمەنی مام عەلی حەفتا ساڵ بەرەو ژور بوو وتم مام عەلی بۆ لێیاندای ؟ وتی مامۆستا تفەنگێکی ئینگلیزی کۆنم هەبوو بۆ پاسەوانی مەڕەکانم کاتێك جەیش هات تفەنگەکەم فڕێدا بەڵام فیشەکڵخەکە لەبان پشتم مابوو لەبیرم چوبوو بۆیە زۆریان لێدام ئەیانگوت تۆ پێشمەرگەی . چپانمە بن گوێچکەی وتم: ئەها بە قسەمت نەکرد، وتم مەرۆ ژورێکت پێدەدەم، وتی نانا مامۆستا دڵ لە دڵ مەدە بەرئەبین چونکە خۆیان ئەڵێن بەرتان دەدەین وە قەرەبوتان ئەکەینەوە وە خانوتان بۆ دروست ئەکەین بۆیە تەئکید بەرمان دەدەن. ئیتر مام عەلی ڕۆییو نەگەرایەوە، ئەویش ئەنفالکراو هەتا ئێستا بێسەروشوێنە.

بەهێ ئازادکراو بەپێی خۆی گەرایەوە زیندان :

بەهێی کچی کەلەمەرکەز شەبابەکە لەگەڵ ئەو خەلکەی تر دەستبەسەربوو لەگەڵ ئافرەتەکانی گەرمیاندا خزمێکیان دەری کردبو بۆ دەرەوە وە چەند ڕۆژێکیش لە دەرەوە بوو، بەڵام ئەم کەنیشکە ئۆقرەناگرێ‌و وتبوی بالەگەڵ باوکمدا بم باشترە، ئەویش بەهەمان حیلەبازی بەعسیەکان فریوی خواردبوو ووتبووی خانومان بۆ دروست ئەکەن و تەعویزاتمان ئەدەنێ بۆیە بەپێیی خۆی گەڕابویەوە ناوەمرکەز شەبابەکە، بەداخەوە بەم جۆرە خۆی چووەوە بەردەم بێ ڕەحمی ئەنفالچیەکان. سەرئەنجام ئەم دوو مرۆڤە سادەو بێکەسە لەگەڵ سەدان هەزار کوردی هەژاردا زیندە بەچاڵ کران وە ئەنفالکران وە تائێستا شوێن و سیمایان دیارنی یە.




بۆیە ڕۆحی پاکیان بەرزبوە بۆ ئاسمان وە سوجدەی شوکریان بۆ خوای تەبارەك وە تەعالا برد، داوای تۆڵەیان لەیەزدانی مەزن کرد بۆیە خوا فەرمویەتی (ان ربك لبالمرصاد) بۆیە خوای تەبارەك وە تەعالا ئەو ڕژێمە زاڵمەی ئەپرون ئەپرون کرد وەکردنی بەپەندی زەمانە لەعنەتی خوای گەورەوپێغەمبەرو مرۆڤایەتی لەسەریانەتا ڕۆژی قیامەت. خوای تەبارەك وە تەعالا ئەفەرموێ (فلاتحسبن الله غافلا عما یعمل الضالمون ولکن یؤخرهم لیوم تشخص فیە الابصار) هەزارەها سڵاو لەگیانی پاکی مام عەلی وە بەهیە وە هەموو ئەنفالکراوەکان جەنەتی فیردەوس ان شاالله مەنزڵگایانە . بژی کوردو کوردستان مردنو سەرشۆڕی بۆ دوژمنان بۆ ئەنفالچیەکان

### كامەران بەرێوەبەری شەهیدان‌وئەنفالكراوان- دوز

# هەندێك وارسی شەهیدو ئەنفالكراو هەتا ئێستا زەوی نیشتەجێ بوونیان وەرنەگرتووە



شاروچكەی دوزخورماتوو ئێستا بووەتە شوێنی نیشتەجێبوونی بەشێكی زۆر لە كەسوكاری ئەنفالكراوان، ئەنفالستان لەنزیكەوە ئاگاداری بەشێكی زۆرلەكێشەكانیانە، بۆ بە دواداچوونی ئەو كێشەو گرفتانەی روبەرویان دەبنەوە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ بەرێز كامەران ئەنجامدا .

ئێوە نوسینگەكەتان كەی دامەزراوە ؟

نوسینگەكەمان ساڵی 2003 دوای پرۆسەی ئازادی عیراق دامەزراوە تاكو ساڵی 2005 سەربەڕێوەبەرایەتی گەرمیانبوو، بەلاَم ئێستا سەربە بەڕێوەبەرایەتی كەركوكە ،ئێمە لەشاری دووز دەوام دەكەین بۆ ماوەی حەوت ساڵە ئیش و كارەكانمان زۆربەباشی بەپێ ی ئەو دەسەلاَت و ڕێنماییەی هەمانەو بەپێ ی یاساو ئیمتیازاتی كەسوكاری شەهیدان كەساڵی 2007 دەرچووە لە پەرلەمانی كوردستان كاردەكەین، بۆ زیاتر خزمەتی كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان

- لەنوسینگەكەتان چەند فەرمانبەركاردەكەن؟

ئێمە شەش فەرمانبەری فەرمین لەگەڵ سێ فەرمانبەری تر كەتازە بەتەنسیب هاتوون بۆماوەی شەش مانگ ئیش و كارەكانمان جێ بەجێ دەكەین

_كەم و كورڕیتان چی یە ؟

بەڕاستی كەم و كورڕیمان زۆر هەیە چونكە ئێمە سنورەكەمان لەڕووی ئەمنیەوە هەتائێستاش مەترسیدارە، زۆریش دورین لەبەرێوەبەرایەتی گشتیەوە كە پارێزگای سلێمانیەوهەروەها لەوەزارەتیش كەلەپارێزگای و هەولێرە، ئەمەش بۆخۆی گرفتێكی جدیە هەم بۆخۆمان هەم بۆئەوكەسوكارەی وارسی یاساین، هەندێ كەم وكورڕیمان هەیە وەكو (كەمی فەرمانبەر + كەمی نەسریە) كەمی دەەسەلاَت لە ئیشوكارەكانمانداوە زیاترلە (40) وارسی شەهیدو(110) وارسی ئەنفالكراو هەتا ئێستا زەوی نیشتەجێ بوونیان وەرنەگرتووە وە لەكۆی (500) وارسی ئەنفالكراو تەنها (100) خانوومان بۆكراوە

_ئیش و كاری ڕۆژانەتان چۆنە ؟

ڕۆژانە ئیش وكارەكانمان زۆر بەباشی ئەنجام ئەدەین بەلاَم هەندێ لە كەس وكاری ئەنفالكراوەكان و شەهیدان داواكاری یان كەم وكورڕی معامەلات دێنە لامان ئێمەش بەپێ ی یاساو ڕێنمایی كارئەكەین هەندێجار كێشەمان بۆ دروست دەبێ ئەویش لەبەرئەوەی تێنەگەیشتن هەیە، مەسەلەن من دەسەلاَتی

یاسادەرکردنم نیە تەنها جێبەجێکارم، یەکەم واجیبەی حکومەتیش لێرە ئێمەین. بۆیە زۆرجار ڕووربەڕوی داواکاریەکان دەبینەوە.

_چی کەموکوڕی ئەبینی لەیاساوئیمتیازاتی شەهیدان و ئەنفالکراوان ؟

دەستخۆشی لەحکومەتی هەرێم دەکەم" پەرلەمانی کوردستان، وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، یاسایەکی باشە بۆخزمەت کردنی کەسوکاری شەهیدانوئەنفالکراوەکان بەڵام بەبۆچونی من هەندێ کەموکوڕی هەیە لەوانە بۆ نمونە :

1_شەهیدی سەنگەر / ئێستا تەنها مووچەکەی پاش وارسی یاسایی بەخوشك ئەدرێت مەرجێك بۆ برا دانراوە ئەمەش زۆر نیگەرانی داناوە بۆ برای شەهیدەکان چونکە برا زیاترلەشۆڕشەکاندا ئازاری چەشتووە .

2_خێزانی شەهید یان ئەنفالکراوان / ئێستا کە هاوسەر دەکەنەوە موچەکانیان بۆ خۆیان بەردەوام دەبێت ئەمەش دیسان زۆر گرفتمان بۆ دروست دەکات کەخوشك و برای شەهیدانو ئەنفالکراوان داوای مووچە ئەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی بەپێی یاساکە هیچی بەرناکەوێ ، من وای بەباش ئەزانم بەپێ ی قەسام شەرعی دابەش بکرێت لە نێوان وارسەکاندا چونکە بەقسام شەرعی هەمووڵایەك بەشی خۆیان دەبەن.

3_مەسەلەی سلفەی زەواج کە بەر براو خوشکی شەهید ناکەوێت

_داواکاریت یان دوا وتەت چی یە ؟

سوپاستان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە وە داواکارم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان هەوڵی زیاتر بدەن بۆخزمەتکردنی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لەگشت ڕویەکەوە بەتایبەتی ناوچە دابڕاوەکان، ئەم خاڵە سەرەکیانە :

1_ لیژنەیەك دروست بکرێت بۆ پاك ڕاگرتنی لیستی شەهیدان لەخەڵکی خراپ ونا مستەهەق

2_ لەکاتی یادی تاوانی ئەنفالدا کە دەکەوێتە بەرواری 4/14/ ئەو وارسی شەهیدان وئەنفالکراوانەی سنورەکەمان کە زۆریان خانویان بۆنەکراوە بۆیان دابین بکەن.

3_ ڕۆژی 1988/4/14 بکرێت بەپشوی ڕەسمی لەکوردستاندا وە قۆناغەکانی ئەنفال بخرێتە بواری خوێندن وەکو مێژوو .



# ئیجە: نوگرە سەلمان هەمووی هەردۆزەخ بوو

**ئامادەکردنی : ئالاّ رەشید**

**ئیجە عەزیز محەمەد یەکێکە لەوپیرەژنە ئەنفال کراوانەی گەرمیان کە هەر ئەوسا تەمەنی تەواو سەرکەوتبوو، لەساڵی □□□□ هاتووتە دنیاوە ئەویش وەکو زۆربەی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان لەبەر زۆری تەمەنەکەی لەگەڵ کۆمەڵێك پیروپەکەوتە کەرژێم ئازادی ماوەیەکی زۆر لە نوگرەسەلمان دەستبەسەری کردبوون و دواتر ئەویش ئازادکراوە، هەندێکجار بێ ئەوەی پرسیاری روبەرو بکەمەوە خۆبە خۆ بۆمان دەدوا، بۆیە منیش وام بەباش زانی دیدارێکی لەگەڵ ئەنجامبدەم کە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆمان دەدوێ .**



**ناوی بەرێزت چیە ؟ لەکوێ ئەنفالکرایت؟**

ناوم ئیجە عەزیز محەمەدە ئێمە زوو لەدێی قەواڵی بووین ، هەر لەدێکەی خۆمان لە( قەواڵی) گیراین و بردیانین لەملە سورە کۆمانیان کردەوە، کەلەجادەی سەرەکی تیلەکۆوە نزیکە (حکومەتی عێراق ئەو شوێنەی بۆ ئێمە دیاری کردبوو)

**ئێوە کە گیرابوون چەند کەسێك دەبوون ؟**

زۆربووین لە باس کردن نایەت کەسەیرت دەکرد، ئەتوت بەخوا کەس نەماوە هەمووحەشاماتی ئەم سەرزەمینە گیراوەو لەوێیە .

**ئەی ئەو خەڵکە هەمووی گیرابوو هیچ دەرفەتێك نەبوو خۆتان حەشاربدەن..؟**

نەوەڵا بەڵام جاشێکی کوردم بانگ کردو ئەویش هاتە پێشەوە پێم ووت: بیکە لەرای خوا رزگارم بکەئەویش ووتی ئەگەر هەرخۆت بیت ئەوا بۆ شەو لەسوچێکدا رزگارت دەکەم . بەڵام هاورێ ژنەکانم بەم هەواڵەیان زانی و خۆم باسم کرد بۆیان .. ئەوانیش ووتیان بەخوا دەبێ ئێمەش رزگار بکەیت . ئیترجاشەکە کەپێم ووت: بۆ ئەوانیش رزگاریان بکات لەقسەکەی خۆی پەشیمان بووەوە .

**- پورە ئیجە لە چ بەندینخانەیەك بوون وچەند رۆژ مانەوە .**

+ پێنج رۆژ لەخورماتوو بومان بەزیل بردمانیان بۆ کەرکوك لە گەرکوك ژن و پیاو و منداڵ و گەنج و لاویان لەیەك جیاکردەوە .پیاوی گەنجیان بە ترۆمبیل بردو ژنە گەنجەکانیشیان دوای ئەوان برد . ئینجا پەك کەوتەو پیرەکانیان دوای چەند رۆژێك برد بۆ ( نوگرە سلمان )

**- لەنوگرە سەلمان زۆر لەمینەتیدا بوون، ژیانتان چۆن بوو ؟**

+ لەقاعەی گەورەدا فرێیاندابووین، ژنی پەك کەوتە لەگەڵ هەندێ ژن و منداڵدا پێکەوە لەیەك قاعە بووین . پیاوە پەك کەوتەکانیش لەقاعەیەکی بەرامبەرمانبوون.

**ئەی خواردنتان چۆن بوو.**

ڕۆڵە ڕەمەزان بوو خواردنمان بوولەنوگرە دوای ڕەمەزان و ڕۆژی کوشتار هەرچی قازان و ئەدەواتی چێشت لێ نان هەبوو کۆیان کردەوەو لێیان سەندین‌و بردیان .

**باشە پورێ ئەو ئاش و ئاوە لەکوێ بۆتان دەکرا.**

لەقاتی سەرەوە دەکرا ئەویش لەڕەمەزاندابوو .

**ئەی دوای ئەوە لەکوێ .**

دوای ڕەمەزان هیچ خواردنێکمان بەچاو نەبینی و ژن و منداڵ لەبرسانا هاواریان بوو ، هەتا ئاوی خواردنەوەشمان نەبوو .

**ئەی کوڕ و کچی گەنجتان لەگەڵدابوو؟**

بەڵێ گەنجمان لابوو یەکەم جاریش پیرو پەك کەوتەیان هاورد بۆ نوگرە بەلاّم بۆ دوایی برێ گەنج و منداڵیان هاورد .

**دوای ڕەمەزان خواردنەکەیان بڕی ئێوە هیچتان نەوت .**

بەڵێ : ئەختیارەکان ڕۆیشتن بۆ لای زابتەکە پێیان ووت خوا هەڵ ناگرێ ئێمە برسیمانە و هەموو ژن و منالەکانمان وا خەریکە لەبرسا دەمرن یان بمانکوژن یان ئەوەتانێ بۆ خاتری خوا تۆزێ نان و ئاومان بدەنێ .

ئیتر خواردنیان هێنا بەلاّم چ خواردنێك .هەر کەسێ سێ سەموونی ڕەق بۆ دوو ڕۆژ . وە ئاوی خواردنەوەش ئاوی زێراب بوو .بۆری ئاوی زێرابەکانی قاتی سەرەوە لە خوارەوە ئەتکایە قاعەکەی ئێمە ، ئێمەش لە تینگا ئاوی ئەو زێرابەمان دەخواردەوە، دوای هەفتەیەك ئاویان بە تەنکەر هاورد بۆمان .بەلاّم چ ئاوێك بوو . ئەوەندە جیاوازی نەبوو لەگەڵ ئاوی مەجاریەکەدا .

" من هیچ پرسیارم نەکردبوو ڕاوەستابووم لەخۆیەوە ووتی ڕۆژێك چووم بۆ ئاو لەتەنکەرەکە لەدەوری تەنکەرەکە هەموو عەسکەر بوون یەکێ لە عەسکەرەکان گەورە تر بوو لەوان داوای سەتڵەکەی دەستی کردم و منیش نەم دایە دەستی . ووتی (جیب سگل ) منیش تۆزێ زمانیانم دەزانی ووتم ( اخاف ) ووتی ( لیش اخاف ) منیش ووتم سیدی ( ولله اخاف ) سێ جار دەستی هاورد بۆ سەتڵە کەو منیش لەترسا دەستم دەگەڕاندەوە .ئەویش تورەبوو پێی ووتم (انیج علی ابوج لیوج انیج امج ) پێی وتم ئیتر نەیتەوە بۆ ئاو .

شەوێك جوندیەك ئارەقی خواردبوو هات خۆی کردە ناوقاعەی ژن ومندا لەکانا بوبە قیژ و هۆڕ هەر باس ناکرێ خوا ڕەحمی کرد زابتەکە پێی زانی هات دەری کردە دەرەوە .

- **ناشتنی مردووەکان چۆن بوو :**

+ چوار پێنج زەلامیان دەچوون بۆ داپۆشان دوای ئەوانیش سەگە ڕەش دەری دەکردە دەرەوو دەی خوارد

**پورە ئیجە ئەوپیرویەك کەوتانە ئازاردەدران بەلێدان**

پیرێك بوو ناوی عبدول الرحیم بوو هات سوار سەیارەی بکەن نەی توانی سواربێ زابتەکە کەناوی حجاج بوو بە کێبڵ هات پێیدا زۆری دا لێ ی دوای لێدانەکە ووتی بیبەن بۆ ناو سجن ئەوشەوە ئەوپیرەپیاوە مرد ...

**ئەتان توانی بڕۆنە دەرەوە ؟**

ڕۆژێك چوم بۆلای پیاوێك خالۆی زابتە کە بوو کە محمد ناوێك بوو لامان .

وتم بۆخاتری خوا بابچینە دەرەوە بۆئەوەی تۆزێ کاغەز کۆبکە ینەوە بۆئاگر کردنەوە تا ئاشی پێبکە ین . من عەرەبیم دەزانی و هەموو جارێك من دەچوم بۆلایان بۆئیشو کار چونکە زمانەکەم دەزانی ووتی ئیجە وەرە حەوشە کەمان بۆپاك بکەرەوە دوای ڕۆیشتین

بۆدەرەوەی حەوشەکە بینیمان سەگ سەری کردوەتە سەر مردویەك و لێیدەخوات زۆر نارەحەت بوین هەموو ژنەکان دەستیان کرد بە گریان و هاوار ووتم هاوار مەکەن بانەزانن ئەگەر بزانن دەیبینین دێن بۆمان دوای خراومان پێدەکەن ،ئەو (محمد)ە زۆرباش بوو بەدزی حەجاجەوە زۆریارمەتی دەداین.

خواردنمان دەسەند بە پارە لەخەڵکی ئاوایەکان دەوروو بەری ،خەڵکی نوگرە سەلمان خواردنیان دەهاورد لە تەنیشت قاعەکەوە بە دزیەوە ئێمەش دەمان سەندبەپارە.

ژنێك پێنج منالی پێ بوو یەك کچ و چوا کوڕ شەوێك دەست کرا بەگریان هاوار سەیرمان کرد هەر چوار کوڕەکەی مردوە لەبرسان ، ڕۆڵە خواردن نەبوو هەمووی برسی بوو .

**پورە تۆ کە زمانی عەرەبیت باش دەزانی دەتتوانی یارمەتی هاوڕێکانت بدەی وە یارمەتیت دەدان .**

من هەر زمانەکەم بوو وەڵا جارێکیان ژنێك (فەرید) خەڵکی دێی (عەزیز قادر) بوو ووتی وەرە ئەم لاوە ووتم چیت گەرەکە ووتی توخوا تۆزێ ئاشی ئاو تەماتەم بۆ پەیدا بکە زۆر نەخۆشم ، منیش ڕۆیشتم بۆ لای ئەو قاعەکەی تر سەیرم کرد لە تەنەکەیەکی ژەنگاویدا خەریکی ئاش کردنن .منیش وەستام و سەیرم کرد لەڕوم نەدەهات هیچ بێژم ئەوژنەی خەریکی ئاشەکەبوو هات بۆ لام ووتی ئەوە بۆ وا وەستاوی ووتم وەڵا هاتوم بۆ تۆزێ ئاش ئاو تەماتە ژنێك خەریکە دەمرێ وەڵا ئەویش زۆر خانەدان بوو لەکاتی خۆیدا یەك سەر یەك قوتوی پڕ کرد لە شۆربای ئاوتەماتە بۆم منیش بەپەلە هاوردم بۆ ژنەکەو خواردی هەر لەئاوتەماتە نەدەچووژنەکە زۆر دوعای کرد بۆم بەلام بە داخەوە ئەو شەوە مرد

**پورە چی ترت لەدڵتایەوئەتەوێ بیگێریتەوە..؟**

پیاوێکی لێبوو ناوی سەید سابیر بوو سەیدی جەباری بوو، ڕۆژێك سەید سابیر لە مانگی ڕەمەزانا قنیلەی غازێکی هاورد نازانم چۆن پەیدای کردبوو، بە تاڵیش بوو سەیارەیەکی عەرەب هاتبوو بۆ ناو سجنەکە نازانم چی هاورد بوو بەئەمری زابت (گەورەکەیان ) سەید صابیریش غازەکەی دایە ئەو سەیارە پێ ووتبوو غازەکەی بۆپڕبکات بۆی خۆ سەیارەکەش غازە بەتاڵەکەی بردبۆی .دوای کە بەمەیان زانی سەید سابیریان بانگ کرد بۆلای زابتەکە زۆریان لێ ی دا وەڵا گوێمان لەهاواری بوو کاتێك هاوردیانەوە فڕەیان دایە ناو قاعەکە هەموو گیانی کەوە وشین کرابوەوە ئێستە نازانم ماوەیان نە .. دوای ماوەیەك زابتەکە هات بۆ لامان ووتی: رئیس صدام حسین عافواتی داوا ئێوە بەر بدەین هەڵپەڕکی وخۆشی بکەن ئەوەی دەی توانی هەڵپەڕێ لەبەر ئەوەی بەر دەبون هەڵدەپەڕین دوای چەند ڕۆژێك دوای ئەو قەرارە بردمانیانە سەماوە پێنج ڕۆژ زۆر خزمەتیان کردین ووتیان با بەئەم شێوە کەس نەیان بینێ .لەسەماوە بردمانیان بۆ قاعەیە عەسکەری لەوێ خۆمان شوشت خواردنی باشیان داپێمان بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ زۆر باش خزمەتیان کردین بەلام کێ ئەوانەی کەجیاکرابوینەوە هەموو پیرەژن وپیرەپیاووپەك کەوتەبوین دوای ئەوە هاوردمانیان بۆ عەربەت لەوێ خەڵکی هەڵەبجەی زۆر بوو بەلام لای ئێمە نەبوون . ئەوان ماڵیان پێ بوو غازیان پێ بوو بەلام لە قاعەیە تربون لە ئێمە جیابوون بەلام کاتێ

ئێمەیان هاورد بۆ عەرەبت گەنجە هەڵەبجە ییەکانیان بردە دواوە بەریان نەدان لە عەرەبەتەوە بردنیانەوە لەنوگرەش هەڵەبجەییەکان جیابون لە ئێمە نەیان دەهێشت تێکەلاوی ئێمەبن ئەوانیش ژن و پیاویان جیا کرابوەوە ئەوان منالٚ و گەنجیان لە گەلاٚبوو وەك ئێمە كوڕو كچەكانیان نەبرابون دوای لە عەربەت كوڕەكانیان بردنە دواوە و بەریان نەدان .

شتێك كە قەد لەبیرت ناچێتەوە چیە؟

ئینجا كەمەی لەبیردەچێتەوە دۆزەخ لەبیردەچێتەوە ؟ ئەوەی دایم ها لەبەرچاوم ئەوە بوو شەوێك خەوتبوین بۆ بەیانی هەڵساین لەلامانەوە ژنێك چوار منالٚی ببوو هەر چواریان مردبوون .

*پورە ئیجە ئێستا تەمەنی تەواو هەڵكشاوە و لەگەڵ تەنهاكچە قەیرەكەی لەكەلار لەكەڕەكی شۆڕش دەژی.

# مام خەلاٚص* وئەنفالكراوەكانی نوگرەسەلمان.

مام خەلاٚص ناوی نەزانراوی پۆلیسێك بووە لەنوگرەسەلمان، عەرەبێكی خەڵكی سەماوەو تەمەنی نزیكەی 50 ساڵێك بووە، لەبەر ئەوەی زیندانیەكان ناویان نەزانیوە، ناویان ناوە مام خەلاٚص ئەمەش لەوەوە هاتووە، هەركەپێیان ووتووە ئەرێ كەی ئازاد دەبین ، ئەو پۆلیسە پیرە لەوەلاٚمدا ووتویەتی (خلاص، خلاص). زیندانیەكان هەر ئەوەندە لەبارەی ئەو پۆلیسەوە دەزانن كە خالٚی (حەجاج) ی سەجانە دڵڕەقو ملۆزمەكەی نوگرە سەلمان بووە، دەنا نەناوی راستەقینەی، نەپلەی سەربازیەكەشی نازانن، بەلاٚم وەكو باس دەكەن لەچاو دڕندەیی حەجاجو ئەفسەرێكی تر بەناوی شەمخی پیاوێكی دڵنەرمو هەڵسوكەوتی لەچاو ئەوانی تر لەگەڵ زیندانیەكان باشتر بووە، زۆرجار یارمەتی داونو بەپارە زەخیرەو خواردەمەنی بۆ هێناونەتە ناو زیندانەكەی قەلاٚی نوگرە سەلمانەوە، زۆرجاریش بەبێ بەرانبەر واتە بێئەوەی پارە لەزیندانیەكان وەرگرێ پێداویستیەكانی بۆ بردوونەتە ژورەوە، دارا محمد خەڵكی قەلاٚچەر مەڵەی گەرمیانەو ئەوكاتەی ئەنفالكراونو براون بۆ نوگرە سەلمان، ئەو تەمەنی تەنها 8 ساڵان بووەو ئێستا كەسێكی هوشیارو ئەندامی سەركردایەتی حزبێكی سیاسی كوردستانیە، زۆر وێنەو یادەوەری تاڵی ئەو رۆژگارەی نوگرە سەلمانی لەلایە باش بیری دێت كە نەنكی "دایكی باوكی" بەناوی ( سەوسن عبدوالله) لەوێ مردووە، هەروەها بیری دێتو بەچاوی خۆی بینیوێتی كەشەمخی پیاوێكی بەعەمودێكی ناوقەلاٚكەوە سەرەو خوار هەڵواسیوە، ئەوەشی بیرە كەهەر ئەو شەمخیە پیاوێكی تری بەدار كوشتووە، بەلاٚم ئەوەی لەیادی ناچێ دەڵێت رۆژێك بریندارێكیان بەسەیارە هێنا من نەمدەزانی چیە، ووتیان: ئەمە ویستوویەتی ڕابكات بۆ سعودیە تەقەیان لێكردووەو بەبرینداری گرتوویانەو هێناویانە بۆ ئێرە.. دارا لەبارەی ئەم پۆلیسە پیرەوە ووتی: ئەو پیاوە زۆر هاوكاری بەندكراوەكانی دەكرد، زۆرجاریش بێ ئەوەی پارە لەكەس بسێنێ ئەو كارەی دەكرد، ( مام خلاص ) ناوی خۆی نەبوو بەڵكو كوردە ئەنفالكراوەكان لێیان نابوو، دەنا ناوی ڕاستەقینەی نازانراوە.

---

* سەبارەت بە ناوی ئەم پۆلیسە پێدەچێت هەمان ئەوپۆلیسە دلنەرمە بووبێت كە ئیجە هەرلەم ژمارەیەدا باسی دەكاتو دەڵێت ناوی محمد بووەو خزمی یەكێك لە ئەفسەرەكان بووە، چونكە ئەویش بەهەمان شێوەی دارا باسی دەكات.

# عودەی

سەرکۆ محەمەد ڕۆستەم

ئەو ڕۆژە زۆرسەیر بوو لام، دنیا زۆر گەرم بوو هەرلەئۆردگاکەوە بەپێ دەکەوتەڕێ بەشەکەتی وپەلەکردن بۆ ئەوەی بگاتەجێ، کلاوێکی فەروەی توکنی لەسەردا بوو تابن گوێچکەکانی داپۆشی بوو لەهەمووی سەیرتر لای من کوڵەباڵێکی• لەسەرشان کردبوو تەنها قۆڵکی لەسەر شانا بوو گۆچانێکی دەکردە قۆڵە تێ هەڵکێشراوە کەوە ئارەقی سپی لا مل و ملیوانی کراسەکەی داپۆشی بوو، لەگەڵ تۆی پژوێن و ناوقەدی دا ، پێلاوێك لاستیك بێ ئەوەی نوزەیەك هەوا چیەپیایدا بێتو بڕوا لێواری پێلاوەکەی کەپێی تێدا دیار بوو کەفاوی ئارەقەی تێدا سەردەکەوتە سەرەوە . بەپەلەخۆی دەکردە ناوسنگی شاردا، تۆ دەتگوت ئەمەکارێکی زۆر گرنگی هەیەو ئێستا ئەنجامی ئەدات . هەر لەسەرەتای شارا گۆچانەکەی لەشانی دادەگرت وبەنێوبازارو دوکانەکانی شاردا دەگەڕا تا دوکانێکی دەدۆزیەوە ئەو دوکانەی خۆی بۆی دەگەڕێ و خۆی دەست نیشانی کردووە ئەو هەر بەدوی ئەو تەنها دوکانەدا دەگەڕاو جار جارەش دوکانەکەی لێ ون دەبوو تا دەیدۆزیەوە ، لەناو شاردا هەموو کەسێ گومانی لە خۆی دەکرد



،ئەو بەوێزە و بن گوێچکیدا بدات . گۆچانەکەی جارجارلەسەرشان وجارجارەش بە هەموولایەکدا سوڕی دەداوچاوەڕوانت دەکرد بزانینین بە وێزەو کەلەی کێدا بدات ,هەرلەشەقامی سەرەکی دووسایتی شاردا ئەو کەسێکی لە کونە دوکانێدا دیبوەوە دەهاتە سەروکەلەیدا بە گۆچانەکەی بەر دەرگای دووکانە جامخانە دارەکەی لێدەگرت نەیەك و نەدوان بە گۆپاڵەی گۆچانەکە دەیخورماندەوە ، ئێمە کە دەچوین بەهانایەوە بە ترسەوە لێمان دەپرسی دیسان چیە و چی ڕویداوە بۆوادەکەیت زۆر بەکەمی گوێی بۆ ڕائەخستین و جار دەیگوت ئەمە (عودەی) ە کوڕە گەورەی دیکتاتۆرە ئێوە نازانن من باش دەیزانم با پێمان بڵێت ئەنفالەکان لەکوێیە ، ئەمە کرداری ڕۆژانەی بوو ئەم کارەی دوبارە دەکردەوە پێمان دەگوت بۆ وادەکەیت ئەویش دەیگوت ئەمە عودەی صەدامە با چارەنوسی ئەنفالەکانمان پێ بڵێت شێتە زۆر لێی گۆڕا بوو ، لەو ڕۆژەوەی کارەساتی ئەنفال ڕویداوە ئەو

• کوڵەباڵ جۆرە جلێکە لەخوری یان لەمووی بزن دروستدەکرێت بەشێوەیەکی گشتی لەناوچەی شارەزوور پیاوان لەبەری دەکەن

بەدوای ئەوە کەوتوە کێ دەستی لەو ڕوداوەدا هەیە بیاندۆزێتەوە خۆی گەلێك ئازیز و خۆشەویستی لەو هێرشەدا تیا چوو بوو منیش زۆر دڵ نیگەران دەبووم کە کوڕە لاوێکی نیشتمانەکەم بیری ونبوەوەو کارەساتی ئەنفال هەستە جوانەکانی دزیوە و بەو شێوەیە دەبێ هەستی خۆی دەربڕێ هەر بۆ هەمان مەبەست ئەو ڕۆژە دیسان خۆی کردە نێو دوکانەکەدا و کەوتە تێهەڵدانیان زۆری لە عودەی دا برایەکی عودەی لەوێ بوو پێکەوە کەوتنە لێدانی گیانی شێتە بەلام بەهێز بوو تابلێی سورو سپی و بالایەکی بەرزو قەڵەمی و جوان ، بالاو گەردنێکی بەرز ، بەهێز و بەتوانا لە ڕەوت وڕێو باندا گورج و چست و چالاك ، ئەوتەنها لەنێو حەشاماتی خەڵکیدا دەیانهێنا و دەیانبرد هەر لەسەر ئەرزی نەئەدا تەنها کلاوە ڕێسراوەکەی لەسەر کەوتە خوارەوە و تەوقە سەری کەوتە دەر سور هەڵگەڕابوو بێ ئەوی تۆسقاڵێك موی پێوەبێت بۆیان نەکرا ئەو سەرە سولەقەتەییە بریندار بکەن . زۆرهاوردیان و بردیان و ڕایان کێشا بێ سود بوون لە کەوتنی . خەڵك هەریەکەو بێ ویژدانانە دەدوان زۆربەی ئەو خەڵکەی لە دەوری ئەم هەرایە کۆببونەوە دەیانگوت ئەم شێتە بۆچی باشە بیکوژن ئەمە چیە هەموورۆژێك دێت شەڕی عودەی بە ئەم خەڵکە دەگێڕێ ، یەکێکی تر لەناو خەڵکەکە دەیگوت بەندیکەن یان بیکوژن بۆ چی باشە زۆر بێ ویژدانانە بڕیاریان لەسەر ئەدا کار گەیشتە وەی عودەی لە کاربەدەستانی دەوڵەت داخوازی بکات کە شێتە لەناوببرێت ، یان بەندی بکرێت لەو ڕۆژە بەدواوە من زۆر کوچەو کۆلانان بۆ شێتەی ئەو ڕۆژە دەگەڕێم ڕێی پێ نابەم ئیتر بیری من کەوتە گومانەوە کە عودەی ئەم کوڕە لاوەی لەناو بردبێ تەنها لەبەر ئەوەی چەند جارێك بەگژیدا هەڵشاخاوە . دەمێك بوو چاوەڕوانیم دەکرد ، سۆراغم دەکرد بۆ دۆزینەوەی . ڕۆژێك لەنێو شاردا بەبەر دوکانی عودەی دا تێپەڕ بووم شێتە کەوتەوە یادم منیش کەوتمە پرسیارکردن لە هاوڕێیەکی فەرمانگەکەم ئەویش پێی ڕاگەیاندم کە لەسەر داخوازی عودەی ئێستا بەندیە و لە بەندیخانەدایە ئێستا نازانم کە عودەی لێی دەبورێ لەگەڵ حکومەت یا داخوازی تر پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی دەوڵەت لە نێوە ڕاستی خیاباندا هەڵی بواسێت و لە داری بدات چونکە ئەو تاوانەی کردووە کە کەسێکی بینیوە کە تەنها لەشێوەی عودەییە ، ئەوەندەی ڕقی لە عودەی دەبێتەوە خەڵکی هاوشێوەی عودەی بە عودەی دەزانێ پاداشتی شێتەی ئەنفال کراو دەبێت حکومەت بڕیاری لە داردان و بەندی هەتا هەتای بدات هەر لەبەر ئەوەی خەڵکی لە هزرو چاوی ئەودا دەبێتە عودەی ؟

1999-11-1

# ئەنفالستان مەکرەو بیخوێنەرەوە

# دڵنیام ئێستا دایکێکیش هەیە بۆ من دەگری



هەردوای دۆزینەوەی زمناکۆ (عەلی) کوڕێکی تر بەناوی یوسف جاربەجار لەدەزگاکانی راگەیاندندا دەردەکەوێو وەك خۆی دەڵێت: وێڵی دۆزینەوەی دایكوباوکی خۆیەتیو داوای هاوکاری لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات لەدۆزینەوەی بنەرتی خۆیدا یارمەتی بدرێت، یوسف کە ئێستا کارمەندێکی ئاسایشەو دانیشتووی شاری ڕانییە، لەدەرفەتێکدا کە هاتبوو بۆ شاری سلێمانی ئەنفالستان چاوی پێی کەوتو ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازدا:

- سەرەتا خۆت بناسینە ناوی سیانیت

یوسف محمد حسین .

- تۆش باس لەوە دەکەیت کەیەکێکی لەومندالأنەی لەتاوانی کیمیابارانکردنی هەلەبجە ونبوویتو بەدوای دایکوباوکی خۆتدا دەگەرێیت ..؟ ئەگەر بتوانیت تیشکێک بخەیتە سەر حاڵی خۆت ؟

من بەم وەزعەم نەزانیبو، هەروا دووساڵە ئەمەم زانیوە، من هەروام زانیبوو کوڕی ئەو ماڵەم، رۆژێك خوشکەکەم (ئەمیرە) کێشەی هەبوو لەمەحکەمە لەگەڵ مێردەکەی خراپ بوو، منیش وەکو برایەك لەگەڵیدا چووم ، لەوێ خوشکەکەم هەڵەی کرد، منیش ئامۆژگاریم کرد، ئەوی ڕاستی بێت ئەزێتمدا و لێشمدا ،( ئەوە یەکەمجار بووە کەس ئەزیەتبدەم ) ئیتر ئەو لەو هەڵوێستەی من تورە بوو، لەوێ بە حاکمی گووت جەنابی حاکم ئەم کوڕە بۆی نیە لێم بدات لە بەرئەوەی هیچم نیەو ئەم منداڵ بووە هەڵمانگرتۆتەوە. وتی باوکم بەمنداڵی لە هەڵەبجەوە هێناوێتی .

ئیتر لەوچرکە ساتەوە من ئاگام لەخۆم نەماوەو دەگەرێم بەدوای ئەسڵی خۆمدا، منیش کەبەو وەزعەم زانی هەستام چووم بۆ باریکە، لەبەر ئەوەی خەڵکی باریکە دەزانن زۆرخەڵك لەوێ باوکم دەناسێ چونکە ڕەفیق حزبیەکی پیس بووە، کاك کەمالێك هەیە لەهەڵەبجە شایەتە تەنانەت ئەو منی ناو ناوە یوسف، هەموویان دەیناسن .

- ئەو کاک کەماله لەکوێیە؟ لەباریکەیە ؟

نا لەهەلەبجەیە لە قایمقایمیەتی هەلەبجەیە ؟

- یەعنی ئەو کاک کەماله ئامادەیە لەسەر ئەم وەزعەی تۆ شایەتی بدات؟

بەڵێ بەڵێ .. من ئەو کاتە گاگۆڵکێم کردووە منداڵ بووم، ئیتر کەچوم پرسیارم کرد ووتم ئەرێ کەسێك هەبووە لێرە بەناوی حەمە عەرەب ؟ ووتیان بەڵێ هەبووە.

- کێ ووتی ؟

خەڵکی باریکە .

- کێ لەباریکە پێی ووتی ؟

ماڵی حاجی کاك عبدالرحمن، ئەو خەڵکانەی تر، ابو غەزال.

- ئەبو غەزال ناوی خۆی چیی یە ؟ ناوی سیانی ؟

نازانم ناوی چی یە کاتی خۆی ئەو بەرپرسی باوکم بووە ، تەنانەت ئەو منی ناوناوە یوسف ؟ خەڵکی دیالە یە

- ئەی ئێستا چی دەکات لەباریکە ؟

نا ئەو لەباریکە نیە ئەو نازانم لەکوێیە خەلکی دیالە بوو.

- کێ ی تر ؟ لە باریکە پێی گوتی ؟

زۆر خەڵك هەن لەوێ ئاگایان لەم چیرۆکەی من و حەمە عەرەب هەیە .

- باشە پێش ئەوەی ئەم خوشکەت ئەو قسە ناخۆشەت پێبلێ قەت رۆژێکی تر شتی وایان پێگوتبووی..؟

نا تەنها جارجار بەمنداڵی کەشەرمان دەبوو لەگەڵ یەك خوشکەکانم پێیان دەگوتم دۆزراوە، دۆزراوە.. تۆدۆزراوەی کە من ئەمەم بە باوکم دەگوت، دەیگوت شتی وانیە .

- ئەی هەستت کردووە جیاوازی لەنیوان تۆو ئەوانی تردا بکەن ؟

نانەوەڵا هەرگیز هەستم نەکردووە، هیچ جیاوازیەکیان نەکردووە..؟تەنانەت کاك کەمال شاهیدی دەدا کە زۆر باش بوون تەنانەت دایکم منداڵێکی تری هەبووە، مندالەکەی خۆی فریداوەو من هەلگرتووە ووتویەتی ئەمەیان کوری منە.

- تۆ چۆنی بۆ دەچیت ئەم پیاوە بۆچی تۆی گرتووەتە خۆی ئایا هەر لەئینسانیەتی خۆیەوە بووە یان چی ؟

پێشتر وەکو باس دەکەن زۆر کەسی چاك بووە، وەکو دەلین منیش بەمنداڵی زۆر جوان بووم، هەرکەسێك بیبینیمایە ئەگەر جولەکەش بوایە هەلیدەگرتیتەوە.

- باشە باوکت بۆ لەباریکە بووەو چۆن تۆی لەهەلەبجە دۆزیوەتەوە ؟

باوکم رەفیق جزبی بووە لەوێ خۆی خەلکی ئەوێ نەبووە، ئەو کاتەی خەڵکیان ترحیل کرد بۆ ناوچەی چوارقورنە ، باوکیشم رۆیشت بۆ ئەوێ ، ئەم خۆی خەڵکی تەرحیل ئەکرد ، ئیتر هەرلەوێ کچەکانی بەشودا .

- لەکوێ بەشووی دان ؟

لەچوارقورنە .

- کچەکانی ناویان چی یە ؟

کچەکان ناویان (ئەمیرە و سەمیرە و بشرا و هۆزان ) ئەمیرە ونبوو، ئەوەی بەمنی گوت تۆ برای من نیت ونبوو نازانین چی بەسەرهات، ئیتر دوای ئەوەی راپەرین بەسەردا هات ئێمە ماڵمان باری کرد ئیتر منیش لەوێ مامەوە لەگەڵ ئەوان نازانم تا سالی 1994- 195 ئیتر چووینەوە بۆ بەغدا .لەوێ چووینەماڵی



عزت دوری، رۆژێك چووین بۆ ناو باخەکەی عیزەت دوری

- دڵنیا بویت ئەوە باخی ئەوە ؟

ئائا چوین ماڵی ئەو بوو ، باخێکی گەورەبوو ، هەمووی زەیتونبوو، لەوێ کابرایەکی بالا بەرزی سەرسپی لێ بوو، ئەو ناوە هەمووی حەرەس ومدەرەعە بوو بەو شەرتەی ئەو ناوە هەمووی زەیتون بوو بەبیرم دێ ئیتر ئێمە هەرلەماڵی ئەوان بووین من یانزە ساڵ لەوێ بووم .

- بۆچی ئەوەندە لەوێ مانەوە ؟

نازانم من منداڵ بووم

- ئەوەی بیرت دێ لەماڵی عیزەت دوری چی یە شتێک کە لەبرت ناچێتەوە ؟

ئەو باخە هەمووی زەیتون بوو کابرایەکی سەر سپی لێ بوو فەرشی سوور داخرابوو

- ببورە من دەمەوێ بزانم ئەو کابرایە بۆچی تۆی برد بۆ ماڵی عیزەت دوری؟ مەبەستی ئەوە بوو تۆ لەوێ بمێنیتەوە ؟

ئائا هەرلەوێ بوو بۆخۆشی لەوێ بوو.

- لەکوێ بوو؟

لەماڵی عیزەت دوری، هەتا تەمەنی یازدە ساڵیش هەرلەوێ بووم

- ئەی ئەوان نەیاندەزانی حاڵی تۆ ئاوایە ؟

نازانم دەیانزانی یان نا

- ئەی چۆن بوون لەگەڵتا ؟

باش بوون عەزیەتیان نەداوم هیچ شتێکیان لەگەڵ من نەبوو ، هەرمن نەبوم برایەکم هەیە ناوی سەمیرە یەکێکی تر سیروان، دایکیشم عەرەبە خەڵکی کەربەلایە ، برایەکم ناوی سەمیرە برایەکم ناوی سیروانە یەکێکی تر لەخارج بوو لەپرد کەوتەخوارەوە، مرد .

دایکشم بوو هەتا باوکم زۆر خراپ بوو لەگەڵی ، جارێکیان 30 فیشەکی پێوەنا، تۆزێك عەسەبی و ئەو شتانەیە

- لە باریکە فیشەکەکانی پێوەنا ؟

نا لەباریکە نا لە ماڵی سۆفی سلێمان لەکانی پەموو ، جا ئەو کابرایە هەروایە ، کاتی خۆی خوشکەکانی خستۆتە ئاو دەستەوەو ئەزیەتی داون ئیتر ئەم کابرایە دائیمە خەریکی چەك و ڕومانەو ئەم شتانە بوو کابرایەکی زۆر دەست ڕۆشتوو بوو ، بەعسی بوو خەڵکی باریکە زۆر لێی ترساون.

- کام کابرایە ؟

حەمە عەرەب بابلێین باوکم

- خەڵکی باریکە ئەمانەیان بیرە ؟

خەڵکی باریکە هەمووو باشی دەناسن؟ وەکو من و تۆ

- ئەی کاک کەمال ووتت لەمەحکەمەیە ؟

وابزانم کاك کەمال لەقایمقامیەتە، سەبارەت بەمن شایەتی لێ وەرگیراوە (لە لایەن دەزگای شەهیدانەوە)

- شایەتی بۆ داوی؟

بەڵی قسەی لێوەرگیراوە . ( سەبارەت بە شایەتی دانی ئەم کاك کەمالە پەیوەندیم کرد بە بەرێوەبەرایەتی شەهیدانی هەلەبجەوە کاك عبدارحمن لەو بەرێوەبەرایەتیە پێی راگەیاندم بەلی کاك کەمال حەمە ئەمین - شاهیدی داوەو دەلێت من نازانم ئەوەندە نەبێت ئەو کورە هی محمد عارەب نیەو گرتوویەتیە خۆی چونکە منیش لە ئاوارەی ئێران بووم)

- ئەونازانیٚ تۆ خەڵکی کوێیت..کوڕی کێیت؟

نانازانێ ئەوەندە دەزانێ من کوڕی ئەو ماڵەنیم .

- باشە تۆ هیچ وێنەی مندالی خۆت هەیە ؟

نا هیچم نیە نەم ماوە ؟

- ئێستا ئەوەی تۆ بەدوایدا دەگەرێیت چیە دۆزینەوەی کەسوکارتە یان دابینکردنی ژیانو گوزەرانت.

وەکو پێشتریش ووتم ئێستا دایکێکیش هەیە بۆمن دەگری من دەمەوێت ئەسڵو فەصلی خۆم بدۆزمەوە، داوکارم حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریم بکات بۆدۆزینەوەی کەسوکارم .

# پێشنیارێك بۆ سەركردایەتی سیاسی كوردستان

## پێویستە روفاتی پیرۆزی ئەنفالكراوەكان لەكەركوك بەخاكبسپێرین

سامان ساڵح*



كارەساتی مەرگ ئامێزی وەك ئەنفال و هەڵەبجە لەمێژووی كورددا دەتوانین بەقۆناغێكی نوێ لەژیانی سیاسی و نەتەوایەتی و شۆڕگێڕانەی كوردی دابنێین، چونكە لەدوای ئەو دوو كارەساتە، ئەو هاوكێشانەی كە هەبوون گۆڕانكاری تێداكراو ستراتیژی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی و هەتا چەكداریش گۆڕا، چونكە لە دوای ئەم كارەساتە ساغبوویەوە بەعس پرۆسەی لەناوبردنی جیاوازەكان (ئەوانەی بەعسی نین) ئەنجام دەدات و بوارێك بۆ ژیان نەماوەتەوە لەژێردەستی ئەو رژێمەدا، واتە ئەم تاوان و كارەساتە گەورانەی كەبەسەر كورد هاتن تەها لەقاڵبی تاوان دژی مرۆڤایەتیدا نامێننەوە، بەڵكو تاوان بوو دژی نەتەوە،زمان،خاك،كولتوور، ئابووری، خوێندن، نەوەی نوێ.....هتد. بۆیە تێڕوانینی سۆز ئامێزانە لەكارەساتەكە لەلایەن سەركردایەتی سیاسی كوردەوە دەبێت بخرێتە لاوەو تێڕوانینی سیاسیانە پەیڕەو بكرێت، لەپێناو بەفیڕۆ نەڕۆشتنی خوێنی شەهیدان و ئەنفالكراوەكانیشدا.

بۆیە من پێشنیارێكم هەیە بۆ سەركردایەتی سیاسی كوردستان كە مەسەلەی ئەنفال بكرێت دۆسیەیەكی نیشتمانی و سیاسیانە كاربكرێت لەپێناو ئەم بابەتەدا بۆئەوەی كە بكرێتە سەرەتایەك بۆ قۆناغی خەباتی رزگاری یەكجارەكی.

پێشنیارەكەی من ئەوەیە كەكۆی ئەو روفاتە پیرۆزانەی ئەنفال كە لەناوچەكانی باشوورو ناوەڕاستی عیراقەوە دەدۆزرێنەوە لەشاری كەركوك بەخاكبسپێردرێن، بۆچی؟ دیارە مەبەستەكەی من لێرەدایە.

بەڕێزان، سەركردایەتی سیاسی كوردستان ئاشكرایە كێشەی چەندین ساڵەی ئێمەی كورد لەسەر كەركوك گەیشتۆتە قۆناغی دیالۆگ و لەدەستووری عیراقدا (كەتەنیا كورد جێبەجێیدەكات) چەسپیوەو چێوەیەكی دەستوری وەرگرتووەو كوردو هێزە شۆڕشگێڕەكانیشی لەكۆنەوە تائێستا لەم پێناوەدا لەخەبات بەردەوامن و فەرزی سەرشانیشمانە كەبەردەوامبین، چونكە كوردستان بێ كەركوك مانای هیچ نادات، بۆئەوەی كە كەركوك ببێتە سیمبولێكی هەمیشە زیندوو وە جێگای دوامەنزڵی ئازیزانمان پێویستە ئەم كارە بكرێت، من دڵنیام ئەگەر سەركردایەتی سیاسی كورد بەرنامەیەكی نەتەوەیی زۆر جدی هەبێت كەس نكۆڵی لەوەناكات تەرمی ئازیزەكەی ببرێتە

کەرکوك، بەتایبەت کە کەرکوك بۆتە مەسەلەیەکی رۆحی لەناخی هەموو کوردێکدا.

بەڕێزان ئەم قسانەی من دەیکەم قسەی سۆزداری نین، چونکە ئێمە با تەمەنیشمان کەم بێت بەڵام کۆمەڵێك راستی ئەوەی سەلماندووە کە دروستکردنی رەمزی رۆحی زۆر جار بۆتە مایەی ئەوەی بەشێکی زۆر لە خاك بە دەستبهێنرێت، وە ئەمەش مانای ئەوەنییە کە ئەنفالەکان بکرێنە هۆکارێك بۆ ئەوەی کەرکوکی پێ رزگار بکەین، نەخێر چونکە خۆی لەبنەڕەتدا بەشی هەرەزۆری ئەنفالەکان خەڵکی سنووری پارێزگای کەرکوك و ناوچەی گەرمیانن و لەکاتی خۆشیدا ئەمان وەك بەشێك لەوسیاسەتە گلاَوە کە ئەنفالکران گیرابوویەبەر بۆ ئەوەی ئەو خاکەی سنووری گەرمیان و کەرکوکی پێداگیربکرێت، جابۆیە هەقە کەسێك لەسەر خاکێك شەهید بکرێت بیرێتەوە باوەشی ئەو خاکە، نەك لێی دابڕێت، چونکە ئەنفالەکان هەریەکێکیان دوای ئەوەی نەوەی خێزانێکن کوردن، وەئەنفالکردنەکەشیان لەبەر کوردبوونیان بوو، بەڕێزان ئێمە زۆرباشە لەبیرمانە تا کۆتایی ساڵی نەوەدەکانیش حکومەتی نەخۆشی بەعس گۆڕستانە کوردییەکانی کەرکوکی تێکدەدا بۆئەوەی نووسراوی سەرکێلەکان کەبەکوردی نووسرابوون و کەسوکارە کوردەکانیان لەم گۆڕستانانە کۆنەبنەوەو سیمای کوردانەیان نەمێنێت، بۆیە زۆر بەگرنگی دەزانم کە سەرکردایەتی



سیاسی کوردستان کەرکوك بکاتە ئەوجێگەیەی کە مەرگی ئازیزەکانمانی لێبێت، بۆئەوەی چارەنووسمان لەوێ دیار بکرێت، چونکە ئەمە بۆ نەوەی نوێ دەبێتە بنەمایەکی بەهێزی خەباتی نەتەوایەتی و هێشتنەوەی ئەو رۆحە کوردانەی کەکورد پێویستی پێیەتی بۆ دەیان ساڵیتریش، بەڕێزان ئێمە پێویستە ئەم هەنگاوە چیدی دوانەخەین و بیری تەواوەتی لێبکرێتەوە،چونکە پێویستە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا ئەوە گۆڕو جێ نزرگەو شوێنی شەهیدبوون و شەڕەکانی ئیمامە بەڕێزەکانی شیعە نییە، کەبەشێك لەناوەڕاست و باشووری عیراقی کردووە بەپارچەیەکی سەوز لەشیعەو جێنفوزی ئەوان، ئەی بۆئێمە لەسەر خاکی خۆمان مەرگی ئازیزانمان نەنێژین،وەئەم هەنگاوە زیاتر مەسەلەی کورد بەجیهان دەناسێنێت و بۆئەمەش پێویستە ووردتر بیر لێبکرێتەوە. من وەك گەنجێك ئەم پێشنیازەم هەیە ئومێدم وایە پشتگوێنەخرێت.

***سەرنووسەری رۆژنامەی گەشەپێدان**
Samansalih82@gmail.com

## میوانی ژمارە 7

# "گوڵەباخ" یش ئەنفال بوو



میوانی ئەم جارەی ئەنفالستان ژنێکی مەنگو مرۆڤێکە لەجوانیو گەورەیی، گوڵەباخ تەمەنێکە لەخەباتی پێشمەرگایەتیو زینداںو کاری رێکخراوەیی . وەلی ئەفسووس ..ئەویش وەکو هەر مرۆڤێکی نەفس بەرز گوزەرانی لەئاستێکی نزمدایە، گوڵەباخ یەکێکە لەو ژنە گەرمیانیانەی هەمیشە بەدڵی سپیو بەختی ڕەشەوە دەیبینم، ئەو ژنەی هەمیشە بەخشندە بووە، کەچی هیچ وەرناگرێ ئەویش ئەنفالکراوێکی گەرمیانو زیندانیەکی کەمپە نەعلەتیەکەی دبس بووە، گەلێك مەینەتیو ئەشکەنجەی دەرونی بینیوە، سەرباری هەموو ئەو خەمانەش جگەر گۆشەکەی بەناوی هەژارنجم الدین لەو کەمپە بەهۆی بەد خۆراکیەوە گیانی لەدەستداوە، من زۆر دەمێکە گوڵەباخ دەناسم تەنانەت سەفەرێکی چەند کاتژمێریمان بۆ شاری هەولێر پێکەوە بوو، ئەو کاتەی بەنیازبووین پرۆژەی ئامارکردنو سەرژمێری ئەنفالکراوەکان ئامادە بکەین، لەو کاتەوە گوڵە باخ یەکێك بووە لەو مرۆڤە دڵسۆزو بەوەفایانەی بۆ دۆسێی ئەنفال هەمیشە لە یادەوەریمدا بووە، وەلی سەر قاڵیو دەستکورتی یەکێك بووە لەو هۆکارانەی لێك دوربین، بەتایبەتی ئەو لەگەرمیانو من لەکوێستان، گوڵەباخ نایەوێت جگەر گۆشە ئەنفالکراوەکەی بکاتە کۆبۆنی خۆراك هەربۆیەش بۆیەکجاریش لێم نەبیستبوو بڵێت من ئەنفال بووم، نەك هەر ئەوەندە بڵێت من جگەر گۆشەکەم لە ئەنفالدامردوو بەدڵی شکاوەوە هاتمەوە بۆ نیشتمان، تا لە بیستو دووهەمینساڵیادی تاوانی ئەنفالدا لەکاتی هێنانەوەی تەرمی منداڵە بەریئەکانی ئەنفالدا لەبانی مەقانی شاری چەمچەماڵ بەدیداری شادبوومەوە، بەلاَم چۆن شادبوونەوەیەك ..؟ بریا هەرنەمدیبایە گوڵەباخ تەواو رەنگی پەری بوو، کاتێك دەستی رێز لێنانم بۆ بەسنگەوە گرت،و کەوتینە قسە دەربارەی کاری رێکخراوەییو ئەنفالو مافی مرۆڤ، ووتی: ئێستا لە ماڵەوەمو هیچ کار ناکەم .. بەهەناسەیەکی ساردەوە ووتی: جا چیماوە بیکەم پێشمەرگایەتیم کرد، زیندانم بینی کەچی ئێستاش مایەپوچ هیچ حسابێکم بۆ ناکەن.. تەنانەت موچەی کورە شەهیدەکەم پێنادەن..! من ئەمەم بەلاوە سەیربوو کاتێك لێم پرسی بۆچی گوڵە باخ تۆ تەمەنت چەندە وا کورت شەهیدە بەچاوێکی مەنگو خەمێکی قوڵەوە ووتی "ئۆۆۆۆوو" کاکی خۆم ئەی نازانی خۆبەوە نیە قسەناکەم ئەوەندەم پێیە نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم ئەی لەوتەرمانە هەژار نەجمەدین کوری منە ئەی چۆن لەدبس گیانی لەدەستدا ..!

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## نوسینگەی سکرتاریەتی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان

### کۆپی فەرمانگە

**سەرۆکی گەورەم فەرماندەی بەڕێزی گشتی هێزە چەکدارەکان**

**ب/ لێکۆڵینەوە لەبەکارهێنانی تەقەمەنی تایبەت لەکەرتی فەیلەقی سێ**


بسم الله الرحمن الرحيم
نسخة الدائرة
سيدي الرئيس القائد العام للقوات المسلحة المحترم
م/ دراسة أستخدام العتاد الخاص في قاطع الفيلق الثالث
١. أطلعتم سيادتكم على الخلاصة المرفقة جانبا" ووجهتم سيادتكم بما يلي :-
أ. يؤخذ رأي قائد القوة الجوية والدفاع الجوي حول أمكانية القوة الجوية لتنفيذ الواجبات كما أقترحتها الدراسة .
ب. موافق على عدم أستخدام كل المواد الكيمياوية الا بقرار من القائد العام للقوات المسلحة أو القيادة العامة للقوات المسلحة .
ج. يفضل أن تستخدم هذه المواد على العدو الذي يتجاوز الحدود وفق الدلالات المتحدة .
٢. بين ديوان وزارة الدفاع بكتابه السري للغاية والشخصي ٧٦٩٢ في ٢ تموز ٨٤ بأنه تم اللقاء بين قيادة القوة الجوية والدفاع الجوي وممثل من مركز ٩٢٢ وتمخض عن اللقاء ما ورد بكتاب قيادة القوة الجوية والدفاع الجوي السري للغاية والشخصي ٧٧٩ في ٢٩ حزيران ٨٤ المرفق صورته طيا" .
يرجى التفضل بالاطلاع والتنسيب مع فائق التقدير والاحترام سيدي الرئيس القائد العام .
العميد الركن
طالع خليل ارحيم
أمين السر العام للقيادة العامة للقوات المسلحة
٢٣ تموز ٨٤

1. بەڕێزتان ئاگادار بوون لەو پوختەیەی هاوپێچکراوە، فەرمانیشتان دەرکرد بەوەی:

أ. ڕای فەرماندەی هێزی ئاسمانیو بەرگری ئاسمانی وەربگیرێت دەربارەی توانایی هێزە ئاسمانییەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکان وەك ئەوەی دەربارەی لێکۆڵینەوەکە پێشنیاری کرد.

ب. ڕەزامەندن لەسەربەکارنەهێنانی هەموو مادەکیمیاییەکان تەنها بەبڕیاری سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان یا سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان نەبێت.

ج. واباشترە ئەم مادانە لە دژی دوژمن بەکاربهێنرێت کە سنوور دەبەزێنێتوبەپێی ئەوهەنگاوە دوژمنکارانەیەی ناویەتی.

2. دیوانی وەزارەتی بەرگری بەنووسراوی زۆر نهێنیو تایبەتی ژمارە 7692 لە تەموزی 84 ڕوونی کردەوەکەکۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری پێشەوایەتی هێزی ئاسمانیو بەرگری ئاسمانیدا کراوەو لەکۆبوونەوەکەدا گەیشتونەتە ئەو دەرەنجامەی کە لە نوسراوی زۆر نهێنیو تایبەتی ژمارە 779ی 29ی حوزەیرانی 84 فەرماندەی ئاسمانیو بەرگری ئاسمانیدا هاتووەو هاوپێچە لەگەڵ ئەم نوسراوەیەدا.

تکایە سەرۆکی گەورەمان فەرماندەی گشتیی بفەرمون بۆ ئاگاداریتان

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا



**عەمیدی روکن**

**تالع خەلیل ڕەحیم**

**سکرتێری گشتی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان**

**23ی تەموزی 84**

# تۆ ئەی پیاوی بچووک
# دەم بکەیتەوە ئازادیت ..

ولهێلم رایش



**ئەوە دکتاتۆریەتی بەعس نەبوو، کۆمەڵگەی بێدەنگ کردبوو، بەڵکو بێدەنگی بوو کە ستەمکاری بەعسی گەیاندە ئاستی دکتاتۆریەت .**

مۆتیڤەکە لە کتێبەکەی ولیم رایش (گوێبگرە پیاوی بچووک) وەرگیراوە

# پەلاماری ئەنفالی دوو بۆ ناوچەی قەرەداغ

ئا: ئەنفالستان

## هەڵاتن بەرەو سلێمانی

ئەوکاتەی خاوەرو خەسوی لەمەینەتی راکردنی پەلامارەکەی ئەنفالدا بوون بناری شاخەکانی قەرەداغ ببوە رۆژی حەشرو جمەیان دەهات لەو خەڵکە لێقەوماوەی کەبەشپرزەییەوە هەندێکیان بەرەو شاری سلێمانی‌وهەندێکیشیان بەرەو گەرمیان لەدەست ئەنفال ڕایاندەکرد، هێرشی زەمینیی جاش‌وسوپا لە دوای نیوەڕۆی 23 ی ئازارەوە دەستییێکرد، وتا دوای هێرشە کیمیاویەکەی گوندی سێوسێنان کە تەواو زەندەقی خەڵکەکەی بردبوو، بەپێی زانیاریەکانی ئەنفالستان زۆربەی ئەو خەڵکەی لەقەرەداغەوە بەرەو گەرمیان رەویانکرد، توشی چارەنوسێکی ڕەش بوون‌و لەگەڵ گەرمیانیەکانی تردا یەك حسابیان بۆکراو زۆریان هەتا ئێستا بێسەروشوێنن.

ئەنفالی دووی قەرەداغ بەپێشەوایەتی لیوا ڕکن ئەیاد خەلیل زەکی‌و هێزەکانی فیرقەی 43 ی سوپاو فەوجەکانی *جاش*و هێزی تەواری *ئەمنی سلێمانی* بەچاودێری بەرێوەبەری ئەمن‌و بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کۆنە پارێزگارەکەی سلێمانی "شێخ جەعفەر عەبدالکریم بەرزنجی لەچوارلاوە بەرەو ئەو ناوچەکەپێشڕەوییان کردوەو بەهۆیەوە گوندنشینەکانیان بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکیان هەبی‌و هیچ تاوانێك کردبێ راوەدو دەنران‌و لەماڵ‌وحاڵی خۆیان دەردەپەڕێندران[8]. هەروەکو میدل ئێست وۆچ نوسیویێتی " خەڵکەکە زەندەقیان لەو هەواڵانە چووبوو کە هەریەکەو بەجۆرێك بڵاویاندەکردنەوە، بەتایبەتیش پەلاماری گازی ژەهراویی بۆ سەر سێوسێنان‌و کۆمەڵکوژی ئەو گوندە قەرەبالغە بەتەواوی گوندنشینەکانی بەچۆکدا هێنابوو" .

خەڵکەکە پەلەقاژە یان دەکرد هەرچۆنێك بووە بگەنە شارو لەسلێمانی یان لە یەکێك لە کۆمەڵگاکان سەرپەنایەك بدۆزنەوە .

وێرای کۆمەڵێك بەڵگەنامەی بەدەستهاتوو لەسەر ئەنفالی دووی قەرەداغ بەڵام هێشتا نیازی ڕژێم لە گەڵ خەڵکە مەدەنیەکەی ئەوپەلامارەدا هەر بەنەزانراوی‌و کەمێك تەمومژ دوە ماوەتەوە. ئەوکاتە *ئیستیخبارات* فەرمانی لەمەکتەبی باکوورەوە وەرگرتبوو بۆ دامەرزاندنی ئۆردووگای کاتیی بەمەبەستی نیشتەجێکردنی ڕاگوێزراوەکان، بەڵام پێ دەچێت ئەمە پلانێکی تەڵەیی بووبێ، چونکە خەڵکی قەرەداغیش بوونە سوتەمەنی لۆجیکی ئەنفال‌و لەگرتن‌و کۆمەڵکوژی‌و بێسەروشوێن کردن بەدەرنەبوون، هەرچەندە رایەکی جیاواز هەیە دەربارەی ئەنفالی قەرەداغ‌و یەکێك لەو رایانە راپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچە کەمن پێموایە لەم بەشەی قەرەداغدا کورتی هێناوەو نەیتوانیوە وەکو خۆی ئامانج بپێکێ هەروەکو نوسیویێتی ( ئەو خەڵك خڕکردنەوەی لە دوا حەفتەی مانگی مارتدا لە شێوازی قۆناخەکانی دواتری وەکو ئەنفالی سێ گەرمیان‌و چواری ناوچەی قەڵا سێوکە نەبوو تارادەیەك جیاوازو تەمومژاوی بوو) لەپەلاماری ئەنفالی دوودا شاخی گڵەزەردە لەنێوان قەرەداغ‌و سلێمانیدا کۆسپێکی سروشتی بوو لەبەردەم گوندنشینەکاندا، بەتایبەتیش بۆ ئەو پیروپەکەوتانەی توانای هەورازو نشێویان نەمابوو، بەتەمەنێکی هەڵکشاوەوە لەگوندەکانیاندا مابوونەوە چونکە بەرزاییەکەی شاخی گڵە زەردە نزیکەی 4300 پێیە،

---

[8] جموجوولەکانی سوپا کە رۆژ بە ڕۆژ بە وردی‌و دوورو درێژی لە شانزە برووسکەی دەسنووسی *ئەمندا* نووسراوەو رێکخراوی میدل ئیست وۆچ لەراپۆرتەکەیدا یاداشتی کردوون، وەکو لەپەراوێزدا نوسیویێتی ئەم جموجۆڵانە خراونەتە فایلێکەوە بە ناونیشانی "ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوەی قەرەداغ- دەربەندیخان". ئەم بەڵگەنامانە کەوا بابەتی "نهێنی‌و بە پەلەن"ماوەی نێوان 23 ی مارت تا 1 ی نیسانی 1988 یان گرتووەتەوە کاتێ کە *ئەمن* گرتنی تەکێ‌و بەلەگجاری ڕاگەیاند.

بەزۆریش لەوێ خەڵکەهەڵاتووەکە کەوتنە بەردەستی هێزەکانی سوپاو *جاشەوە*، کەهێزێکی دڵرەقی کۆماندۆش بەجلی ڕەسمیی بەڵەك بەڵەکی سەربازییانەوە لە گەڵ مەفرەزەکانی هێزی تەواری *ئەمندا* ( *قوات الگواری*) ئەو ناوەیان هەموو گرتبوو. هەرچەندە بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان مامەڵەی جاشەکان گۆرانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام بۆ مێژوو ئەوەی لەئەنفالدا کرا هیچ بوارێکی بۆمەردایەتی هێزی پەلاماردەرنەهێشتووەتەوە، لە هەموو لایەکەوە خەڵکی شەکەت و ماندوو، بە عەرەبانەو تراکتۆرو ئاژەڵو مەڕو ماڵاتەوە بەوناوەوە وەرببوونو زۆرجاربەناچاری دەکەوتنە بەردەست، ئەو هێزە دڵرەقەی تەرو وشکی بەیەکەوە دەسوتاندو هەلیکۆپتەر یش بە سەریانەوە دەسووڕایەوە, تانكو تۆپخانە هەموو لایەکی دەکوتاو ئاگری دەدا " وەکو خاوەری ژنەکەی شیوی قازی دەیگوت قەراغ وەك مەنجەڵ دەکوڵا".

ئەگەرچی میدل ئێست ۆچ باس لەنەرمییەك دەکاتو دەڵێت: ( تائێستاش ئەو جۆرە لەنەرمی سوپا لە چاو ناوچەکانی تر هەر بە نادیاریی ماوەتەوە، چوونکە لەڕۆژانی بەرایی ئەنفالی دوودا بەهەندێ لەگوندنشینانیان گوتبوو برۆن مشوری خۆتان بخۆن جاله ناو شار یان کۆمەڵگاکاندا) ئەگەرچی سەلماندنی رایەکی وا رەنگە کەمێك ئەستەم بێت، جگە لەنەرمی نواندنی هەندێك جاش وەکو ئەحمەد مێردەکەی خاوەری شیوی قازی باسی دەکات، یان محمد لە گوندی نەوتی بۆ ئەنفالستانی کێرایەوە کە کوڕەکەی لەرێگەی خزمێکی خۆیەوە دەربازکراوە بەڵام هیچکام لەوان ناتوانن گەواهی لەسەر دلنەرمی سوپا بدەن. چونکە دواتر *ئەمن* لەسلێمانیو کۆمەڵگاکانی نەسرو زەڕایەن ماڵ بە ماڵ دەگەران بەدوای قەراغیداو دەیانپشکنیو بەئاشکرا بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕان کە لەئەنفالی دوو رزگاریان ببوو ).

دەربازبونی خەڵکی قەرەداغ هەندێکی پەیوەندی بە ئازایەتی خەڵکی شاری سلێمانیو هەندێکیشی پەیوەندی بە شارەزاییو ئازایەتی خۆیانەوە هەبوو، چونکە وەکو محمد لەگوندی نەوتی بەئەنفالستانی راگەیاند هەندێ لەخەڵکە هەڵاتووەکە کاتێ سەربازەکانیان دیت، راستەوراست گەرابوونەوەو هەڵاتبوونو لە ناو شاخەکاندا خۆیان شاردەوەو لەبەلا خۆیان لادا. بەڵام کە دەنگوباسی لێقەومانو مەینەتیەکانی خەڵکی قەرەداغ گەیشتبووە سلێمانی، خزم و کەسی هەندێك لەخەڵکەکە بەرەو شاخی گڵەزەردە چوون بۆ ئەوەی فریایان بکەونو دەربازیان بکەن. ئەگەرچی هێزێکی سەربازیی زۆر ئەو ناوەی هەموو گرتبوو، بەڵام خەڵکەکە هەواڵی لێبووردنێکی لاوەکیو بێبنەمای کاتییان لەملاولا بیستبوو وەکو ئەو پێشمەرگەیەی بە محمدی گوندی شیوی قازی گوتبوو لە گڵەزەردەوە برۆ عافواتێکی سێ رۆژی هەیە، بۆیە خەڵك هەروا ماوەی چەند ڕۆژێك بە شاخەکانەوە مانەوە هەتا شتێکیان لێڕوونبێتەوە، لەراستیشدا ئەو چەند رۆژە کەس دەستی بۆ نەبردن. بەڵام لە ڕۆژی پێنجەمی پەلاماردانەکەدا سەربازانی خاڵی پشکنینی سەر ڕێگای نێوان سلێمانیو قەرەداغ دەستیانکرد بەگرتنیان، هەندێکیان بەتایبەتی پیرو پەککەوتە بە بن باڵی جاشەکاندا دەربازبوون، بەڵام دواتر لەناوشارو کۆمەڵگاکاندا هەریەکەیان بەبری 300 تا 400 دیناری چاپی سویسری ئەوکاتە پێفرۆشتبوونەوە. هەندێك خەڵکی گوندی سێوسێنان کە ژمارە نزیکەی 15- 20 کە سێك بوو، لەسەیتەرەکەی نێوان قەرەداغ سلێمانیدا گیرابوونو قۆناغ بەقۆناغ گوازرابوونەوە لەناو ئەوکەسانەدا 13 بێسەروشوێنکرانو جارێکیتر نەبینرانەوە .[4]

بەلام میدل ئیست ۆچ قسەی گوندنشینێکی یاداشتکردووە کە بەچاوی خۆی بینیویەتی لەراپۆرتەکەدا هاتووە : پێدەچێت هەڵوێستی هێزەکان لە ئەنجامی بەرپابوونی ڕووداوێکەوە گۆڕابێت کەوا عومەری جووتیارەکەی گوندی تەکێ بە چاوی خۆی بینیبوویو بەمجۆرە دەیگێڕێتەوە: "کاتێ کە ئێمە گەیشتین، هێشتا سوپا دەستی نەکردبوو بە خەڵك گرتن, ئەفسەرەکان تەنها پرسیاری ئەوەیان لێکردین کە ئایا تێکدەران لە ناوچەکەماندا هەنو ئێمەش پێماندەوتن بەڵێ لەوێن. بەڵام پاشان شتێك ڕوویدا، ئەویش ئەوەبوو کەوا عەرەبانەی تراکتۆرێکی

---

[4] میدل ئێست ۆچیش باسی ئەمجۆرەکسانەی کردووە گوایە ژمارەیان لەنێوان 25- 30 کەسێکدا بووە، بەڵام ئەنفالستان لە زاری ئەنجومەنی ناحێی سێوسێنان ژمارەی تەواوی بێسەروشوێنکراوەکانی ەرگرتووە کە 13 کەسن.

پرلەگـەنم ڕێگاکـەی گرتبـوو چـوونکە تایەیـەکی پەنچـەربوو و خاوەنەکـەی لەوێـدا بەجێیهێشـتبوو, تانکێـك هـاتبوو ویسـتبووی لایبداتـە قـەراخ جادەکـە بەڵام لەو کاتەدا عەرەبانەکە وەرگەڕاوەو ژمارەیـەکی زۆر کلاشـــینکۆف لـــەژێر گەنمەکـــەوە کەوتووەتـــە خوارەوەو ژمارەکـەش بەشـی چەکدارکردنی پۆلێکی تـەواوی کـردووە. پـاش ئەمـە لـە هـەموو شـوێنێك یەکـەکان ئاگادارکرانـەوە کـەڕێگاوبان تونـد بگـرن‌و ئەوانیش کەوتنە گرتنی خەڵك، بە ژن‌و منداڵ‌و بگرە تەنانـــەت بـــەو کەسانەشـــەوە کـــە لـــە سـلێمانییەوە هاتبوون.[5]

ئـەم روداوە بەبەرچاوی ئـەو گوندنشینەوە ڕویـدابوو کەوا تـەنها بیست مـەترێك لـەولای تانکەکەوە بـووە لەپشـــتی ســـەربازەکانەوە کـــە ئەمـــەیان بینیـــوە بەدەسـتوبرد بـەرەو چیا هـەڵاتوون ، ئـەم پیاوەش لەوێدا برایەکی بەناوی خالید دەستگیرکراوە وەکو بـە میـدل ئێسـت وۆچـی راگەیانـدووە زۆر لـە یەکـەوە نزیکبوون‌و دەنگیشیان دەگەیشتە یـەکتر کەچی ئـەو گـیراو ئـــەنفالکراو هـــەرگیز نەبینرایـــەوە، دواتـــر عومەریش خۆی کردبوو بە ناو شارداو دەربازبووو.

ئیتر لەوە بەدوا هەرچی دەگیرا بـەرەو بارەگای هێـزی تـەواری دەبـرا لەسـلێمانی بـەلای کەمـەوە گیراوەکـانی ئەنفالی دوو ماوەی سێ چوار هەفتـە ماونەتـەوەو بـێ ئەوەی هیچ شتێکی وایان بدەنێ بۆخواردن، پێدەچێت هـەرلێرەوە ڕێنمایـەکانی نوسـینگەی بـاکور لەمـەڕ پـۆلێنکردن‌و جیاکردنـەوە دەستی پێکردبـێ چـونکە وەکو محمدی گوندی نـەوتی دەیگوت هەرلـە سلێمانی گەنجەکانیان لێمان جیاکردەوە. میدڵ ئێسـت وۆچیش چاو بەستنەوەی هەندێك لەگەنجەکانی یاداشتکردووە. ئەوانیتریشـــیان دوو ڕۆژ کردبـــووە دەرەوەو پاشـــان گێڕدرابوونەوە بۆ زیندانـەکانیان. ، بـەڵام دەیـانتوانی خـــواردن لەپاســـەوانەکان بکـــڕن. ئـــەو گوندنشـــینانە هەرچەندە سوپا گرتبوونی، بەڵام کە برابوونە بنکەی تـەواری لـەوێ *ئـەمن* ڕۆژانـە لێکۆڵینـەوەی لـە گـەڵ کردوون‌و پرسیارەکانیان لەم جۆرە بووە: "ئایا کوڕت *پێشمەرگەیە* ؟ چالاکیی *پێشمەرگە* لەگوندەکەتانـدا چـیە؟" ئـەم لێکۆڵینەوەیـە وا پێدەچـوو تەنانـەت منداڵی تەمەنی قوتابخانەی سەرەتاییش بە "تێکدەر" لـە قەڵـەم بـدات. ئـەوجا تێکـڕا لـە پـاش دوو تـا سـێ هەفتـە پـاس‌و کۆسـتەریان هێنـاو گیراوەکانیـان ڕووەو ڕۆژئاوا بۆ لای کەرکووك گواستەوە.

لـەم ژمارەیـەدا سـاڵنامەی ئەنفالستان چـاوپێکەوتنی لەگەڵ دەربازبوانی پێنج گونـدی ناوچـەی قەرەداغـدا کردووە، کەبەر ئـەنفالی دوو کـەوتوون, ئـەوان هـەموو ئەگەر نەڵێین تا ئێستا ترسی کیمیاویان لەدڵدا مـابوو ئـــەوا بـــەلای کەمـــەوە نـــاوی بـــەکارهێنانی چـــەکی کیمیاویان وەکو هۆکارێکی تێکشکان‌و شکست لەسـەر زاران بـــوو، ئەگـەرچـــی لەپـــەلاماری ئـــەنفالی دووی قەرەداغدا سـوپاو پیاوانی ڕژێـم لەسـەرەتادا کـەمێك نـەرمیان نوانـد بـوو کـە پێدەچێت ئەمـە داوێـك بووبێت، بـەڵام دواتـر ئـەو گەنجانـەیان کـەگیرابوون‌و لەبنکـــەی هێزەکـــانی تـــەواریی ســـەربە ئـــەمنی سلێمانییەوە بێسەروشوێن کران .

ئەگەرچی هـەتا ئێسـتا ئامارێکی تـەواوی بـی خـەوش لەبەردەســتدانیە، بــەڵام گریمانــەی ئــەوە هەیــە کــە لەئـەنفالی دووی قەرەداغیشـدا بێجگـە لـەو کەسـانەی بـــەرەو گـــەرمیان ڕەویـــانکردوو لـــەوێ گـــیران، هەرلەناوچـەکەی خۆیانـدا نزیکـەی 500 کـەس بـێ سەروشوێنکرابن، بـەپێی ئـەو زانیاریـە سـەرەتاییانەی ئـــــەم ســـــاڵنامەیە بەدەســـــتی هێنـــــاوە

[5] جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد- میدڵ ئیست ووچ، چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کۆمەڵگای باینجان، 21 ی مارتی 1993.ل 180

## هەڵاتن بەرەو گەرمیان

بێگومان لە ئەنفالدا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گیراوی ناوچەکاندا هەیە ئەمە لە شێوازی بێسەروشوێنکردنو کوشتنی بەکۆمەڵدا لەکۆی ئەوماوەیەدا کە سوپا سەرقاڵی ئۆپەراسیونو دەستنیشانکردنو کۆکردنەوە بوون پەلامارەکانی ئەنفالدا. ئەوەی بووە دیاردە لە ئەنفالدا، پیاوان لەنێوان 12 – 70 ساڵدا کە لەلایەن سوپاوە دەگیرانو رەوانەی کەمپەکانی کۆکردنەوە دەکران بەشێوەیەکی گشتی بێسەرو شوێنکراون، ئەمە روخسارێکی گشتی بوو لە هەرهەشت قۆناغەکەی ئەنفالدا دووبارە دەبووەوە. تەنها لە ئەنفالی سێی گەرمیاندا نەبێت کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ژنو منداڵیش ڕاپێچی تونی مەرگکرانو جارێکیتر نەبینرانەوە. لەناو ئەوانەشدا کەمینەیەکیان نەبێت لە گۆڕەبەکۆمەڵەکەی پارێزگای سەماوەو حەیدەریەی پاریزگای نەجەفدا دۆزرانەوە ئیتر ئەو ژمارە زۆرەی بێسەروشوێنکردنە هێشتا چارەنوسیان بەنادیاری ماوەتەوە، وەنەبی ناوچەکانی تر لەسیاسەتی کۆمەڵکوژی بەدەربووبن، نەخێر لۆجیکی ئەنفال لەپۆلێنکردنو لەکۆڵکردنەوەدا بەوە نەبوو کەسەکە شوێنی لەدایکبوونی کوێیە بەڵکو ئەو ناوچەیە بوو کە تێیدا دەگیرا. وەکو ئەو فەراغیانەی لەناوچەی پەلامارەکانی ئەنفالی سێدا گیرابوون هەمان هەمان مامەڵەی پیاوانیان لەگەڵداکراوەو لەگەڵ گەرمیانیەکاندا بەزۆری چارەنوسیان مردن بوو. مەسەلەیەکی تر کە جێگەی سەرنجی پیاوانی نوسینگەی باکوری حزبی بەعسو ئیستخباراتی سەربازی ناوچەکانیش بووە ، پێدەچێت بێسەروشوێنکردنی خەڵکی ناوچەکان وابەستەی ئاستو پلەی بەرگری پێشمەرگەش بووبێت کەهێزەکانی سوپا تیایدا بەرەورووی دەبوونەوە. چونکە ئەگەر بهاتبایەو شەڕو بەرگریی پێشمەرگە لەناوچەیەکدا بەرچاوبوایە ئەو ژنو منداڵانەی لەدوای شکست یان پاشەکشەی پێشمەرگەدا بەردەست دەکەوتنو دەگیران تەنانەت ئەگەر خۆشیان بەدەستەوە بدایە ئەوا لەگەڵ پیاواندا جا مێردو باوك بوایەن یان برا ئەگەری کوشتنو سەرنگوم کردنیان زیاتر بووە . لەمبارەیەوە دەشێت ناوەڕۆکی نووسراوێکی ئەمن لە 2 ی ئابی 1988دا تەواو قایلەکەر بێت بەوەی کە ئەو مانایە بگەیەنێ کاتێ کەداوای زانیاری دەکا لەسەر گیراوەکان کە ئایا لەو شوێنو ناوچانەدا گیراون کە شەڕیان تێدا قەوماوە یاخود نە ؟(13)

رەنگە ئەنفالی دووی قەرەداغ باشترین نمونەی هەڵسەنگاندن بێت کە بەزۆری ئەوانەی لەقەرەداغەوە بەرەو باکوور یان شاری سلێمانیو کۆمەڵگاکانی نەسروبارێکە هەڵاتن هەرگیز بەقەد ئەوانە زیانیان پێنەگەیشت، کەبەرەو گەرمیان شۆڕبوونەوە لەوێ گیرابوون، ئەوانە زیانی زۆریان پێگەیشتو بەزۆری لەناوچوون. نمونەی خاوەرو خەسووی، هەروەها ئەحمەدی مێردیو خالۆزاکەی کە لەدو هەلومەرجی جیاوازدا بەرەو سلێمانی رۆیشتبوون. هەریەکەیان بەجیاو بەشێوازێك توانیبویان خۆیان بگەیەننە سلێمانی، ئەگەرچی دەربازبوونی خاوەر بەپێی پەتیو پیرەژنێکیش بەکۆڵەوە دیمەنێکی گەلێك تراژیدیو مەترسیدارە، بەڵام سەرباری ئەوەش توانیبویان لەسلێمانی بگیرسێنەوەو خانویەکی هاکەزایش بۆخۆیان پێکەوە بنێن، بەڵام هەرچی ئەوانە بوون کە بەرەو گەرمیان رۆیشتن مەگەر چۆنها دەنا دەربازنەبوون، لەوانە خێزانێکی گوندی گۆمەزەرد کەتاکە کەسی دەربازبویان کوڕێك بوو بەناوی سامان دەنا هەرئەو رۆیشتنەبوو هەرگیز جارێکی تر

---

(13) نووسراوێکی نهێنی لە *ئەمنی* ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە بۆ *ئەمنی* پارێزگای هەولێر لە 2 ی ئابی 1988دا. دەقەکە دەڵێ " تکایە سەرنجی برووسکەی ژمارە 9887 مان بدەن لە 20 ی تەمووزی 1988داو ئاگادرامان بکەنەوە ئایا ئەو کەسانەی ناوەرۆکی ئەم ڕاگەیاندنە دەیانگرێتەوە لە حەوزی ناوچەی شەڕەوە هاتوون یان نە".

نەبینرانەوە6 هەروەها چل و حەوت کەسی خەڵکی مەسۆیی، کە زۆر منداڵ و ساوای بەرمەمکەیان لە نێواندا بوو، لەنزیك شاری کەلارەوە دەسگیرکران و هەرگیز نەبینرانەوە7.

لەوقات و قرپەدا خەڵکی گوندی شێخ تەویل کەسەر بە تیرەی تەرخانی جاف بوون، داڵدەی سەدان کەسی ناوچەی قەرەداغیاندا بوو کەوا لەو هاتوونەهاتەدا بەنیازی دەربازبوون هەڵاتبوون و هاتبوونە گەرمیان، بەیانیەکی زوو خەڵکە مەدەنیەکە هێزێکی نوێی پێشمەرگەیان بینی کە گەیشتنە ناوچەکە، ئەو پێشمەرگانەش لەشاخی زەردەی لای قەرەداغەوە هەڵاتبوون. لە 3 ـ 5 ی نیسان سوپاو پێشمەرگە کەوتنە شەڕێکی سەختەوە هەرچی سوپابوو هەموو هێزی خۆی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی شێخ تەویل بگرێ، چونکە بەکلیلی ناوچەکی دەزانی بەڵام بەرگری ئازایانەی پێشمەرگە کۆسپ بوون و بۆ سوپا یەکلایی نەدەبووەوە. لەوبارەیەوە فەرماندەیەکی پێشمەرگە کە لەشەڕەکەی شێخ تەویلدا بووە باسی پێنج ڕۆژی بەرگری و سەختی شەڕەکە دەگێڕێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی لەڕۆژێکی تەماویدا هێزەکەی سوپا سەربەرەو خوار ڕاو دەنێن و دەمامك و جلی کیمیایی بە هەندێك تەرمی سەربازو لەناو ڕەبایەکاندا دەبینن نیازی دوژمنەکەیان بۆ ئاشکرا دەبێ و دەزانن کە ئیتر حکومەت ئەمجارە بە چەکی کیمیاوی هێرشیان دەکاتە سەر بۆیە ئەوانیش بریاری پاشەکشە دەدەن..و ناوچەکە بەجێدەهێڵن. بەڵام پاش ئەوەی ڕژێم دەچێتە گوندی شێخ تەویل و بۆیسانەو بەکربایەف لەبروسکەیەکی ئیستخباراتی سەربازیدا باس لە گرتنی 75 خێزان دەستگیرکراون پێدەچێت کەوا ئەو خەڵکە زۆریان لەو ئاوارانەی دیوی قەرەداغ بوبێتن چونکە خەڵکێکی زۆری شێخ تەویل چۆلیان کردبوو، لەمبارەیەوە لەراپۆرتەکەیدا میدل ئیست وۆچ دەنوسێ : ( لەوپشێوی و تێکەڵ و پێکەڵیەی پێش شەڕەکەدا زۆربەی خەڵکی شێخ




تەویل ماڵیان چۆلکردو ڕۆیشتن بۆ سەر شارێی نێوان دەربەندیخان و کەلار, لەوێ حەفتاو نۆ کەسیان لێگیراو سەرنگوم کران. بەڵام ئەمە هێشتا ئەنفالی سێ واتە ئەنفالی گەرمیان دەستی پێنەکردبوو، ترس و سامی ئەوە هێشتا مابووی. خێزانەکانی هۆمەڕقەڵا چاوەڕێ بوون، چونکە چوار پیرەمێردی خەڵکی بۆیسانە بە هەڵکردنی ئاڵای سپییەوە بەرەوپیری هێزەکان چووبوون. لەوێ پێیان وتبوون "بڕۆن ماڵ و خێزانتان بێنن، هیچیان بۆ نابێت". بۆیە ژمارەیەك پیاو و ژن و منداڵ باوەڕیان بە بەڵێنی ئەفسەرەکە کردو خۆیان دا بە دەستەوە، کەچی دەسبەجێ گرتنیان. ئەوانی کە لە دواوە مانەوە پاشتر زانییان خەڵکەکە براون بۆ بارەگای لیوا سەربازیەکەی کەلارو ئیتر ئەوە دوا دەنگوباسیان بوو)

---

6 چاوپێکەوتنی ئەنفالستان لەگەڵ سامان عەزیز تاکە دەربازبووی خێزانی عەزیز .

7 چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست ووچ، کۆمەڵگای باینجان، 21 ی مارتی 1993 و کۆمەڵگای نەسر 26 ی مارتی 1993.

هەروەکو میدل ئیست وۆچ نوسیویێتی ئەوانەی تر کە لەخێزانەکانی هۆمەڕقەڵا مابوونەوەو خۆیان بەدەستەوە نە دابوو، جارێکیتر هەڵاتنەوەو نەوەستان تا گەیشتنە دێی( لاڵی خانی) لەسەر ڕێگا سەرەکیەکەی نیوان کەلارودەربەندیخان لەوێ خەڵکێکی زۆریان بینیبوو کە ڕژاوەتە ئەو ناوەو کاروانێکی گەورەی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگریش هێنراوە بۆ کۆکردنەوەیان. لێرەش دیسانەوە خەڵکەکە کەوتنەوە ڕاوتەگبیرو سەرباری ترس و دلەڕاوکێ هەمدیس بە ناچاری سەریان بۆ ئەوە لەقاند کە خۆبەدەستەوەدان تاقە چارەیانە. ئەکرەم, کەکوڕێکی تەمەن هەژدەساڵی خەڵکی هۆمەڕقەڵا بوو، هێشتا هەر دوودڵ بوو, لە ترسی سزای نەچوونە سەربازی خۆی لە نێو بەرمیلێکی بەتاڵدا شاردبووەوە تەماشای خەڵکەکەی کردبوو کەوا بەکۆمەڵ خۆبەدەستەوە دەدەن. هەر لەوێدا پێنجسەد کەس خۆیان دابووە دەستەوە، تەنها بیست کەس نەبێت کە ئەکرەمیشیان تێدابوو خۆیان هێشتبووە دواوە. بەمجۆرە ئەکرەم ڕزگاربوو و پێنجسەد کەسەکەش بێسەروشوێن بوون (17) خاڵی پشکنیندا تێپەڕ بوو بە درێژایی ڕێگەداو هەر دەستی لە بزنەکانی بەرنەدا, ڕەنگە هەر ئەمەش ژیانی ڕزگار کردبێت. زۆر چیرۆكو بەسەرهاتی لەم چەشنە بۆ میدڵ ئیست ووۆچ باسکراوە دەربارەی ئەو سەربازە ڕاکردووانەو چۆنێتی دەربازبوونیان، بە تایبەتی لە ناوچەی گەرمیانی خوارووداو ئەوانەیان کەوا لە کاتی ئەنفالدا بە لای ڕانە ئاژەڵەوە بوون.

## دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەراسەری بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردوستان

لەکۆتایی ساڵی رابوردوو چەند کەسایەتیەك لە ناوچەکیمیابارانکراوەکانی کوردستان دوای بیرورا گۆرینەوە ریکخراویکیان دامەزراندو لەبەرواری 20/11/ ساڵی 2009 لەبەیانێکدا ریکخراوەکەیان راگەیاند لەبەیاننامەکەیاندا هاتووە : ئێمە وەك بەشێك لەکەسوکاری قوربانییان وخەڵکی ناوچەکیمیاباران کراوەکانی کوردستان، کەلە خوارەوە ناومان هاتووە، لەبارەگای ڕێکخراوی WADI ئەڵمانی لەسلێمانی ڕێکەوتی 20/11 /2009 کۆبوینەوە بە مەبەستی دامەزراندنی ڕێکخراوێك بۆبەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی مرۆڤ دۆستانە. مەبەستمانەلەداهاتوودا کاری خزمەتگوزاری وبەدواداچونی مەیدانی بکەین و تاوانی کیمیابارانکردنیش وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی بۆخزمەتی گەلی کوردستان بەدنیای دەرەوە بناسێنین لە راگەیاندراوەکەیاندا ئەو رێکخراوە کەدواتر ناویان نا ( رێکخراوی سپی بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان ) هاتووە: گرتنەبەری هەوڵی زانستیانە بۆئەنجامدانی توێژینەوە لەسەرجەم بوارەکانی زانستی ومرۆیی، هەروەها ئامانجمانەلەسەرئاستی ناوچەیی ونێودەوڵەتی لە پاڵ تاوانی ئەنفالدا بەکارهێنانی چەکی کۆکوژبکرێتە چەقی بەجینۆسایدناسادنی ئەوکردەوە کۆکوژیانەی لەم ناوچانەی ئێمەدا ڕویاندا بە پێی پرنسیپ ویاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەقەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ.

بە پێی زانیاریەکانی ئەنفالستان رێکخراوی سپی ئێستا لەهەوڵی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمیدان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان.

### ناوی دامەزرێنەرانی رێکخراوەکە

مامۆستا محمدأمین لاسە، توانا مصلح ( دۆڵی بالیسان )زریان عبدالرحمن ( رواندوز / دۆلی ئاکۆیان ) هێمن عبدوللاّ ، هونەر سالار ( گۆپتەپە ).حەسەن عەبدالکەریم، حسن مستەفا ( سیوسێنان ) ئاوات قادر، ئەکرەم عەلی حسیب ( دۆلی جافایەتی و شاربازێر ) .دلاوەر حیدەر، قیصر رحمن و فلاح موراداخان ،

(17) سەبارەت بەم شایتحالەو تیکڕای ئەنفالی قەرەداغ بروانە میدڵ ئیست ووۆچ، کۆمەڵگای نەسر، 28 ی تەمووزی 1992. ڕاستێکەی ئەکرەم بە ناو ژمارەیەك یەکەی سوپاو

# محەمەد حەمەعەلی:

## ئەڵێن جەهەننەم.. بەخوا تۆپزاواو نوگرەسەلمان جەهەننەم بوون.

**کاتژمێر 6:30ی ئێوارە**
**کانوونی یەکەمی 2009/**
**قەرەداغ – گوندی نەوتی**

ئێوارەیەکی درەنگ وەخت لەدەرگای ماڵی ئەنفالکراوێکمدا ماڵێکی بێ روناکی، محمد حەمەعەلیو رەعنای خوشکی ئێستا پێکەوە لەگوندی نەوتی ناوچەی قەرەداغ دەژین، ئەم پیاوە یەکێکە لەو گوندنشینانەی لەپەلامارەکانی ئەنفالی دوو لەبن شاخی زەردە گیراوەو قۆناغ بەقۆناغ گواستراوەتەوە بۆ بنکەی تەواری سلیمانیو دواتر بۆ تۆپزاواو لەوێشەوە بۆنوگرەسەلمان، لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی نەوتیە وەکو خۆی دەڵێت دایکم منی لەم گوندەدا بووە، لەشەری ئاوباریکەوە من لەم گوندەدا هاتوومەتە دنیاوە، خێزانەکەی خەڵکی مەیدانە بەزمانی خۆیان ئەوبەری یە

محمد پیاوێکی قسە خۆشەو جاربەجار پێکەنێنیکی بەدەمەوە دەکات، وەکو بلێی هەموو ستەمکاری دنیا ناتوانێ ئەم پێکەنینەم لێبستینێ، چونکە من هیچم نیە لەدنیادا پێکەنینو ژیانێکی سادەنەبێ.

بەئاهی ساردەوە باسی ئەنفالی قەرەداغو گرتنو گواستنەوەی خۆیانی قۆناغ بەقۆناغ بۆ ئەنفالستان دەگێرێتەوە،بەڵام زۆرجاریش لەبەرانبەر بێ لوتفیو دەماغسزی جاشو نامەردی جەلاددا پڕبەدەمی پێدەکەنیو گاڵتەی بە ستەمکاری ئەوان دێت. ووتی ئالەم گوندەوە دەست پێدەکەم چونکە



ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە بەسەر کافریش نەهاتووە.

### گوندی نەوتی، تێکچوونی شیرازە:

کەوەزعەکە خراپ بوو ئێمە فەقیری ماڵی خۆمان بووین، لەم نەوتیەوە لەگەڵ ئەم پیرەژنەو "خوشکەکەی" برایەکی ترما لێمانداو چوینە دەلوجە- گوندێکی نزیکیانە- لەوێ خانوویەك بوو ویستمان بچین هی ماڵ برایمی مەجید بوو خزمی خۆمان بوو،هەندێك خەڵکی تری لێ بوو ووتیان کاکە مەیەنە سەرەوە، بچنە چەمەکەوە نەوەکا بماندەنە بەرتۆپ، ئێمەش هەندێ شڕکەوپڕکەمان پێبوو، چوینە ئەو خانووەوە هەتا درەنگ، بەخوا نەختێك تۆپیان تەقاند، سەری کرد رۆیشت دای لەشاخەکەی ئەوبەرمانەوە، تابەیانی سێ تا چوار تۆپیان تەقاند، وتمان بەزاتی خوا فەوتاین، ئیتر خەڵك لێی قەومابوو، بەیانی هەستاین ڕۆیشتین بەرەو قەراغ ئەوکاتە قەراغ ئازادکراو بوو، لەوێ چووینە ملێك دووشەو لەوێ ماینەوە لە ماڵی پیاوێکی وەکو تۆیا بووین، هەندێك گاو

گوێرەکەشمان پێبوو، بۆ سەری سێ شەوەی ڕەفێقێکم بوو کوری حەمەی خوامراد خەڵکی ئەم شێوی قازیەی دراوسێمانبوو، هەرچیمان بوو تێکەڵمان کرد، وتمان هەرچیمان بەسەر هات، باپێکەوە بین هەستاین بەرێکەوتین بەرەو گڵە زەردە لەوێ چوینە باخی سەرو ئەم پیرە ژنە لەخانویەکدا نانو چێشتی بۆ کردین، بەخوا لەوێ بووبە تەقەی پێشمەرگەو عەسکەرێ، وتمان کورە ئێمە ولاخمان پێ یە تۆبلێی لاقەی ئیمەیان هەبێ، هەرچۆن بوو هەتا بەیانی خۆمان گرت.

## لەسەر شاخی گڵە زەردە وتیان تعال:

وەڵا بۆبەیانی کە سەرکەوتین بۆسەر شاخی گڵە زەردە لەوێ کەسەیر دەکەین عەسکەرییەی لێیە، منیش بە ڕەفیقەکەی خۆمم ووت: ئەوە عەسکەرێکە بەلام ئەزانی چیبکە ووتی: چی بکەم، وتم ئەگەر بانگیان کردین وتیان تەعال وەلاّم مەدەرەوە ولاخی خۆت لێخورەو برۆ باوابزانن هیچ نازانین، ئەگەر بانگیشیانکردین ئەڵێین بایە ئێمە عەرەبی چوزانین تعال چیە، بەهەرحاڵ خۆم کرد بە کەرەی شەربەتو تێمانکرد ڕۆیشتین، عەسکەرەکە وتی: ها حجی تعال تومەس ئەفسەربوو- ئێمەش هەر گوێمان نەدایە ڕۆیشتین بەخوا نزیکەی ئێرەو بۆکوێ بۆحەوشەکە زیاتر ڕۆیشتین جوابمان نەدایەوە، بەلاّم سەیارەیەك خێمەی بەسەرەوە بوو دور وەستابوو، ئیتر هەندێك دورکەوتینەوە ئەو هەر تعال تعالی بوو ئیمە ڕۆیشتین، هەرئەوەندەم زانی جاشێك بۆمان دەرپەری لای سەیارەکەوە کابرایەکی جامانە زل، 6 مخزەنی بەستبوو،وتی : ئەوەبوو ئەوەندە ترتان زلە ئامرلیوا بانگتان دەکات وەلامی نادەنەوە سەگبابینا ..؟ وتمان کاکە وەلا ئێمە عارەبی نازانین خۆت دەزانی ئێمە کوردین تعال چییە..؟ وتی خەڵکی کوێن ووتمان قەراغ ووتی ئای ئەوە قەراغین ئێمە 20 کەرەتمان لەتەلەفزیونورادیوەوە بانگ کردن بێنە خوارەوە هەرنەهاتنە خوارەوە بەخوا هەمووتان ڕەمی دەکەین .وەلا ئیتر پەلی گرتینو بردینی ئەوا ئەفسەرەکەش چاوی تێوەیە ئێمە دو زەلامو کورێکی خۆشم (نەوشیروان) لەتەکابوو هەروا شەش سالێك بوو، ئیتر موستەشارەکە پەلی نەوشیروانی گرت ووتی بائەوە لەگەڵ تۆدا نەبێ وەلا کابرایەبوو خزمم بوو حەمەی مام ئەمینیان پێ ئەوت چاوم لەسەری بوو وتم کورم بچۆ بلێ باوکم گیراوە من لەگەڵ تۆدا دێم بۆ چەمی تانجەرۆ ووتم بانەترسی دەبرۆ دەی ئەوە خزمی خۆمانە، ئەوە کورەکەش هەردەگری منیش کوڵم بۆی دێ، ئیتر موستەشارەکە سواری سەیارە چادربەسەرەکەی کردین، سەیارەکە کەبس بوو چادری بەسەروە بوو، منیش وتم جا تۆبە لەمە تۆبەتر، چەقۆیەکم پێ بوو لەئاستی چاوم چادرەکەم دڕی کەسەیردەکەم کورەکەم هەردەگری ئیتر هەتا ئێوارە لەو سەیارەدا بووین.

## بەرەو سلێمانی :

دەمەو ئێوارە عەسکەرییەکە هاتن بردیانین، بۆسلێمانی ئیتر خەبەری نەوشیروانیشم نەدەزانی چی بەسەرهاتووە، بردیانین بۆ فیرقە لەلای حسیب صالح، باران دەباری خستیانینە ژورێکەوە سەرت نەیەشێنم

ئیتر ئەوشەوە لەفیرقە هەموومان بەسەریەکدا کەوتبووینو هەربەسەر یەکەوە خەوتین بارانیش ئەباری زۆر ساردبوو، بۆبەیانی ڕۆژ بووەوە عەریفێك لەوناوە بوو، هەروا بەکوردی پێم گوت ئەرێ برا بادیلیش بین برسیمانە نانێك شتێکمان نادەنێ، کابرا کورد بوو وتی حاجی هاتووی لێرە قبوڵی بخۆی، نان نیە ئەگەر پارەتان پێیە پارە کۆبکەنەوە دەچم خواردنتان بۆ دەکڕم و بیخۆن، کابرایەکمان لەگەڵ بوو عاقل بوو وتی کاکە بێنن

پارەکۆبکەینەوە بابەشی ئێوارەشمان بۆ بهێنێ ئیتر ناردمان نانو شتی بۆهاوردین و یەکی چوار هیلکەشی بۆ هێناین، ئیتر ئەو خواردنە بەشی دورژی کردین، ئیتر کە بردیانین بۆسەرئاو هەربەشەق و تێهەڵدان بەناو ئاسن و شتی شکاوا چاویشمان بەسترابووەوە ویستم هەروا کەمیك لای بدەم بەئاستەم بەری چاوم ببینم بەخوا یەکێك هات شتێکی کێشا بەسەرما بەخواچاوم تاریك بوو ئیتر نەم دەبینی، ئیتر ئەوەندەمان زانی کەوا پاصسان بۆهێناین و باریانکردین بۆ شوێنێك ئەیانگوت ئەمە زووتر شوێنی ملازم محسن بووە، لەوێ عەسکەر دەوورەیاندابن وەك نەدی و بدی کردیانینە قاعەیەکەوە پەنجەرەیەکی گەورەی تیدا بوو، بەیەکدویەکیانم ووت: قسەمەکەن شەو بەڵکو بتوانین ئەو پەنجەرەیە بشکێنین و رابکەین وتیان باشە وەڵا شەوداهات باران بوو، تەماشامانکرد دوو عەسکەر وا لەبەر پەنجەرەکە جگەرە دەکێشن بەخوا هیچ ئەویشمانچوو نزیکەی پێنج رۆژ ماینەوە نانێکی ترۆ هاتیان دەدا پێمان ئتر دوای ئەوە پاصیان هێنا لەپێشەوە هەرچی گەنج بوو هەمویان جیاکردەوە، ئینجا ئەوەی وەکو ئیمەیش بوو بەجیا ئەوەی من بزانم بەچاوی خۆم بینیم حەوت پاصیان پرکردو بردیانین.

## قارەمانێتی ژنێکی شاری سلێمانی

ئەوکاتەی خەریکی بردنمان بوون ژنێکهات نانی ئەکرێ دەستی کرد بەبن بەستەیەك ناندا بەقەراغی پاصەکەدا هات هەرلەپەنجەرەی پاصەکەوە یەکی نانێکی پێماندا یارەبی ئەو رووەی سپی بێت، بەراستی ئینسانێکی زۆرباش بوو، لەو نەهامەتیەدا فریامان کەوت. ئەوە ئەو ژنە بەفریامان کەوت. ئیتر پاص کەوتە رێ هەیتا هەیتا پاص ئەروا بەرەو کەرکوك بەڵام نازانین بۆکوێ دەچین و چیمان لێدەکەن.



## دەربازبوونی نەوشیروان :

کورێك هەبوو خزممان بوو وەرقەی جاشی پێبوو ( رەزای کاکە لی پێ ئەڵێن) ئەویش هەرلە ڕای خوا هەندێك پیرەژن و پیرە پیاوی خستبووە سەیارەوە بیانبات رزگاریانبکات، کورەکەی منیشی بینبوو ناسیبوویەوە جا ئەو کورە هاموشۆی ئەکردین لەنەوتی، هەڵیگرتبوو، کورەکە عەقڵی پێی شکابوو وتبووی کاکە رەزا وەڵا باوکم گیراوە ووتبووی وەرە سواربە، ئیتر لەتانجەرۆ براکەم نەوشیروانی بینیبوو وتبووی ئەوە چی ئەکەی لێرە ..؟ نەوشیروان وتبووی وەڵا مامە سەعە باوکم گیراوە ئەویش وتبووی ڕۆڵە دەی فەیناکا بەردەبێت. ئیتر باش بوو کەوتبووە دەست براکەم، هەندێك گاوگۆلکمان بوو ئەویش فەوتاو هەرلەدوای گرتنمان کەوتە دەست جەیش وجاش، نەوشیروان و سەعیدی برام یەکدو رۆژ لەدەواجنێك خۆیان پەنادابوو باش بوو رزگاریان ببوو.

## ئەڵێن جەهەنەم، تۆپزاوا جەهەنەم بوو :

دوای ئەوەی گەیشتینە کەرکوك بردیانینە شوێنێك وتیان ئەمە تۆپزاوایە ئیتر رۆژی حەشربوو رەنگە بڵێم دەهەزارکەسی لێ بووبێت،

ئەلێن جەهەنەم جەهەنەم بوو، ئیتر لەژن لەمنداڵان، لەپیر گەنج هەرچی بێژی لەوێ بوو من گوتم رەنگە هەموو کورد لەوێ بێ ، لەوێ دایانیشاندین، لەوێ دوسێ کەسی خزمی خۆمم لەگەڵ بوو، حەمەی مەجید، عوسمانی مەجید بوو، کورێکی تربوو شێخ حسێنی فەقیرە خەڵکی فەقیرە بوو ، چوم خەبەرێکی ئەو بزانم، لەسلێمانی جیایانکردنەوە ویستم بیدۆزمەوە چومە قاعەیەك جەماعەتێك هەروا 40 -50 کەسێك دەبوون، بەکزی دانیشتبوون، بەخوا سەریشیان تاشرابوو روتکرابوونەوە تەنها شەرواڵەکانیان لەپێدامابوو، وتم کاکە چۆنن وتیان چۆن بین ئەوە دەمانبینی بەخوا دڵم پڕبوو، وتم ئەرێ فلانکەستان لا نیە وتیان نەوەڵا ئەوەتاین هەرئەوەندەم زانی شەقەیەك لە برپڕەی پشتم هەستا، ئەفسەرێك بوو خشتێکی سوری هەڵگرتبوو دای لەپشتم کە ئاوڕم دایەوە هەڵیگرتبووەوە ئەی ویست جارێکی تر پیامدا بکێشێتەوە بەڵام چی من مردبووم، ووتی ( کلب بن کلب ) سەگی کوڕی سەگ بەو حاڵەشەوە لەترسی خشتەکەی دەستی ڕامکرد، لیفە شرێکم هەڵگرتبووەوە لەترسا دام بەسەرماو رامکرد بەخوا تا ماوەیەکیش بەدوامەوە بوو، ئێمە شەش رۆژ لە رەزالەتی تۆپزاوادا بووین، ئیتر دوای شەش رۆژەکە حەوت پاصیان هێنا دەستیانکرد بەبارکردنمان چەند ئەفسەرێك و چەند مصلحەیەك عەسکەر وەستابوون، پێشتر کەچووین ناومانیان نوسیبوو ئیتر ناویان خویندینەوەو سواریانکردین،هەتا ئەو حەوت پاصە پربوو، ئینجا خستیانیانینە رێ مصلەحەیەك لەپێشمانەوەو یەکێکیش لەدوامانەوە دەڕۆیشتن، هەندێك ئەیانگوت بەرمان ئەدەن هەبوو دەیانگوت دەمانکوژن، ئیتر بردیانین لەو عەرەبسانە لە نوگرەسەلمان هەڵیان رشتین.

## قەڵای نوگرە سەلمان :

کەگەیشتینە ئەوێ هەی هوو چی ببینین تۆپزاوای چی وامانزانی کەس نەماوە قەناعەتم وابوو هەموو کورد گیراوە، ژنومنداڵ و پیرو پەکەوتووەکان بەخوا رەنگە دەهەزار کەسی لێ بووبێت، ئیتر هەبوو رووتو رەجاڵ بوو، ویستم بچم دەست بەئاو بگەیەنم بەڵام چی ئەوەندە زاڵم بون کونی ئاودەستەکانیان بەنایلۆن گرتبوو، بۆئەوەی پیسی نەڕواتو خەڵك ئیزعاج بێت، ئیتر نانخواردنی چی هەروا یەکی سێ صمونی بچوکیان دەدا پێمان بۆ هەرسێ ژەمەکە بەڵام صمونەکە زۆر بچوك بوو، تیرمان نەدەخوارد، ئا بیرم نەبوو لە پێشەوە بردیانین بۆ شوێنێك لە سەماوە بەڵام وەریان نەگرتین، وتیان جێگە نیە بیانبەن بۆ نوگرەسەلمان، ئیتر پاصیان سوراندەوەو رۆیشتین مەسافەیەکی تر بەرێوەبووین ئینجا گەیشتینە نوگرەسەلمان، بەیانی هێشتا شەبەقی نەدابوو،پیاوی ئازا لەشەبەقدا هەڵدەستێ بۆ نوێژ ئەوکاتە بوو گەیشتینە، نوگرەسەلمان کردیانینە جەوشەکەوە. ئیتر لە شەبەقەوە هەتا نیوەڕۆ رایانگرتین نەنان نەئاو ئەو خەڵکە زەلیلکرابوو، منداڵ دەگریا ژن دەگریا، بەخوا تینم دایەبەرخۆم چووم بە عەسکەرێکم گوت برسیمانە ووتی نیە، هێشتا بەیانیە سەعات هەشت صمون دێت، بەخوا نازانم چۆن تا سەعات هەشت ژیام زۆرم برسیبوو، ئیتر کەهات صمونی چی ئاردی گسك بوو، ئەها گسك هەیە دەی رۆینن ..! بەخوا ئینشاللە درۆناکەم ئاردی ئەوەبوو، بریقەی ئەهات.. لەوێ لەو رەزالەتەشدا شەش مانگیان گرتین ئیتر چۆن ماوین بەخوانازنم. خەڵکێکی زۆر مرد.

## پیاوە مەلعونەکە :

بەوخوا قەناعەتم وایە ئەوەی حەجاج بکوژێت خێری دەگات، ئای برا کە زاڵم بوو، ئای براکابرایەکی ناپەسەندبو، قەڵای نوگرە سەڵمان دوو دەرگای گەورەی بوو دەرگاکان تریلەی پێوە

ئەچوو، ئەوەی لێوەی چوینە ژورەوە بنکەیەکی پۆلیسی لێبوو، ئەوەی تر بنکەیەکی ئەمنی لێبوو، هەردوو دەرگاکە یەکیان بە پۆلیسو ئەوی تریش بە ئەمن گیرابوو، پیرەژنێك بوو، وەك ئەم خوشکەی من پیرەژنەکە لەو دەرگایەی ترەوە چووبوە دەرەوە بۆئەوەی مقەباو کاغەزو شت بچنێتەوە بیهێنێتە ناو قەلاکەوە تا چای پێ لێبنێ، پیرەژنەکە رێگەی لێ وێلبوو، رۆیشتبوو لەقەلاکە دورکەوتبووەوە لەوێ عەرەبێکی لێ پەیدا دەبێ بەعەرەبی قسەی لەتەکا دەکات عەرەبی نازانێ ئەوەندە دەزانێ بلێ بم وەقوربانت من سجنم سجن من هیچ نازانم، کابراش خستبوویە سەیارەکەوەو هێنایەوە بۆ نوگرەسەلمان، کابراش لەدەرگای ئەمنەکانەوە هێنایەوە، هێنایان بە لێدانو عەزییەتدان، وتیان رای کردووە، خواهەلناگرێ کابرای عەرەب ووتی : نا رای نەکردووە، خواهەلناگرێ دووسێ جار وتی فەقیرە رای نەکردووە، وەلا مەلعونەکە هات، حەجاج ئەتووت قورئانی سوتاندووە رەش بێخێر، دووسێ تفی تێکرد، پاڵی خست ووتی: پەلی ببەستن هەتا دەچمە سەماوەو دێمەوە هەلیواسی ووتی هەتا دێمەوە کەس لێی نەکاتەوە ئەوەی بکاتەوە خۆی لە جێگەی هەلدەواسم، پیرەژنەی داماوی هێنا دوو تەنەکەی خستە ژێرپایو هەلواسیو دوایی تەنەکەکانی لەژێرپای دەرکردو لێدا رۆیشت، پیرەژن بەئاسمانەوە جا دل لەشوێنێکی قایمدایەو نایەتە دەرەوە، خوا هەلناگرێ کە رۆیشت پۆلیسێك چووە سەربان کە زانی رۆیشت پیرەژنەکەیان داگرت پۆلیسەکان دایانگرت، ئیتر هەتا چاویان لێببوو کەسەیارەکەی تۆز دەکات هەلیان واسییەوە، پۆلیسەکەی سەربان هاواری کرد گەیشتووەتەوە بیرە ئیرتیوازیەکە، بەلام کە هات تەماشای کرد، ووتی بیکەنەوە .. توخوا حەجاج ئینسانە..؟

## عەزەمەڕەو عەدالەتی نوگرەسەلمان :

پیاوێك هەیە خەڵکی لای خۆمانە ناوی عەزە مەڕەیە ئێستا وا لە تانجەرۆ دەژی ئەویش لەنوگرە سەلمان گیرابوو، ئەو صەمونەکانی دابەش دەکرد، چاوی تێوە ببوو یەکدوو صەمونی کردبووە، گیرفانیەوە، حەجاج قسەی نەکردبوو هەتا لەدابەشکردن بووەوە، ئینجا بانگی کرد، دەستی کرد بەگیرفانیاو صەمونەکانی لێ سەند ووتی: تۆ ئەم صەمونانەت دزیوە ئەویش ووتی نەوەڵا برسیمبووە، دڵم پێوە بوو بیخۆم .. بەوخوایە منوتۆی خەلق کردووە، چلکاوێك بوو لەوێ پڕبوو لە قژە سەرو پیسی خستیەناوی کەوتە سەری بە کێبڵ عەزە مەڕەی لەمرە خست، باشبوو دکتۆرێك بەفریا کەوت دەستی گرت ووتی: بەسە هەڵناگرێت دەمرێ، ئەی ووت دەبێ عەدالەت جێبەجێ بکەی جاتوخوا ئەمە ویژدانە ئەمە عەدالەت بوو.

## هەواڵی ئازادکردنمان

دوای شەش مانگ لەو ڕەزالەتیە هەواڵێك هات بەردەبین، ئەوکاتەی زانیمان چەند وەجبەیەك بەربوون، بەلام خۆ نوگرەسەلمان کەس بەکەس نەبوو، خەڵکیان ئەبرد نەمان دەزانی بۆکوێیان دەبەنو چییان لێدەکرێ، کە زانیمان بەردەبین من ئەوکاتە زۆر نەخۆش نەبووم، ڕەفیقەکانم حەسەن بەگو عەلی مەجیدو عەلی بەردە کەڕ ئەم عەلیانە هەموویان قەراغی بوون پێکەوە بوین لەبەر مردنو ژیان، وەلا ئەوان بەربوون، ڕۆژێك هاتن ناویان نوسین من وتم غەدرم لێمەگەن سەرەمە بەربم ، وتیان نا جارێ تۆ نەخشی باچاك بیتەوە لە پۆستەیەکی تردا ناوت دەنوسین، بەخوا شەش حەوت ڕۆژی تر رایانگرتم، وتم بەخوا ئەمە دەری ناهێنێ ئەوانەی بەهۆی نەخۆشییەوە رایانگرتبووین، وتم کاکە مەلێن نەخۆشین دکتۆرەکە هات ووتی ها ئێستا چۆنی ووتم عەیبم نیە زۆرباشم، لەوانی تریشی پرسی هەروا وتیان عەیبمان نیە، ووتی بەیانی نا دووبەیانی سەرەتان

دێـت، دوو پۆسـتـە مـابووین، لەگـەڵ کۆمـەڵێك کەنیشك بەهەرحاڵ ئێمە رزگاربووین.

## کەنیشکەکان بەرنەبوون:

دوو پۆســـتـە مـــابووین، وەڵا نزیکـــەی 300 کەنیشکیش مابوون، دلم دانەوە وتم رۆلە ئینشاللە بەردەبن بەلآم ئەوان ئومیدیان نەبوو، هەربەریش نەبوون، یەکیان ناسیاوم بوو، کچی برادەرێکی خۆم بوو هاتوو چۆمان بوو ئـەویش هـەر خـەڵك قـەراغ بـوو، کچـی سـەلیمی شاسـواربوو، نەوەاللـە ئـەوان بەرنەبوون رۆیشتن کەس نەیزانیان چییان لێهات .

## چوین بۆزیارەتی سەرۆکی فەرماندە:

هێنایـانین بردیانینـە شـاری سـەماوە، لـەوێ مەکتـەبێکی گـەورەبوو، کردیانینـە نـاوی دەرگاکانیـان لێ داخستین، ئـیتر ئەفسـەرێك هات ریزیان کـردین و دەستی کـرد بەقسـە، ووتـی ئێـوە ئـازاد دەکـرێن، بـەلآم کـەس نـەلێت، گیراویـن و لەنوگرەسـەلمان بـووین، بلـێن ئێمـە چـووین بـۆ زیـارەتی سـەرۆك صـدام حوسـێن، چـوون بۆکـوێ..؟ ئەمـە ئەفســـەرەکە دەیـــی پرســـی ئێمـــەش دەمـــانگوت: چـوین بۆزیـارەتی سـەرۆك، چوون بۆکوێ..؟ چووین بۆ زیارەتی سەرۆك، ئـیتر ئەوەی ڕیشی هەبوایە دەلاکیان هێنابوو، یاللە بـۆی بتاشـە، خواردنیـان هێنـا گۆشـت و ماسـی و خواردنێکی باشیان داپێمان و دوایی سواریانکردین هێنایانین بردیانین لەعەربـەت بـەریادایـن، یـەکی پارچـە کاغـەزێکیان پێمانـدا ئـەرزەمان بـدەنێ لەچەمچەماڵ ، وەڵا چووم بـۆ چەمچەماڵ بـۆلای قایمقـام خـوا هـەلناگرێ زۆری پێنـاخۆش بـوو، کەوزعەکەی ئێمەی ئاوا بینی ووتـی: ئـەوە بۆچی وا سەروریشت هاتووە، ووتم بابـە ئیمـە لەرەزالـەتا بووین، خواهەلناگرێ ووتی بەڵێ ئەرزەتان دەدەینـی بچـنەوە خۆتـان بشـۆن و دوو رۆژی تـر وەرنـەوە. هەرکەسـەو ئـەرزەی خـۆی دەدەینـێ، ئـیتر خـزم و کەسوکار وتیـان بابـە نەچیت، ئەوانـە درۆدەکـەن زەوی چـی دەتانکـەن بـەجیش الشـعبی. وەڵا ئـیتر نەچوومەوە بەلایداو زەویەکەم وەرنەگرت..

## هەواری خاڵی :

مـام حەمـە عـەلی هەربـەدەم پێکەنینـەوە وتـی: کـورە ئـازاد بـوونی چـی..؟ کەهاتمـەوە بەسـەر هەوالی خالیدا هاتمەوە، هەرمندالەم لـەمالێك بـوو،



نـەماڵ نـەحاڵ هیچمان نـەبوو، هـەتا خرمـان کردنـەوەو کۆبووینـەوە هـەی هـۆ زۆری پێچـوو، هیچمان نەمابوو، ئیتر چووم لای خزمێکم بوومە گریســەمەند. هـەروا تەقـەتێقکم دەکـرد، ئـیتر لەوکاتەوە ژیانێکی ترۆهات دەژین .. ئازادی چی ..

# ئازایەتی ژنێك

# حیكایەتی دەربازبوونی جوانو توبا

ڕۆژی 5/25 /2009

كـات : 11:45

ئا: ئەنفالستان

لەبەشـی ئـەنفالی بەڕێوەبەرایـەتی شـەهیدانو ئـەنفالكراوان، چـاوم بـە ( بـەتوباو كچـەكەی " جـوان" ە . كـە بەرێكـەوتو بـە ئازایـەتی توبـا لەمەرگەساتی ئەنفال ڕزگاریان ببوو.

توبـا ڕەسـوڵ موالیـدی 1945 و خـەڵكی گونـدی نەوتی ناوچەی قەرەداغە. بەرلەوەی هاوسـەرگیری بكات،دانیشـتووی گونـدی ئاوەكـەڵی ناوچـەی شـارەزووربوون، دواتـر لەگونـدی نـەوتی شـووی بەڕەشید حەمە صالحی قازی كردووە. دایكی پێنج كچو چوار كوڕە، دووەم ژنی حاجی ڕەشید حەمە صاڵحە، دوای ئەوەی ژنـی یەكـەمی حـاجی كۆچـی دوایـی دەكـات ئـەم دەبێتـە هاوسـەری بۆیـە خۆشەویست دەبێو لەلایەن مێردەكەیەوە حسابی تایبـەتی بۆدەكرێـت. بـەپێی دۆسـێی ژمـارە ( 38411) ی بەڕێوەبەرایـەتی شـەهیدانو ئـەنفالكراوان، وارسـی كچـە شـەهیدەكەیەتی كـە مانگانـە موچـەیەكی 300000 سێسـەد هـەزار دیناری وەردەگرێت.

### ئەنفالی دوو حیكایەتی جوانەو توبا:

لـە ئێـوارەی ڕۆژی (1988/4/20) بەراجیمـە بۆمبارانی كمییایی تەكیەو بەلەكجاڕی ناوچەی قـەرەداغكرا كچـێك توبـا بـەناوی سـەعدیە لـە دایكبووی ساڵی 1974 گیانی لەدەستداوە.

لە پەلاماری ئەنفالی ناوچەی قەرەداغ ماڵی حاجی ڕەشیدیش وەك تەواوی گوند نشینەكانی تر بەرەو سلێمانی بەنیازی خۆدەربازكردن كۆچ دەكەن، ئەو



شەوەی لە قەرەداغەوە بەرەو سلێمانی كۆچ دەكەن توبـاو جوانـەی كچـی كەشیرە خۆرەیە بەیەكەوە دەبن، چـونكە حـاجی پێـی ووتـووە تـۆ لەنـەوتی بمێنەرەوە لەبەر ئەوەی گەنجو جوانیو بكەویتە دەسـت جـەیش‌وجاش بەسـەلامەتی دەربـاز نابیت،كەچـی بۆچـونەكەی حـاجی پێچـەوانە دەكەوێتـەوە، ئـەو بـەهۆی برایەكیـەوە دەگاتـە سـلێمانیو توبـا لەشـەوێكی باراناویـدا بەسـەرۆگویلاكی قوڕاویـەوە لەتانجـەرۆ دەگیرێـنو دەكەوێتە دەست ئەنفالچییەكان، هـەر ئـەو شـەوە خـەڵكێكی زۆر دەگـرنو سـواری زیلـی سـەربازی دەكـەنو بـەرەو تونـەكانی مـەرگی بەكۆمـەڵ ڕاپێچیان دەكەن، وەك توبا دەڵێ: زیلەكان پڕبوون لەخەڵك، ئەوانەی ڕۆیشتنو لەگەڵ ئێمە دابوون پێم شك نایات كەسیان گەڕابێتەوە

ژنەكـەی خـەڵكی نـەوتی، كەچاوی بەعەسـكەرە تەپلـە سـورو خـەت سـورەكان دەكـەوێ، ترسـێك شاڵاوی بـۆدێنیو هـەوڵی خـۆ دەربـازكردن دەدات، تونـد منداڵـە بەرمەمكانەكـەی بەخۆیـەوە

دەنوسێنێو غیرەت دەداتە بەرخۆی،لەمبارەیەوە توبا دەڵێ : ( ژنی لادێ ئازا بوو ئەوسا منیش بەقوەت بووم وەکو ئێستا نەبووم، لەپێشەوە کچەکەم توند گرتە باوەش، بەڵام دواتر غایلەیەکی ترم کرد، چارۆکەم پێبوو توند (جوان)ەم لەکۆڵم بەستو غیرەتم دایە بەرخۆمو ووتم بەتەمای تۆ خودایە یان مردن یان دەرباز بوون، ئیتر خۆم فرێدایە خوارەوە نەم هێشت بەپشتدا بکەوم، ئەم جوانەیەم لەکۆڵدا بوو، بەڵام لە ترسا هیچ هەستم بە ئازار نەکرد، خۆم خزاندە ناو خەڵەو گیاوە ئەوکاتە گەنم تەواو هەراش ببوو، شوێنەکەی نازانم بەڵام لە تانجەرۆ دەرچووبووین، ئیتر بەناوگیاوگژو خەڵەدا ڕۆیشتم، بەدەم سەگ وەڕەوە لە ئاوەدانیەك نزیك بوومەوە کەچوومە ناوی وڵوبە بوو، لەوێ چوومە ماڵی خاڵۆزایەکی حاجی ناوی مستەفایە. توبا بەسەر ڕاوەشاندنەوە وتی: کورە ئەوەی بەسەر ئێمە هات، بەدەم باس ناکرێ .

گوندی نەوتی لەڕوی ئیدارییەوە سەربەناحیێی قەرەداغ بووە، بەرلەئەنفال 30-40 ماڵێك بوون، ئێستا ئاوەدانکراوەتەوە .

حاجی رەشید لە خێزانەکەی تری (شەمسە) کورو کچێکی تری هەیە لەگەڵ براوخوشکەکانیان نیوانیان زۆر باشە، یەکتریان خۆش دەوێت، خوشك و براکانی جوانە هەموویان کەسانی سود بەخشن یەکیان دکتۆرەوئەوی تریان ئەبوو بەکریاریدەدەری پزیشکەو دلێر لە یونوپسە

## ئەنفالو ئازادیو ژیانی پور پـــــور غەزێم



عاصی فرود —کفری

ئەم وێنەی پور غەزێم لەگوندی بیرەمۆنی گەرمیان گیراوە گوندەکەی خۆیان ،تەنها تاقە ماڵێکی تێداماوە، ئەویش بەناچاری ڕۆیشتووە بۆ گوندی بیرەمۆنی چونکە خۆی تەنیا ماوەتەوەو ماڵی خزمەکانی لەو گوندەن.

پورە غەزیم بەساڵنامەی ئەنفالستانی راگەیاند: من زۆر دڵم بەم خاکەسەرەخۆرەیە دەکرێتەوە، هەرچەندە ئەم خاکە سەری منداڵەکانمی خواردو هەموویان ئەنفالکران، ناشتوانم بچم بۆ سمود ( رزگاری ) چونکە ئەگەر دە ڕۆژ پیاڵەیەك چای نەخۆم، لەتوانامدانیە بۆخۆم چایەك بکەم، مەگەر خێرەومەندێك بێت دەنا ئەگەرنەیات چایم بۆبکات نیە بیخۆمەوە.

وتیشی ئێمە 6 بیرە ژن و پیرە پیاوبووین بەبێ منداڵ لەنوگرەسەلمان گەڕاینەوە تادرەنگ لەوێ ماینەوە، کەهاتیشینەوە هەر لەم گوندە 4 کەسیان دوای چاوەڕوانیەکی زۆر مردن. ئافتاو "میمزام" بوو ئەویش سەری خۆی هەڵگرتو ڕۆیی بۆکەلار ، ئێستا تەنهامن ماوم منیش ئەم چەن ڕۆژەی تەمەنم کەماومە حەز دەکەم لەم خاکەدا بمرم کەلەهەراکەی شیخ محمودەوە تائەنفالەکە لێی دورنەکەوتومەتەوە هەرچەندە لێرەش لەدوای عزیز و فارس کوڕم هەموو ڕۆژێکم مردنێکە ؟

## خاوە ر: لەئەنفالەکەدا بەپێی پەتیو بەکوڵی خۆم خەسوم گەیاندە سلێمانی

# چیرۆکی بوكوخەسوو یەك لەنێوان سیحری ژیان و ستەمكاریدا

**بەروار :** 2009/12

**كات :** 4ی پاش نیوەڕۆ

**شوێن : قەرەداغ – شیـــــــــــوی قازی**

درەنگ وەختدا چوینە گوندی شیوی قازی لەوێ چیرۆکی بوكو خەسویەك سەرنج ڕاكێشام (حەبیبەو خاوەر ) ئەم جارە بوكوخەسو خێسە لەیەكتری ناكەن كەتو مەت حزبە نەیارەكانی كوردستان چۆن ئەنفال پێكی هێنانەوە ئاوا ئەم بوكو خەسووە بوونە دوكارەكتەری ئەنفالی دووی قەرەداغ ، كۆتایی مانگی ئازار وا ئەنفالەو لە شەوێكی تاریكوباراناویدا خەسو بەكوڵی بوكەوەیە، بەنیازی ڕزگاركردنی بەناو هەراو پەلاماری ئەنفالچیو ویزەی گوللەو هەورازونشیوی چیاكانی قەرەداغدا بەرەو شار ڕێگە دەبڕن، ژنێك بەپێی پەتی بڕیاری داوە خەسوی بگەیەنێتە شوێنێكی سەلامەت. بۆتیشكخستنەسەر كاراكتەری ئەم قارەمانێتیە لەعەسرێكی درەنگی ئەم گوندەدا ئەم دیدارەم لەگەڵ خاتوو خاوەر سازكرد.



- ئەگەربكرێت باسیی ئەو كاتەم بۆبكەیت. .؟

+ ئێمە لێرە خەریكی كاسبیو ئاژەڵداری خۆمان بووین لەراستیدا وەزعەكە خۆش نەبوو، بەلاَم ئێمە ڕاهاتبووین لەگەڵ ئەو وەزعە، ئێ خۆ لەوەتەی ئێمە هەین هەرلەژێر هەڕەشەی حكومەتدابووین، شێخ زاهید هات ووتی: ئاگاداری خۆتان بن وەزعەكە خراپەو ئەگەر نەڕۆن حكومەت دەتان گرێو ئەنفالتان دەكات.

- شێخ بایز چی بوو جاش بوو ..؟

+ نا..نا ئەو هەر هاوڵاتیەك بوو لەشار دەژیا كەزانیبووی وەزعەكە خراپە هات پێی وتین، وەزعەكە خراپەو حكومەت هێرش دەكاتو كەس نابویرێ. ئێمەش هەستاین ڕۆیشتین ، پیاوەكەم "ئەحمەد" لەلای حەیوان بوو منیش لەگەڵ خەسومدا بووم، ئەو كەم ئەندام بوو چاووی نەبوو (نابینیا) بوو، قاچكانیشی نەبوو هەتا دەستی بگرین، وەزعێكی هەتا بلێی ناخۆش بوو، ئیتر ناچاربووم خەسوم كردە كوڵمو بردم، هەرچەندە وتیان ئەم لەماڵەوە بەجێبهێڵە كەس هەقی ئەم كەمئەندامەی نیە، بەلاَم من قایل نەبووم ووتم بەخوا منداڵەكانم بەجێبهێڵم ئەم بەجێناهێڵم . نەچاوی هەیەو نەقاچی هەیە چۆن بەجێی دەهێڵم هەرحەیام دەچێ دوایی پیچم دەڵێن ئەگەر دایكی خۆی بوایە جێی نەئەهیڵا ئیتر بەهەر ڕەزالەتو ماندووبونێك بوبێ بردمانە سەر پردەكەی قەرەج لەوێش برمانە شار . ئیتر لەوێش ماڵ شێواوبووینو ئاوها.

- ئەی لەشار چیتان بەسەرهات چۆن ژیان ؟

+ وەڵا ئیتر لەشاریش خوماڵی ئاوا بکات لەگەڵ ئێوەدا پورزایەکی مێردەکەم " شێخ سمایل هات وەدەنگمانەوە" ئەوەش ئازایەتی دەویست چونکە کەس نەیدەتوانی خۆی بکات بەخاوەنی قەراغی وەزعەکە زۆر خراپ بوو. حکومەت پیاوی ئەخوارد ماڵی ئاوابێت ئەو پەنای داین.. ئیتر خەمی ئەوانیش "مەبەست مێردەکەیەتی" بەم دەشتودەرەیا بە حەیوانەوە مابوونەوە . بەخوا نازانم چەندێکیان پێ چوو گەیشتنەلای ئێمە. ئیتر عەرزەیەکمان بوو لەشار هەروا خانویەکمان پێکەوەناو چوینەناوی . کەچووینە ئەوێ دایکیشی " مەبەستم خەسومە" بەرەحمەت چوو ئەمری خوای کرد.

## ئەی لەشار چۆن دەژیان ؟

لێرەدا ئەحمەدی مێردی هەڵیدایەو لەبری خاوەر وەڵامی دایەوە : وەڵاهی چۆن دەژیاین بەترس‌ولەرزێکی زۆر چونکە قەراغی لەلای حکومەت تۆمەتبار بوو، بەترس‌ولەرزێکی زۆرەوە دەژیاین.

ئەحمەد لەدایکبووی ( 1947 )ە ئەو بەهۆی مەرۆماڵاتەوە دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخسابوو کەوا لە گەڵ ماڵ‌ومنداڵەکەی دەربازبێت‌و لەرێگە هاوکارییەکی خاوەربکات، لە هەڵگرتنی دایکیدا، ماوەیەك بەوکەژو چیایانەی قەرەداغەوە بە ماڵاتەکەیانەوە مابوونەوە، بەرلەوەی پرسیاری ئاراستەبکەم، وەك بڵێی بزانێت منچیم دەوێ بۆ ئەو چاوپێکەوتنەەو بۆخۆی هاتەسەر وەڵامدانەوەو وتی: ئەوەی راستی بێت ئێمە نەماندەزانی وەزعەکە ئاوها مەترسیدارە لەماڵ‌و حاڵی خۆماندا بووین‌و خەریکی ئاژەڵداری‌و کشتوکاڵ بووین.. ئیتر کە وەزعەکە خراپبوو، دوای ئەوەی ماڵ‌ومنداڵ دەرچوون بەو وەزعەی کە "خاوەر" بۆی باسکردی، ئێمەش لەو ترس‌ولەرزەدا لەم دەوروبەری ئەستێڵ[8] بە حەیوانەکانمانەوە

[8] ئەستێڵ چیایەکە لە چیاکانی قەرەداغ‌و دەکەوێتە

ماینەوە، بەعەقڵی خۆمان ووتمان هەربە ئاژەڵەکانمانەوە بەرەو گەرمیان دەرۆین، نەماندەزانی وەزعەکە لەوێ خراپترە، بۆ رۆژی دوایی ئەمکاتە ئاوا نزیکەی کاتژمێر 4 کەمێك درەنگتر هەروا بەمەزندەی خۆمان وتمان بەرەو سلێمانی بڕۆین باشترە (توکل علی الله ) پشتیوان بەخوا ملمان پێوەنا. ئیتر هەرلە ئەستێلەوە بەرەو مجمعی نەسر کەوتینە رێ (ئەومجمعە تازەکرابووەوە) بەرێوەبووین کە کۆمەڵێك پێشمەرگەمان توش بوو بەرەو قۆپی دەرۆیشتن، یەکێکیان ئاوا لەتەمەنی تۆدا بوو کەسێکی زۆر رێك‌وپێکبوو لایدایە لامان‌و لەهێزەکەی دابڕا ووتی : کاکە ئەوە بەنیازن بەرەو کوێ بڕۆن ووتمان بەنیازین بەرەو ئەوێ بڕۆین ، ووتی نەکەن ئەوناوە مەترسی هەیە،چونکە ئێمە زانیاریمان بۆهاتووە حکومەت لەوێوە هجومی کردووەو گەیشتووەتە بن چیاکە، بەقسەی من بکەن لەوێوە مەڕۆن ئەگینا تیادەچن. ئێمەش پەست‌و بێ تاقەت بووین، ئاگامان لەماڵ‌ومنداڵ نەمابوو، دایکم نابینابوو بردبوویان ..نەماندەزانی ئەو هەموو حەیوانە چی لێبکەین دڵیشمان نەدەهات جێی بهێڵین، وتمان ئەی بەرای تۆ چی بکەین ..؟ ووتی لەگەڵە زەردەوە بڕۆن باشترە دەڵین عافواتێکی سێ رۆژی هەیە لەوێوە بڕۆن رەنگە قسەنەکەن.. منیش ستارم لەگەڵدا بوو خاڵۆزام بوو، وتم وەڵاهی رزگار ئەترسم ئەمە پەیوەندی بەحکومەتەوە بێ ئەگینا ئەمە چوزانێ ستاریش بێتاقەت بوو وتی: وەڵاهی بڵێم چی. ئێمە هاتین بەرەو نەوتی وەڵا کورێکی خزممان توش بوو وتی کورە لە گڵە زەردەوە نەڕۆن ئەڵێن خەڵك هەمووی فەوتا . وەڵا ئەوشەوەش لەوێ ماینەوە کاتێکمان زانی رەتڵێك راجیمەی بە جافەرانەوە نا، وتمان بەخوا تیاچووین ئێمە ئەوکاتە کۆمەڵێك بووین لە ئامۆزاو خاڵۆزا تەکبیرمانکرد ووتمان ئەگەر وەزعەکە لەمە خراپتربوو ئەوە حەیوانەکان

بەجێدەهێلین و خۆمان دەڕۆین. لەدەمەو بەیان ووتمان بابڕۆین تا دنیا تەواو روناك نەبووەتەوە هەرهیچ نەبێت لەجادەکەی قەراغ بپەرینەوە، ئیتر ڕۆیشتین پیاوێکمان توش بوو خەڵکی ئەستێڵ ووتی: لە گڵەزەردەوە رێگە ئاسایشەو هیچ نایەتە رێگەتان، ئیتر ئێمەش ڕۆیشتین . لەبناری شاخەکە بەدیوی شارەوە کۆمەڵێك جاشی لێ بوو خوا هەڵناگرێ هەربەناو جاش بوون، بەراستی بلێم بەنیسبەت ئەو رۆژەی ئێمەوە پێشمەرگە بوون بگرە لەپێشمەرگەش باشتربوون بۆ ئێمە چونکە بەفریامان کەوتن. هەرکەسێکیان توشبوایە یارمەتیان دەداو رزگاریان دەکرد .

نەتانزانی فەوجی کێ بوون ..؟

وەڵاهی نازانم بەڵام پێموابێ جاشی فەتاحا غایان پێدەگوتن، پیاوگەلێکی باش باوەر بفەرموو لەپێشمەرگە زیاتر خزمەتی خەڵکیانکرد لەو رۆژەیا، چی فیراربوو ئەیانخستە سەیارەوە ئەیان وت کوێتان گەرەکە ئەتانبەینە ئەوێ . ئیتر ئێمەش هەموومان فیرار بووین تەنها مامەم نەبێ هەموو مان فیرار بووین . وەڵا ئەوشەوە لەوێ ماینەوە حەیوانێکمان سەربڕی و ئەوانیشمان بانگکرد خۆلەراستیدا ئێمە هەرلەبەر ئەوان سەرمان بری ئەگینا خۆ ئێمە لەخەفتا هەر نانمان بۆ نەدەخورا، ئەو شەوە زۆر هاوکارییان کردین ئاگریان بۆ کردینەوە، بۆبەیانیش وتیان بۆکوێ دەچن ئەتانبەین لەراستیدا ئێمە هێشتا هەر دودڵبووین .. ئیتر خەڵکیش ئەوەی بیتوانیبایە لەشارەوە ئەهات بەدەممانەوە ئیتر بەو شێوەیە گەیشتینە شار. ئیبەخوا ژیانمان ئەوەنە ناخۆش بوو بەدەم ناگەڕێتەوە.

سەبارەت بەو دڵسۆزییەی هاوسەرەکەی کاك ئەحمەد رێزێکی زۆری بۆی هەبوو ووتی: ئەو رێگەی ئەو دایکمی لێوە بەکۆڵ هێناوە گەنجێکی بە گورو ئازا بە 4- 5 کاتژمێر ئینجا ئەتوانێ بیبڕێ، ئێ ئەو بەکۆڵ پیرەژنێکی هێنابووە شار، بەو شاخەدا بەخوا پیلاوەکانیشی لەپێدا نەمابوو بە پێی پەتی .. ئەی ئەوە گاڵتە نیە هەر بەدەمخۆشە. ئیتر هەرئەوەندەی زانی ئەحمەد بە رێزەوە باسی دەکات وتی: ئەی تەقو تۆق بۆناڵی تۆپباران، بەخوا ویزەی گوللە بەبان سەرمان و ئەمدیوەو دیوماندا دەهات، ئەحمەدیش قسەکەی بۆ پشتراستکردەوەو وتی: ئێمە کەمابوینەوە ئاگامان لێ بوو چ ئاگربارانێك بوو، لە دەربەندیخانەوە لە مەعسکەری دودارەوە، لەچنارەوە لەهەرسێ لاوە تۆپبارانی دەکرد. ئینجا تەیارە بەسەر سەرەوە ئیتر بەخوا ئەو خەڵکە هەرلە زیادەمایەوە ئەمەی باسی دەکەم بەرەو کۆتایی مانگی ئازاربوو دوو رۆژ دوای سێوسێنان.



## ئێوارەی لێقەومان :

ئەحمەد ووتی خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆر بێخەبەربووین ئەگەر ئەو شێخ زاهیدەی خزممان نەهاتایە هەمووما‌ن تیاچووبووین، ئەو ئێوارەیەی سێوسێنان کیمیابارانکرا ئاوا دەمەو کاتی نانخواردن بوو، بانگیانکردم بۆ نانخواردن ووتم : هێشتا زووە ئیتر کاتی نانخواردن هات لە سێوسێنانی دا، دوای ئەوە شەوبوو سەعات 12 بەڕاجمە لەدوکانی دا، ( گوندێکە لە خۆرهەڵات شیوی قازی) پیاوکی لێ بوو بەناوی ئەحمەد کچەکەی ئەوی کوشتبوو، ئەوان ساروخێکی کیمیاوی دابووی لە ماڵەکەیان هەرچی مەروماڵاتیشی بوو هەمووی تێداچوون، هەرلەدوکان ئافرەتێکی تریشی کوشتبوو. ئیتر رۆژێك دوڕۆژ دوای ئەوەی دای لەسێوسێنانو دوکان خەڵکەکەش هەر بەجارێ نەك هەر دێکەی ئێمە هەموو دێکانی تریش کەوتنە جوڵەوماڵی بەجێهێشت، ئاوا دەرگامان داخستو ماڵمان بەجێهێشت. جارێکی ترجەختی لەچاکەی ئەو کۆمەڵ جاشە کردەوەو وتی ئەوانە بۆئێمە زۆر باش ئەگینا، بەخوا یەك کەس دەرنەدەچوو، هەندێك پیروپەککەوتە لەم ناوەدا نەیانتوانی بوو بڕۆن کە جاش لەپێش جەیشەکەوە هاتبوون خستبوویاننە سەیارەوەو بردبویانن بۆ سلێمانی لەوێ هەر پێیان فرۆشتبوونەوە ئەوە کۆمەڵێك جاشی تربوون بروابکە لەسلێمانی جاشەکان ئەو پیروپەککەوتانەیان بە 300 دینارو 400 دینار بەخاوەنەکانیان فرۆشتەوە بە پارەی ئەو رۆژە



# ئایشێو ئەنفال

**عائیشە عەلی پیرە ژنێکی دانیشتوی گوندی عەسکەربوو، ئەو کە کوڕەکەی بەناوی عەبداللە ساڵی 1988 ئەنفالکراوە، پاش 22 ساڵ چاوەڕوانی سەرئەنجام لەسوێی گەڕانەوەی کوڕەکەیدا رۆژی 4/13 / 2010 لەکاتێکدا بەدیار تەلەفزیونەوە دانیشتبوو، کەوێنەی هێنانەوەی تەرمی منداڵە ئەنفالکراوەکانی دوبزی ڕوماڵ کردووە، پاش کەمێك گریانو فرمێسك هەڵڕشتن باری دەروونی تێك دەچێ، هەرچەندە خزم وخوێش بەفریای دەکەونو دەیگەیەننە خەستەخانە، بەڵام بێ سوود دەبێو بە ماوەیەکی کەم پاش گەیشتنیان کاتژمێر یەکی شەو لەخەستەخانەیەکی شاری سلێمانی گیانی دەرچوو.. دەشێ مەرگی پورئایشێ ناوبنێن بەردەوامی ئەنفال**

## حاجی عارفی كانی هەنار:

# كچەكەم لە تۆپزاوا لەدایكبووە، دەڵێن ناویان ناوە سنور .

دەمێك بوو لەدەرفەتێك دەگەڕام، بچمە ناوچەی قەرەداغو چەند كەسێك لەقوربانیانی ئەنفالوكیمیاباران بەسەربكەمەوەو لەم ساڵنامەیەدا دۆكۆمێنتیان بكەم ڕۆژی 2009/12 لەسلێمانیەوە ئەو هەلەم بۆ ڕەخساو وێرای سەرقاڵیو باری تەندروستی خراپم بەرەو ناوچەی قەرەداغ بەرێكەوتم، كەبریاربوو چەندرۆژنامەنوسێكی تریش لەوێ ئامادەبن، بۆ ڕوماڵ كردنی كێشەیەكی ئەوناوچەیە، ئەوەی هەواڵی ئەوەم پێگەیشتبوو كە پیاوێك بەناوی حاجی شێخ عارف لەگوندی كانی هەنار كە هاوسەرەكەیو كوڕەكانی لەپەلامارەكانی ئەنفالی دوودا بێسەروشوێنكراونو لەلایەن دەسەڵاتدارێكی ناوچەكەوە، دەستدرێژی كراوەتەسەر،كەگەیشتم لەنزیك گوندەكە لەگەڵ تیمێكی تەلەفزیونی كەناڵی كەی ئێن ئێن یەكمانگرتەوە. كە ئەوانیش بۆهەمان مەبەست هاتبوون، من تائەو



كاتە بەتەواوی بۆم ڕون نەبوو كێشەكە چۆنەو سەرچاوەكەی لەكوێوەیە بەڵام ئەوان هەواڵی ئەوەیان پێبوو كەلەلایەن دەسەڵاتدارێكی ناوچەكەوە دەستدرێژی كراوەتە سەر حاجی شێخ عارف، جگەلەوەی لەكورەكەیانداوە، بەفەرمانی ئەو دەسەڵاتدارە كوڕەكەی شیخ عارف لەفوتابخانەش دەركراوە، سەعات 11:45 دەقیقە گەیشتینە گوندی كانی هەنار.

كانی هەنار قوربانی زۆرو خزمەتی كەم :

پاش ئەوەی گەیشتینە ناوگوندەكە توشی تێڕامانێكی سەیر بووم، كەچۆن لەناو ئەوخانووە قورینە خواروخێچو نائەندازەییانەدا، كۆمەڵە مرۆڤێكی بەخوڵقوخۆو روخۆشو میواندۆست پێشوازییان لێكردین، ئەمەش چەندە دڵتەنگی كردم ئەوەندەش ئارام بەخش بوو كەخەڵكێك لەناو ئەوخانوە نا تەندروستو وێرانانەدا كەئەنفال پێشتر ڕوخاندوونیو بەبێ هاوكاری حكومەتی هەرێم جارێكی تر بەشانو بازووی خۆیان دروستیان كردووەتەوە، بەراستی ئەوخەڵكە هەقی دەستگیرۆییو هاوكاری كردنیان هەیە، ئەوان وێرای ناعەدالەتیو مەینەتیەكی زۆر، ویرای قوربانیدانو ژیانێكی سەختو دڵشكاوی خۆیان لەكەمتەرخەمی حكومەت هێشتا بەجوانی دەڕواننە ئایندەو لەململانێیەكی سەختدان لەگەڵ ناعەدالەتیەكانی ژیاندا .

بەقسەی خەڵكی گوندەكە كانی هەنار بەرلەپەلامارەكانی ئەنفال (28) ماڵبوون، بەڵام لەئێستادا لەبەركەمی خزمەتگوزاریو هەژاری خەڵكەكەی تەنها 8 ماڵێكی لێ ئاوەدان كراوەتەوە كەخانووەكانیان لەسەركەلاوە كۆنەكانی پێشتر دروستكردووەتەوەو یەكێك لەوماڵانەش

بەجێگیری لەوێ نیە، بەڵكو حەوت ماڵی جێگیری تێدایە. دەڵێن كچەكەت ناونراوە سنور ئیتر نازانم.

كە چووینە ژوورەوە بەشبەحاڵی خۆم توشی شۆك بووم، حاجی شێخ عارف باوكی ئەنفالكراوەكان سەرباری نەخۆشییەكەی پیاوێكی روح سوكو بەخوڵقوخۆبوو، لەسەر قەرەوێڵەیەك ڕاكشابوو، بەئاستەم دەیتوانی هەستێت تەواو ڕەنگی پەڕیبوو، بەڵام هەتا بڵێی پیاوێكی بەهیمەتو ئازابوو، وێڕای قوربانیی دانیشی لەگوندێكی پەراوێزكەوتووی بێ خزمەت گوزاریدا دانیشتووە، بەرلەوەی هەواڵی بپرسم بەزنجیرو قولاپەكەی پشت سەریدا كەبەبن میچی خانووەكەیدا چەسپ كرابوو، زانیم نەخۆشیەكەی پەیوەندی بەپشتیەوە هەیە، قولاپەكەی تائاستی پشتی شۆڕببووە، من وای بۆچووم كەگرفتی پشتو قاچی هەیە، چونكە بۆخۆشم تائەو كاتەش پشتینی كەمەربەندی پزیشكیم بەستبوو، لەنێوان قسەكانماندا ئەوە ڕونبووەوە كە حاجی عارق خێزانەكەی بەناوی ئاسكەو كچێكی بەناوی سنورو دووكوڕی بوونە قوربانی سیاسەتە دیكتاتۆریەكانی بەعس، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست ئەنفالستان كەوتن گوندی كانی هەنار 12 شەهیدو ئەنفالكراویان هەیە كەچواریان لەخانەوادەی حاجی بوون، كوڕە گەورەكەی بەناوی حەسەن كەپێشمەرگە بووەو هەر لەسەروەختی ئەنفالدا لەشەڕدا شەهید بووەو كوڕە بچوكەكەشی بەناوی (حسێن) لەگەڵ دایكیدا ئەنفالكراوە، لەوەش ئەستەمتر ئاسكە خێزانەكەی حاجی عارف دوگیان بووە كە ئەنفالكراوە، بەداخێكی زۆرەوە ووتی: ئەوانیش ئەنفالبوون، بەڵام ئەوكاتەی لێمپرسی كچەكەت ناوی چی بوو وتی: وەڵاهی دەڵێن ناوی ناوە سنوربووە ئەویش دەڵێن دەماودەم هاتووە، ئەگینا من خۆم نایزانم چوونكە ژنەكە دوو گیان بوو كەئەنفالكراو ئەوكچەی باسی لێوەدەكەن لە تۆپزاوا لەدایكبووە، ئیتر ڕۆیشتنو چاوامان پێیان نەكەوتەوە، ئێستاش ئاوا ڕێزمان لێدەگرن ..؟!



وەك خەڵكی گوندەكە باسیاندەكرد حاجی عارف لە ڕۆژگاری خۆیدا كوڕی تەنگانەو پێیاوێكی میواندۆستو خانەدان بووە، ئێستاش كە خێزانەكەیو دووكوڕی بوونە قوربانی ئەنفالو سیاسەتە دیكتاتۆریەكانی بەعس. لەسایەی ناعەدالەتیەكانی حكومەتی هەرێمەوە بەخراپی دەیگوزەرێنن،شێخ ڕەسوڵ كە لەماڵی حاجی عارف دانیشتبوو، گلەییو گازندەیەكی زۆری كرد دەربارەی گەندەڵی حكومەتو ئاوڕلێنەدانەوەیان، لەراستیدا ناهەقیەكانی حكومەتی هەرێمو هەڵاواردنو پشتگوێ خستنی ئەو خەڵكەی ڕۆژگاری شۆڕشو مقاومەت پشتوپەنای پێشمەرگەبوون، دیاردەیەكی ناشرینو نیشانەی ئەوپەری

ناعەدالەتو بەسوك تەماشاكردنی هاولاتیانە، بەتایبەتیش كەدەبینی گرنگیەكی زۆر بەتەنها گوندێك دراوەو ئەوانی تر بەتەواوی پەراوێزخراون‌و گوندنشینەكان لەهەموو خزمەتگوزاریەك بێبەشكراون.. هەرچی حاجی عارف بوو گەلێك وەڕس‌و بێتاقەتی ئەوە بوو كەسەرباری ئەوەی بەناهەق لەكوڕەكەیان دابوو، لەقوتابخانەش دەربانكردبوو، ئەویش فریادی تەمەن 14 ساڵ بوو كە تەنیا كوڕی حاجی عارفە لەدوای ئەنفال، ئەوپێی وابوو فریاد بێخەتایەو شەڕی گۆڕانە پێی دەفرۆشن، چونكە حاجی عارف بەئاشكرا ووتبووی من دەنگم بە گۆڕانداوەو ئەمەش دەسەڵاتدارانی ناوچەكەی تورەكردوەو. بۆیە زۆر داواكاربوو كورەكەی لەو قوتابخانەیە بگوازێتەوەو خۆشی باربكات‌و ناوچەكە بەجێبهێڵێت، ئێمە لەگەڵ تیمەكەی كەی ئێن ئێن بڕیارماندا بچین بۆ قوتابخانەكە بۆئەوەی لەنزیكەوە سەبارەت بەوپڕوپاگەندانەی فریادو ئاكۆی هاوپۆلی دەیانكرد لەبارەی هەلویستی بەڕێوەبەری ناوەندیەكەیانەوە ڕاستی بزانین.

## قوتابجانەی ئاوایی

بێگومان قوتابخانەی ئاوایی شێخ مستەفا لەروخساردا هەتا بلێی جوان‌و ڕێكوپێك بوو، ئەگەرچی تاكە ناوەندی ئەو ناوچەیەیە،



هەروەها گوندەكەش تاكە گوندی ناوچەكەیە كە گرنگی پێدراوە، بێگومان ئەوە كارێكی باشە بەڵام ئەوەی خراپەو دیمەنی ناوچەكەی شێواندووە ئەوەیە كە ئەوگوندانەی ترلەوەها دەست‌و دیاریەكی حكومەت بێبەشن، ئەمەش پەیوەندی بەئەدای كاركردن‌وهەڵاواردن‌و ناعەدالەتی‌و شێوازی بەڕێوەبردنی ئیدارەی حكومڕانیی هەرێمی كوردستانەوە هەیە، سەرەتا كەچووین مامۆستاكان‌و بەڕێوەبەری ناوەندیەكەش مامۆستا فریاد قسەكانی ئاكۆو فرادیان ڕەتكردەوە كە لەقوتابخانە دەركرابن، هەموو مامۆستاكان‌و بەڕێوەبەریش ووتیان دەرنەكراون‌و دەوامی ئاسایی خۆیان دەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا دیاربوو بەڕێوەبەری قوتابجانەكە نەیدەتوانی بەبێ فەرمانی شێخ دلێرپەنجە بكاتە ئاو ئێمە هەردولا چ تیمەكەی كەنالی كەی ئێن ئێن‌و چ من گەیشتینە ئەو بڕوایەی ئەم كێشەیە ئەوەندە گەورەنیەو گەورەش نەكرێت.. بەتایبەتی كێشەی خوێندكارو پەروەردە هیچ پەیوەندیەكیان بەكارەكەی من‌و ڕێكخراوەكەمەوە ( ناوەندی چاك) دوە نەبوو، چونكە ئێمە ئەگەر لەوبوارەشدا كارێكمان كردبێت تەنها فشارمان خستووەتەسەر دەسەڵات، بەڵام دواجار تیمەكەی كەی ئێن ئێن دوایانكرد بچین وەكو تەرەفی دووەمی كێشەكە شێخ دلێر شێخ

مستەفاش ببینین، هەرکە تەلەفۆنیان بۆکرد بەسەنگفراوانیەکی زۆرو بەخولقوخۆیەکی گەرمەوە پێشوازی لێکردین، کەچوینە دیوەخانەکەی بەهەمان خولقوخۆوە پێشوازی کردین‌و زیاد لەجارێك خولقی کردین نانی نیوەڕۆ لەماڵی ئەوان بخۆین،بەڵام ئێمە ڕەتمانکردەوە، لەسەرەتای دامەزراندنی قسەوە ئینکاری ئەوەی کرد کەوا شتی وا رووی دابێت، ئەویش زۆر جەختی لەوە کردەوە کەوا مەسەلەکە ئەوەندە گەورەنیە، شێخ دلێر باسی لەوە دەکرد کە ئەوخوێندکارانە هەمویان خزمی ئەون‌و لەخوێندنگای گوندەکەی ئەودەخوێنن، بۆیە ئەوخوێندنگاکەشی بەهی خۆی دەزانی‌و وەکو خۆی دەیگوت نەیویستووە کێشەی هەبێ، خویندکارەکانیش شەرپانکردووەو ئەمیش بانگی کردوونەتە دیوەخانەکەی خۆی بەمەبەستی ئاشتکردنەوەیان. هەموویانی کۆکردووەتەوەو لەدیوەخانەکەی خۆی داوای لێکردوون دەستبکەنە ملی یەکتری‌و یەکتری ماچ بکەن، هەموو خوێندکارەکان بەم مبادەرەیە رازی بوون‌و داواکەیان بەجێگەیاندبوو، تەنها فریادی شێخ عارف نەبێ، کە کوڕێکی زرنگو قسە زانبوو، بەپێچەوانەوە نەك هەر ملی نەدابوو، خێسەشی لەشێخ دلێرکردبوو، هەرچی شێخ دلێرە دەی گووت وەکو خزم زللەیەکم لێداوەو لەدیوەخان دەرمکردووە، بەڵام هەرچی فریادو ئاکۆش دەیانگووت نەخێر بەشەق تێی هەڵداوە..



بەهەرحاڵ، ئێمە بەتیمەکەی کەی ئین ئێنیشەوە گەیشتینە ئەو بڕوایەی ئەم کێشەیە گەورە نەکرێ. بەڵام دواجار شێخ دلێر بەپێچەوانەی ئەو قسانەی لەدیوەخان بۆ ئێمەی کرد، لەرۆژنامەی هاوڵاتی بەتوندی قسەی کردبوو، هەرچەندە شێخ دلێر بەتەوازوعەوە قسەی بۆکەی ئێن ئێن کردو ئێمە بەبێ گرفت هاستاین، بەڵام لەخواحافیزیدا قسەیەکی من تەنگەی گرتو بەهەڵە لێکدانەوەیەکی خێرای بۆ کرد ( کە ووتم خوێندکار هەتا تەمبەڵیش بێ مافی خۆیەتی رێزی لێبگیرێ‌و نابێ سوکایەتی پێبکرێت) بەڵام ئەو زوو بێلێکدانەوە قسەکەی هێنایە سەرخۆی، هەرچەندە من بەنەرمی هەوڵمدا تێبگا بەڵام بێ سوود بوو، ئێمە لەخواحافیزیدا بووین ووتی: ئەگەر کوردستانی نوێ‌و کوردستات‌و کوردستان تیفی بونایە رێگەم نەدەدان بێنە ئێرە، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی گووتی : "هەردەتدۆزمەوە" منیش ووتم جاگەرانی ناوێ ئەوە ژمارە تەلەفۆنەکەم‌ولەکوێت پێخۆشە دەتبینم‌و داوەتی منیش بە.

بەڵام ئەو نەدەیسەلماندو نەکۆڵیشی دەدا، لەراستیدا ئێستاش نەمزانی ئەو بۆچی واتێگەیشتبوو، گووتی: ئێمە کەسوکارمان ئەنفالەو تۆ بۆ پارە دەنوسی) منیش بەدەم زەردەخەنەوە گوتم برا گۆڤارەکەی من بۆفرۆشتن نیە، کەچی ئەو لەکاتێکدا ئەو قسەیەی کرد کە خۆی داڵدەدەری (کۆنەپارێزگاری سلیمانی گەورە تاوانبارە.

کەچی لەوپەڕی توندی دابوو کەویستمان بەیەکجاری لەحەوشەی ماڵەکەی بچینە دەرەوەو بەجێی بهێڵین گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئەو هەڵەیە، ئیتر ووتی: دەی کەوایە من داوای لێبوردنت لێدەکەم، ئەملاولای ماچ کردمو دوبارە داوای لێبوردنی کردەوە. هەرگیز باوەڕم نە دەکرد کەسێك هەبێ لەماڵی خۆیدا بەوشێوەیە مامەڵەبکات، سەرباری ئەو هەڵوێستە توندو قسە ناخۆشانەشی هێشتاپێموابوو کەوا قسەکانی فریاد زیادە ڕۆییان تێدایە، بەڵام کە دواجار لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەتوندی قسەی کردبوو، گومان لەمەسەلەکەدا نەما، بەهەرحاڵ ئەم کێشەیە تاماوەیەکیش درێژەی کێشا.

**گومانی چەکی کیمیاوی لەگوندی کانی هەنار :**

گوندی کانی هەنار پشتی بەیەکێك لەچیاکانی ناوچەی قەرەداخەوەیەو بەبەرازییەکی بەرانبەر شیوی قازییەوە رووەو باکور قنج وەستاوە، هەرکە مل لەهەوراز دەنێی بەریگا خۆڵەکەدا سەردەکەویت یەکەمین نمونەی وێرانکاریو توندرەفتاری بەعس دێتەپێشچاو ئەویش قەپاغی ئەو رۆکێتە قێزەونانەیە کە سوپای بەعس بەسەر گوندەکەو ناوچەکەدا بەری داونەتەوە، هەرچی خەڵکی ناوچەکەیە جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوگوندە لەکاتی پەلامارەکانی ئەنفالدا چەکی کیمیاوی تێدا بەکارهێنراوە، بەڵام هێشتا هیچ بەڵگەنامەیەك بەوانەشەوە کەدەست تیمەکەی میدل ئیست وۆچو هیومان رایتس وۆچ کەوتوون ئاماژەیەکیان بەوەنەداوە لەوگوندەدا چەکی کیمیاوی بەکارهاتبێ، بەڵام ئەوەی یەکلایی بووەتەوە ئەوەیە لە گوندەکانی ( بەلەکجار، دوکان، سێوسێنان) چەکی کیمیاوی بەکارهاتووەو لەگوندی

سێوسێنان کۆمەڵکوژی خستەوە کە ژمارەی قوربانیەکانی 69 کەس بوون. بەڵام لەوگوندەدا چەند کەسێکیان بە بۆمبارانی فرۆکە گیانیان لەدەستداوەو ژمارەیکیشیان ئەنفالکراون،لەوانەش زۆربەیان خەڵکی مەدەنیو بێ چەك بوون.





# داواکاری وبەدەنگەوە هاتن

**بۆبەرێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بۆبەرێز/ لیژنەی یاسای لە پەرلەمانی کوردستان**

**بۆبەرێز/ لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان**

**بۆ بەرێز / وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوەکانی کوردستان**

**ب/ داواکاری و بەدەنگەوە هاتن**

من هاووڵاتی( مهابات رحیم حەمەئەمین) لەدایك بووی ساڵی 1982 گوندی (کوردە میر)ی ناوچەی گەرمیانم (نعیمە جلال میراحمد) دوای ئەوەی گوندەکەمان کەوتە بەرشاڵاوی ئەنفال لەساڵی 1988، دایكوباوکم لەگەڵ دووبرام بەناوی محمد لەدایك بووی (1980) و دلێر لەدایك بووی (1985 ) هەموویان بەرئەو شاڵاوەکەوتنو نەگەرانەوەوە تەنها خۆم لەم شاڵاوە کۆمەڵکوژییە دەرباز بووم، ئیستا کێشەیەکی نفوسیم هەیە کە بەناوی دایك وباوکی ڕاستەقینەی خۆم تۆمارنەکراوەم، لەبەر ئەوەی خاڵێکم بەناوی ئەحمەد هەستاوە بەتۆمار کردنی ناوی دایکم بەلەدایك بووی ساڵی 1980 بەپێی بریارێك بەژمارە (93 \ش\2008) کە لەرێکەوتی 10\3\2008 لەدادگای باری کەسیەتی کەلار دەرچووە، چونکە تائەوکاتە دایکم تۆماری نفوسی نەبووەوبریارەکەش لەفەرمانگەی باری شارستانی پێبازەوە جێبەجێ کراوە، کە ئەمەش هەڵەیە چونکە دایکم لەدایك بووی ساڵی (1960 )ە جا بەهۆی ئەوهەڵەیەوە کەخاڵم کردویەتی ئیستا تەمەنی خۆمو دوو براکەم لەگەڵ دایکماندا لەیەکەوە نزیکە ناکرێ چەسپاندنی هاوسەریتی بۆ دایك و باوکم ئەنجام بدرێ وئێمەبخەنە سەر ناوی راستەقینەی دایك و باوکی خۆمان وە بۆئەم مەبەستە داوایەکمان پێشکەشی دادگای باری کەسیەتی کەلار کردووە بەمەبەستی راستکردنەوەی ئەم هەڵەی بریارەکەی پێشوو ، بەڵام لەلایەن دادگاوە ئەم داوایەمان رەدکرایەوە بە بیانووی ئەوەی بریارەکە پلەی کۆتایی وەگرتووەو بۆتە (حجە)، جا لەبەر ئەوە من تاکو ئیستا خاوەنی ناسنامەوپێناسەی خۆم نیم و بەهۆی پێناسێکی رێکخراوێکەوە مامەڵە دەکەم هەرلەبەر ئەوەش لەهەموو ماف ئیمتیازاتی کەسوکاری ئەنفال بێ بەشم و مامەڵەم بۆناکرێ، شاهیدم هەیە بۆسەرجەم قسەکانم لەبەردەم دادگاو وە (خصومە)ش لەداواکەم هەیە، وە من بە تەنها لەم خێزانە بەجێ ماوەم، بۆیە داواکارم لەسەرجەم لایەنە پەیوندیدارەکان بەدەم داواکەمەوە بێن و چارەسەری کێشەکەم بۆ بکەن تابیمە خاوەنی پێناسەی راستەقینەی خۆم و سودمەندبم لەمافی دایك و باوكو دووبرا ئەنفالکراوەکەم، بۆیە ئەم بانگەوازەم بڵاوکردەوە، تکام وایەبەدەم کێشەکەمەوە بێن، چاوەروانی هێمەتی هەموو لایەنێکی دڵسۆز وخاوەن ویژدان و بەرێز دەکەم، هاوکاریتان جێگای خۆشحاڵی و رێزە... لەگەڵ رێزمدا..

**داواکار**

**مهابات رحیم حەمە ئەمین**

2010\4\14

# هەژدە ساڵ چاوەڕوانی

## حەپسە بەبۆنی کراسەکەی صباح سەری نایەوە !

فریاد زەنگنە

زانیاریەکی تەواوی خەڵکی هەژاری کوردستان بوو لە سەروشەی ئەنفال ، تا لەناکاودا ووتیان ئەنفالکراین ، بەڵام لای ئەوان ئەنفال جێگای پرسیاربوو ؟. بەتایبەت مەلا و خوێندەوارەکانیان وەکو ئەوانخوێندویانەو ئاگادارن کە ئەم (ئەنفال)ە کاتی خۆی دەرحەق کافرئەنجامدراوە. تۆبڵێی ئێمەش کافربین ؟ ئەنفال ئەنجامدرا و سەرجەم گوندنشینانی ناوچەکە بەخزم و کەسوکاریانەوە بەمنداڵ وپیرو گەنجەوە گیران‌و بۆ بیابانەکانی خوارو بران‌و بێ سەروشوێن بوون. بان زیندە بە چاڵ کران . میمکە حەبسە (18) ساڵ لە چاوەروانی کوڕکەیدا بوو بە بۆنی قەمیسەکەیەوە سەری نایەوە ، بە پێچەوانەی (یعقوب)ی باوکی حەزرەتی (یوسف) کەهەرگیزباوەڕی نەدەکرد بەکوڕەکانی کاتێك ئەیانگۆت (یوسف) گورك خواردویێتی هەرچەندە قەمیسەکەیان بۆی هێنا بە خوێنەوە بوو ، بەڵام ئەو باوەڕی نەدکرد هەر ئەیگۆت (یوسف) ماوە و دێتەوە ، میمکە (حەبسە) هەموو رۆژێ بەیانی زوو هەڵدەستا لە خەو بۆ نوێژی بەیانی دوای نوێژ دەستی بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە و ئەپارایەوە لە خوا ڕۆڵەکەی بۆ بگەرێتەوە و ، دواتر لە بەردەم هەیوانی ماڵەکەیاندا کە بەرامبەر بە دەرگای حەوشەکەیە چاوەڕوانی (سەلاح)ی دەکرد هەموو ڕۆژێك بە ئۆمیدێکی گەورەوە ئەیگوت دێتەوە دێتەوە .. بەلام سەد مەخابن نەهاتەوە و بە دڵێکی پڕ لە خەم و حەسرەت ( میمکە حەبسە) سەری نایەوە بە ئاواتی ئەوەی (سەلاح)ی کوڕی دێتەوە . ئەمڕۆ نا بەیانی . دوای ئەوەی تووشی بێ ئۆمیدی بوو لەنەهاتنەوەی (سەلاح)ی کوڕی دڵنیابوو کە هەرگێز ناگەڕێتەوە . چونکە ئەوەی وا بردوێتی لەفرعەون فرعەونتربوو ، لە کاتی سەرەمەرگیشدا ڕۆحی بە دەستەوە نەئەدا تاکو قەمیسەکەی (سەلاح)ی کوڕیان بۆ هێنا ، کاتێك هاوردیان و لە سەر سینگی دایان نا یەکسەر ڕۆحی پاکی دەرچوو و ڕزگاری بوو لە چاوەروانی .



حەبسەئەودایکەی کە (18) ساڵ چاوەڕوانی (سەلاح)ی کوڕی بوو بەئۆمیدی ئەوەی بگەڕێتەوە ئامێزی گەرمی دایکی .

ئەم خێزانە لەگوندی بنەکەی نزیك قادر کەرەم ژیانی ئاسایی رۆژانەیان بە بەکشتوکاڵەوە بەرێدەکرد، وەك هەر دێهاتیەکی گەرمیان. ئەوان ووشەی ئەنفالیان نەبیستبوو تەنها مەلای مزکەوت‌وئەوانەی خوێنەرەکان نەبێت کاتێك قورئانی پیرۆزیان دەخوێند لەسوورەتی ئەنفال دەگەیشتن، ئەمە هەموو

**تێبینی: چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ناوچەی گەرمیانە .**

کورتەیەک لەژیانی :

لەبەرواری (2006/8/11) بە نەخۆشیەکی کۆشندە (شێرپەنچە) لە ناحیەی شورش لە کاتژمێر (7) ی سەرلەبەیانی کۆچی دوایی کردولەگۆڕستانێکی شاری چەمچەماڵ کەئێستا بەمەملەکەتی ئەنفالکراوەکان دەناسرێتەوە بەخاك سپێردرا .

حەبسە ئەحمەد عارف مەعروف عەبدولرحمن ئاغا لەدایك بووی (1935/7/1) لەگوندی بنەکەی خەپە کوێر، دایکیشی هەرلەوبنەماڵەیەوناوی ڕازە عەلی مەعروف عەبدولرحمن ئاغای زەنگنەیەو دوو براو دوو خۆشك بوون (حەبسە وحەمە کەریم و فەرج و زوبیدە) .



## محمد مەهدی سێوسێنان

لەدایکبووی ساڵی 1972 وە ئێستا تەنیا کەوتووەتەوەو خەریکی کاسبیە.

محمد کەئێستا لەسێوسێنان دەژیو خەریکی کاسبی خۆیەتی ئێوارەی 22ی ئازاری 1988 هەموو خانەوادەکەی بەرچەکی کیمیاوی دەکەون و لەناویاندا دایکی بەناوی شەوقیەو باوکی بەناوی مەهدی و خوشکو براکانی ( فایەق، نەوشیروانو هیدایەت، ئومێد، زمناکۆ، بێستونو زوهدی) بەچەکی کیمیاوی گیانیان لەدەستداو عەبداللەی براشی بەهۆی کاری سیاسیەوە لە سێدارە دەدرێت. لەنێوان ئەو هەموو تراژیدیایەدا محمد بەتەنها دەمێنێتەوە.. وەلی ئەفسوس حکومەتی هەرێم بەکەمتەرخەمیەوە دەروانێتە ژیانی ئەم قوربانیانە بەبەراورد لەگەڵ سەرۆک خێڵەکانی ناوچەکە قوربانیانی تاوانی ئەنفالو کیمیاباران هیچیان بۆ نەکراوە.

ئەوەی محمدی نیگەران کردووە ئەوەیە کە هەتا ئێستا موچەیەکی سێ هەزار (3000)دیناری وەردەگرێ، کەبەپێی یاسای مافوئیمتیازاتەکانی وەزارەت دەبێت وەکو وارسی یاسایی 600000 شەش سەد هەزار دینار ی موچەی کەسوکارەکەی وەربگرێت چونکە ژمارەیان لەسەروو سێ کەسەوەیە.

ڕەیحان مستەفا سێدەری:

# لە فرقەی بیستو چوارەوە برانو لەتۆپزاوا قرتە بڕکران

ئامادەکردنی : ئەنفالستان

ڕەیحان کچی پیاوکی خەڵکی گوندی سێدەرە بەناوی مستەفا سوارە، ئەو گوندەی کە نزیکەی حەفتا ئەنفالکراویان لەگۆڕێکی بەکۆمەڵی ناوچەی حەزەری پارێزگای موصل دۆزرانەوە، ئەو خەڵکەی لە حەزەر کۆمەڵکوژکرابوون دەشێت حاساباتێکی تایبەت تریان بۆ کرابێ، چونکە زۆربەی قوربانیەکان لەو کەسانە بوون کە بە پروپاگەندەی بریاری لێبوردنی گشتی 7ی ئەیلولی ساڵی 1988 گەرانەوە، کەچی نەك هەر لێیان نەبوردرا بەڵکو ئەنفالکران و ژمارەیەکی بەرچاویان لەدو گۆری بەکۆمەڵی بیابانەکانی هەردوو پارێزگای موصل و سەماوەودا دۆزرانەوە، هەرچەندە باوکی رەیحان بەر ئەوکۆمەڵکوژیە نەکەوت، بەلام خۆی و خێزانەکەی لەو قوربانیانەبوون کە بە پروپاگەندەی درۆینەی بریارەکە لەئێرانەوە هاتووەنەتەوە بۆ عێراق، بەلام لەسەیتەرەکەی سونێ لە پشتی قەلاتدزێ لەگەڵ خەڵکێکی زۆر گیراون و ئەنفالکراون.

مستەفا سوارە، باوکی ( محمود سێدەری ) پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی ناسراوی دۆڵی جافایەتی بوو، خۆی بەتەمەنێکی هەڵکشاووەوە رەوانەی قەلا ترسناکەکەی نوگرەسەلمان کراوەو دوای ئازادبوونیشی لە ئۆردوگای پیرەمەگروون بەدەم ئازاری بێسەروشوێنکردنی کورەزاکانییەوە گیانی لەدەستداو بۆ دواجار چاوی لێکناوە،



محمودی کوڕیشی کە ناسرابوو بە محمود سێدەری لەدایکبووی ساڵی 1956 و جێگری فەرماندەی تیپ بوو، یەکێك بوو لەو فەرماندانەی پێشمەرگە کەترس ولەرزێکی زۆری خستبووە دڵی بەعسیەکانی ناوچەکەوە، بەلام لەبەرواری 1987/9/7 بە بۆمبارانی کیمیایی لەگەڵ حەکیمی کوری پێکەوە بەیەك بۆمبی کیمیایی و لەیەك رۆژدا لەنێوان گوندی سەرگەڵو بارەگانی یەکێتی لەبەرگەڵو بەرکەوتن، حەکیم هەر لەجێدا گیانی سپاردبوو بەلام محمودی فەرماندە سێ رۆژ بەئازاری برنکەیەوە ژیابوو دواجار ئەویش بەهۆی برینی کیمیاویەکەیەوە شەهیدبوو.

پور رەیحان بەدەم قسەگێرانەوەکەیەوە دەستی بەناو یەخەی کراسە کوردیەکەیدا داکردو جانتایەکی رەشی بچکۆلەی دەرهێنا، ووتی: ئەوە هەوێی محمودیشم پێیە، ئەو بۆخۆی لە سەرگەڵو بەرگەڵوێ پێکەوە لەگەڵ کورەکەی جوانەمەرگ بوون، ئێستا ئەگەر بمایە ئەم مەملەکەتەی بەدەستەوە دەبوو، هەتا مابوو ئەرز لەبەری دەلەرزی ئەومندالانەش کە ئێستا هەموو ئەنفالکراون هی محمودی برام بوون، ئەو رەشە خێزانە هەموویان تاقەبڕبوون و ئەنفال و

کیمیایی کەسیانی نەهێشت، کەچی ئێستا لەهەقی ئەو هەموو شەهیدو ئەنفالەی هەر سێ هەزار دینار وەردەگرین .. کە دەچم دەڵێم هەقی خوێنی ئەو منداڵانەم دەوێ پێمدەڵێن مادام باوکو دایکیان نەماوە نایدەین بەتۆ ..

خەمەکانی ئەم پیرەژنە هەرئەوەندە نیە کە دوبرای شەهیدبوون، بەڵکو رۆژگارەکانی پاش شەهید بوونی مەحمودی برای رەشتروتاریکتربوون، چونکە هێندە نابا کە یەکەمین پەلاماری ئەنفال بۆسەرناوچەکەی ئەوان دەبێو ئیتر شیرازەی خەڵکو پێشمەرگە دەشێوێو پێشمەرگە پاشکشە دەکاو خەڵکیشی بەتەواوەتی دەربەدەرکرد.

رەیحان مستەفا کە ئێستا پیرەژنێکی سپیکەلەی روح سوکو کۆست کەوتووە، لەوسەروەختەدا لەماڵو مێردی خۆی بووەو لەشاری رانیە دانیشتوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەسوکارەکەی لەگوندی سێدەری سەر بەناحیەی بنگرد بوون، ئافاتی ئەنفال ئەم ژنەی خستووەتە دڵەراوکێوە، پاش ئەوەی باوکیو تەواوی برازاکانی بەهەر دەردی سەرییەك بووە، گەیشتوونەتە ئێران هەواڵی رزگاربوونیان تا رادەیەك ئارامی دەکاتەوەو ئاسودەیی پێدەبەخشێ، بەڵام هێندە نابا کەهەواڵی گرتنی باوکو براژنو برازاکانی دەیهەژێنێنەوەو هێشتا بە ئازاری بێسەروشێنبوونیانەوە ژیان دەگوزەرێنێ.

رێحان دەڵێ کاتێك بیستمان باوکو برازاو براژنەکانم لەدیوی ئێرانێوە هاتوونەتەوەو لەسەیتەرەی سونێ گیراون، من لەرانیە بووم کەهەواڵمان بۆهات هەموو بەدەنم وەك بێ ناو ئاوێ دەلەرەزی هێندەی نەبرد هێنابوویان بۆ فرقەی بیستو چواری چوارقوڕنە (تیپی 24 لە چوارقورنە) لەگەڵ بابم حەوت نێرەوەزی برازام " مەبەستی حەوت کوریان پیاوە" و پێنج ئافرەت بوون دویان بووکی بابم بوون کەدەکاتە براژنی من، سێیان کچی بوون کە دەکەنە خوشکی من. دوازدە سەرخێزان بوون، لە فرقەی چوارقورنەی کە



بردبویانن بۆ تۆپزاوای بەرکەرکوکی لەوێ لەگەڵ بابم جیایان دەکەنەوە، ئینجا باوکمیان هەڵدابوو بۆ نوگرەسەلمان، ئەوهاتەوەو لەئۆردوگای پیرەمەگرون مرد، بەڵام ئەوانی دی نەهاتنەوەو لەوێ قرتە بڕبوون.

سەبارەت بەداواکاری رەیحان مستەفا بەرێوەبەری بەشی ئەنفال لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان مامۆستا (کامەران حاجی عەلی) ووتی : بەپێی مافو ئیمتیازاتەکانی وەزارەتمان ئەو ژنە لەهەقی برازاو براژنە ئەنفالکراوەکانی هیچی ناکەوێ، چونکە یاساکەوا دانراوە، بەشی براژنەکانی ماڵی باوکی خۆیان دەیەنو برازاکانیشی وارسی یاسایان نەماوە کە باوکو دایکو برا یان خوشك وەری دەگرن. بەڵام سەبارەت بەمحمودی برای ناچێتە خانەی ئیمتیازاتی ئەنفالەوە چونکە موچەی شەهیدانە وەردەگرێ کە 450000 چوارسەدوپەنجا هەزاردینارە، لەبەر ئەوەی دایکی یان باوکی لە ژیاندا نەماون رەیحانو خوشکەکانی دەتوانن ئەو موچەیە وەربگرن .

# مەینەتیەکانی کوردێك

**بەروار:** 2009/12/21
**دووشەممە کاتژمێر 9:45 دەقیقە سلێمانی .**



جەمال گورون ئیسماعیل خەلکی گوندی هەڵەدنی سەربەناحێی سورداشی پارێزگای سلێمانیە، هەر لەکۆنەوە لەوێ دانیشتوون ، ئەم پیاوە بۆخۆی برینداریکی چەکی کیمیاویە هەتا ئێستاش تەندروستی خراپە، هەروەها دایکی و باوکی و خوشكو برا و نزیکەی 22 کەس لەئامۆزاکەسە نزیکەکانی ئەنفالکراون، بەرلە پەلامارەکانی ئەنفالیش ئەم پیاوە ئازارو چەرمەسەرییەکی زۆری بەدەستی بەعس چەشتووە، لەساڵی 1977 لەلایەن رژێمی بەعسەوە گیراوەو لە هیئەی خاصەی کەرکوك و ئیستخباراتی شارەکانی سلێمانی و کەرکوك ئازارو ئەشکنجەیەکی زۆر دراوە، سەبارەت بەشێوازی گرتنەکەی جەمال گورون ووتی: من ئیخباری کرابووم، جاسوس بەسەرمەوە بوو کە هاوکاری پێشمەرگە دەکەم، هەرچەندە ئەوکاتە زۆریش دەر نەدەکەوتن، بەڵام دیارە زانیبویان من هاوکاری ئەو هێزە دەکەم، ئەوە بوو سبەینێیەکی زوو جەیش هاتبووە گوندەکەمان " هەڵەدن" چواردەوری دێیەکەیان گرتبوو ، سەعات هەشت بوو ئەی حەوتی بەیانی لەسەرچاوەکەی قوڵەکەی لەوێ جەیشەکە دابەزینە ناومالاّن و خەڵکەکەیان خرکردەوەو چوار دەوریان گرتین و هاتن داوای هویّ و شتیان لێکردین هەندێك ناویان هێنان ئەو ناوانە هیچیان لەهەڵەدن نەبوون. بەڵام کە بانگیان کردم هویەکەیان لێوەرگرتم هەرلەوێ بە پێشچاوی خەڵکەکەوە هەردو قۆڵمیان لە پشتەوە بەستەوە، بە پەل بەستروای هەربە پێشچاوی خەڵکەکەشەوە هەربۆچاوترساندنی ئەوانیش زۆریان لێدام،ئەمەی باسی دەکەم ساڵی 1977 ە هێشتا پێشمەرگە زۆر دەرنەکەوتبوون، ئینجا گەرانەوەو منیان لەگەڵ خۆیان برد لە پێشەوە بردمیان بۆ سەربازگەی سوسێ ئەو کاتە لیوای لێبوو، لەوێش زۆریان لێدام دواتر بردمیان بۆ سەربازگەیەك لە کەڵەوانان لەنزیك تاسلۆجە، دوای ئەوەش بۆ ئیستخباراتی سلێمانی، لەهەموو شوێنەکان لێدان و ئازارێکی زۆرم خوارد بەڵام هیچ ئیعترافێکم نەکرد.

ئەم پیاوە لەبەر ئەوەی هاوکاری مەفرەزە سەرەتاییەکانی کردووە، جاسوسەکانی بەعس بەردەوام چاویان لەسەری بووە، وەك خۆی دەڵێت من نامەو شتم بۆ شەهید عەلی عەسکەری و ئەوان دەبرد کە لەچیای گۆرە شێر دەمانەوە من پەیوەندیم بە شەهید غەریب هەڵەدنیەوە هەبوو، ئەویش لەگەڵ شەهید عەلی عەسکەری بوو لەشاخی گۆڕە شێر. کەبردیانم هەرلە رێگە جاسوسەکە دەیگووت ئەمە ئامۆزای غەریب

هەلەدنیــە، بــەرۆژ قاچاغچــیەو بــاردێنیْ بۆشــەدەلەو بەشــەویش هــەواڵو زانیاریــەکان دەباتەوە بۆ عەلی عەسکەری و غەریب هەڵەدنی و قادری حاجی " باوکی شەهید غەریب هەلــەدنی بو" و ســالار عــەزیزو ئەمانــە جاسوســەکە بــە ئاشــکرا بەئەفســەرەکەی گــوت هــەر هــەواڵو زانیاری پێویستیەکیان هەبیْ ئەم جەمال گورونە بۆیان دەبا.

جەمال گــورون هــەتا گــەنج بــوو هەمیشــە لــە رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردســتاندا کاری کردووە، لە زیندانیش بێجگەلە ئــازاردان و سوکایەتی پێکردن تەماحیان ختووەتە بەردەم بۆ ئەوەی نهێنیەکان بدرکێنی و شــوێن و جیگــای ئەو مەفرەزە بچوکانەی پێشمەرگەیان پیْ بلێت.

بەلاّم جەمال وەکو خۆی دەلێت : دانم بەهیچــدا نەنا پێیان گــووتم ئەگــەرهاوکاریمان بکــەیت هەرچیت دەویْ بــۆت جــیْ بــەجیْ دەکــەین، بــە پێچەوانەوە دەتبەین بۆموصــلْو چــاوت بــەدنیا ناکەویتەوە، بەلاّم هیچم نەدرکان بەم شــێوەیە نزیکــەی ســالێك و ســیْ تــا چــوار مــانگ لــە ئیستخباراتی سلێمانی مامەوە لەبن چــینکۆیەك هێشتبویانینەوە چونکە هەر من نەبووم خــەڵکی تریش گیرابوون، هەر ئەوکاتەی من لەویْ بــووم چەند کەسێکی تریشــیان لەناوچــەکەی خۆمــان گــرت و هێنایــانن لەوانــە تــاهیری حــاجی حەمەرەش و جــەمالی حــاجی ســەعیدو کــورێکی تریش بوو بەکری حەمە عــەزیزیان پێــدەگووت برای مامۆستا جەمالە ئەمانە خەڵکی یاخســەمر بوون جیرانی هەڵەدن بوون، ماوەیەکی زۆر لــەو قاعە چینکۆیانەدا هێشــتیانینەوە کــە بــەریش بووم زۆریــان پێگــووتم جــارێکی تــر هاوکــاری پێشمەرگە نەکەم و خەریکی کاسبی خۆم بم.

بەلاّم جەمال بەقسەی بەعسیەکانی نەکردووە، بەڵکو ساڵی 1980 بووەتە پێشــمەرگە لــەلای جەمالی عــەلی بــاپیرو ســەلاح چاوشین دواتــر گوازراوەتــەوە بــۆلای شــێخ دارا کــە بەرپرســی مەڵبەندی دووی ئەوسا بووە لە ســەرگەڵوو بــەم شێوەیە تا ساڵی 1984 پێشمەرگە بووە، دواتر چەکی داناوەو خەریکی کاری رێکخستن بووە.

جــەمال گــورون ســاڵی 1987 لــەبۆمبارانێکی چەکی کیمیاویی گوندی هەڵەدندا برینداربووەو هەتا ئێستاش ئاڵودەی ئەو چەکە نەعلەتییــەو دەشێت بەبریندار چەکی کیمیاوی ناو ببرێــت، بەلاّم هیچ کات وەکو بریندار چــەکی کیمیــاوی مامەڵەی لەگەڵدا نــەکراوەو بــۆ هــیچ شــوێنێك نەبراوە بۆ چارەسەر . تــەنها ئەوەنــدە نــەبێت هەر ئەو رۆژە بردویانن بۆ خەستەخانەی شۆرش لــە ســەرگەڵوو، دواتــر بردوویــانن بــۆ خەســتەخانەیەکی حزبــی دیمــوکراتی ئێــران لــەکانی مێــو، ماوەیــەکیش لــەویْ بۆچارەســەر ماوەتەوە، سەبارەت بە برینداریەکــەی دەلێــت: من حالّم زۆر خــراپ بــوو، هــەموو لەشــم وەکــو خەڵوزی رەشی لێهاتبوو، هــەتا ئێســتاش هــەر خــراپم و زۆر باشــنیم کۆکەیــەکی هەمیشــەیی لەگەڵدایە. بەلاّم بەڕاستی حزبی دیموکرات زۆر هاوکارییــــان کــــردم، چــــەند دکتۆرێکیــــان لەفەرەنساوە هاتبوون زۆر باش بوون هــەر ســی (30) رۆژ جارێك عیلاجەکانیان بۆ دەگۆڕیم.

**گوندی هەڵەدن هەر برینی کیمیاوی پێوە نیــە، برینی ئەنفالی گەورەترە.**

جەمال گورون دەڵی: گوندەکــەی ئێمــە نزیکــەی 120 کــەسمان ئــەنفال هەیــە، ئەمــە بێجگــە لەوەی هەر ئەو ئێوارەیەش کەهەڵەدن بۆمبارانی کیمیــایی کــرا حەمــەی مــام ئــەولا بەوچــەکە کیمیایە شەهید بوو، ئەنفالیش زۆرمــان هەیــە

هەر ماڵەکەی خۆمان 11 یانزە ئەنفالمان هەیە دایکم و باوکم و برزاکا نمیان لەگەڵدایە، لە ئامۆزاو ئامۆزازاکانیشم ئەوانیش نزیکەی 22 بیست و دوو کەسی ترمان ئەنفالکراون.

ئەنفالکراوەکانی ئێمە بە لێبوردنی گشتی پێوەبوون.

قسەکانی جەمال گورون راستیەك دەسەلمێنی، ئەویش ئەوەیەکە خەڵکێکی زۆری دۆڵی جافایەتی لە پەلامارەکانی ئەنفالی یەك نەکەوتنە بەر چنگی سوپا کە فەیلەقی یەك ئەنجامیدا، بەڵکو بە زۆری ئەنفالکراوەکانی ئەو ناوچەیە لەو ئاوارانەن کە بە لێبوردنی گشتی بەحساب گەڕاونەتەوە بۆ : عێراقی نیشتمان" و لەسەر سنور پاش ئەوەی لیژنەی پێشوازی ئاوارە گەراوەکان لە ئێرانیەکانیان وەرگرتوون، هەرلەوێ پاش ناونوسکردن و پۆلێنکردن بردویانن بۆ فرقەی بیست و چواری چوار قورنەو لەوێشەوە بەرەو هەولێرو کەمپی تۆپزاوایان بردوون. وەکو ئەم شایە تحاڵە دەربارەی کەسوکارە ئەنفالکراوەکەی خۆیان دەڵێت: ئێمە هەر ئەوەندەیان لەبارەوە دەزانین لە ئێرانەوە بەسەیارە هێناویانن بۆ پشتی قەڵاتدزێ لەوێ لە سونێ سواری سەیارەیانکردوون بۆ هەولێرو لەوێش بردویانن بۆ تۆپزاوای لای کەرکوك، وەك دەڵێن لەوێ جارێکی تر ژن و پیاویان لەیەکتر جیاکردووەتەوە، هێندێکیان بردوون بۆ نوگرەسەلمان کە ئەمانە بەزۆری پیرەمێردو پیرە ژنەکان بوون بەڵام گە نجەکان نەگەڕاونەتەوە.( 9[9] ) ئینجا خۆ هەر خەڵکی هەلەدن نەبوون ئەو حاڵەتە یان ئەو جۆرە لەقوربانی لەهەموو دۆڵی جافایەتی و شارباژێر زۆرە.

ئێستا جەمال گوروون کە خۆی قوربانی چەکی کیمیاویە لەکۆی 11 کەسی ئەنفالکراو تەنها موچەیەکی 300000 سێسەد هەزار دیناری لەحکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێ و حکومەتی عێراقیش نەچووەتە ژێرباری قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان. لەوانە تەنها موچەی باوکی وەردەگرێ کە ئەنفالکراوە .

**بۆئەوەی بەردەوام بێت کۆمەکی مادی و مەعنەوی ئەنفالستان بکە .**

[9] سەبارەت بە چارەنوسی ئەو کەسانەی لەلایەن لیژنەی پێشوازییەوە گیراون کەسلتان هاشم لە سوپا تیایدا ئەندام بوو، شێخ جەعفەر عبدالکریم بەرزنجی سەرپەرشتی خاڵە سنوریەکانی پارێزگای سلێمانی ئەو لیژنەیەی دەکرد ، تەنها ئەوشایەتحاڵانەی بردبوویانن بۆ نوگرە سەلمان هەندێك سەرەداویان دەستکەوتبوو، لەبارەی جیاکردنەوەی پیروگەنجەکانەوە دەنا ئەوانیش هیچ زانیاریەکیان نەهێنایەوە ، تا لەپاش روخانی یەکجاری رژیمی بەعس چارەنوسی هەندێك لەوکەسانە لە گۆرە بەکۆمەڵەکانی حەزەری پارێزگای موصل دەرکەوت و مەسەلەی مان ونەمانی ئەو کەسانە یەکلایی بووەوە. ئەگەرچی ئەوانە بەلێبوردنی گشتیش گەرابوونەوە بەڵام بەعس هەر کۆمەڵکوژی کردبوون، قوربانیانی گۆرەبەکۆمەڵەکەی حەزەر بە زۆری ئەوکەسانە بوون و زۆربەشیان خەڵکی گوندی سێدەری سەربەناحێی بنگردو قەزای دوکان بوون کە زۆریان خزمی یەکتری بوون.

# گوندی یاخسەمەر مۆزەخانەی چەکە کۆکوژەکان



**ئا: ئەنفالستان**

یاخسەمر گوندێکی دۆڵی جافایەتیە، چواردەورەی بە لوتکەی بەرز دەورەدراوەو لە دۆڵێکدا بەزامەکانی خۆیەوە ئارامی گرتووەتەوە، لە ڕوی کارگێرییەوە سەر بەناحیێی سورداشی قەزای دوکانەو دەکەوێتە خۆرئاوای ناحیێی گاپیلۆنو خۆرهەڵاتی گوندی سەرگەڵوو، نزیکەی 60 کم لە سەنتەری پارێزگای سلێمانیەوە دورە لەدامێنی چیایەکی سەختو دلگیردا بەتەنیشت شاخی ئاسنگەرانەوە ئارامی گرتووە. ئەم گوندەش وەك تەواوی گوندەکانی تری دۆڵی جافایەتی لەسەرەتای هەشتاکانەوە پێگەیەکی گرنگو ستراتیژی جوڵانەوەی رزگاری خوازی کورد بووەو هەمیشە بنکەو بارەگای هێزی پێشمەگەو سەرکردایەتی لێبووە، بە هۆیەوە هەمیشە دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لەبەردەم هەڕەشەی رژێمەکانی دەوڵەتی عێراقدابوون وێرای ئەوەی گەلێکجار زیانی گەورەی گیانیو ماڵییان بەرکەوتووە، هەتا یەکەمین پەلاماری قۆناغی ئەنفال، بێباك بوون لە بۆمبارانو هەڕەشەکانی ڕژێمو بەهەرمەینەتیەك بووبێ، ژیانی هاکەزاییان لە زێدی خۆیان گوزەراندووە.

لەپەلامارەکانی ئەنفالیشدا کە یەکەمین هێرشی بۆسەر ئەم ناوچەیەبوو، بەدرێژایی 70کم لەهەموو قۆڵەکانەوە دەستی پێکرد، خەڵکی دۆڵی جافایەتی توشی مەینەتی زۆربوونو قوربانی زۆریاندا، ژمارەیەکی بەرچاوی گوندنشینەکان لەگەڵ پاشەکشێی هێزی پێشمەرگەدا بەناچاری ملی ڕێگای ئێرانیان گرت، بەڵام لەوێزەی ئەو هەلومەرجە سەختە نەهاتنو سەرئەنجام لەبەفروسەرمادا خەڵکێکی زۆر ڕەقبوونەوەو کەمینەیەکیشیان لافاو بردوونیو گیانیان لەدەستداوە، هەندێکیشیان بەهیلاکەتیەکی زۆر گەیشتنە ئێرانو لەوێ گیانیان لەدەستداوەو هەرلەوێ بەخاك سپێردراون، ژمارەیەکی زۆریشیان پاش دەربازبوونیان بەپروپاگەندەکانی ڕژێم لەئێرانەوە گەڕاونەتەوەو لەسەر سنوری ئێران گیرانو پاش ئەوەی بردویانن بۆ فرقەی 24ی چوارقورنە ئەنفالکراونو هەتا ئێستا بێسەروشوێنن، کەمینەیەکیان نەبێ، کە زۆریان

خەڵکی گوندی سێدەر بوون لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەگۆڕێکی بەکۆمەڵی ناوچەی حەزەری پارێزگای موسڵدا دۆزرانەوە، ئەوانی تر هەتا ئێستا بێ سۆراغن.

**پاشماوەی بۆمبەکانی گوندی یاخسەمەر:**

ئێستا کە 23 ساڵ بەسەر ئەو ئەو بۆمبارانەو پەلامارەکانی ئەنفالدا تێدەپەری هێشتاپاشماوەی چەکە کۆکوژەکانی ڕژێمی بەعس لەو گوندەدا بەرچاوەو بەڵگەی تەواون لەسەر تاوانەکانی بەعس .

دەمێك بوو لە هەوڵی ئەوەدابووم سەردانێکی



گوندی یاخسەمەر بکەم، بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێت بتوانم وێنەیەکی ئەو بۆمبە ترسناکانەبگرم کە پێشتر بەشێوەیەکی ترسناك لە گردۆلکەکانی پشت ماڵانەوە کەوتبوون، بەڵام کە جارێکی تر ڕۆژی 14ی ئۆکتۆبەری 2009 دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسایەوەو چوومەوە بۆ یاخسەمەر هیچکام لەو بۆمبانە لە شوێنی خۆیان نەمابوون. بەڵام ئەوەی مایەی تێرامانو لەهەمانکاتیشدا مایەی سوپاسو دەستخۆشییە بۆ خەڵکی ئەو گوندە ئەوەیە کەنەك هەر ڕۆکێتەکانیان نەفرۆشتووە (10) بەڵکو هەروا لێنەگەراون لەو ناوە بکەون، ئەوان بۆمبەکانیان فەرامۆش نەکردووە. بەڵکو بەشێوەیەك لەشێوەکان وەکو دۆکۆمێنتی مەینەتی گەلێکی ستەم دیدە هێشتوویاننەتەوەو لە ناوەراستی گوندەکە دایاناون، یەکێك لەو بۆمبانەیان هێناوەو بە بۆیەیەکی ڕەش لە سەریان نوسیوە ( ئەمە دیاری حکومەتی بەعسە) بەهەمان شێوە لە سەر یەکێکی تر لە بۆمبەکان ووشەی (ئەنفال) یان نوسیووەو نیشانەیەکی پرسیارو سەرسوڕمانیان لەسەر داناوە ..

لەو گەشتەماندا چاومان کەوت بەگوندنشینێك بەناوی نزار کەبەکاری دوکانداریییەوە سەرقاڵبوو، هەرکە نیازی سەردانەکەمانی بۆ ئاشکرابوو، بە پشوودرێژییەکی زۆرەوە کەوتە قسە، نزار قسەیەکی زۆری پێبوو، بەڵام ئێمە کاتمان کەم بوو وەکو پێویست گوێی لێبگرین، قسەیەکی زۆری دەربارەی گوندەیان بۆکردین، ووتی : ئەم گوندە قوربانییەکی زۆری داوە نزیکەی 68 شەهیدی سەنگەری هەیەو یەك کەسیشمان ئەنفالکراوە.

**دوکانەکەی نزار**

کەدەچیتە یاخسەمەر لە چەقی گوندەکەدا دوکانەکەی نزار لەهەموو شتێك سەرنج ڕاکێشترە، نزار گەنجێکی سوێر قسەی کەلەگەتە، بۆبژێوی خۆی لەناوەراستی گوندەکەدا دوکانێکی لە قوروبەرد دروستکردووەو ڕۆژانە پێوەی سەرقاڵە، ئەوەی سەرنج راکێشە لەکارەکەی نزاردا بەکارهێنانی ئەو ڕۆکێتانەیە کە بەعس لەوگوندە بەریداونەتەوە، نزار دوو پایەی (کۆڵەکە) ی بۆ ڕاگرتنی سەربانی دوکانەکەی لەو ڕۆکێتانەبەکارهێناوە کەرژیمی بەعس

---

10 ئەم ڕۆکێتانە زۆریان لەلایەن قاچاغچییەکانەوە، دەکردرانەوەو دواتر پارچەپارچە دەکران و بەئێران دەفرۆشران .

لەپەلامارەکانی ئەنفالدا بۆ پاکتاو کردنی گوند نشینەکان بەکاریهێناون، بەلاّم نزار دوو دوو خستونیەتە سەریەك و لەبن میچی سەربانی دوکانەکەی توندکردوون و ئینجا بە بۆیەی شین رەنگی کردوون، دەربارەی بەکارهێنانەوەی ساروخەکان نزار بۆمان دواو وتی: چەند جارێك ویستوویانە بیانبەن و هەندێك کەسیش ویستیان لێمان بکرن بەلاّم نەمان فرۆشتوون، چۆن دەیان فرۆشین ئەمە مەتحەفە، بۆ ئەوەی هەموو دنیا بزانێ بەعس چ دڕندەیەك بووە، بۆ ئەوەی بزانن ئەم دێییە چی بەسەرهاتووە، دواتر ئاماژەی بەوەشدا کە برایەکیشی بەهەمان شێوە چوار پارچەی ساروخەکانی کردووە بەکۆڵەکەی هەیوانی ماڵەکەی، هەروەها باسی لەو ساروخانەشکرد کە خەڵکی گوند وەکو بەلگەیەکی زیندوو هێشتوویانەتەوەو لەناوەراستی گوندەکە دایانناون و لەسەریان نوسییون. ئەمە دیاری بەعسە. شایانی ئاماژە پێکردنە لە یەکەمین ژمارەی ئەم سالنامەیەدا بەرگی یەکەمی بەوێنەیەکی ئەوساروخانە رازێنراوەتەوە کە براکەی نزار کردبوونی بەکۆڵەکەی ماڵەکەی، هەر ئەوسا ئێمە وا گوزارشتمان لە کارەکەی ئەو خاوەن ماڵەکرد کە دەڵێ ( ئەی دکتاتۆرەکانی جیهان وەرن لە کۆڵەکەی ماڵەکەی منەوە دلڕەقی و بەدڕەفتاری خۆتان ببینن.

## گوندی یاخسەمر بێ خزمەتگوزارییە :

لە سەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالدا، بارەگای سەرەکی سەرکردایەتی و راگەیاندن و خەستەخانەی هێزی پێشمەرگە لەم ناوچەیەدابوو، بارەگای سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ( کە ئێستا سەرۆك کۆماری عێراقە) بەدوری " 2" کم لەپشت مالانی یاخسەمرەوە لەکانی مران بە بناری چیایەکی عاصێوە بەرامبەرچیای ئاسنگەران جێگیر بوو، بۆیە پێش ئەوەی هێرشی پیادە دەستپێبکات بەفەرمانی ( علی حەسەن مەجیدو بەپێشەوایەتی سولتان هاشم ) لە هێرشێکی ئاسمانیدا بۆمبارانی چەکی کیمیاوی کراو یەکەمین گورز بەر ئەم گوندە کەوت . (11)

بۆ مبارانی گوندی یاخسەمەر بەچەکی کیمیاوی کە ئەوکات هیچ هێزێکی چەکداری تێدا نەبوو، نیشانەیەکی ئاشکرای جینۆسایدکردنی گەلی کوردە، ئەگەرچی هیچ کەسێك لەو بۆمبارانە کیمیاویەدا بەرنەکەوت، بەلاّم هەتا ئێستا پاشماوەی بۆمبەکان لەوگوندەدا سەلمێنەری دلڕەقی بەعس و نیازەکانی کۆمەڵکوژی و ڕەشەکوژی خەلکی بێ چەکی گوندەکانی کوردستانە.. هەرچەندە بۆمبارانەکیمیاویەکەی ئەو رۆژەی بەعس کۆمەلکوژی خەلکی مەدەنی گوندی یاخسەمەری لێنەکەوتەوە، لە بەرئەوەی کیمیابارانی هەلەبجەو شێخ وەسان و بالیسان و کۆمەلکوژی لەو شوێنانە ببیووە مایەی ئەوەی گوندنشینەکان مشورێکی خۆیان بخۆن کە بەهۆی (خۆپاراستن و کارقایمی خەلکەکەوە) بووە، بەلاّم بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی هیچ لەنیازو مەرامەکانی پاکتاوکردن کەم ناکەنەوە..

لەپاش راپەرینیشەوە یاخسەمر بەرەنجو ماندوبوونی گوندنشینەکان ئاوەدانکراوەتەوە، هەرچۆنێك بێت توانیویانە ئاوەدانی بۆبگێڕنەوەو خانووی هاکەزایی تێدا

---

[11] سەبارەت بەم بۆمبارانەی گوندی یاخسەمەر علی حەسەن مەجید دانی پێدادەونێ و لە یەکێك لەکۆبوونەوەکانیدا لەگەلّ بەرپرسە سەربازی و ئەمنیەکانی ناوچەی باکور لەنوسینگەکەی خۆیدا، بەم شێوەیە باسی لێ دەکات ( جەلال تالەبانی داوای پەیوەندی لێکردم لە رێگەی کەنالێکی تایبەتەوە) بەلاّم من هەر ئەو ئێوارەیە پەلامارمداو بەچەکی تایبەت لێمدا، ئەوە وەلاّمی من بوو بۆی ) .

دروستبکەنەوە، بەڵام خەمساردیو کەمتەرخەمی حکومەت بەتەواوی دیارە، بەشێوەیەکی گشتی خەڵکەکەی خەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵدارین، بەزۆری رەزیان هەیەو کەمتر بەکاری بەراوەوە خەریکن، وێرای ئەوەی هەمیشە ئەم گوندە پێگەو بنکەو شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەبووەو بەهۆی شۆڕشو مقاومەتەوە 68 شەهیدی سەنگەریان هەیەو( 1) کەسیشیان بەناوی زەیتوون حەمە ئەمین سابیرئەنفالکراوەو هەتا ئێستا بێسەروشوێنە، " زەیتونیش لەوکەسانەیە کە لەئێران بوونو بەپروپاگەندەی رژێم لەگەڵدایکیدا عاشیشە حەئەمین گەڕاونەتەوەو لەسەرسنوری ئێران لە سونێی پشتی شاری قەڵاتدزێ گیراونو نەگەڕاوەتەوە. ئێستا لەبەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانوئەنفالکراوان بەزنجیرە 30414 عائیشە حەمەئەمین کە دایکی زەیتوونە وەکو وارسی یاسایی بری 300000 سێسەد هەزاردینار وەردەگرێت "



کەچی بەداخەوە ئەو گوندە کەمترین خزمەتگوزاری پێشکەشکراوە، هێشتا وەکو پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوەو لە دەستکەوتەکانی ئازادی بێبەشنو لەخزمەتگوزاریەکانی حکومەتی هەرێم پشکێکی ئەوتویان بەرنەکەوتووە. ئەو رۆژەی ئێمە سەردانی گوندی یاخسەمرمانکرد گەنجەکان بەنائومێدیەوە لە ئێمەیان دەروانیو هەرگیز لێمان نزیک نەبوونەوە، بۆیە هەر لەدورەوە قسەیان فرێدەداو پلاریان لە ئێمە دەگرت: ( زۆر وەعدی درۆمان بیستو هیچمان نەدی ) ئەمە قسەی ئەگەنجە تازە پێگەیشتووانەی گوندی یاخسەمر بوو ، ئەوان هەقیان بوو، نائومید بن، بەڵام نەیاندەزانی ئێمە کێینو ئامانجمان لەسەردانەکەمان چییە..؟ لەراستیدا ئێمەش کاتی ئەوەمان بەدەستەوە نەبوو نیازومەبەستی خۆمانیان بۆ رونبکەینەوە ئەوان بێئەوەی بزانن ئیمە کێینو عەودالی چین ، زوو کەوتنە پلارهاویشتن، لەراستیدا ئەوان لەسەر هەق بوون، بەڵام ئێمە تەنها ئامانجمان بوو وینەی ئەو رۆکێتانە بگرینو کاتی ئەوەمان بەدەستەوە نەبوو گوێ لەو گەنجە دلشکاوانە بگرین..

# دۆڵی ئاكۆیان، ئەنفالو كیمیابارانو هەستانەوە

ئامادەكردنی ئەنفالستان



دۆڵی ئاكۆیان لەناوچەی ڕەواندز یەكێكە لەو ناوچانەی لەساڵی 1987 وە چەندجارێك بەخەستی بەرچەكی كیمیاوی كەوتووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە خەڵكەكەی ماڵوحاڵی خۆیان بەجێهشتبوو، بەناو ئەشكەوتولاپاڵی چیاكاندا بڵاوببونەوەو هەروەها بەهۆی ئەوەی لەكاتی لێدانەكاندا باران بارین هەبووە، لەچاو ناوچەكانی تر كەمتر زیانی گیانی لێكەوتووەتەوە.

## گوندی گەرەوان

گوندی گەرەوان لەبەرلوتی چیایەكی عاصیّو لەمێزی دۆڵی ئاكۆیاندا بەكەساسی لەنگەری گرتووەو هێشتا ئاسەوارەكانی وێرانی پێوەدیارەو برینەكانی سارێژنەبوون، حاڵی حازر نزیكەی 200 ماڵی تێدا نیشتەجێیە كۆمەڵێك گەنجی هوشیاروچالاكی تێدایەو بەزۆری ئارەزووی یاریو فێربوونی كۆمپیوتەرو كتێب خوێندنەوە دەكەن، لەسەردانێكماندا بۆ گوندی گەرەوانی سەربەدۆڵی ئاكۆیان گوندنشینێك بەناوی محمد كە هەرلەگەرەوان كاری دوكانداری دەكرد ووتی: ئەم دۆڵە قوربانی زۆری داوەو زەرەری ماڵیوگیانی بەركەوتووە، ئەوەش حاڵەكەیە كەبەچاوی خۆت دەیبینی، وتیشی ئەم ناوچەیە هەمووی كیمیاوی لێداوە، لەگوندی ئاكۆیانو فەقیانە سێ جار كیمیاوی بەكارهاتووە، ئەم گوندەی گەرەوانان ڕۆژی 1987/5/17 بەرچەكی كیمیاوی كەوتووە بەڵام كەس باسی ناكات.

هەرلەوبارەیەوە مامۆستا زریان سەدرەدین، كە چالاكوانێكی بوارای ڕۆشنبیریو ڕێكخراوی مەدەنیەو لەوگوندە دادەنیشێ، وتی: گوندەكەمان گەرەوانان 75 شەهیدی سەنگەرو 8 ئەنفالكراون، هەروەها گوندەكەمان بەرچەكی كیمیاوی كەوتووەو 16 بریندارى ئەو چەكەمان هەیە،هەتا ئێستاش ئەو گوندە كەنزیكەی 200 ماڵی تێدا

نیشتەجێیە، 14 کم لە شارۆچکەی ڕەواندوزەوە دورە خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆی وای پێشکەش نەکراوە، شایانی ئەو هەموو قوربانیدانە بێت. وەکو مامۆستا زریان سەدرەدین گوتی: خۆ هەر ئێمە نین گوندەکانی تریش قوربانی زۆریانداوەو پێویستیان بە ئاوڕلێدانەوەو خزمەتگوزاری هەیە.

## ماڵی ڕۆشنبیران




پاش ئەوەی ناوەندی چاك و ڕێكخراوی وادی ئەڵمانی لەدۆڵی بالیسان چەند پرۆژەیەکیان ئەنجامدا بەڕێوەبەری هەمان ئەوپرۆژانەی دۆڵی بالیسان " مامۆستا محمد ئەمین لاسە بالیسانی" سەردانێکی مەیدانی بۆناوچەی دۆڵی ئاکۆیان کردبوو، لەگوندی گەرەوانان هەمان ئەوپرۆژانەی درێژەپێدا کەلەدۆڵی بالیسان ئەنجامیدابوون، سەرئەنجام سێ خولی کومپیوتەر لەگوندی گەرەوانیش کرایەوەو نزیکەی 60 خویندکار لێی سوودمەندبوون.

جگەلەمەش بەهەول ولێبڕاوی گەنجەکانی ئەو گوندەو بەدەستپێشخەری مامۆستا زریان و مامۆستا حەمەدەمین بالیسانی توانیویانە ماڵێکی هەژارانە پێکەوە بنێن کە بریتیە لە کتێبخانەیەکی خنجیلە لەخانوویەکی قوری خراپۆکەدا دامەزراوە، کە لەبەرواری 10ی نیسانی 2010 گەنجانی گوندی گەرەوانی سەر بەدۆڵی ئاکۆیانی ناوچەی ڕەواندوز کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بەئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاو لەنوێنەری حزبولایەنە سیاسی و ڕۆشنبیریەکانی ناوچەکەو نوێنەرانی هەردوو ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی و ناوەندی چاک و ڕێکخراوی سپی بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان، کتێبخانەی گوندی گەرەوانانیان کردەوە.

لەو بۆنەیەداسەرەتا هونەرمەند مامۆستا زرار کە لەشاری ڕەواندزەوە بۆ ماڵی گەنجان و ڕۆشنبیرانی گوندی گەرەوانان هاتبوو، کتێبخانەکەی کردەوەودواتریش مامۆستا زریان نەسرەدین کەهەلسابوو بەئامادەکاری ئەو پرۆژەیە بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو باسێکی کورتی دەربارەی کتێبخانەکەو ڕۆڵی لە ناوچەکەیاندا کرد، دواتریش (عومەرمحمەد) بەڕێوەبەری ناوەندی چاك کەهاوکاری ئەو پرۆژەیان کردبوو، بەدرێژەی باسی لەو هەوڵانەو ئامانجەکانیان بۆ میوانەکان کرد، هەروەها بەڕێز مامۆستا محمد ئەمین لاسە بالیسانی کە سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی ڕێکخراوی وادی ئەلمانی و ناوەندی چاکە لەناوچەی دۆلی بالیسان و خۆشناوەتی کورتە باسێکی دەربارەی ئەم پرۆژەیەو چۆنیتی هاوکاریەکانیان کرد. هەروەها فەلاح مرادخان بەڕێوەبەری ڕێکخراوی وادی ئەلمانی سوپاسی ئامادەبوان و مامۆستا زریان و گەنجانی گوندی گەرەوانی کردو زیادەیەکی خستەسەر قسەکان.

زۆرێك لەئامادەبوان خۆشحالی و دەستخۆشی خۆیان بۆ وەها پرۆژەیەك و هەولەگرنگەکەی گەنجانی گوندی گەرەوانان دەربڕی وسەرنج و پێشنیاری خۆیان لەبارەوە خستە ڕوو. هەرلەوێدا چەند کەسێك لەئامادەبوان بەلێنی هاوکاری کردنی گەنجانی گوندەکەیاندا بە کۆکردنەوەی کتێبوپێداویستی تری کتیبخانەکە.

ئەو کۆمەلەگەنجەی لەگوندی گەرەوان کرربوونەتەوە بەشێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیرن و ئارەزووی خویندنەوەو فیربوون دەکەن..

# تۆتمێ ئەو گوندەی کیمیاباران چۆکی پێدانەدا.

ئامادەکردنی: ئەنفالستان

لەسالانی 1987- 1988 دۆڵی بالیسان، بەسەختی بەرچەکی کیمیاوی کەوت، بەلای کەمەوە، راوێژکارو موچەخۆرانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەبێ بزانن کە ئەو ناوچەیە کۆمەڵکوژی و تاوانی نێودەوڵەتی تێدا ئەنجامدراوەو، ساڵانی رابوردوش لەیادی کیمیابارانکردنیدا بەرپرسان لەبەرزترین ئاستی حکومەتدا لەبالیسان ئامادەبوون، هەر هیچ نەبێ شانۆکارانی بالیسان بەئەدەبەوە هەموو ناهەقیەکانیان خستە بەرچاویان، هەردوو بەرێزان سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی لەرِیزی پێشی پێشەوە دانیشتبوون.. هەر لەو یادەشدا بەڵێنیان پێدرا کە خزمەتگوزاری باشیان پێشکەش بکرێ، بێگومان وەك چاوەرِوان دەکرا ئەویش چووە سەر خەرمانی بەڵێنە جێبەجێنەکراوەکانی 20 ساڵی رابوردوو.

بێگومان ئەگەربخوازین بەویژدانێکی تەندروستەوە لەسەر مەینەتیەکانی خەڵکی ئەو دەڤەرە بنوسین، بەرێپۆرتاژێك و کتێبێك و چەند وێنەیەك کارمان مەیسەر نابێ، زیادە رۆیی نیە ئەگەر بڵێین هەموو قەڵەمەکانی هەرێم بەئازادو موچەخۆرەوە بکەونەکار ناتوانن وەکو پێویست ئازارو ژانەکانیان بنوسنەوە. بۆیە من لێرەدا تەنها لەسەر خەمساردی وەزارەتی پەروەردە لەبەرانبەر خوێندنگاکانی گوندی توتمێ و خەمساردی وەزارەتی رۆشنبیری لەبەرانبەر خەون و خولیای گەنجە رِۆشنبیرەکانیان بۆ خوێندنەوەو کردنەوەی کتێبێخانەیەك دەوەستم.

توتمێ یان راستتر وایە بلێین بالوکاوا لە ئێستادا گەورەترین گوندی ناوچەی خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسانە، کەوتووەتە سەر جادەی گشتی سەروچاوەو خەلیفانەوەو لەرِووی کارگێرِییەوە سەر بەناحیێ بالیسان و قەزای شەقلاوەیە، لەخۆر ئاوایەوە کەوتووەتە بەرانبەر شاخی زەینەتیر کە نزیکەی 1:5 کم لە سەنتەری ناحیێ بالیسانەوە دورە، بەر لە ئەنفال نزیکەی 80 ماڵێك دەبوون و لەباوەشی چەند گردوشاخێکدا ئارامی گرتبوو، بەلام ئێستا نزیکەی 175 ماڵێکی تێدایە، نزیکەی 400 گەنج (کورِوکچ) لەو گوندەدا دەژین، تزیکەی 30 گەنجیان خوێندنیان لە زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان تەواو کردووەو چەندین کوروکچیش خوێندنی پلە جیوازیان بریوە، بەشێوەیەکی گشتی خەڵکێکی هێمن و لەسەرخۆن و گەنجەکانیان ئارەزووی خویندنەوەیان هەیە.

سەربارِی وێرانکاری ئەنفال و کیمیاباران، گورزی کەمەرشکێنی شەرِی ناوخۆشی بەرکەوتووە، خەڵکی ئەم گوندە لە هەموو بارودۆخە ئاڵۆزەکاندا بەشیان هەرماڵوێرانی بووە، ساڵی 1988 بەچەکی کیمیایی لێیی دراوە، دوو شەهیدی کیمیاباران و سێ برینداری چەکی کیمیاویان هەیە، ئەم ژمارە کەمەش لەقوربانیدا بۆ رەحم‌وبەزەیی و دڵنەرمی فرۆکەوانە بەعسیەکان ناگەرِێتەوە ، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە لەکاتی کیمیابارانکردنیدا، زۆربەی مالانی گوند، چۆلیانکردبوو، ماڵ‌وحاڵیان بەجێهێشتبوو، لەناو ئەشکەتی چیاکان گیرسابوونەوە، ئەمە جگە لەوەی بەردەوام لەبەر رەحمەتی بۆمبارانی فرۆکەکانی بەعس و هێرش و پەلاماری درِندانەی ئەو رژێمەدابووە. ئیدی هەقە ئەوپرسیارە بکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم خەڵکە بەهاولاتی نازانێ یاخود بەهەمان لۆژیکی دەوڵەتی پێشوو تەماشایان دەکات ..؟ ئەو دەوڵەتی تەنها بەبەعسیەکانی دەگوت هاولاتی شەریف و هەرئەوانیش بۆیان هەبوو بژین رەنگە زیندووترین نمونەی پشتگوێ خستنی ئەو گوندە ئەو دارتێلانەبن کە خەڵکی گوند لەسەروەختی



قەیران و تەنگژەکان بۆخۆیان هەستاون قەوانی ئەو بۆمب وڕۆکێتانەیان کۆکردووەتەوەو کردوویانە بە (عمود) دارتێلی کارەبا .





**کتێبخانەی گوندی توتمێ**

لەمیانەی ئەو پرۆژانەی ڕێکخراوی وادی ئەلمانی و ناوەندی چاك لە دۆڵی بالیسان و خۆشناوەتی ئەنجامی داون، لەگوندی توتمێ بەهاوکاری گەنجانی گوندەکە کتێبخانەیەکی بچکۆلەیان بنیاتنانەوە، ئامانج لە کردنەوەی کتێبخانەکە بەدیهێنانی ئاواتی گەنجە خوێندەوارەکانێتی .

